




# بەشێک لە وتوێژوو چاوپێکەوتنەکانی

# هاوڕێ مستەفا مەولوودی

------------------

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست:

١- چاوخشاندنێک بە سەر خەباتی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان.................. هێژا مەنگور ..... ٤

٢- بە خۆشحاڵییەوە هەرێمی کوردستان خاوەن پێگە و سەروەری تایبەت بەخۆیەتی............... هیدایەت جان ..... ١٠

٣- لەتبوون ئاکامی گرفتیکی تەشکیلاتی بووە.................................................. کەریم مەرەسەنە ..... ١٥

٤- لاوازییەک بە حزبەکانی رۆژهەلاتەوە دیارە................................................. سەرباز واحد ..... ٢١

٥- حدک دانوستانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی رەت نەکردووەتەوە.................................. هیدایەت جان ..... ٣٥

٦- لە ئێستادا حدکا کۆبوونەوەکانی لەگەڵ ئێمەدا ڕاگرتووە........................................ هێمن حەسەن ..... ٣٠

٧- حەشدی شەعبی کۆپی سوپای پاسدارانەو بۆ ئایندەی عێراق لەداعش مەترسیدارترە........... شاهۆ ئەحمەد ..... ٣٥

٨- پێوەندیی ڕاستەوخۆو زیندووی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ خەڵک بە مەبەستی کاری سیاسیو مەیدانی درێژەی دەبێ.........
................................................................................................ کوردستان ..... ٤١

٩- بۆ سەرخستنی هاوهەڵوێستیی حیزبەکانی رۆژهەلات دەبێ کاری زیاتر بکرێ................ سمایل شەرەفی ..... ٤٦

١٠- وتووێژی "کوردستان" لەبارەی گۆڕانکارییەکانی کوردستان و ناوچە.......................... شەونم هەمزەیی ..... ٥٥

١١- هەڵسەنگاندنی خەباتی مەدەنی و جەماوەریی خەڵک لە ڕۆژهەلاتی کوردستان............. مەنسوور مروەتی ..... ٦٣

١٢- ئێران ٣٨ ساڵە ئۆپۆزسیۆن ئەزیەت دەکا و دەکوژێ.......................................... ئا: ئامانج ...... ٧٠

١٣- تەنگ پێهەڵچنین بە کۆماری ئیسلامی دەرفەتێکە بۆ گوڕوتین بەخشین بە مافخوازی و ناڕەزایەتیدەربڕینی خەڵکی ئێران .................................................................................. کوردستان ..... ٧٦

١٤- وتووێژ لەبارەی دوا پێشهاتە سیاسییەکانی ئێران و ناوچە ................................ مووسا باباخانی ..... ٨٢

١٥- ڕێژیم لە بەرامبەر فشاری دەرەکی و نێوخۆییدا ناچارە پاشەکشە بکا ...................... شەونەم هەمزەیی ..... ٨٨

١٦- ڕێفراندۆم بۆ ئێرانییەکان بە شکڵی دێموکراتیک دەتوانێ سیستمێکی باش بێنێتە دی......... مەنسوور مروەتی ..... ٩٤

١٧- ئێمە لامان وایە باشترە دێموکراتەکان بەیەکەوە و لە یەک ماڵی گەورەی دێموکراتدا کاری سیاسی بکەن..............
..............................................................................................محەممەد ئەمینی ..... ١٠٠

١٨- شوناسخوازیی سەرانسەریی ئێستا لە کوردستان بەرهەمی خۆراگریی کوردە لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا.......................
.............................................................................................. عەلی بداغی ... ١٠٦

١٩- تاوانە پشتی ڕۆژاوا چۆڵ بکرێ.................................................................. شەونەم هەمزەیی ..... ١١٣

٢٠- کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەزانی کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی نادەروەستە و گۆڕان لە ڕەفتار و سیاسەتەکانیدا ئەستەمە..
........................................................................................ عەلی بداغی ..... ١٢٠
٢١- یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ڕێڕەوی خۆی وەرگرتوە و گەڕانەوەی نییە......................... هیدایەت جان ..... ١٢٦
٢٢- خەڵکی کوردستان بە بڕوابەخۆبوونەوە بۆ دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان تێدەکۆشن.... مەنسوور مروەتی ..... ١٣٤
٢٣- هەڵبژاردنەکان لە ئێران نە ئازاد و دێموکراتیکن، نە هیچ کاریگەرییەکی ئەرێنییان دەستەبەری ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران هەیە............................................................................ عەلی بداغی ..... ١٣٩
٢٤- بە هەڕەشە و تیرۆر نە چاوترسێن دەکرێین و نە مەیدان بۆ کۆماری ئیسلامی چۆڵ دەکەین..............................
........................................................................................ عەلی بداغی ..... ١٥٠
٢٥- حیزبی دێموکرات سیاسەت و بڕیارەکانی لەسەر ئەسڵی واقعبینی دادەڕێژێ................ جەمیل سەرمەستی ..... ١٥٨
٢٦- نەخشەڕێی خەباتی حیزبی دێموکرات قەت ناتەبایی لەگەڵ ویستی خەڵکی کوردستان نەبووە..........................
........................................................................................ کاروان مێراوی ..... ١٦٦
٢٧- کۆماری ئیسلامی حیزبی دێموکرات بە سەری مارەکە دەزانێت.................................... عەلی بداغی ..... ١٧٥
٢٨- ڕاپەڕین و شۆڕش دژی کۆماری ئیسلامی کۆتایی نایەت هەتا ئەو ڕێژیمە دەڕوات............ شەماڵ تەرغیبی ..... ١٨٠
٢٩- مەبەستە سیاسییەکانی پشتی پەردەی هێرشی مووشەکیی ئێران بۆ سەر هەولێر................. کوردکاناڵ ..... ١٨٧
٣٠- خەڵکی کوردستان سیاسیتر و مافویستتر لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانن......................... زانیار حوسێنی ..... ١٩١
٣١- زۆر پرس لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەن کە دەبێ چارەسەر بکرێن................. سابیر فەتاحی ..... ١٩٨


## چەند کورتە دیمانە: لاپەڕەی............................................... ٣٠٦

- ح.د.ک: جموجۆڵی ئێمە لەناوچە سنوورییەکان لەچاوچێوەی چالاکییە تەشکیلاتییەکان دایە...
- نامانەوێ لەنێوان ئێمەو یەکەکەدا کێشە دروست ببێ...
- ناکرێت دەستەوەستان بووەستین...
- هەر دوولای حیزبی دێموکرات مەحکوم بە یەکگرتنەوەیە...
- پێم وایە حزبی دیموکرات نەخشەیەکی گەورەی لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە رۆژهەڵاتدا هەیە...
- حدک بەتەنها بایکۆتی هەڵبژاردنەکەی ئێرانی نەکرد...
- هەتا پرسی نەتەوەیی لە ئێران چارەسەر نەبێ، وڵاتێکی سەقامگیر نابێ...
- حیزبی دێموکراتی کوردستان سیاسەتەکانی خۆی وەکوو پێشوو درێژە دەدا....



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا مەولودی: خەباتی رزگاریخوازی گەلی چەوساوە و بەش خوراوی کورد، ئێستا بە هەستیارترین قۆناغ دا تێدەپەریت.



چاوپێکەوتن لە گەڵ" بەرێز، کاک مستەفا مەولودی "ئەندامی دەفتەری سیاسی

سازدانی: هێژا مەنگور

چاوپێکەوتن لە گەڵ" بەرێز، کاک مستەفا مەولودی "ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان (چاوخشاندنێک بە سەر خەباتی گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان) و هەوڵ دان بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی لە نێو لایەنە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان. تەوەری چاوپێکەوتنی ئەمجارەمانە. (ئەو چاوپێکەوتنە ماوەیەک لە مەوبەر ساز دراوە)

هێژا: زۆر سپاستان دەکەین بەرێز کاک مستەفا، با لێرە را دەست پێ بکەین. خەباتی رزگاری خوازی کورد بە گشتی چۆن دەبینی؟

وەڵام: منیش بەخێر هاتنتان دەکەم. دەبێ بڵێین خەباتی رزگاریخوازی گەلی چەوساوە و بەش خوراوی کورد، ئێستا بە هەستیارترین قۆناغ دا تێدەپەریت. زۆربەی لایەنە سیاسیەکان و تەنانەت دوژمنانیش ئەورۆ (ئەگەر چی نای درکێنن) بەو

باوەڕە گەیشتون کە کورد ئەومافەی هەیە وەکوو نەتەوەیەکی واحید، خاوەنی کیانی خۆی بێ و وڵاتی سەربەخۆی هەبێ. ئەو بۆچوونە لەجێی خۆیدا زۆر بە نرخ و پڕ ناوەڕۆکە، و قابیللی لێکدانەوەیە. شەهیدی سەرکردە شەهید د.قاسملو لەو پێوەندیە دا دەفەرموێ: "ئەگەر نەتەوەی کورد هەوڵدەدات بۆ ئەوەی یەک وڵاتی سەربەخۆ و یەکگرتوی هەبێ بە هیچ شێوەیەک ئەوە دابڕان و جیابونەوە لە ولاتانی داگیرکەری کوردستان نیە بەڵکوو ئەوە یەکگرتنەوەیە" نەتەوەی کورد وەک نەتەوەیکی واحید، لە خاک و مێژویەکی هاوبەشدا هەقی ئەوەی هەیە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆبێ.

من پێموایە هەوڵی هەر بەشە لە کوردستان بۆ وەدەستهێنانی مافی پێشێلکراوی نەتەوەیی، جا چ بە شێوەی خۆدموختاری یان فیدراڵی یا خۆ ئیدارەکردن یا لانی کەم مافی فەرهەنگی یا بە هەر جۆرێک لە جۆرەکان کە نیشان بدا کورد لە حاڵی خەبات دایە ڕەوایە و هەقی مسەللەمی خۆمانە. دەبینین کە جیاوازی لە شیعار و داخوازیەکاندا دەبینری کە ئەوە شتێکی سروشتییە لە نیو ئۆپۆزسیۆنەکاندا جیدی ترین مەسەلەی کورد ئێستا لە کوردستانی باشوورە کە بە خۆشیەوە لە بارودۆخێکی باش دادەژین و داهاتویەکی درەوشاوە یان لە پێشە کە ئەوەش لە سایەی هەوڵ و تێکۆشانی بی وچانی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستانە و بە سوودوەرگرتنی باش لەو هەل و مەرجەی کە لە ناوچەدا هاتە پێشێ. ئەوان بە بەشێک لە مافەکانی خۆیان گەیشتن بەڵام ئەوە دوایین دا خوازی ومافەکانیان نین هەر وەک ڕێبەران و خەڵکی ئەو بەشەی کوردستان لە سەر ئەو بڕوایەن کە ئەو دەسکەوتانە تەنیا بەشێکن لە مافەکانیان کە وەدەست هاتو و بەشێکی زۆر لە مافەکانیان هێشتا بە ئاکام نەگەیشتون و لە سەر ئەو بڕوایەشن کە کورد هەقی خۆیەتی وڵاتی سەربەخۆی هەبێ بەڵام قۆناغ و هەلومەرجی سیاسی بۆ ئێستا باش نییە کە کورد ئەو داوایە بکات، ئەوە جیی گەشبینیە کە خەبات لەو بەشەی کوردستان بەردەوامە بۆ سەرکەوتنی یەکجارەکی!، تا دوێنێ لە شاخ وهیزی پێشمەرگە ئەورۆش لە سەرمیزی دیالۆگ و وتوویژ ئەو داوایە دەکرێ کە زۆر پیرۆزە.

**هێژا: خەبات لە ڕۆژئاوای کوردستان لە چ ئاستێک دایە؟**

**وەڵام**: لە ڕۆژئاوای کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردودا شاهیدی چالاکیە فەرهەنگیەکانی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان بوینە کە ئێستا بە خۆشیەوە دەبینین شیوەی خەباتیان گوڕیوە و چالاکیەکانیان بە شیوەی سیاسی فەرهەنگی درێژە دەدەن و شکڵی بزوتنەوەیکی نەتەوەیی بە خۆوە گرتوە لەو پێوەندیە دا خەریکە پێکهاتە سیاسیە کان چالاکترو کارامە تردێنە مەیدان لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوە کە هیوادارم لەو ڕێگایەدا سەرکەوتوبن و بتوانن بە بەشێک لە مافە کانی خۆیان بگەن جارێ کە خەباتێکی ڕەواو دروستە.

**هێژا: شۆڕشی کورد لە باکووری کوردستان بەکوێ گەیشتوە؟**



سەرچاوە
Serchawe

**وەڵام**: باکوری کوردستان تایبەتمەندی تایبەت بە خۆی هەن وەک دەبینین بەهەموشێوەیەک خەبات وتێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی بەردەوامە کە بەشێکی زۆر لە خاک وخەڵکی کوردستان دەگریتەوە کەوابو دەبێ بزوتنەوەکە گەورەتر وهەستیارتر و جیددیتر بێ و بزوتنەوە لەو بە شەدا کاریگەری نگەتیڤ و پۆزەتیڤی لە سەر بەشەکانی تری کوردستان دەبێ بە حوکمی پان وبەرینی و زۆری خەڵکەکەی، بەڵام زروفی سیاسی و هێزەسیاسیەکانی ناوچەوایان کردوە کە پرسیارێک دێتە پێشی، ئایا خەباتی شاخ بەتەنیا دەتوانێ ئەو بزوتنەوەیە ڕێنەمایی بکات؟ یان جۆڵانەوەی سیاسی و رۆشنبیری وکەڵک وەرگرتن لەو زروفە سیاسیەی کە لەوێ دایە باشترە بۆخستنەڕوی داخوازیەکان. ئەوەندە دەڵێم کە هەر جۆڵانەوەیەک بە گشتی بتوانێ خزمەتێک بە بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بکات و لە مەسیرێکی سالم دابێ جێی ڕێز و پیرۆزە.

**هێژا**: بەرێز کاک مستەفا ! بارودۆخی باشووری کوردستان چۆن دەبینی؟

**وەڵام**: لە باشوری کوردستان پێموایە کەم نەچونەتە پێش و بێ گرفتیش نین وگرفتی جیددیشیان هەیە، مومکینە گرفت لە نێوجۆڵانەوە کانیش دا هەبێ ولە نێوخەڵکیش دا بەهەمان شێوە، حاکمییەتیش بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات لە وەی کە هەیە. بەڵام بە هەموی ئەوانە زروفی سیاسی ناوچەکە و پێوەندی سیاسی تورکیە بە ئەوروپا و رۆڵی هێزە سیاسیەکان لە ناوچەدا هەمو وا دەخوازی کە حەرەکەتی کورد لە کوردستانی باکوور حەرکەتێکی گرینگە جێی خۆیەتی کە بایخی پێ بدرێ.

**هێژا**: لە رۆژهەڵاتی کوردستان خەباتی رزگاری خوازی پێی لە چ قۆناغێک ناوە؟

**وەڵام**: خەباتی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێ بە لە بەرچاوگرتنی بارودۆخی ناوچە وئێران جیاوازە دەگەڵ هەموو قۆناغەکانی تر، زۆر هێز و لایەنی سیاسی هەن کە بە شێوەیەک هەبونی خۆیان ئاشکرا کردوە و بە شێوەی چەکداری یان سیاسی بەرەنگاری دوژمنان بونەتەوە، بۆ نمونە: هەمومان دەزانین کە حیزبی دیموکرات لە ٦١ ساڵی رابردو دا لە زەمانی کۆماری کوردستانەوە خەباتی درێژەی هەبوە و لە روخاندنی رەژیمی پاشایەتی دا رۆڵی گرینگی هەبوە و پاشان داکۆکی کردن لە مافی گەلی کورد دوای گرتنە دەستی دەستەڵات لە لایەن کۆماری ئیسلامی و سەرئەنجام دان پێ دانەنانی کۆنە پەرەستانی تازە بە دەستەڵات گەیشتو بە مافی کورد کە بۆ هۆی هێرش کردنە سەر کوردستان و دانی حوکمی جەهاد بە دژی گەلی کورد کە لە گەڵ بەرگری ئازایانە و قارەمانانەی خەڵکی کوردستان بەرەو ڕووبۆوە و ئێستاش ئەو خەباتە بە شێوەی سیاسی درێژەی هەیە.

**هێژا**: رای جەنابت لە بارەی ئەو ئۆپۆزسیۆنانەی کە تازە سەریان هەڵداوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان وێرای حیزبی دێموکرات دەیان هەوێ خەبات بکەن چیە؟

**وەڵام**: ئێمە بەرێزەوە سەیری کار و چالاکیەکانی هەموو هێزێکی سیاسیەکان دەکەین لە بزوتنەوەی کورد بە گشتی ورۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی. هەر هێزێکی سیاسی مێژووی مبارزات و رۆڵی هەیە لە بزوتنەوەی نەتەوەیی دا، لاینگر و رێکخستن و کاری ئەوان بەرز دەنرخێنم و پێموایەبە بێ خوێندنەوەی تێکۆشانی ئەوان لاسەنگیەک لە چونە پێشی کاری سیاسی دروست دەبێ غەیری ئەوەهەموشتێک بە ناواقعی دەبینم.

**هێژا**: بەرای جەنابت حیزبەکان چۆن دەتوانن رۆڵی گرینگیان هەبێ لە بەرز کردنەوەی هەستی ناسیۆنالیستی و هێنانە نێو گۆرەپانی بیر و رای گشتی بۆ نێو دنیای سیاسی کوردستان؟

**وەڵام**: سود وەرگرتن لە هەموو توانایەکان بە تایبەت دەزگا راگەیاندەرە گشتیەکان ئەولەوییەتی ئەسڵی هەیە چون واقعییەت ئەوەیە کە دەبێ غروری میللی بەرز بکرێتەوە دەبێ هەستی ناسیۆنالیستی بەرز بکرێتەوە ئەویش بە لێک تێگەیشتن دەکرێ بە نیشان دانی ویست و داخوازی و واقعیەتەکانی بەراوردی تەواوی نەتەوەی کورد و نیشان دانی شێوەی هەڵسوکەوت و فەرهەنگی ئەو میللەتانەی کە بە مافی خۆیان گەیشتون کە ئەوەش ئەرکی سەرشانی راگێنەرە گشتیەکانە، بەرزکردنەوەی خاڵە نگەتیڤەکانی نەتەوەیی و ئاشکرا کردن و لە قاودان لە پیلانەکانی دوژمنانیش دەتوانێ یارمەتیەکی باش بێ بۆ پتەوکردنی هەستی ناسیۆنالیستی لە نێو ریزەکانی گەلەکەمان دا بە گشتی بە لە بەر چاوگرتنی ئە وەی کە ئێستا راگینەرە گشتیەکان بە ئەوجی خۆیان گەیشتون و چەند کەناڵی ئاسمانی تەلەفزیۆنی کوردیش کار دەکەن دەتوانن بۆ بەرز راگرتن و قایم تر کردنی هەستی ناسیۆ نالیستی و هێنانە نێو دنیای سیاسەتی خەڵک، رۆڵی گرینگیان هەبێ. کورد ئێستا لە هەر جل وبەرگێک دا لە ژێر هەر ناوێک بێ، پێویستە نەتەوەیی بیر بکاتەوە.

**هێژا**: کار و چالاکیە کانی ئۆپۆزسیۆن و حیزبە سیاسیە کوردیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**وەڵام**: خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی بۆ وەدەست هێنانی مافی گەلی کورد درێژەی هەبوە سەرەتا هێزە سیاسیە کان لە هەمویان لە پێشتر حیزبی دیموکراتی کوردستان زەمینەیان هەبو بۆ مزاکرە و وتووێژ بەڵام کە زانیان رەژیمی دیکتاتۆری تازە بە دەستەڵات گەیشتو ئامادەی وتووێژنیە خەباتیان بە شێوەی بەرگری چەکداری درێژە بدەن، بارودۆخی سیاسی ئێستا وای ئیجاب کردوە کە بەم شێوە جدیە خەباتی چەکداری وەک خۆی نەمێنێ و هێزە سیاسیەکان زۆرتر بایخ بە دروست کردنی رێکخراوی سێنفی وجەماوەری بدەن. ئەگەر سەیرکەین دەبینین کە ئەو رێخراوانەی



سەرچاوە
Serchawe

کە ئەوڕێگایان نەگرتۆتەبەر لێکدانەوە و خوێندنەوەی هەڵەیان لە سەر کۆماری ئیسلامی هەبۆ هەر توانەوە، حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان باشترین نمونەن بۆ ئەو مۆزوعە کە لە سەرەتاوە خوێندنەوەی باشیان لە سەر ئەو ڕێژیمە هەبوە و لە ئیمکاناتێک کە هەیان بوە کەڵکیان وەرگرتوە بۆیە بزوتنەوەکەیان زیندوو ڕاگرتوە کە ئەوە لە نەوعی خۆی دا بەو شەرایتە سەخت و دشوارە جێگای ڕێز و حورمەتە.

**هێژا**: حیزبی دیموکراتی کوردستان تا ئێستا لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردو چ کارهایەکی بۆ پێکهێنانی بەرە کردووە؟

**وەڵام**: حیزبی دیموکراتی کوردستان بەردەوام هەولی ئەوەی داوە بە نەوعێک هاوکاری و ئیحتلافی هەبێ لە نێو هێزە کوردستانی و ئێرانیەکان، حیزبی دیموکرات دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی ئێران داوای پێکهێنانی بەرەیەکی ئێرانی کرد بۆ بە گژدا چونەوەی سیاسەتە چەوتەکانی ڕەژیمی ئێران بۆ ئەوەش هەوڵی جیددی داوە و کاری بۆ کردوە بەڵگەش بۆ ئەو قسەیە چونە ناو شۆرای بەرگری نیشتیمانی ئێرانە دوای هاتنە دەری لەو بەرەیەش هەوڵی جیددی داوە بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستان لەنێو هێزە کوردیەکاندا بۆ ئەوەی لێک تێگەیشتنێک هەبێ لە نێویان دا و زمان حاڵی هاوبەشیان لە نێودا دروست بێ بەجۆرێک هاوکاری بکەن، ئەگەر زەمینە خۆش کرا بەرە پێک بێنن ئەوە ئامانجی سەرەکی و گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانە.

**هێژا**: ئەگەر ئەو هەموو هەوڵانە دراون بۆ چی تا ئێستا بەرە پێک نەهاتوە؟

**وەڵام**: ئەوە دەتوانێ چەند هۆی هەبێ، من پێموایە خوێندنەوە و بۆچونی هێزە سیاسیەکان گەورە ترین کۆسپی سەر ڕێگای پێکهاتنی بەرەیە، هەر لایەنەی تایبەتمەندی تایبەتی خۆی هەیە هێزی وایە پێگەی کۆمەڵایەتی دەگەڵ لایەنی تر فەرقی هەیە تێروانینی لایەنەکان بە نیسبەت مەسایلی سیاسی فەرقی هەیە و دەبینی لایەنێک مێژوو بۆخۆی دەکاتە پێوانە چونکە لە هێندێک قۆناغی مێژوو دا سەرکەوتنی وەدەست هێناوە ئەوە دەکاتە معیار، دەبینی لایەنێک بە حوکمی کاری تەشکیلاتی و هەڵسورانی جەماوەری ئەوانە وا دادەنێ کە ئەولەوییەت بە ئەوە، ئەم ئەولەوییەت دانانە هەر لایەنەی بۆ خۆی دەلیلی ئەسڵی پێک نەهاتنی بەرەیە، لە لایەکی تر هێندێک لایەن و کەسایەتی سیاسی ئێستا بە زەمانێکی مناسب نازانن بۆپێک هێنانی بەرە، من پێموایە کار بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی کارێکی زۆر پێویستە بۆ ئەوڕۆ لە بەر ئەوەی ئێستا زۆرشت دەکرێ، دەبێ هەر لە ئێستاوە بە تەمرین کردن فێری کار لە گەڵ یەکتر کردن بین، چوون ئێمە بروامان بە پلۆرالیزم (فرەحیزبی) هەیە، ئەگەر وایە دەبێ هەر لە ئێستاوە زەمینەیەک هەبێ بۆ ئەوەی بتوانین لە پاشە ڕۆژدا بە باشی گوێ لە قسەی یەکتر بگرین و یەکتر بتوانین تەحەمول بکەین بە هەر شێوەیەک بێ دەبێ زمانی هاوبەش دەبەینی لایەنە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبێ لە چوارچێوەی بەرەیەکدا دەبێ ئێمە ئەوڕۆ لێک تێبگەین نەک ڕاببگرین

بۆ دوا ڕۆژ ! با ئەوەش بزانین کە ئێمە جاری یەکەم مان نییە بەرە پێک بێنین، ئەگەر سەیری خەباتی گەلی کورد بکەین هاوکاری و هاوخەباتی و زۆرشتی درەخشانی تێدایە. هاوپەیمانی لە نێو هێزەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان هەر لە سەرەتای راپەرینەکانەوە بەنەوعێک هەبوە. ئەگەر لە پارچەیەکی کوردستان شۆرش سەری هەڵدابێ لە پارچەیەکی تری کوردستان هێزە سیاسیەکان بە شێوەی پشتیوانی سیاسی و هێزی چەکداریش بەشدار بوونە، جا لە نێو هێزە سیاسیەکانی بەشێکی کوردستان ئەو هاوپەیمانیە دەتوانی بە هێزتر و یاسایی‌تر بێ. بە گشتی لە نێو هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان زۆر خاڵی هاوبەشمان هەن و وتووێژ بەردەوام دەبێ بۆ پێک هێنانی بەرە، ئێمە فەرهەنگی بە یەکەوە کارکردنمان دۆزیوەتەوە و ئاشنایەتی و ناسیاری تەواومان لە سەریەک هەیە لە باری مەعنەویش وە زەمینەمان خۆش کردوە وخەڵک دەبێ قەناعەتی زۆرتربێ ونیگەران نەبن ئێمە ئەورۆ کار دەکەین تا سبەینێ لە جیات ئاوەدان کردنەوە، هیچ لایەنێک کێشەی لە گەڵ لایەنی‌تر نەبێ. بە گشتی من درەنگ کردن بۆ پێکهێنانی بەرە بە زیانی بزوتنەوەی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەزانم.

سەرچاوە: ماڵپەرەی گیارەنگ - ڕێکەوتی: مانگی جانێوێری ٢٠٠٧



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا مەولوودی: بە خۆشحاڵییەوە هەرێمی کوردستان خاوەن پێگە و سەروەری تایبەت بەخۆیەتی،



**وشە - هەولێر - هیدایەت جان**

مانگێکە حزبی دیموکراتی کوردستان چالاکییەکانی لە ناوخۆی رۆژهەڵات چڕ کردووەتەوە و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە رێگەی میدیا فەرمی و سێبەرەکانییەوە، هێرشی بۆ سەر ئۆپۆزسیۆنی رۆژهەڵات و بەتایبەت ئەو حزبە دەست پێ کردووە و لە رووماڵکردنی هەواڵەکاندا باسیان لە شەڕ و پێکدادانی قورس و چەند کاتژمێری لەگەڵ هێزی پێشمەرگەی دیموکرات کردووە.

ئەوەی تا ئێستە روون نییە پرسی راگەیاندنی شەڕی چەکدارییە دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران لەلایەن حزبی دیموکراتی کوردستان. مستەفا مەولوودی جێگری سکرتێری حزبی دیموکرات لە لێدوانێکیدا بۆ "وشە" دەڵێت: "حزبی دیموکرات هیچ کات شێوازە جۆراوجۆرەکانی خەباتی لە ناوخۆی خەڵکەکەیدا رانەگرتووە و ئەو چالاکییانەی لە ماوەی ئەو مانگەدا دەنگیان داوەتەوە، درێژەی ئەو خەبات و تێکۆشانە جۆراوجۆرانەن کە ئەندام و پێشمەرگە و دۆستانی حزبی دیموکرات لە مێژووی ئەو حزبەدا جێبەجێیان کردووە".

**مەولوودی زیاتر روونی دەکاتەوە:** "ئەو چەند شەڕ و پێکدادانەش کە لەو ماوەیەدا روویان دا، لە ڕاستیدا تێکۆشەرانی ئێمە کەوتوونەتە بۆسەی رژێمەوە و شەڕیان کردووە کە لە ئاکامدا هەم ژمارەیەک لە پاسدار و بەکرێگیراوانی رژێم کوژراو

و برینندار بوون، هەمیش پێشمەرگەی ئێمە شەهید و برینندار بوونە و هەر ئەوەش وای کردووە کە دەنگدانەوەکەی زیاتر بێت، ئەگینا شتێک بەناوی خەباتی چەکدارانە دەستی پێ نەکردووەتەوە و ئێمە لە بنەڕەتەوە ئەو شێوازە خەباتەمان رانەگرتووە و هەرکات دەرفەتێک بووە کەڵکمان لێ وەرگرتووە، کاتێکیش کە پێویست نەبووە ئەوا نەمان کردووە و ئێستەش لە پێوەندی لەگەڵ ئەو چەند پێکدادانەی دواییدا پێشمەرگەکانی ئێمە کەوتوونەتە بۆسە و بۆ بەرگریکردن لە خۆیان شەڕیان کردووە".

لە ماوەی چالاکییەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوخۆی رۆژهەلات، زۆربەی میدیاکان باسیان لەوە کردووە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە رێگەی لایەنێکی سیاسیی هەرێمی کوردستانەوە داوای لێ کردوون چالاکییەکانیان بوەستێنن، مستەفا مەولوودی دووپاتی دەکاتەوە: "تا ئێستە هیچ لایەنێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان یان لایەنێکی سیاسیی باشووری کوردستان بە رەسمی داوای لە حزبی دیموکراتی کوردستان نەکردووە چالاکییەکانی بوەستێنێت".

**جێگری سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان دەڵێت؛** "ئێمە پێمان وا نییە حکوومەتی هەرێمی کوردستان یان هێزە سیاسییەکانی هەرێم داوایەکی لەم شێوەیە لە هێزە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بکەن، لەبەرئەوەی رۆژهەلاتی کوردستان دۆخی تایبەت بەخۆی هەیە و چالاکی هێزە سیاسییەکانی رۆژهەلات و بەتایبەتی حزبی دیموکراتی کوردستان، کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر بزووتنەوەی سیاسی و ئەزموونی هەرێم نابێت".

**دەڵێت:** "بە خۆشحاڵییەوە هەرێمی کوردستان خاوەن پێگە و سەروەری تایبەت بەخۆیەتی، واتا بەشێوەیەک نییە هێز و توانا و دەسەلاتی خۆی لە وەستاندنی بزووتنەوەی بەشێکی تری کوردستاندا بدۆزێتەوە، خۆی پلان و سیاسەت و دیپلۆماسی و بەرنامەی تایبەت بەخۆی هەیە و خاوەن هێز و توانایە. پێم وانییە داوایەکی لەم شێوەیە لە ئێمە بکەن و حزبی دیموکراتیش هەمیشە سەبارەت بە هەرێمی کوردستان و ئەزموون و دەستکەوتەکانی یارمەتیدەر بووە و لە بەرچاوی گرتووە".

ئەو ئەندامەی رێبەرایەتیی حزبی دیموکرات دەڵێت: "ئەگەر رۆژێکیش رێبەرانی سیاسی هەرێمی کوردستان لەمبارەیەوە پرسیار لە حزبی دیموکرات بکەن، ئەوا حزبی دیموکرات روونکردنەوەی بۆ ئەم پرسیارانە هەیە".

## گواستنەوەی کەمپەکان بەرەو سنوور

ئامادەیی پێشمەرگە و ئەندامانی دیموکرات لە ناوخۆی رۆژهەلات لە کاتێکدابوو کە زیاد لە ١٥ ساڵە ئەو بەشە لە کوردستان چالاکییەکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەدیتبوو و تا رادەیەک بێ دەنگی باڵی بەسەردا کێشابوو، بەلام لەگەڵ یەکەم



سەرچاوە Serchawe

پێکدادانی چەکداریی ئەو هێزە و سوپای پاسدارانی ئێران، دەنگدانەوەیەکی بەرچاوی میدیایی و جەماوەری لێ کەوتەوە و وای کرد تا رادەیەکی چاوەڕواننەکراو ئەو بێ دەنگییەی ناوخۆی رۆژهەڵات بشکێت.

بە پێی راگەیەندراوەکان و لێدوانی بەرپرسانی حزبی دیموکرات، پێ دەچێت چالاکییەکانیان لە ناوخۆ بەم شێوەیە بەردەوام بهێڵنەوە، بەڵام ئاخۆ دەکرێ لە ناوخۆی رۆژهەڵات چالاکییەکانیان چڕ بکەنەوە، بەڵام سەرکردایەتیی حزب لە کەمپەکانی ناوەڕاستی باشووری کوردستان نیشتەجێ بن؟ بۆ ئەم پرسە مستەفا مەولوودی رای دەگەیەنێت کە کەمپەکانی باشوور شوێنی دانیشتن و حەوانەوەی بنەماڵەکانی دیموکراتە و پێی وایە ئەندام و پێشمەرگەکانیان زۆربەیان لە ناوخۆی رۆژهەڵاتدان".

**ئەو ئەندامەی رێبەرایەتیی حزبی دیموکراتی کوردستان دەڵێت:** "دەبێ فشاری کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کوردستان چەندە بێت تا خەڵکی کوردستان بە چەند چالاکییەکی چەکداری کە ئەویش سوپای پاسداران بۆسەی بۆ پێشمەرگەکانی ئێمە دانابوون و بەرگرییان لە خۆیان کردووە، خەڵکی وا دڵخۆش کردووە و پێیان خۆشە بە هەموو جۆرێک و بە قورسترین شێوە لە ناویاندا بن و خەباتیان بۆ بکەن و ئەوانیش یاریدەر و هاوکار بن".

**ئەوەش دەڵێت:** "کەمپەکانی حزبی دیموکرات شوێنی نیشتەجێبوون و حەوانەوەی بنەماڵەکانی دیموکراتە و تێکۆشەرانی سیاسیی حزبی دیموکراتی کوردستان زۆربەیان لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لەناو خەڵکدان و حزبی دیموکرات لێرەڕا هێز نانێریتەوە، بەڵکو ئەو هێزەی کە لەوێ هەیەتی، لەباری رێکخستنەوە سەرپەرشتی دەکات و لەوێ تێکۆشانی سیاسی و پڕوپاگەندە و رێکخستن ئەنجام دەدەن".

**مستەفا مەولوودی دەڵێت:** "ئەو هێزانە لە ناوخۆی رۆژهەڵاتدا بۆ ئەوەی بتوانن بجووڵێن و کار بکەن، دەبێ چەکیان پێ بێت بۆ ئەوەی ئەگەر فشاری بۆ هات بەرگری پێ لە خۆی بکات، لەبەرئەوەی مەبەستی کارەکە لە رۆژهەڵاتی کوردستانە و هێزەکەش هەر لەوێیە، ئێمەش پێمان وایە حزبی دیموکرات وەک تا ئێستە لە مێژووی خۆیدا هەرکات دەرفەتی بۆ هاتبێتە پێش، کەڵکی لێ وەرگرتووە و خەباتەکانی پەرە پێ داوە، دەبێ ئێستەش درێژەی پێ بدات، بەڵام بە دڵنیاییەوە رێبەرایەتی حزبی دیموکرات ئەو تێگەیشتنەی هەیە کە بارودۆخی هەرێمی کوردستان و پێوەندی سیاسیی ئەو هەرێمە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لەبەرچاو بگرێت و بەشێوەیەک هەڵسوکەوتی سیاسی بکات کە زیان بە ئەزموونی هەرێمی کوردستان نەگات".

**هەروەها دەڵێت:** "بۆ ئێمە خۆشتر دەبوو ئەگەر لوابایە هەموو ئەندامانی دیموکرات لەناو شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بان و بە شێوەیەکی یاسایی و ئازادانە خەباتی مەدەنی و رێکخستن و سیاسیی کردبایە، ئەگەر لە سنوورەکانیش دەرفەتی

ئەوە بڕەخسێ ئەوە باشتر دەبوو بۆ پێوەندیکردنی راستەوخۆ لەگەڵ خەڵکەکەمان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە دڵنیاییەوە ئێمە کارێکی لەم شێوەیە ناکەین کە زیان بە ئەزموون و بەرژەوەندی کوردستان بگات".

**مەولوودی بۆ بەردەوامبوونی چالاکییەکانیان لە ناوخۆ بەو شێوازەی کە ئێستە گرتوویانەتە بەر دەڵێت:** "لە روانگەی حزبی دیموکرات خەبات و تێکۆشان یەک رەهەندی نییە بەڵکو چەند رەهەندییە، بەڵام ئەو جۆرە خەباتەی کە دەبێ ئامادەبوونی چالاکتری لەناو خەڵکەکەیدا هەبێ بۆ ئەوەی رۆڵ و کاریگەریت زیاتر بێت، لە پلان و بەرنامەی ئێمەدایە بە مەرجێک کێشەیەکی جدی کە لە توانای حزبی دیموکراتدا نەبێ بۆ ئەوەی بەسەریدا زاڵ بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە بەردەوام دەبێت".

## بە تەنیا مانەوەی حزبی دیموکراتی کوردستان

هەر پێنج لایەنی سەرەکیی ئۆپۆزسیۆنی رۆژهەڵات، مانگێک لەمەوبەر لە بارەگەی سەرەکیی حزبی دیموکراتی کوردستان کۆ بوونەوە و لە ئەنجامدا لەسەر ئەم خاڵە رێک کەوتن کە رووی چالاکییەکانیان لە رۆژهەڵات بکەنەوە. هەر دوا بەدوای ئەم بڕیارە، گرووپی "پارێزەرانی رۆژهەڵات"ی سەر بە حزبی دیموکراتی کوردستان دەستیان کرد بە چالاکی لە ناوخۆدا، بەڵام ئەوا ماوەی مانگێکە ئەو گرووپە لە ناوخۆدان و تا ئێستە لە شەڕ و پێکدادان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا شەهیدێک و چەند بریندارێان هەیە، بەڵام هیچ یەک لە چوار لایەنەکانی تری ئامادەبووی ئەم کۆبوونەوەیە نە بە رەسمی و نە بەشێوەی نارەسمی بەتەنگ ئەو دەستپێشخەرییە نەچوون.

**جێگری سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان** ئەوەیش دەخاتە روو "نزیک بە مانگێک لەمەوبەر ئەو ٥ هێزە سیاسییەی رۆژهەڵاتی کوردستان دانیشتنێکمان لە بارەگەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەبوو، لەو دانیشتنەدا لەسەر بارودۆخی سیاسی گفتوگۆ کرا. یەکێک لە بابەتەکان چۆنیەتیی هاوکاری و هاوخەباتی هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵات بەیەکەوە بوو و هەر لەو کۆبوونەوەیەدا لیژنەیەکمان پێک هێناوە، ئەو لیژنەیە لە بارەگەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان دانیشتوون و لەسەر جۆری هاوکاری و هاوپێوەندی و هاوخەباتی بەیەکەوە گفتوگۆ دەکەن، بەڵام هەلومەرجی کار و تێکۆشانی حزبەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان تا ئێستەش هەر حزبەی بەتەنیا و بە لەبەرچاوگرتنی توانای خۆی لە بوارەکانی رێکخستن و دیپلۆماسی و بەشداری لەناو خەڵکدا یان چالاکیی پێشمەرگانە کار دەکات، لەم پێوەندییەدا بەداخەوە هاوکاری ئێمە نەگەیشتووەتە ئەوەی لە ئاستە بەرزەکاندا بەیەکەوە بەرنامەیەکی هاوبەشمان هەبێت و حزبی دیموکراتی کوردستان لە توانایدا هەیە لە هەموو ئاستەکانی خەباتدا هێز و توانای خۆی وەگەڕ بخات و چالاک بێت".



سەرچاوە
Serchawe

## ئەلتەرناتیف بۆ یارمەتی دارایی


دوای ئەوەی بەغدا بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بڕی، تەنگژەی دارایی باڵی بەسەر هەرێمدا کێشا و ئەو تەنگژەیە داوێنی حزبەکانی رۆژهەڵاتیشی گرتەوە و حکوومەتی هەرێم ئەو برە بودجەیەی بڕی کە وەک یارمەتی دارایی بۆ ئەو حزبانەی دەنارد، ئەوەش وای کرد هەندێک لە حزبانە تووشی گرفتی دارایی بنەوە، مەستەفا مەولوودی دەڵێ کە ئەوان هەر لە سەرەتای دروستبوونی حزبەکەیان پشتیان بە یارمەتی خەڵکەکەیان بەستووە لە ناوخۆی رۆژهەڵاتدا.

**مەولوودی گوتی:** "حکوومەتی هەرێم لەلایەن حکوومەتی ناوەندەوە تووشی تەنگژەیەکی دارایی بووە و ئەو کەسانەش کە بە جۆرێک لە دارایی هەرێمی کوردستان سوودمەند بوون تووشی گرفت هاتوون، هەرێمی کوردستانیش زۆر و کەم یارمەتیی ئەو هێزانەی رۆژهەڵاتی داوە کە لە هەرێمن، ئێستەش کە وەک پێویست لە بەغداوە بودجەی بۆ نایەت، کاری کردووەتە سەر ئەو یارمەتیيەی بە ئێمە دەکرێت".

**ئاماژەی دا** "حزبی دیموکرات لە یەکەم رۆژی دامەزرانی لە خاڵی کۆتایی پێڕەوی ناوخۆییەکەیدا دەڵێت، سەرچاوەی دارایی حزب یارمەتی دۆستان و ئابوونەی ئەندامانی حزبە، بۆیە داواکردنی یارمەتی لە خەڵکی خۆی بەشێکە لە ئەرکەکانی و حزبی دیموکرات ئێستەش هەر بەو داراییەوە کار دەکات و دەبێ بژی، حزبی دیموکرات پێی شەرم نییە داوا لە خەڵکی رۆژهەڵات بکات یارمەتی بدەن بۆ ئەوەی لە سەرجەم ئاستەکانی تێکۆشانیدا بەردەوام بێت و پێویستی بە ئەملا و ئەولا نەبێت".

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - رێکەوتی: ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤

## مستەفا مەلوودی: لەتبوون ئاکامی گرفتیکی تەشکیلاتی بووە



**ئەندامی دەفتەری سیاسی و جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان مستەفا مەولوودی، لە وتووێژێکدا دەگەڵ ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ، باسی لە ئەگەرەکانی تێکەڵبوونەوەی دوو باڵی حیزبی دێموکرات کرد و ڕایگەیاند " هەر دوو لامان بروامان بەوە هەیە کە دیالۆگ و دانوستانەکان درێژە پێبدەین".**

**سازدانی دیمانە: کەریم مەرەسەنە**

**کەریم مەرەسەنە: پرسی یەکگرتنەوەی دوو باڵی حیزبی دێموکڕات گەیشتۆتە کوێ؟**

**مستەفا مەولوودی: وەک ئاگادارن زیاتر لە ساڵێکە دیالۆگ و وتووێژ لە نێوان دێموکڕاتەکان دەستی پێکردووە، قۆناغی یەکەم کە قۆناغی ئاسایی‌کردنەوەی پێوەندیی نێوان دێموکڕاتەکان بوو، بە خۆشییەوە تا ئێستا باش چۆتە پێش و هەر ئەوەش یارمەتی کردووە زیاتر لەوەش پرسەکە بەرەوپێش بەرین؛ لە ئێستاشدا کە ئامانج و ستراتیژیی هەر دوولا کەوتنەوە سەر یەکی دێموکڕاتەکان و یەکگرتنەوەیە، هەر دوو لامان بروامان بەوە هەیە کە دیالۆگ و دانوستانەکان درێژە پێبدەین، لەسەر مەسەلەکان بە روونی قسەبکەین بۆ ئەوەی بە ئەنجامێکی موسبەت و دڵخۆشکەر بگەین و لە کۆتاییدا بەرەو کۆنگرەی هاوبەش بچین.**

**کەریم مەرەسەنە:** باشە چ شتێک وا دەکا کە پێویست بێ ئێوە ئێستا یەک بگرنەوە؟ ئایا گۆڕانکارییەکی سیاسی/ ئیدۆلۆژی لە ناو ئەم دوو باڵەدا ڕووی داوە؟

**مستەفا مەولوودی:** یەکەم؛ دێموکڕاتەکان مێژووی هاوبەشیان هەیە، نیشان و سەمبول و کۆنگرە و کۆنفرانس و کار و خەباتی هاوبەشیان هەیە، لەوانەش گرینگتر ئامانج و ستراتیژیی هاوبەشیان هەیە، کەوایە هەر ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی پێوست بەوە بکا دێموکڕاتەکان ڕیزەکانیان یەک بخەنەوە و لە ئەنجامدا یەکبگرنەوە. جیا لەوەش ئەو ناوچەیەی ئێمەی تێدا دەژین، بەتایبەتی وڵاتی ئێران، قابیلی گۆڕان و گۆڕانکارییە. حیزبی دێموکڕاتیش جیا لەوە دەبێ خۆ ئامادە بکا لە کاتی گۆڕانکاریدا لە دەرفەتەکان باش کەڵک وەربگرێ، دەبێ خۆشی بەپێی دەرفەت و ئیمکان کار بۆ گۆڕان و گۆڕانکاری لە ناوچەکەدا بکا، بە واتایەکیتر دەبێ شوێندانەر بێ؛ کارێکی ئەوتۆش بە تەنیا بە لایەکی دێموکڕات ئەگەر نەڵێم ناکرێ دەتوانم بڵێم زۆر زەحمەتە، ئەگەر دێموکڕات بە گشتی بیهەوێ لە ئاست مێژوو، کار و تێکۆشان و خەباتی دوورودرێژدا بێ، دەبێ کات و ئینێرژی خۆی بۆ کاری گەورەی سیاسی تەرخان بکا. هەموانیش دەزانین کە بە هۆی حیزبی سیاسیی گەورە و بەهێز و جێگای بڕاوی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستانەوەیە کە وەها پرسێک دەچیتە پێش، پێکان و بە ئامانج گەیشتنی خودی ئەمانەش پێویستی بە یەکڕیزی و یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکانەوە هەیە.

**کەریم مەرەسەنە:** بۆ مەگەر ئەو دۆخەی ئێوە باسی دەکەن بەر لە لەتبوونیش لە گۆڕێدا نەبوو؟ مەگەر هەر ئەو کاتیش لێتان ڕوون نەبوو کە حیزبی دێموکڕات دەبێ "لە دەرفەتەکان باش کەڵک وەربگرێ" و "دەبێ کار و ئێنێرژیی خۆی بۆ کاری گەورەی سیاسی تەرخان بکا"؟

**مستەفا مەولوودی:** حیزبی دێموکرات بۆ ئەوە دامەزراوە وەک ئامرازێکی سیاسیی کارا بەدواداچوون بۆ پرسە سیاسییەکان بکاو لە دەرفەتەکان باش کەڵک وەربگرێ؛ مێژووی ئەو حیزبە ئەوە نیشان دەدا، ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ساڵی ١٣٢٤ هەتاوی، تێکۆشان و خەباتی پێشمەرگانەی ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ی هەتاوی، بەشداری لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و سەرەنجام درێژە دان بە خەباتی سیاسی لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامی ئێراندا سەلمێنەری دروستی ئەو ڕاستییەن. بەڵام هەروەک لە وڵامی پرسیارەکانی دیکەدا ئاماژەم پێدا ئەم حیزبە لەو پێناوەدا بێکێشە و گرفتیش نەبووە، تەنانەت لە باری تەشکیلاتیشەوە زۆر جاران گرفت و کێشەی نێوخۆیی هەبووە. بەڵام بە مەدارا و پێکەوەهەڵکردن توانیویەتی زۆر جاران بەسەر ئەو گرفت و کۆسپانەدا سەربکەوێ. ئەوەش لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەو حیزبە جێگە و پێگەی تایبەتی هەیە و دەبێ بەردەوام کاری گەورە بکا. بەڵام هێندێک جاران حاڵەتەکە بە جۆرێک بووە، نەکراوە بە یەکەوە کارەکان بکرێن و بەداخەوە تووشی جیایی و لەت بوون بووە، بەڵام ئەگەر لەت بوونیشی تێدا ڕوو داوە، ئەو ئەسڵە کە دەبێ خەبات بە دژی نیزامی حاکم بە سەر ئێراندا بەردەوام بێ، پارێزراوە و هەر لەو سۆنگەیەوە هەموو دێموکڕاتەکان لە



سەرچاوە
Serchawe

مەیدانی خەباتدا مانەوە و درێژەیان بە تێکۆشان داوە.

**کەریم مەرەسەنە**: بەو پێیە کە هەردوو لاتان هاتوونە سەر ئەو باوەڕە کە دەبێ یەک بگرنەوە، دەکرێ بڵێین کە هەردوو لاشتان دان بەوە دا دەنێن کە جیابوونەوەکە هەر لە سەرەتاوە هەڵە بووە، ئایا دەکرێ ئەو بۆچوونە ڕاست بێ؟ ئەگەر نا بۆچی؟

**مستەفا مەولوودی**: دەبێ پرسەکان واقعبینانە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێ و بە وردی تاووتوێ بکرێن. پروسەی لەتبوون و لە یەکترداببڕان شتێکی یەک ڕۆژە و "فی‌البداهە" نەبووە، بەڵکوو ئاکامی گرفتێکی تەشکیلاتی بووە کە دەمێک بوو لە نێو حیزبی دێموکڕاتدا بوونی هەبوو. زۆر و کەم کاری بۆ دەکرا کە گرفتەکە لە نێو حیزبی یەکگرتوو و یەکدەستدا چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، بەڵام لە ئاکامدا بەو ئاراستەدا کەوت کە بەداخەوە نەکرا بە یەکەوە درێژە بە خەبات و تێکۆشان بدەین. هەمووشمان هەر لایەک بە بەشی خۆی لە پێکهاتنی ئەو دۆخەدا پشک و بەشداری هەبوو، واتە بە قەرای مسئوولییەت و بەرپرسایەتیان، بە واتایەکی دیکە هیچ لایەک بە تەنیا خەتاباری سەرەکی نەبوو. هەرچۆنێک بوو واقعییەتێک بوو هاتە پێش و دەبوو قەبووڵ بکرێ. ئێستا کە پاش زیاتر لە حەوت ساڵ هەر دووک لامان باس لە پێویستی کەوتنەوە سەریەکی دێموکڕاتەکان دەکەین، لە پێشدا وڵامێکی مەنتقییە بە چاوەڕوانی ڕەوای خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی.

دووهەم؛ ئاکامی کارکردنی ئەو چەند ساڵەی هەر دوو لامان ئەو ئاکام و دەرهاویشتەی هەبووە کە ئەگەر دێموکڕاتەکان بیانهەوێ لە ئاستی ئەرک و بەرپرسایەتیی مێژووییاندا بن، ناچارن بە نیسبەت پرسی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە یەکەوە بن. جیا لەوانەش ئەو کات ئەو هۆیانەی کە یارمەتیان دا بە لێکدابڕانی دێموکڕاتەکان، ئێستا زۆر کەمڕەنگ بوونەتەوە یان هەر نەماون، جیا لە هەموو ئەوانە ئەگەر بایەخ بە بەرژەوەندیی گشتی بدەین، دیارە بەرژەوەندیی گشتی بزووتنەوەی کورد لە یەکێتی و یەکریزیی دێموکڕاتەکان دایە.

**کەریم مەرەسەنە**: وەک دەزانین مەسەلەی لێکدابڕان لە ناو حیزبی دێموکڕاتدا شتێکی تازە نییە، لەسەردەمی ئەحمەد تۆفیقەوە تا ئەم دوا لێکدابڕانە چوار تا پێنج نموونەی جیابوونەوە هەیە، کێشە لە چی دایە؟

**مستەفا مەولوودی**: دەکرێ کێشەکە لە زۆر شتدا بێ؛

**یەکەم**: حیزبی دێموکڕات بە زۆری حەیاتی سیاسیی لە تاراوگە و دوور لە زێدی خۆی بووە.



سەرچاوە
Serchawe

**دووهەم**: پەیوەست بوون بە حیزبی دێموکڕات ڕەواڵی زۆر ئاسایی و سیستماتیکی بە خۆیەوە نەگرتووە. بە واتایەکیتر پرۆسەی بە ئەندام بوونی حیزب لەگەڵ ئەوەدا بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ دیاری کراوە، بەڵام لە جێبەجێکردنیدا مەرج نییە ئەو ڕەواڵە هەمیشە ڕەچاو کرابێ.

**سێهەم**: چۆن خەباتکردن یان ئەوەیکە لە چ شێوە خەباتێک لە کات و زەمانەکاندا کەڵکی وەربگیرێ لە حیزبدا قسەی لە سەر بوو، هەر ئەوەش زۆری جیاوازیی بۆچوون لەسەر بوو.

**چوارەم**: خوێندنەوە بۆ خەباتی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵات و پێویستیی هەوڵ و خەبات بۆ دابینکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان لە حیزبدا بێکێشە نەبووە.

**پێنجەم**: تێکهەڵکێشکردنی خەباتی تێکۆشەرانی کورد لە ڕۆژهەڵات لەگەڵ خەباتی سەرانسەری ئێرانییەکان، یان باشتر بڵێین هاوسەنگکردن و دۆزینەوەی ڕێگایەکی دروستی سیاسی کە لە یەک کاتدا دەکرێ بە گشتی وڵامت بۆ ئەو پرسانە هەبێ، لە حیزبدا کێشە و گرفتی خۆی هەبوو.

**شەشەم**: لە هەموویان گرینگتر، نەبوونی فەرهەنگی دێموکراسی لە ناوچەیەکەدا کە ئێمە تێیدا دەژین، واتە تاقی نەکردنەوەی دێموکراسی و جێگیر نەبوونی یارمەتیدەری ئەو دۆخە بووە. وڵاتانی دەوروبەری ئێمە خاوەنی فەرهەنگی دێموکراسی نین. لە وڵاتی ئێران بە بوونی وەها نیزامێکی حکوومەتی و کۆمەڵایەتییەوە کە بۆ هەموومان ڕوونە، کولتووور و فەرهەنگی دێموکراسی تا ئێستاش جێگیر نەبووە. جا کوردستان بە نیسبەت هەموو ئەو وڵاتانەوە، ئەگەر دوورتر و بێگانەتر نەبێ بە دێموکراسی، نێزیکتر یان لە پێش ئەوانەوە نییە. ئەوەش بە دڵنیاییەوە شوێنی لە سەر جۆری سازمان و ڕێکخستن و دروست کردنی قەوارەی تەشکیلاتی و لە ئەنجامدا بەیەکەوە کار کردنیش دادەنێ. ئەگەر هەمووی ئەو هۆیانە کۆ بکەینەوە، دەکرێ بەو ئاکامە بگەین کە لە دروستبوونی حیزبێک لە ژینگەیەکی ئەوتۆدا، دەکرێ چاوەڕوانی بە یەکەوە نەحاوانەی ئەندامەکانیشی لێ بکرێ. بە تایبەت کە سەیری مێژووی حیزبەکان لە وڵاتانی دیکەشدا دەکەین، ئەو حاڵەتە بۆ زۆر حیزب هاتۆتە پێش.

**کەریم مەرەسەنە**: وەختێک چاو لە مێژووی جیابوونەوەکان دەکەین، دەبینین کە تەقریبەن هەموو جارێ باس لە "پێشێلکرانی دێموکراسی لە لایەن زۆرینە" و خۆسەپاندنی ئەم یان ئەو سەرکردە بەسەر ئیرادەی گشتی و ئەو جۆرە کێشانە کراوە کە زیاتر پەیوەندییان بە شەخسەوە هەیە! کەچی دواتر کە دوو باڵەکە یەک دەگرنەوە، هەر ئەم شەخسانە لە ڕیزی حیزبێکی یەکگرتوودا کۆ دەبنەوە و دەست دەکەنەوە بە کاری ئاسایی خۆیان. دەڵێم ئەمە ناکرێ نیشانەی ئەوە بێ کە



سەرچاوە
Serchawe

**کێشەکان پەیوەندییان بە شەخسەوە نەبێ و کێشەکە لەو سیستمە دابێ کە شەخسەکان کاری پێدەکەن؟**

**مستەفا مەولوودی**: لە وڵامی پرسیاری چوارەمدا بە جۆرێک ئیشارەم کردووە، کە فەرهەنگی دێموکراسی لە نێو کومەڵگەی ئیمەدا و تەنانەت لە نیو حیزبەکانیشدا نەهادینە و جێگیر نەبووە، سیستیم و نیزامی حیزبیش بە دروستی یاسامەند نەکراوە، هەتا بە دروستی هەم ئوسووڵی حیزب بە رێکوپێکی بپارێزرێ و هەمیش مافی کەمایەتی بە تاک و کۆ وەک لە پرۆگرامدا هاتووە کاری پێ بکرێ؛ ئەوە بۆ خۆی کێشەیە و زۆر جار ئەندامی حیزب لە سیستیمی حیزبیدا، لە نێوان ئەرک و مافدا، تووشی گرفت بووە و دەبێ، هەر ئەوەش لە رەوتی دابڕان و جیابوونەوە و لەتبوون لە نیو حیزبی دێموکڕات دا زۆرجار دەرکەوتووە و بەداخەوە زۆریش کێشە و گرفتی بەدواوە بووە.

بە پێی پێڕەوی حیزب هیچ کەسێک ناتوانێ خۆ لە حیزبدا بەزۆر بسەپێنێ، بەواقیعی و بەکردەوەش ئەوە لە حیزبی دێموکڕاتدا خۆی دەرنەخستووە، لەبەر ئەوە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە حیزب لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام بووە، کۆنگرەکانی بە تایبەت پاش شۆرشی گەلانی ئێران بە رێکوپێکی و لە کاتی خۆیدا بەستوون، سیستیمی رێکخستن و ئۆرگانیزاسیونی حیزب بە شێوەیەکی دروست رێکخراوە.

ئەوەی لە حیزبدا هەیە کاری بە کۆمەڵ و ئۆرگانیکی حیزبە و نەفەر زۆر رۆڵ و دەوری تایبەت و کارسازی نییە. بۆیە پاش دابڕان نەفەرەکان بەیەکەوە دەتوانن کار بکەن، ئەوەش بۆ خۆی خاڵێکی باش و پۆزەتیڤە ئەگەر لە جێگایەک بۆتە هۆی دابڕان لە شوێنیکی دیکە بۆتە هۆی بەیەکەوە مانەوە و کارکردن و درێژە دان. دەکرێ بڵێین تاک دەوری خۆی هەیە بەڵام باشی بۆچووی دەکرێ گرفتەکە لە تاکدا نەبێ بەڵکوو لە سیستم و نیزامی کارکردندا بێ. ئەوەش وامان لێدەکا بە جیددی بە سیستیمی کاری حیزبیماندا بچینەوە و کەموکۆرییەکان کەمتر بکەینەوە.

**کەریم مەرەسەنە**: *هێندێک دەڵێن ئەو هەوڵانە جیدی نین و تەنیا بۆ سەرقاڵکردنی ڕای گشتین، بۆچوونتان چییە؟*

**مستەفا مەولوودی**: نا من پێموایە هەوڵەکان جیدین، بەڵام گرفتی جیدیشی لە سەر رێگایە؛ بۆیە دەبێ زۆر کار بکەین تا باشتر لێکتێبگەین و لە ئەنجامدا بە یەکگرتنەوەیەکی جێی دڵخوازی هەردووک لا بگەین. مەسەلەکە لە جیدی بوون یان نەبووندا نییە، لایەنەکانی دێموکڕات خوێندنەوەیان بۆ یەکگرتنەوە جیاوازە؛ هەرچی حدکایە لای وایە دەبێ لە چوارچێوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا بە دیالۆگ و قسە کردن بەرەو کۆنگرەیەکی هاوبەش بچین، هەرچی "حدک"یە لای وایە لە واقیعدا دێموکڕات ئێستا دوو قەوارەن، دەبێ ئەو دوو لایە بە یەکەوە بە دیالۆگ و قسەکردن و یەکتر قەبووڵکردن و بە فۆرمولی "براوە براوە" بەرەو کۆنگری هاوبەش بچن. ئەوەش بە زەحمەتە و کاری زۆری دەوێ. بەڵام مادام ئامانجی

دێموکڕاتەکان یەکگرتنەوەیە، ئومێدی ئەوەی بە ئاکام بگەین بە خۆشییەوە زۆرە.

**کەریم مەرەسەنە:** هێندێک جیاوازیی نە هێندە بچووک لە بەرنامەی ئەم دوو باڵەی حیزبی دێموکڕاتدا هەیە کە ئەمیان لەوی دیکە جیا دەکاتەوە؛ ئەو جیاوازییانە چۆن چارەسەر دەکەن و بەرنامەی کام لاتان دەبێتە بنەمای یەکگرتنەوە؟

**مستەفا مەولوودی:** دێموکراتەکان شتی هاوبەشیان زۆرە، بەڵام جیاوازیشیان هەیە. لە ناوەکەدا، لە چەند دەستەواژەیەک کەڵک وەرگیراوە، ئەگەر بە عورف و چۆن کەڵکوەرگرتن لە ناوی دێموکراتدا بە مانا و واتای جیاوازیی ئەوتۆ لە ناوی دێموکراتدا زۆر بەدی ناکەی. بەڵام بە قانوون و ڕەسمی و ناوی تەواو، دوو ناوی جیاوازن. بۆ چارەسەریی ناوی دێموکڕاتەکان، مادام قسە لە دیالۆگ و تەوافوق و کۆنگرەی هاوبەش دەکەین، ناوی دێموکڕات وەک هەموو شتەکانی حیزب دەکرێ لە کۆنگرەدا لە سەری ساغ بینەوە. کۆنگرە پاش قسە لە سەر کردنی تەواو لە سەر چ ناوێک ساغ بۆوە و بڕیاری دا ئەوە دەبێتە ناوی حیزبی دێموکراتەکان و هیچ کێشەیەکیش دروست ناکا.

جیاوازیی دیکە لە مودیرییەتی حیزبدا هەیە، هەر وەها لە پیوەندیی تەشکیلات لە نێو ئەندامانداندا، تەنانەت لە هەڵوێست و تاکتیک و روانینشدا بۆ مەسەلە سیاسییەکان هەیە. بەڵام حیزبی دێموکرات هەم حیزبێکی زیندووە، هەمیش ئامادەیی تێدایە بە دانیشتن و قسەکردن لە سەر هەموو ئەو مەسەلانە لە سەر شتی هاوبەش ساغ بنەوە و بیکەن بە زمان و کاری سیاسیی هاوبەش و گشتیی حیزب. لە بەر ئەوە لە ئەسڵدا جیاوازییەکان جەوهەری نین.

سەرچاوە: ناوەندی هەواڵ و شروقەی رۆژ - ڕێکەوتی: ٢٣ی مارچی ٢٠١٤

## مستەفا مەولوودی: لاوازییەک بە حزبەکانی رۆژهەڵاتەوە دیارە



بۆ قسەکردن و شیکردنەوەی رەوشی سیاسی ئێران بەگشتی و رۆژهەڵاتی کورستان بەتایبەتی, هەروەها بۆ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی کار و چالاکی و رەوشی حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و هۆکارەکانی کەمبوونەوەی چالاکییەکانیان. بۆ شیکردنەوەی چەندین پرسی دیکەی پێوەست بە گەلی کورد. گۆڤاری چرکە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ (مستەفا مەولوودی) جێگری سکرتێری گشتی حزبی دیموکراتی کوردستان سازکرد

.

**چاوپێکەوتن: سەرباز واحد**

**چرکە**: خوێندنەوەتان بۆ رەوشی رۆژهەڵاتی کوردستان و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەگشتی چۆنە؟

**مستەفا مەولوودی**: کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکەدا لەڕووی ئابووری و سیاسەت و دەسەڵات خاوەن جێگە و پێگەیە، کۆماری ئیسلامی ئێران دەیتوانی نەخشێکی گونجاو هەبێت هەم بۆ خەڵکی وڵاتی خۆی و هەم بۆ دەوروبەرەکەی و هەم بۆ لایەنی ئابووری و سیاسی و ئەمنی جیهان. بەڵام سیستەمی حاکم بەسەر ئێران سیستەمێکی مەزهەبییە و نەیتوانیوە خێر و بێری بۆ خەڵکی خۆی و دەوروبەری هەبێت و رۆڵێکی زۆر خراپی لە ناوچەکەدا گێڕاوە. وەک چۆن دەبینین لە ئاڵۆزییەکانی ناوچەکەدا بەهەموو شێوەیەک دەستێکی ئێرانی تێدایە و ناهێڵێت میللەتان بەدڵی خۆیان بژین و رێگە نادات ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە ببڕێتەوە. کۆماری ئیسلامی ئێران سیستەمێکی دیکتاتۆرییە و هەرگیز نەیتوانیوە دیموکراسی بێت.

**چرکە**: بێدەنگی و کەمی چالاکی حزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆچی دەگەڕێتەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەگەر سەیری ئەو وڵاتانە بکەین کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە ئەوا هەمیشە کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر سیاسەتی کوردانی خۆیان هەبووە, ئەگەر کاریگەری داگیرکاری ئێران نەبوایە لەبەرانبەر وڵاتانی زلهێز لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا ئەوا رەنگە ئەوکات نە حزبی دیموکراتی ئێران دروست ببا و نە پێشەوا قازی شکل و نەخشی گرتبا و نە کۆماری مەهابادیش دامەزرابا. دەسەڵات و رژێمی ئێران بەجۆرێک خۆی سەپاندووە لە رۆژهەڵاتدا کە زۆر کەم دەرفەتی بۆ ئەنجامدانی چالاکی سیاسی هێشتووەتەوە, لەملایشەوە رژێمی ئێران هەوڵی بەربەرەکانێ خستنە نێوان کوردانی رۆژهەڵات و هێزە سیاسییە کوردییەکان دەدات. لەلایەکی دیکەیشەوە هێزی رژێمی ئێران و حزبەکانی رۆژهەڵات و کوردانی رۆژهەڵات بەگشتی هاوسەنگ نییە. بۆیە هێزە سیاسییە کوردییەکانی رۆژهەڵات بەرەو باشووری کوردستان هاتوون و سنووری رۆژهەڵاتیان بەجێهێشتووە. پەیوەندی سیاسی و هاموشۆ و پەیوەندی بازرگانی هەرێمی کوردستان و ئێرانیش وایکردووە کە کاریگەرییەکی راستەوخۆی لەسەر جوڵە و حەرەکەتی حزبەکانی رۆژهەڵات هەبێت. هەموو ئەو هۆکارانەی باسکران ئەوە دەردەخات کە حکومەتی ئێران نادیموکراسییە و جوڵەی سیاسی لە ئێران بەگشتی زۆر سستە و فشارێکی زۆر خراوەتە سەر حزبەکانی رۆژهەڵات. بۆیە لاوازییەک بە حزبەکانی رۆژهەڵاتەوە دیارە.

**چرکە**: ئێوە لەبەر بەرژەوەندی و خاتری هەرێمی کوردستان سنووری چالاکییەکانتان فراوانتر نەکرووە؟

**مستەفا مەولوودی**: مەسەلەکە خاتر نییە, بەڵکو مەنتیقێکی سیاسی هەیە کە دەبێت حزبی دیموکرات رەچاوی بکات. هەرێم و ئێران پەیوەندییەکی باشی بازرگانی لەنێوانیاندا هەیە و ئەم پەیوەندییە سوودی بۆ کوردانی هەردوولا هەیە. کۆماری ئێران لە دیوی خۆیەوە ئەمنیەتی ئەم هەلومەرجە بازرگانییەی پاراستووە, بۆیە دەبێت بەرپرسانی هەرێمیش رەوشی ئەم دیوە بپارێزن، دەکرێت لەکاتی دروستکردنی چالاکی هەرێم بە حزبەکانی رۆژهەڵات بڵێت دەکرێت لەبەرژەوەندیم نەدەن و ئەمنیەتی دراوسێی من تێک نەدەن! فەرموو بڕۆن لەودیوی سنوور چالاکی خۆتان ئەنجام بدەن!. بۆیە دەکرێت لەڕووی سیاسییەوە بڵێین ئێمە لەوڵاتێکی دیکەوە ناتوانین هەموو کارێکی سیاسی خۆمان جێبەجێ بکەین.

**چرکە**: بۆچی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا چالاکی سیاسی و سەربازی ئەنجام نادەن؟

**مستەفا مەولوودی**: هەر وڵاتێکی کوردی بەسەردا دابەشکراوە سیاسەت و هەڵوێست و کار و کردەوە و کەلتووری تایبەتی خۆی هەیە و رەفتاری تایبەت بەخۆیان سەبارەت بە سیاسەتی هێزی کوردی لە ناوچەکەدا هەیە. لە زۆر حاڵەتدا ئەگەر بەراورد لەنێوان ئێران و تورکیا بکەین دەبینین گەلێک جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە. بەڵام لەخاڵێکدا لەوانەیە هاوبەش و هاوکاری یەکبن دژ بە بەرەوپێشچوونی رەوشی سیاسی کورد بە گشتی. حزبی دیموکراتی کوردستان ئەوە حەفتا ساڵە هەم لەرۆژهەڵات و هەم لەسەر سنوورەکانی رۆژهەڵات و ئەگەر دەرفەتیشی نەبووبێت لە باشووری کوردستانەوە چالاکی سیاسی

خۆی کردووە و خۆی بەڕێوە بردووە. ئێمە تاوەکو ١٠ ساڵ لەمەوپێش باوەڕمان وابوو دەتوانین لەچوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیدا خودموختارییەک بەدەست بهێنین، بەڵام دوای تێگەیشتنمان لە فیدرالیزم و گۆڕانی ڕەوشی سیاسی ناوچەکە ئەم پرسیارەمان گۆڕیوە بەوەی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فیدراڵی خاوەنی هەرێمی سەربەخۆ بین. ئەم تەیاربەندییەی ئێستاش لە ناوچەکەدا هەیە بەسەر دوو بەرەدا دابەشبووە کە ئەویش بەرەی شیعە و رووسە، لەم لایشەوە بەرەی ڕۆژئاوا و ئەمەریکا و تورکیا دەبینین, ئەمەش دەرفەتێکی بۆ رەخساندووین کە بتوانین سوود لە رەوشەکە وەربگرین، بەڵام بەداخەوە ئەم دەرفەتە تائێستا لە رۆژهەڵاتی کوردستان نەهاتووەتە ئاراوە.

**چرکە**: ئایە ئێوە هیچ کارتێکتان هەیە بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران بەکاری بهێنن؟

**مستەفا مەولوودی**: هەموو هێزێکی سیاسی بە جەمعیەتێک و کەرەستەیەکی کەمەوە دەتوانێت ئاڵۆزی زۆر گەورە لە وڵاتێکدا دروست بکات، بۆیە ئەگەر ئێمەبمانەوێت زۆر بەئاسانی ئاڵۆزی زۆر گەورەمان لە رۆژهەڵات پێدروست دەکرێت. بەڵام حزبی دیموکرات لەبەرئەوەی حزبێکی سیاسییە بۆیە خوێندنەوەکەشی بۆ بار و رەوشەکە سیاسییە. ئەگەر سەیری هەرێمی کوردستان بکەین بە دیفاکتۆ دەوڵەتێکە بۆخۆی و دامو دەزگا و پێگەی تایبەتی خۆی لە ناوچەکەدا هەیە و پێ بە پێ بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو دەنێ، ناکرێت ئێمە وەها کارێک بکەین کە زیان بە هەرێم بگات و بەهۆی چالاکی ئێمەوە وڵاتیکی دیکە هێرش بکاتە سەر خاکی ئەم هەرێمە, چونکە واخەریکە ئەم هەرێمە دەکەوێتە سەر پێ و دەبێتە دەوڵەت. بۆیە دەبێت تەحامولێکی عەقلانی سیاسی بکەین و حزبی دیموکرات پێی وایە هەر بەشێکی کوردستان دەبێت لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەی تێیدایە هەوڵی سەربەخۆیی بدات و سیستەمێک داوابکات کە هەم بۆخۆی سەربەخۆیی و دەسەڵاتێکی هەبێت و هەم پەیوەندیشی لەگەڵ ئەم وڵاتەی کە بەسەری دابەشکراوە هەبێت. بۆیە ئەمان چەند پێوەند و کۆمەڵێک خاڵی گرنگن کە حزبی دیموکرات لەبەرچاوی گرتوون.

**چرکە**: ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە بە دەستە جەمعییەکی کەم دەتواندرێت ئاڵۆزی دروست بکرێت، وەک ئێستاش دەبینین لە کوردستانی باکووردا شەڕ و پێکدادانی چەکدارانی پەکەکە و حکومەتی تورکیا کەوتووەتە ناو شارەکان, ئایە خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم رەوش و هەنگاوەی پەکەکە چییە؟

**مستەفا مەولوودی**: هەموو هێزێکی سیاسی سەیری توانا و قابیلیەتی خۆی دەکات بەرانبەر بە دوژمنەکەی بۆئەوەی لە ئاستی خۆی بڕوانێت و بزانێت خەڵکەکە چەندە بە پێشوازییەوە دێت. ئەگەر سەیری مێژووی کورد بکەین کاتێک دەبینین کە گەلی کورد ماوەتەوەو لەناو نەچووە لە ئەنجامی ئەو خەبات و تێکۆشانە بووە کە کردوویەتی. خوێندنەوەی حزبی دیموکراتی کوردستان بۆ رەوشی باکووری کوردستان ئەوەیە کە ئێستا کوردانی باکوور و هێزە سیاسییەکانی باکوور زۆر بەهێزەوە بەرگرییەکی باش دەکەن لەبەرانبەر ئەو هێرشانەی کە بۆیان دەهێندرێت، ئەوە خەڵک و هێزەکانی باکوورن بڕیار

لەوە دەدەن کە چۆن خەباتی سیسی دەکەن. بەڵام ئەگەر بڵێین ئەنجامی ئەو بەرگری و ئازایەتییە چیە؟ ئایە ئازادیمان بۆ دەهێنێت؟. ئێمە ئارەزوو دەکەین هەردوو لا بگەڕێنەوە بۆ مێزی گفتوگۆ و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانیان بدەن و بە ئەنجامێک بگەن. چونکە کێشەی کورد لە هەموو پارچەکاندا کێشەیەکی سیاسییە و دەبێت لەڕووی سیاسییەوە چارەسەری کێشەکان بکرێت. پێمان وایە هەر میللەتێک لەهەر شوێنێک ئەگەر بە یاسا و سیاسەت دەستکەوتێکی دەستبکەوێت زۆر باشترە لە میللەتێک کە دەستکەوتی بە کودەتا و شەڕ دەست کەوتبێت.

**چرکە**: حاجی محەممەدی هاوسەرۆکی پژاک لە دیدارێکی رۆژنامەوانی باسی لەوە کردبوو ئاڵای کوردستان ئاڵای میللەتی کورد نییە و چەندین بۆچوونی دیکەی جیای لەبارەی پیرۆزییەکانی گەلی کوردەوە هەبوو, ئێوە لەو بارەیەوە چی دەڵێن؟

**مستەفا مەولوودی**: قسە و لێکدانەوە سیاسییەکانی حاجی ئەحمەدی پژاک زۆر ورد نییە و ئەگەر کەسێک بیەوێت هەڵسەنگاندن بۆ کورد بکات باش نییە سوود لە لێدوانەکانی ئەو بکات. چونکە ئیفرات و تەفریتی تێدایە و بەجۆرێک لە جۆرەکان زمانێکی زبر و گونجاو نییە. حاجی ئەحمەدی هاوسەرۆکی پژاک لەبارەی ئاڵای کوردستانەوە یان بێزانیارییە یان دەیەوێت بێحورمەتی بەرانبەر بە پیرۆزییەکانی کورد بکات. ئەم ئاڵایە لە سێ بەشی کوردستان بە رەسمی هەڵدراوە و کاتی خۆیشی لە ئارارات هەڵدراوە و دواتر بە کەمێک گۆڕانکارییەوە لە کۆماری مەهاباد هەڵدراوە و ئێستاش لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەرەسمی کراوە بە ئاڵای کوردستان. بۆیە ئەگەر پێی خۆش بێت یان نا! ئەگەر بیەوێت یان نا ئەمە ئاڵای کوردستانە و بە فەرمی ناسێندراوە و جێگەی شانازی نەتەوەیەکە چەندین جار بە شانازییەوە لە مێژوودا هەڵکراوە. ئاساییە حزبێک ئاڵایەک بۆخۆی دروست بکات و ئەگەر لەداهاتوو توانی وڵاتێک بەڕێوە ببات لەڕێگەی دیموکراسییەوە, بەڵام کەس ناتوانێت ئاڵای نەتەوەی کورد بگۆڕێت و سووکایەتی پێوە بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی چرکە نێت - ڕێکەوتی: ١٦ی فێبریوێری ٢٠١٦



سەرچاوە Serchawe

## مستەفا مەولوودی: حدک دانوستانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی رەت نەکردووەتەوە



**هیدایەت جان**

**مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان، لەم چاوپێکەوتنەدا بۆ "وشە"، تیشک دەخاتە سەر پلانە نوێیەکانی وەک سکرتێری تازەی حدک بۆ یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان و سیاسەتی حزبەکەی لە پێوەندی لەگەڵ دانوستان و گفتوگۆکردن لەگەڵ ئێران دەخاتە روو. لەبارەی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان رای دەگەیەنێت: "نیازی ئەوەم هەیە داوا بکەم سەرلەنوێ دابنیشینەوە و بۆ چارەسەرکردنی یەکجارەکی پرسی دابڕانی دیموکراتەکان دانوستان بکەین، ئیمە ئەوەمان تێپەڕاندووە کە هەر باس لەوە بکەین خاڵی هاوبەشمان زۆرە، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بڵێین جیاوازییەکانمان کامانەیە و لەسەر ئەو جیاوازییانە بگەینە چارەسەرییەکی یەکجارەکی."**

**هیدایەت جان**: لایەنی کەم لە چوار ساڵی رابردووەوە لایەنەکانی تری رۆژهەڵات بە چاوی رەخنەوە سەیری گوتاری حدک دەکەن کە یەک لەوان شێوازی دانوستانکردن لەگەڵ ئێران بووە، لە دوای ئەوەی دوو سکرتێری دیموکرات لە پێناو دانوستان لەگەڵ رژێمی ئێران تیرۆر کران، کۆمەڵێک مەرجتان دانا بۆ چۆنیەتیی دانوستان لەگەڵ رژێم، ئەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە؟ خوێندنەوەی روونی ئێوە بۆ شێوازی دانوستانکردن لەگەڵ ئێران بە چ شێوەیەکە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەگەر سەیری مێژووی حزبی دیموکرات بکەین، تەنانەت ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەردەمی کۆماری کوردستان و خودی پێشەوا قازی محەمەد تا دوای شۆڕشی گەلانی ئێران، حزبی دیموکرات دانوستاندنی بۆ چارەسەری کێشەی کورد وەک رێگەیەکی ئەرێنی سەیر کردووە و لای وایە پرسی کورد کە پرسێکی سیاسییە، هەر بە دانوستاندن و گفتوگۆ و

لە یەکتر تێگەیشتن چارەسەر دەبێت، شێوازەکانی تری خەبات زەمینە خۆشکەرن بۆ ئەوەی بوار بۆ دانوستاندن خۆش ببێت. ئەوەی پرسیارەکەی خوڵقاندووە، تەکنیکی دانوستاندنە، لە دوای تیرۆری د. قاسملو و د. سەعید شەرەفکەندی، هەڵوێستی حزبی دیموکرات بە شێوەیەک بووە کە هەرگیز دانوستاندنی رەت نەکردووەتەوە، بەڵام دەڵێ لەبەر ئەوەی ئەو رژێمە رەفتار و جەوهەر و کردەوەکانی نامرۆیی و نائەخلاقییە، زەمینە بۆ دانوستاندن دەڕەخسێنێت، بەڵام ئامانجی لەناوبردن و تیرۆری سەرکردەکانمانە، ئەوا دەبێ تەکنیکی دانوستاندنەکە بگۆڕین، واتا بڕوای بە دانوستاندن هەیە، بەڵام دەبێ بە ئاگاداری لایەنی سێیەم بێت بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران پیلانێکی تر نەگێڕێت. لەو دواییانەیشدا حدک هەر پێداگری لەسەر بنەماکانی دانوستاندن کردووە، بەڵام تەکنیکی دانوستاندن و ئەوەی کە ئێمە لە ئێرانییەکانمان بینیوە، دیدارێک بووە و درێژەی نەکێشاوە، بەڵام لامان وایە ئەگەر بڕیار بێت زەوینەی دانوستاندن هەبێت، دەبێ تەکنیکی دانوستاندنمان وردتر بێت و پێویستە حزبە سیاسییەکانی رۆژهەڵات بەشداری تیادا بکەن، هاوکات ئەو زەوینەیەشی تیادا هەبێت بۆ ئەوەی دانوستاندنەکە ئەنجامێکی وای هەبیت بڵێین لانیکەم هەنگاوێک لەو خەبات و تێکۆشانەی هەمانە بمانباتە پێشەوە، واتا خەڵک کە گلەییان لە ئێمە هەیە، ئەو گلەییە لە دانوستاندنەکە نییە، بەڵکو لە تەکنیکی دانوستانکردنەکەیە، حەق وایە ئێمەیش مادام دۆستانمان گلەیی ئەوەمان لێ دەکەن لە بەرچاوی بگرین و بە جۆرێک لە جۆران پێداچوونەوە بە تەکنیکی دانوستاندنەکانمان بکەین بۆ ئەوەی ئیتر کۆماری ئیسلامیی ئێران زەفەرمان پێ نەبات و بەشداری هەمەلایەنەی حزبەکانیش تیایدا رەچاو بکرێت، لەبەر ئەوەی هیچ کام لە حزبەکان بەتەنیا ناتوانن بگەنە ئەنجامێکی باش لە دانوستاندنەکان. واتا دوور نییە بە شێوەیەک پێداچوونەوە بە تەکنیکی دانوستاندنەکانمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەین کە ئەو رەخنانەمان لەسەر کەم ببێتەوە و دەستبەرداری وتووێژ و دانوستانیش نەبین کە ئامانجی سیاسیی حزبی دیموکراتە.

**هیدایەت جان**: ئاماژەت بەوە دا پێویستە بۆ دانوستانکردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی سەرجەم ئۆپۆزسیۆنی رۆژهەڵات بەشداری بکەن، بەڵام پەرتەوازەییەک لە نێوان ئەو ئۆپۆزسیۆنەدا هەیە، هەموو لایەنەکان لە راگەیەندنەکانیاندا پێداگری لەسەر هاوکاری ئۆپۆزسیۆن بەیەکەوە دەکەن، بەڵام نەبووەتە هۆی ئەوەی لایەنی کەم ژوورێکی هاوبەش لەنێوانتاندا دروست ببێت؟

**مستەفا مەولوودی**: سیستەمێک لە ئێراندا حوکم دەکات کە باوەڕی بە پێدانی مافی نەتەوەکانی ئێران نییە و سیستەمێکی دەمارگرژ و دیکتاتۆرە، لەولاشەوە بزووتنەوەیەکی سیاسیی هەیە کە لە دەستی حزبێکدا نییە بەتەنیا و کۆمەڵێک حزب بزووتنەوەکە بەرەوپێش دەبەن، خۆی ئەوە خاڵێکی ئەرێنییە بۆ بزاڤی سیاسیی، لە هەمان کاتدا کارەکەی هەندێک قورس کردووە، لەبەر ئەوەی مەرج نییە هەموویان خوێندنەوەیان بۆ پرسە سیاسیی و کارگێڕی و جموجۆڵەکانی ناوخۆ و دۆخی ناوچەکە وەک یەک بێت، بۆیە ئەوە وا دەکات چارەسەرەکانیش هاوشێوەی تێڕوانینەکان جیاوازیان هەبێت کە ئەمەیش یەکێک لە هۆکارەکانی پەرتەوازەبوونی ئۆپۆزسیۆنی رۆژهەڵاتە، بەڵام خاڵێکی ئەرێنی کە لەناو هەمووماندا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە هەموومان بەو بڕوایە گەیشتووین کە هیچمان بەتەنیا ناتوانین ئەو هەموو کارە بکەین کە لە بەردەستمانە و بۆ

ئەوەی کاری زیاتر بکەین، دەبێ بەیەکەوە ئەنجامیان بدەین، لەو پێناوەشدا دەبێ یەکتر درک بکەین و قبووڵی یەکتر بکەین و بە خوێندنەوە و بەشداری تازەی هەمووومان بەرەو ئەو ویستە بچین. لەوبارەوە لە دیالۆگ و سەردانکردنی یەکتردابین لەگەڵ حزبەکانی ڕۆژهەڵات، هەموومان درک بەو پێویستییە دەکەین، وەک دەزانین یەک لە کێشە گەورەکانی ئۆپۆزسیۆن ئەو لەتبوون و دابڕانەیە، دوو ڕەوتی فکری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاریگەری زیاتریان هەبووە، یەکەمیان دیموکراتەکانە و ئەوی تریش کۆمەڵەکان. کۆمەڵەکان بەداخەوە بوون بە سێ حزب و کۆمەڵێکی تر بەناوی جۆراوجۆر وەک کەسایەتی هەن و زۆر چالاک نین، لە دیموکراتەکانیش کە بەداخەوە بووین بە دوو بەش و خەڵکی وایش هەیە لەبەر ئەوەی دیموکرات بووە بە دوو بەشەوە، بێ دەنگییان هەڵبژاردووە، ئەوە هەم دۆخەکەی ئاڵۆز کردووە و هەمیش کۆمەڵێک تەوەهومی دروست کردووە لە هەندێک مافیدا کە هەندێک لە حزبەکان بە هی خۆیانی دەزانن بووە بە کۆسپی سەر ڕێگە، حزبی دیموکراتی کوردستان بە خۆشییەوە ئەو قەدەغە و قۆرغەی نییە و پێمان وایە هەموومان هەین و لەناو مەیدانەکەدابین و دەبێ هەست بە زیانەکە بکەین و هاوکاری یەکتر بین و لەسەر بنەمایەکی هاوبەش کۆ ببینەوە.

**هیدایەت جان:** لە دوای تەقینەوەکەی شەوی یەڵدای بەردەم قەڵای دیموکرات، هەموو لایەنەکان دووپاتیان لە پتەوکردنی پێوەندییەکان کردەوە و هەندێک هەوڵیش لەو بوارەوە بەدی کرا، ئامانجی ئەو هەوڵانە بەچی گەیشت؟

**مستەفا مەولوودی:** دوای ڕووداوەکە، دەزگە تەناهییەکانی هەموو لامان لە دەوری یەکتر کۆ بووینەوە و بە کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش گەیشتن، بەڵام بە ڕاگەیاندن نەکرا، ئەوان لەسەر جۆری هاوکاری و پێدانی زانیاری بەیەکتر، گەیشتنە ڕێککەوتن بۆ ئەوەی لە سەرجەم ئەو توانایەی لە بەردەستیاندایە، بەیەکەوە سوودی لێ وەربگرن بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی لایەنی کەم لە ڕووی تەناهییەوە بۆ ئەندامان و بارەگاکانی ئۆپۆزسیۆن مەترسییەکی ئەوەندە ڕژد دروست نەکات. ئەوەندەی لە بواری تەناهییەوە لەگەڵ یەک تەباین و بەرنامەمان هەیە بۆ کارکردن، ئەگەر لە بواری سیاسیشەوە بەو شێوەیە بین، بە ئاسانی دەگەینە پلاتفۆرمێکی هاوبەشی کارکردن و ڕەنگە لە داهاتوودا ئەوە بەرەیەکی لە نێوان هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی لێ بکەوێتەوە.

**هیدایەت جان:** لەبارەی یەکگرتنەوەی حدک و حدکا، هەندێک جار گەیشتووەتە ڕادەیەک کە لە ئاستی سکرتێر و مەکتەبی سیاسیدا باس لە نزیکبوونی یەکگرتنەوە کراوە، بەڵام دوایی گەڕاونەتەوە سەر خاڵی دەستپێک، لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئێران بەجۆرێک دەردەکەوت کە خەریکە جیاوازیی دیموکراتەکان لە بەڕێوەبەرایەتی و ئیدارەدانەوە دەچێتە قۆناغی جیاوازی گوتاری، ئێستە کە ئێوە بوون بە سکرتێری گشتیی حدک، چ پلانێکت پێیە بۆ ڕەوینەوەی ئەو جیاوازییانە و وەسەریەکخستنەوە و یەکگرتنەوەی دوو دیموکرات؟



سەرچاوە
Serchawe

**مستەفا مەولوودی**: لە سەردەمی سکرتێری د. قاسملوو و د. سەعید و م. عەبدوڵا حەسەنزادەیش، حزبی دیموکرات قەت دانوستانی وەک پرەنسیپ رەت نەکردووەتەوە و ئێستەیش پرەنسیپی هەردوو لامانە، بەڵام وەک تەکنیکی ئەو دانوستانە، ئێمە شێوازێکمان هەڵبژاردووە کە هاوڕێکانمان پرسیاریان لەبارەیەوە دروست کردووە، هاوکات لە هاوینی ساڵی رابردووەوە ئەوانیش کۆمەڵێک چالاکییان دەست پێ کردووە کە بەشێک لە خەبات و تێکۆشانی گشتیی حزب بووە، لانیکەم لەدوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، بەڵام ئەگەر ئێمەیش دابنیشین "نەک بۆ میدیا" لە نزیکەوە لەگەڵیان دابنیشین، لەگەڵیان باسی ئەوە دەکەین کە ئەو خەباتە لەگەڵ رێز بۆ توانا و هێز و خەبات و قوربانیدانەکە، ئێمەیش تێبینی خۆمان لەسەری هەیە، تێبینی نەک بەو مانایەی خەباتەکەمان پێ خراپە، بەڵکو بۆ ئەوەی چی بکەین لەو خەباتەدا سوودی زۆر وەربگرین و تێچووی کەممان هەبێت. ئەوە بە مانای جیاوازی لە پرەنسیپ و جۆری خەباتکردندا نییە، بەڵکو بەو واتایەیە بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن کارەکان باشتر بچنە پێشەوە.

ئەو هاوڕێیانە بڵاوکراوەیەکیان خستە دەرەوە کە جۆری لێدوانەکانی سکرتێری گشتیی "حدکا"، بەڕێز خالید عەزیزی بە شێوەیەکە کە ئەوان خوێندنەوەیەکی تریان بۆ سیاسەتی ئێمە هەیە. سیاسەتی حزبی ئێمە و راگەیاندنی سیاسەتی ئێمە سیاسەتی حزبی دیموکراتە، بەڵام خوێندنەوەی جیاواز لە بابەتێکدا واتای لە یەک دوورکەوتنەوە نییە، هیوادارم ئەو هاوڕێیانە ئەوە وەک کۆسپێکی رژد نەبینن چون وەک ئاماژەم دا لە پرەنسیپدا ئێمە وتووێژمان رەت نەکردووەتەوە و ئەوانیش بە هەمان شێوە رەتی ناکەنەوە، هاوکات ئێمە خەباتی پێشمەرگانەمان رەت نەکردووەتەوە و ئەوانیش بە هەمان شێوە لە پرەنسیپەکانیاندا رەتیان نەکردووەتەوە، کەواتە پرەنسیپەکانمان یەک شتن، بەڵام خوێندنەوە بۆ چۆنیەتیی کارکردن، رەنگە لە نێوان دوو کەسدا جیاوازی هەبێت و ئەوەیش ئاساییە، ئەگەر دیموکرات بیەوێ یەک بگرێتەوە، ئەوانە نابێ ببن بە بەربەست، بابەتەکە لەوە بچووکتر بوو کە بەو شێوەیە بە لاڕێدا برا، بۆیە هاوڕێیانمان بە وردبینی و خوێندنەوەیەکی سیاسییانە بۆ حدک بەو ئەنجامە دەگەن کە ئەو راگەیەندراوەیان دەرنەکردبایە باشتر دەبوو. هەرچەند ئەوە نابێتە کۆسپ، بەڵام لە ئەنجامدا لامان وایە خاڵە هاوبەشەکان لە نێوان دوو دیموکراتەکاندا ئەوەندە زۆرن کە تاکتیکێک لەبارەی جۆرێک لە خەباتدا نابێ ببێتە کۆسپی سەر رێگەی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان.

**هیدایەت جان**: ئێستە کە وەک سکرتێری گشتیی حدک دەستبەکار بووی، پلانێکی تایبەتت هەیە بۆ دەستپێکردنەوەیەکی وردتری دانوستانەکان بۆ یەکگرتنەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەوەی کە ساڵێکە ئێمە لەبارەی یەکگرتنەوە دانیشتنمان لەگەڵ حدکا نەبووە، بە خراپی دەزانم، ئەوە هاوڕێکانمان رایان گرتووە و دوای ئەوەی کە رایان گرتووە، پێشنیازمان پێ کردوون با ئەو دانیشتنانە درێژە پێ بدەین، بەڵام با بەرچاویشمان روون بێت لەسەر چی قسە دەکەین و بۆچی قسە دەکەین، هەر دانیشتن بۆ دانیشتن نەکەین، بەڵکو دانیشتن بۆ ئەوە بکەین ئەنجامێک بەدەست بخەین، ئێستەیش من نیازی ئەوەم هەیە داوا بکەم سەرلەنوێ دابنیشینەوە و بۆ

چارەسەرکردنی یەکجارەکی پرسی دابڕانی دیموکراتەکان دانوستان بکەین، ئیمە ئەوەمان تێپەڕاندووە کە هەر باس لەوە بکەین خاڵی هاوبەشمان زۆرە، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە بڵێین جیاوازییەکانمان کامانەیە و لەسەر ئەو جیاوازییانە بگەینە چارەسەرییەکی یەکجارەکی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە نێت - ڕێکەوتی: ٢٦ی جانێوێری ٢٠١٧

## مستەفا مەولوودی: ئەو کەسەی تەقینەوەکەی لە کۆیە کرد، کورد بوو و ئەندامی ڕێکخراوێکی خۆمان بوو.




**لە ئێستادا حدکا کۆبوونەوەکانی لەگەڵ ئێمەدا ڕاگرتووە**

**مستەفا مەولوودی سکرتێری حیزبی دیموکرات لە چاوپێکەوتنێکی "ئاژانس"دا وەڵامی چەند پرسیارێکی گرنگ دەداتەوە و سەبارەت بەو تەقینەوەیەی لە بەردەم بارەگاکەیان لە کۆیە ئەنجام درا باس لەوە دەکات ئەو کەسەی تەقینەوەکەی کرد کورد بووە و ئەندامی خۆیان بووە و دەشڵێت، "ئەو کەسە تا گەیشتووەتە لای ئێمە بۆمبەکەی بە چەند بازگەیەکی پێشمەرگە و ئاسایشی هەرێمدا تێپەڕاندووە."**

**سازدانی: هێمن حەسەن**

**ئاژانس: تۆ چ ئەجێندا و بەرنامەیەکی نوێت هەیە بۆ یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان؟**

**مستەفا مەولوودی**: پرسی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان جددییە و لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا کە دابڕان لە ڕیزەکانی حزبی دیموکراتدا ڕووی داوە هەمیشە گرنگیی خۆی هەبووە و کاری لەسەر کراوە. ئێمە چوار ساڵ پێش ئێستاش ئەو پرسەمان لەگەڵ یەکتر باس کردووە و تەنانەت پرۆژەیەکی نووسراویشمان داوەتە هاوڕێیانمان لە حدکا کە چۆن هەردوو لایەنی حزبی دیموکرات یەک بخەینەوە. دیارە پێشتر لیژنەیەکمان هەبوو بۆ یەکگرتنەوەی هەردوو لایەنی حزبی دیموکرات کە من

سەرۆکی لێژنەکەی حزبی دیموکراتی کوردستان بووم و بیروبۆچوونەکانی من لەنێو ئەو پرۆژەیەدا هەیە.

**ئاژانس**: بەڵام خالید عەزیزی لە چەند ساڵی ڕابردوودا نەیتوانی ئەو کارە بکا، ئایا تۆ دەتوانی بەڵێنی ئەوە بدەی کە هەردوو دیموکرات یەک بخەیتەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەم پرۆسەیە کە لەگەڵ کاک خالید دەستمان پێ کردووە باش چووەتە پێشەوە، لە ئێستادا پەیوەندییەکانمان ئاسایی بوونەتەوە و لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بە یەکەوە دادەنیشین و قسە دەکەین، سەردان و هاتوچۆمان هەیە لە بەینیدا، دوو لیژنە لە لایەن ئەوان و ئێمەوە هەیە کە بە یەکەوە دادەنیشن و لەسەر چۆنیەتیی یەکگرتنەوە قسە دەکەن، ئەگەرچی ماوەی ساڵێکە هاوڕێیانمان لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕەوتی وتووێژەکانیان ڕاگرتووە. دیارە ئەمن هەوڵ دەدەم ئەو وتووێژ و دانیشتنانە دەست پێ بکەنەوە تا بە یەکەوە خاڵە هاوبەشەکان بدۆزینەوە و کاریان لەسەر بکەین لە پێناو یەکگرتنەوەدا.

**ئاژانس**: بۆچی گفتوگۆکانیان ڕاگرتووە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەوان وا تێگەیشتوون کە کاک خالید عەزیزی لە سیاسەتی حزب و میدیادا بە جۆرێک سیاسەت دەکا کە جیاوازیی ڕوانگە و بۆچوونی سیاسی لەگەڵ ئەواندا درووست کردووە، ئێمە خوێندنەوەمان بۆ چۆنیەتیی بەشداریی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بزاوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەدەنی فرەڕەهەندییە و بە بایەخێکی زۆرەوە بۆ جۆری خەبات و چالاکیی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڕوانین کە بەشێکی سەرەکییە لە خەباتی کورد، کەچی ئەوان پێیان وایە ئەم جۆرە خەباتە کەمڕەنگکردنەوەی خەباتی سیاسیی پێشمەرگانەیە، بەڵام ئەمن پێم وایە ئەم خوێندنەوەیەی ئەوان دەقیق و لە جێی خۆیدا نییە، چونکە مێژووی خەباتی حزبی دیموکرات بایەخی تایبەتیی داوە بە هەردوو ڕەهەند و جۆری خەباتەکە.

**ئاژانس**: باشە لە ئێستا چ هۆکارێک لە بەردەم یەکنەگرتنەوەدا ماوە؟

**مستەفا مەولوودی**: هیچ هۆکارێکی سیاسی نابینم کە وەک کۆسپێک لە نێوان یەکگرتنەوەی ئێمە و حدکادا هەبێ، جگە لە میکانیزم و تەکنیکی یەکگرتنەوە کە دیارە میکانیزمەکانمان بۆ چۆنیەتیی یەکگرتنەوەمان جیاوازە.

**ئاژانس**: ئایا تەقینەوەکەی کۆیەش ترسی خستووەتە نێو پارتەکانی ڕۆژهەڵات و ئەمە بووەتە هۆکاری نزیکبوونەوەکەتان،

یان نزیکبوونەوەکە پەیوەندیی بە خەباتەوە هەیە؟

**مستەفا مەولوودی**: بنەڕەتی مەسەلەکە هاوکاریکردنی خەباتکارانەیە لە نێوان هێزە سیاسییەکان بۆ تێکۆشانی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتدا کە وای کردووە ئێمە هاوکاریی یەکتر بکەین، هەڵبەت دەتوانین بڵێین تەقینەوەکە هۆکارێک بوو بۆ خێراترکردنی ئەو ڕەوتە.

**ئاژانس**: پارتەکانی دیکەش ترسیان لێ نیشتووە لە دوای تەقینەوەکە؟

**مستەفا مەولوودی**: بەڵێ، هەر بۆیەش دەزگا ئەمنییەکانی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆ بوونەتەوە. ئەوان دانیشتوون و لەسەر دیاریکردنی سیغەیەکی هاوبەش بۆ هاوکاریی یەکتر و ئاڵوگۆڕی زانیاریی ئەمنیەتی لە نێوانیاندا قسە و باسیان کردووە.

**ئاژانس**: پێت وایە ئەو تەقینەوەی کە لە ماوەی ڕابردوو لە بەردەم بارەگای سەرەکیتاندا ڕووی دا لەبەر چی بوو؟

**مستەفا مەولوودی**: ئێران هەمیشە بە دووی ئەوەوە بووە کە زەبر لە هێزە کوردییەکان بدا و لە هەمان کاتدا دەیەوێ بڵێ هەرێمی کوردستان ئەو ئەمنییەت و ئاسایشەی پێی دەنازێ ئەو ئاسایش و ئەمنییەتە نییە. هەروەها لەو سەروبەندەی گۆڕانکاری لە پۆستی سکرتێری حزبدا وا بنوێنێ ئەوە ناکۆکیی نێوخۆیی حزبە کە ئەم تەقینەوەیەی درووست کردووە. هەروەها دەیویست بە درووستکردنی بەدگومانی لە یەکتری ڕەوتی ئەو دانیشتن و وتووێژانەش کە لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوومانە لە باری ببا و وا بنوێنێ کە ئەم تەقینەوەیە لە دژی یەکتر کراوە.

**ئاژانس**: پێتان وایە ئێران ئەم تەقینەوەیەی کردووە یان دەستێکی نێوخۆیی لە باشووری کوردستان بووە؟

**مستەفا مەولوودی**: زانیاریی ورد و دەقیقمان لە چۆنیەتیی ڕووداوەکە هەیە. ئەو کەسەی ئەو تاوانەی کردووە تەواو دەیناسین و دەزانین لە کوێوە هاتووە و چۆن هاتووە و کۆماری ئیسلامی لە ڕێی چ کەسێکەوە بۆمبەکەی بۆ ناردووە. هەروەها دەزانین کە تاوانباری سەرەکیی دوایی لە چ ڕێگەیەکەوە گەڕاوەتەوە ئێران، دەمەوێ بڵێم شک لەوەدا نییە ئەو کەسە بەکرێگیراوی ئێران بووە و ئەوان ئەو کارەیان پێ کردووە.

**ئاژانس**: ئەو کەسە کورد بووە و دەیناسن؟

**مستەفا مەولوودی**: بەڵێ کورد بووە و بە بنەماڵەوە دەیناسین کە کێ و چ کارەیە.

**ئاژانس**: خۆی پێشمەرگە بووە لاتان؟

**مستەفا مەولوودی**: نەخێر پێشمەرگە نەبووە، بەڵام نزیک بووە لە حزب و هاتوچۆی حزبی کردووە.

**ئاژانس**: من کە هاتم بۆ بارەگای سەرەکیتان چەند بازگەیەکی ئەمنیی توندوتۆڵم بڕی، چۆن دەکرێ کەسێک بە ماتۆڕسکلیتەوە کە تەقینەوەی پێوە لکێنرابێت بەم بازگانەدا تێپەڕێ و ئاشکرا نەبووبێت؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەو کەسە تا ئەو جێگایەی بۆمبەکەی لێ داناوە هیچ بازگەیەکی حزبی نەبڕیوە، بازگەکانی دیکەی هەرێم و چەند بازگەیەکی ئاسایشی هەرێمی بڕیوە تا گەیشتووەتە لای بارەگای ئێمە.

**ئاژانس**: قسەکە لەسەر بارەگای ئێوەیە، وەک دیارە بازگەی ئاسایشی هەرێم پێش بارەگاکەتانە و بازگەی پێشمەرگەکانی ئێوەشی لێیە، ئەی چۆن بڕیویەتی؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەو لەودیوی شوێنی پشکنینەکانی ئێمە بۆمبەکەی داناوە. ڕەنگە خاڵێک کە وەک لاوازی یان کەموکورتیی ئەمنییەتی ئێمە بنوێنێ ئەوەیە کە بۆمبەکە لە بەردەم دوکانەکە دانراوە کە نزیکە لە پرسگەی پاسەوانیی ئێمە. بەڵێ ئەو بۆمبە بە بازگەی ئاسایشدا هاتووە، بەڵام بازگەی حزبی دیموکراتی نەبڕیوە، دیارە لەبەر ئەوەی ئەو کەسە پەیوەندیی هەبووە لەگەڵ ڕێکخراوێکی حزبیی ئێمە، لەوانەیە کارتی پێناسێکی پیشانی ئەوان دابێ و گوتبێتی کە ئەندامی حزبم. جگە لەوەش ماوەی بیست ساڵێک دەبێ کە ئەم جۆرە کارە لێرە نەکراوە و ئەوە جۆرێک لە دڵنیایی درووست کردبوو، بەڵام حاشا لەوەش ناکەین کە کەمتەرخەمیی ئێمە و هێزەکانی ئاسایشیشی تێدا بووە.

**ئاژانس**: ئێستا بە کاتێکی گونجاو دەزانن بۆ دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لە دژی ئێران یان هێشتا زووە؟

**مستەفا مەولوودی**: بەلای حزبی دیموکراتەوە هەموو کاتێک کاتی خەباتە، بەڵام خەبات لە ئێراندا تەنیا ڕەهەندێکی نییە، خەباتی حزبی دیموکرات بۆ وەدەستهێنانی مافە سیاسی و مەدەنییەکانی میللەتێکە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکرات و فیدراڵیدا. لەو نێوەدا ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک نیزامێکی سەرکوتگەر بەربەستی جددییە لەبەر هەموو ڕەهەندەکانی ئەو خەباتەدا، بۆیە حزبی دیموکرات خەباتی چەکداریشی قەت وەکو بنەڕەت وەلا نەناوە. حزبی دیموکرات خەباتی چەکداری وەک میتۆدێک بۆ فشارهێنان دەبینێ و وەک پشتیوانی لە خەباتی مەدەنی سەیری ئەو شێوازەی خەبات

دەکا. لە ئێستاشدا ئێمە هێزی سەربازیمان هەیە و هەر کاتێک بە درووستی بزانین دەبێتە ڕۆژەڤی کار و چالاکییەکانمان. حزبی دیموکراتی کوردستان دەرگای لەسەر ئەو شێوازە لە خەبات دانەخستووە و چەکی دانەناوە، بەڵکو لە کاتی پێویستدا سوود لەو خەباتە چەکدارییەش وەردەگرێ.

**ئاژانس**: ئەی چاوەڕێی چی دەکەن و بۆ نایخەنە کاری خەباتی کردارییەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: خەباتی چەکداری سرووشتێکی تایبەت بە خۆی و وردەکاریی خۆی هەیە و گرێدراوی کۆمەڵێک هەلومەرج و فاکتەرە کە دەبێ بە وردی تاووتوێ بکرێ و بڕیاری لەسەر بدرێ. بارودۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان، هەلومەرجی هەرێمی کوردستان و ئەو توانا و ئیمکاناتە لۆجستیکییەی بە دەست حزبەکانەوە هەیە، ئەوانە هەموو دەور و کاریگەریی خۆیان هەیە کە حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر ئەوە ساغ ببنەوە کە لە چ ئاستێکدا، کەی و چۆن دەست بە خەباتی چەکداری بکەنەوە.

**ئاژانس**: لە چەند حەفتەی ڕابردوودا سەرۆکی پژاک سەردانی ئێوە و لایەنە کوردییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کرد، ئەوان بەرنامە و پرۆژەیەکی نوێیان پێ بوو؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەوان بە مەبەستی دەربڕینی هاوخەمیی خۆیان سەبارەت بە تەقینەوەکەی شەوی یەڵدا سەردانی ئێمەیان کردبوو. هەیئەتی پژاک پێیان لەسەر پێویستیی هاوخەباتی و هاوکاری لەگەڵ ئێمە داگرت. وەک سەربەخۆیی هەڵوێستوەرگرتن و بڕیاردان و نەچوونە ژێر باری هەژموونی و بڕیاری هێزێک لە دەرەوەی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ڕاشکاوانە پێمان وتن کە ئەگەر دەتانەوێ پەیوەندی و هەماهەنگییەکی سیاسی و مەیدانیتان لەگەڵ حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ، دەبێ بە خوێندنەوەیەکی نوێ بێنە هاوکێشەکە و مامەڵە لەگەڵ هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن. چونکە ناکرێ هێزێک هەبێ بڵێ ئەمن دەقاودەق سیاسەتی ڕۆژئاوای کوردستان یان باکووری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتیش جێبەجێ دەکەم، چونکە ئەم جۆرە لاساییکردنەوە و ئیلهاموەرگرتنە کێشە بۆ بزووتنەوە و خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەنێتەوە.

**ئاژانس**: دەتەوێ بڵێی بە پەژاکتان وتووە چیتر پەیام لە پەکەکەوە وەرنەگرن؟

**مستەفا مەولوودی**: باش لە مەبەستەکەی من تێگەیشتووی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانس - ڕێکەوتی: ٩ی فێبریوێری ٢٠١٧

## **مستەفا مەولودی: حەشدی شەعبی کۆپیی سپای پاسدارانەو بۆ ئایندەی عێراق لە داعش مەترسیدارترە**




**ئا: شاهۆ ئەحمەد**

**سکرتێری نوێ حزبی دیموکراتی کوردستان مستەفا مەولودی لەم چاوپێکەوتنەی ئاوێنەدا ئاماژە بەوە دەکات کە "پێداچونەوە بەبەرێوەبردن و رێکخستنی حزبی دەکات و لەدوای تەقینەوەکەی بەردەم دەفتەری سیاسی لەروی ئەمنیەوە تۆکمەتر دەبن. لە پێوەندی لەگەڵ نزیکبونەوەیان لەگەڵ "حدکا"یش دەڵێت: "لایەنی حدکا خوێندنەوەی سیاسیی جیاوازیان هەیە لە جۆری خەبات کردن لەدژی کۆماری ئیسلامی ئێران".**

**ئاوێنە**: وەک سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستان لەقۆناغی داهاتودا پلان و بەرنامەو ئەولەویەتی کارکردنتان چی دەبێت؟

**مستەفا مەولوودی**: هەر کەسێک کارێکی تازە وەربگرێت پێداچونەوەیەک بە کارەکانیدا دەکات منیش بەهاوکاریم لەگەڵ هاوڕییانی دەفتەری سیاسی لەفکری ئەوەداین پێداچونەیەک بەبەرێوبەرایەتی و رێکخستنی حزبیدا بکەین هەم لە بواری تەشکیلاتی و هەم لەئا بواری بەرێوبردن و پێشمەرگایەتیەوە.

**ئاوێنە**: ئەو پێداچونەوانە چی دەبێت لەکوێیدا گۆڕانکاری دەکرێت؟

**مستەفا مەولوودی**: هەندێک نیزامی شکڵی هەیە کەقەوارەی ئەو حزبە دیاری دەکات ئێمە ماوەیەکی زۆرە کار بەو سیستەمە

دەکەین لەناو خۆشماندا کۆمەڵێک تێبینی لەسەر بەڕێوبردن و ڕێکخستنەکانمان هەیە، هەر بۆیە ئێمە پێداچونەوە بەشکڵێەتی ڕێکخراوەیماندا دەکەین.

**ئاوێنە**: ئایا پشتگیری لەدەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریی دژ بەکۆماری ئیسلامی دەکەن؟

**مستەفا مەولوودی**: مەسەلەی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستان سیاسییە ئەوەش دەبێت لەڕێگای سیاسی و گفتوگۆوە چارەسەر بکرێت ئەوە بنەمای فیکری و پەرەنسیپی حزبی دیموکراتی کوردستان بووە لەڕۆژهەڵات لەدرێژایی ئەو حەفتا و یەک ساڵەدا، بەڵام لەبەرئەوەی دیموکراسی لەئێراندا نەبوە، لەبەرئەوەش کە مەجالی تێکۆشانی سیاسی و ڕێکخراوەیی و حزبی نەبوە، هەر بۆیە حزبی دیموکراتی کوردستان ناچار بووە بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی نەتەوەی کورد و بۆ ئەوەی بزوتنەوەکە بەزیندویەتی بمینێتەوە خەباتی پێشمەرگانە بکا.

خەباتی چەکداری لەئەجێنداو بەرنامەی حزبی دیموکراتدا هەمیشە هەبوە و ئێستاش هەیە و لەداهاتوش هەر دەبێ هەتا ئەو کاتەی پێویستیەکەی نامینێت؛ بەڵام جۆرەکەی و تەکنیکەکەی بەپێی بارودۆخی سیاسی و هاوکێشەکانی کوردستان و ناوچە دەتوانێ گۆڕانی بەسەردا بێ، ئەسڵ ئەوەیە کە ئێمە ئەو خەباتەمان وەکو بنەمایەک لەبەردەستە، بەڵام چۆن و کەی و چۆن سودی لێوەردەگرین ئەوە بەپێی کات و شوێن و سیاسەتمان لە هاوکێشەکاندا چۆن باش بێت ئەوا دەکەین.

**ئاوێنە**: هەنگاوی عەمەلیتان چی دەبێت بۆ نزیکبونەوە لە (حدکا)؟

**مستەفا مەولوودی**: ئێمە لەگەڵ هاوڕێیانمان لە(حدکا) ماوەیەکی زۆرە گفتوگۆو دانوسیانمان دەست پێکردوە و لەوبارەیەوە باشیش چووینەتە پێشێ و پێوەندییەکانمان لەگەڵ یەکتری ئاسایی بۆتەوە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانمان دروست بوونەتەوە و هاتوچۆمان هەیە و دەفتەری سیاسی ئێمە و ئەوان سەردانی یەکتریمان کردوە و هەر دوو لایەن بۆ چارەسەری ناکۆکییەکانمان لەلایەن خۆمانەوە هەیئەتێکی سێ کەسیمان بۆ دانوستان دیاری کردوە، بەڵام ماوەی ساڵێکە ئەو دانوستانە ڕاگیراوە ئەویش خەتاکەی ناگەڕێتەوە بۆ ئێمە، ئەوان ڕایانگرتوە و ئێمە دیسانەکەش داوایان لێدەکەین دانوسان بکەینەوە و بۆ کخستنەوە سەریەکی دیموکراتەکان کاری جدیتر بکەین.

**ئاوێنە**: کەواتا ئەوان لەو دانوسانە ساردبونەتەوە؟ هۆکارەکەی چیە؟

**مستەفا مەولوودی**: بەڵێ ئەوان ماوەی ساڵێکە ساردبونەتەوە و بە بیانووی ئەوەی خوێندنەوەی سیاسیی ئەوان لەبارەی



سەرچاوە
Serchawe

خەبات کردن بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران جیاوازە لەگەڵ خوێندنەوەی ئێمە، بەو بیانووە دیدارەکانیان راگرتوە کەئێمە پێمان وایە ئەوە لە جێی خۆیدا نییە.

**ئاوێنە**: بۆ مەگەر خوێندنەوەی سیاسیی ئێوە جیاوازی چیە لەگەڵ "حدکا" بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران؟

**مستەفا مەولوودی**: راستی لەئەسڵدا ئێمە جیاوازییەک نابینین هەردوکمان پێمان وایە رژێمی ئێران دژی دیموکراتیەتە و مافی نەتەوایەتی و مافی کورد دابین ناکات، لامان وایە دەبێت ئەو رژێمە بگۆڕدرێت بۆ ئەوەش دەبێت خەباتی هەمە چەشن و هەمە جۆری لەگەڵ بکرێت، بەڵام ئێمە پێمان وایە خەباتی خەڵکی کورد تاک ڕەهەندی نیە و فرە رەهەندە و دەتوانێت پشتگیری خەباتی مەدەنیش بکات وگفتوگۆ و دانوسانیش بەشێکە لەخەبات، بەڵام ئەوان لایان وایە رژێمی ئێران هیچ گۆڕانێکی تێدا ناکرێت و خوێندەوەیەکی تایبەت بە خۆیان بۆ دانیشتن و وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیە، بەڵام لە هەر حاڵدا ئەو جۆرە جیاوازیە تەکنیکیە کە لەجۆری ڕوانینمان بۆ خەبات دروست بوە ئەوەش ئەگەر بمانەوێ ناتوانێ و نابێتە ڕێگر بۆ کەوتنەوەسەریەکی دیموکراتەکان.

**ئاوێنە**: حوزوری کۆماری ئیسلامی لەهەرێمی کوردستاندا چۆن دەبینن، ئایا هەست بەمەترسییەکی زیاتر دەکەن لەسەر خۆتان بەتایبەتی دوای تەقینەوەکەی کۆیە؟

**مستەفا مەولوودی**: دوو دەوڵەتی ئێران و عێراق هەروەها هەرێمی کوردستان جیرانی یەکترین و سنورێکی زۆری هاوبەشیان هەیە و ئێمە پەیوەندییەکانیان لە بواری بازرگانی و ئابووری و ئەمنیەت و ئاسایشی ناوچەکەش بەشتێکی ئاسایی دەزانین، لەو چوارچێوەیەدا بۆ خۆشمان لەسیاسەت کردن و جۆری خەباتیشدا بەخوێندنەوەیەک چووینەتە نێو پرۆسەکان کە ڕعایەتی وەزعی ئەمنی و سیاسی هەرێممان کردبێ، ئێمە تا چل شەوێک پێش ئێستا کەشەوی یەڵدا بوو و ئێران تەقینەوەیەکی لەبەردەم بارەگاکەی ئێمەدا کرد هەستمان بەفشارێک یاخود نائەمنیەتێک لەدەوری خۆمان نەدەکرد، چونکی هەم خۆمان هوشیار بوین هەم دەزگا ئەمنیەکانی هەرێمی کوردستان لەو پێوەندییەدا کاری خۆیان دەکرد، بەڵام دوای تەقینەوەکە خوێندنەوەیەکی تازەمان بۆ ئەمنیەتی خۆمان کردوە کە تۆکمەتر بین و بە ئامادەیی زیاترەوە بەرەوڕووی پێشهاتەکان بینەوە.

**ئاوێنە**: دوا ئەنجامی لێکۆڵینەوە لەتەقینەوەکەی کۆیە چی بو، تاوانباری سەرەکی دەستگیر کرا؟

**مستەفا مەولوودی**: یەکەم ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە لەلای دەزگاکانی ئەمنی لەشاری کۆیە و لەلای دادوەری لێکۆڵینەوەی دادگای کۆیەیە، ئەوانن کە بەدواداچونی بۆ دەکەن و وەڵامی رون لەلای ئەوانە، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە ئێمە

هاوکارییەکی باشی دەزگاکانی ئەمنیمان کردوە و زانیاری باشمان پێداون؛ ئەوانیش باشیان کارکردوە و ئەوەش بۆ ئێمە رونبۆتەوە ئەو کەسەی ئەو کارەی کردوە کێیە و بەوەسیلەی کێ کردویەتی و هەروەها ئێستاش لەکوێیە، دەزگاکانی ئەمنی هەرێمی کوردستانیش دەڵێن کە دو کەسیان بەتاوانی تیرۆکردنی ئەوگلان بەو تاوانە دەستگیر کردوە و تا ئێستا راگیراون و لێپێچینەوەی وردتریان لێدەکرێ، بەڵام ئەو کەسەی تاوانەکەی کردوە گەڕاوەتەوە بۆ ئێران.

**ئاوێنە**: تا چەند لەشێوە و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان رازی بون؟

**مستەفا مەولوودی**: لەساڵی نەودەکان زۆر حاڵەتی بەو شێوەیە لەهەرێمی کوردستان بەنسبەت تێکۆشەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجامدراوە، هەروەها ئەو حاڵەتەش لە ساڵی پار دوبارە بویەوە بەو قیاسە لەگەڵ ئەو کات لامان وایە دەزگاکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان و لێکۆڵینەوەکان لەدادگای کۆیە باشترە لەوکات و جدیترە، بەڵام دەبێت چاوەڕێی ئەوە بکەین ئاکامەکەی بە کوێ دەگات و ئەوکاتە دەتوانین بریار بدەین لەوەی دروست و باش کارکراوە یان کەمترخەمی تێداکراوە .

**ئاوێنە**: لەدوای تەقینەوەکەی بەردەم دەفتەری سیاسی حزبی دیوکراتی کوردستان لەگەڵ "حدکا" لیژنەیەکی ئەمنیتان دروست کردوە کاری ئەو لیژنەیە چیە؟

**مستەفا مەولوودی**: لەهەمو ئەو ساڵانەی لەت بوین هەردولامان کۆمیتەی ئەمنیمان هەیە کە هاوکاری بەردەوامیان هەبوە لەبارەی پلان و بەرنامە تێکدەرانەکانی ئێران. کۆمیتەی ئەمنیەتی هەردولا زانیاریانداوە بەیەکتری و لەگەڵ یەکتری دانیشتوون و قسەیان کردوە، بەڵام لەدوای تەقینەوەکە ئێمە زیاتر گرینگیمان بە پرسی ئەمنیەتی داوە و لەگەڵ هاوڕێیانی حدکا و هەروەها حزبەکانی تری رۆژهەڵات دانیشتووین و بەیەکەوە دەزگا ئەمنیەکانمان لەچوارچێوەیەکی تردا لەسەر کۆمەڵێک پرۆژە رێکەوتوون کەچۆن ئەمنیەتی حزبەکان لەباشور بپارێزرێت، چۆن کەسایەتیەکانیان بپارێزن و نەهێڵن پلان و کارە تیرۆرستیەکانی رژێمی ئێران روبدات؛ هەروەها ئەوانیش تەنسیقیان هەبێت لەگەڵ برادەرانی دەزگاکانی ئاسایش بۆ ئەوەی بکەوە پێش بەروداوی لە چەشنی شەوی یەڵدا بگیرێت.

**ئاوێنە**: چۆن لەسیاسەتی یەکێتی و پارتی بەرامبەر بەئێران دەڕوانن و ئایا ئەم سیاسەتە زیانی پێنەگەیاندون؟

**مستەفا مەولوودی**: ئێمە دەزانین بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان ئەوە دەخوازێت پەیوەندی سیاسی مەعقولیان لەگەڵ دەوڵەتە ئیقلیمیەکان هەبێت. لە ڕابردوودا هەم پارتی و هەم یەکێتی رابیتەی سیاسیان لەگەڵ حکومەتی ئێراندا هەبوە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵە رووداو و حاڵەتێکیش هاتوونە پێش کە بۆ ئێمە ناخۆش بووە و نەدەبوا ڕوویان دابا. ئێمە

پێوەندیی نێوان حزبەکانی باشوور لەگەڵ ئێران بە بابەتێکی ئاسایی و سروشتیی دەزانین، لەگەڵ ئەوەشدا پێمان وایە ئەو پێوەندییانە نابێ بە ئاقارێکدا بڕۆن کە زیان بە تێکۆشانی سیاسی حزبەکانی ڕۆژهەڵات و بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگەیەنن.

**ئاوێنە**: بەپێی ئەزمونی خۆتان مەترسی هەڵکشانی حەشدی شەعبی دوای شەڕی موسڵ لەچیدا دەبینن، کە چالاکیەکانی هاوشێوەی بەسیج و سوپای پاسدارانە؟

**مستەفا مەولوودی**: حەشدی شەعبی نمونەی سوپای پاسدارانە. هاتوەتە ئێرە و لێرە بە فەرهەنگ و ئیمکانیات و پەروەردەی کۆماری ئیسلامی ئێران دروست بوە، ئەوەش مەعلومە لەسەر ئەمنیەتی ئاسایش لەو وڵاتەدا هەروەها لەسەر مافی پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە بەکورد و سونەوە کاریگەری خراپی دەبێت، هەر بۆیە دەبێت لەئێستاوە عیلاجێکی وا بکرێت حەشدی شەعبی نەبێت بەو هێزەی وەکو سوپای پاسداران لەئێران هەمو بزوتنەوەکانی سەرکوت کردو دوایە بوو بە غولێکی ئەمنی و ئابوری و سیاسی لەئێراندا؛ بۆیە ئەگەر خەمی لێ نەخۆن و عیلاجێکی نەکەن حەشدی شەعبی کاریگەری لەو شێوەی دەبێت لەعێراقدا کە لەداعش خراپتر دەبێت.

رابیتەی عێراق و ئێران تەنگاو تەنگە و ترامپ لەو رۆژانە ئاماژەی بەوەداوە کەوا عێراق هیچ شتێکی بەناوی حکومەتەوە نیە ئەگەر هەبێت ئەویش بەدەست ئێرانەوەیە ئەوە قسەی سەرۆکی گەورەترین وڵاتی دونیایە کەئەمریکایە، ئێران لە شەڕی هەشت ساڵەی لەگەڵ عێراق بایەخی زۆری بە کۆک و پۆشتەکردنی سپای پاسداران داو دوایەش لە رێگای سپای پاسدارانەوە ئازادی و مافی پێکهاتەکانی قۆرغ کرد و بزوتنەوەی سیاسی لەرۆژهەڵاتی سەرکوت کرد؛ ئێستا بەرنامەی ئەوەیە کە لە عێراقیشدا هێزێکی وەها دروست بکات هەتاوەکو ئامانجە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی خۆیی بهێنێتەدی کە بە بڕوای من دەبێ مشووری لێ بخورێ.

**ئاوێنە**: پێتان وانییە ئەم ئەرکەی بە ئێوە سپێردراوە، ئەرکێکی قورسە کە لەئێستاوە بەشێک لەئەندامانی حزب رەخنەت لێدەگرن و دەڵێن ئەم بەرپرسیارییە لەتوانای تۆ گەورەترە، وەک گوڵاڵەی شەرەفکەندی دەڵێت؟

**مستەفا مەولوودی**: حەتمەن ئەوە ئەرکێکی قورسە، بەڵام من تەجروبەی سی و حەوت ساڵ پێشمەرگایەتیم هەیە لەناو حزبی دیموکراتدا، سی ساڵە لەرێبەری حزبی دیموکراتدام، پانزە ساڵە ئەندامی دەفتەری سیاسیم و دە ساڵە جێگری سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانم، جیا لەوە لەناو حزبدا بریاردان فەردی نیە، بڕیاردان و سیاسەت داڕشتن جەمعیە واتا کاری حزبی هەم بیرکردنەوەکە هەم بریاردان و هەم جێ بەجێ کردن کە هەمووی جەمعیە، پاشان لەناو تەشکیلاتی

حزبی هەمو وڵاتانی دونیا مومکینە کۆمەڵێک کەس هەبێت وەکو تاک پێیان وابێت هاوڕێیەک لەوەزیفەیەک لەئاست پێویست نیە ئەوە بەمانای بێ توانایی ئەو کەسە نایەت، بەڵکو ئەگەر کەسێک وەزیفەیەکی وەرگرت پێویستە مەجاڵی پێبدرێت دوای ئەو مەجالە ئەو کاتە قەزاوەت بکەی بەوەی سەرکەوتو بوە یان نەبوە.

**ئاوێنە**: بەڕێزتان خاوەنی ئەزمونی کاری تەشکیلاتین، بەڵام هەستناکەن رو بەدنیای دەرەوە کەم ئەزمونن و ئەمەش دەبێتە خاڵی لاوازتان؟

**مستەفا مەولوودی**: مرۆڤ بەتەنها کامڵ نیە، ناکرێت یەک مرۆڤ هەمو سیفەتە باشەکانی تێدا بێت بەوەی لەهەمو ئاستەکاندا خاوەن تەجروبەو سەرکەوتو بێت، بەڵام لەناو حزبی دیموکراتی کوردستاندا ئۆرگانەکانمان جەمعین، ئێمە لە توانای هەموو هاوڕێیانمان کۆمەک وەردەگرین بەو ئەوەی ئەگەر خەلەلێک لە کاری حزبیدا هەبێت بەتوانا و لێزانینی ئەو هاوڕێیانە پڕیبکەینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - ڕێکەوتی: ٢ی فێبریوێری ٢٠١٧

## مستەفا مەولوودی: پێوەندیی ڕاستەوخۆو زیندووی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ خەڵک بە مەبەستی کاری سیاسیو مەیدانی درێژەی دەبێ



"کوردستان" لە یەکەم ژمارەی نوێی خۆی لەساڵی نوێدا بە مەبەستی تاوتوێی چالاکیو تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە ساڵی ڕابردوو و باس لە بەرنامەو دوورەدیمەنی خەباتی حیزب لە ساڵی نوێدا وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز مستەفا مەلوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنا.

**پرسیار**: لە ساڵی تازەدا و لە وەرزێکی نوێ لە خەباتدا ئەولەوییەتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ تێکۆشان چینو زیاتر گرینگی بە چ شێوەیەک لە خەبات دەدەن؟

**مستەفا مەولوودی**: بە درێژایی مێژووی خەباتی حیزبی دێموکرات، تێکۆشان و چالاکییەکانی حیزبەکەمان، هەمە چەشن و فەرەڕەهەند بووە. کاروباری ڕێکخستن، دیپلۆماسی، پەیوەندی سیاسی بە حیزبو ڕێکخراوەی سیاسیو پەیوەندیی نێو دەوڵەتان، تێکۆشان لە بوارەکانی ڕاگەیاندن بە هۆی ئەو کەرەستانەی لەبەردەستی بوون، پەروەردەکردنی کادری سیاسیو ڕێکخراوەییو پێگەیاندنی پێشمەرگەو فەرماندەی نیزامیو، سازماندان و پەروەردەکردن و تەیارکردنی هێزی پێشمەرگەو پشتگیری و هاندانی جەماوەری خەڵکی کوردستان لە تێکۆشانی مەدەنیدا بۆ بەدیهێنانی خواستە مەدەنیو کۆمەڵایەتییەکانیان؛ ئەوانە هەموویان پاشخانی سیاسی و تێکۆشانی ئێمە بوونو لە داهاتووشدا بە پێی دەرفەتو ئیمکان درێژەیان پێدەدرێ.

سەرەڕای ئەوەش لام وایە بارودۆخێکی سیاسیی تازە لە ناوچەکەمان هاتۆتە پێش، ئەوەش شوێنەواری جۆربەجۆری لە سەر

ئێران بەگشتیو کوردستانو ناوچەکە دەبێ. ئەمەش دەخوازێ کە ئێمە زۆرتر و باشتر سوود لە دەرفەتە پێشبینیکراوەکان وەربگرینو پێویستە خۆمانی زیاتر بۆ ئامادە بکەین.

**پرسیار**: لە پەیامی نەورۆزیی حیزبدا پێتان لەسەر پێویستیی هاوکاریو یەکیەتیی بە کردەوەی نێوان حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان داگرت، دیارە ئێوە ساڵی ڕابردووش بۆ ئەم مەبەستە هەنگاوتان هەڵگرت. لەم ساڵدا چۆن بەدوای ئەو باسەدا دەچن؟

**مستەفا مەولوودی**: پێویستی هاوکاریی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەلات لەگەڵ یەکتر شتێکی تازە نیە، ئەوە هەر ئێمە نین هەست بەو زەروورەتە بکەینو لێی بدوێین، بەڵکوو نزیک بە تەواوی هێزەکان باسی دەکەن؛ بەلام بە ڕوونی ئێمە لامان وایە ئەوەی دەتوانێ لێکەوتەی بە قازانجی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لێبکەوێتەوە هاوکاریو یەکیەتیی بەکردەوەی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستانە. دەرکەوتنی ئاسۆیەکی ڕوون بۆ خەباتی ئەو بەشەی کوردستان لە گرەوی یەکیەتیو هاوهەنگاویی زیاتری هەموو هێزەکاندایە کە ئەو یەکیەتییە بەکردەوەیە هەم گوڕوتینێکی زیاتر بە بزوتنەوەکەمان دەبەخشێو، هەم خەڵکەکەشمان یەکگرتووتر دەکا و بەرەو خەباتێکی شێلگیرو یەکلاکەرەوە هانیان دەدا.

بەڵێ وەک باست کرد ساڵی ڕابردوو بۆ ئەو مەبەستە بەنیسبەت باشمان کار کردو بە خۆشییەوە تا ڕادەیەکیش ئاکامی هەبوو. بۆ ئەو ساڵو داهاتووش هەوڵەکانمان چڕتر دەکەینو هەوڵ دەدەین زۆرتر لەگەڵ یەکتر دیدارو وتووێژمان هەبێ تا بە ئاکامی باشتر بگەین. ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە ئەو بەستێنە لە ئێستادا زیاتر دەستی داوە، پێویستە زیاتر کاری لە سەر بکرێ.

**پرسیار**: ئێمە وەک حیزبی دێموکرات هیچ بەربەست نین لە بەردەم هاوکاریی هەمەلایەنە لەگەڵ حیزبەکانو هیواداریـن ئەوانیش هەر بەو هەست بە بەرپرسایەتییە نەتەوەییو نیشتمانیە لەسەر ئەو پرسە گرینگو بەوەختە کار بکەن.
پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ساڵانی رابردوو حزووری بەرچاویان لە کوردستاندا هەبووە، حزووری ئەم ساڵیان چۆنو بە چ شێوەیەک دەبێ؟

**مستەفا مەولوودی**: ئێمە لە هەموو ماوەی سێو هەشت ساڵی خەباتو تێکۆشانمان لە دژی کۆماری ئیسلامیدا، هێزی پێشمەرگەمان تێکۆشانی سیاسی ونیزامیی لە زۆربەی زۆری ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا بووە. لە دە ساڵی ڕابردووشدا ئەو سیاسەتەو ئەو ڕەوتەمان درێژە پێداوە، بەو مانایە کە دەستەو واحیدی پێشمەرگەمان لە تێکۆشانو هەڵسوڕاندا بوونو بەردەوامی لەو ڕەوتە بەشێک لە کارو تێکۆشانی داهاتووشمان دەبێ، بەو مانایە کە هەر کاتێک

بەرژەوەندیی وڵاتو خەڵکی ئێمە بخوازێ بە لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی ناوچەو رۆژهەڵاتی کوردستان هێزی پێشمەرگەی ئێمە ئامادەو لەسەر هەستە. دەمەوێ بڵێم پێوەندیی ڕاستەوخۆو زیندووی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ خەڵکی رۆژهەڵات بە مەبەستی حزوورو کاری سیاسیو ڕێکخستن درێژەی دەبێ.

**پرسیار**: لە بواری دیپلۆماسیدا ئەمساڵ دەتانەوێ چ بکەن، زۆر جار رەخنە لەوە دەگیردرێ کە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەو بوارەدا بە هێز نین، ئەگەر وایە بۆچی؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەمن پێم وایە بە پێی بارودۆخ و هەڵومەرجێک کە لە جیهانو ناوچەدا بووە، هێزە سیاسیەکان بەگشتیو حیزبی دێموکرات بە تایبەت لە بەستێنە رەخساوەکاندا کاری دیپلۆماسییان کردووەو تا ڕادەیەکیش تێیدا سەرکەوتوو بوون، بۆ نموونە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە زۆربەی وڵاتانی ئوروپایی لە ڕێگەی نوێنەرایەتیەکانی پێوەندیی باشی لەگەڵ ڕێکخراوەو حیزبەکان تەنانەت هێندێک لە دەوڵەتانیش هەیە. حیزبی ئێمە هەر لە ساڵانی ڕابردوودا و لە مەیدانی دیپلۆماسیی نێودەوڵەتیدا توانیویەتی بە ئەندامی ئەسڵیی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست وەربگیردرێو، لەگەڵ ڕێکخراوەو کۆڕو کۆمەڵەکان لە ئاستی وڵاتانو لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا پێوەندیی باشی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە ئەوەی تا ئێستا هەرکام لە حیزبەکانو یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان کردوونی باش بووە بەڵام بەس نیە. کورد بەگشتیو کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان پێویستیی بە کۆدەنگیو یەک گوتاری سیاسیی یەکگرتوو هەیە بۆ ئەوەی بە یەک دەنگو گوتار لە ناوەندە جیهانیەکاندا دەربکەوێ. ئەگەر بەم جۆرە بێو ئەو گوتارە یەکگرتووە لە نێو بزاوتی سیاسیی کورددا بیچم بگرێ، بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەرفەتی زیاتری بۆ دەرخسێو هێزە سیاسیەکان لە کۆڕو کۆمەڵە جیهانیو بەستێنەکانی دیپلۆماتیکدا باشتریان مەیدان دەدرێتێو زیاتر گوێیان لێ دەگیرێ.

بۆ گەیشتن بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە لەگەڵ هێزەکانی رۆژهەڵات بە هەماهەنگی زۆرترەوە کار بکەین بۆ ئەوەی لە مەیدانی دیپلۆماسیدا زیاتر بچینە پێش.

**پرسیار**: چ وەڵامێکتان بۆ پەیامی خەڵک هەیە، بۆ ئەوەی لە نەورۆزی جامانەکاندا کردیان؟

**مستەفا مەولوودی**: من پێم وایە ئەوەی خەڵکی رۆژهەڵات لە نەورۆزی ئەمساڵدا کردیان، خۆی وەڵام بۆهێزە سیاسیەکان بوو، وەڵامێک بۆ هەوڵی هاوبەشی هێزە سیاسیەکان لە پشتگیری داواکاریی چالاکانی سیاسی و مەدەنی، کە لە چ رەمزو سەمبولێک سوود وەربگرن و بیکەن بە هێمای دەرکەوتنو یەکیەتی. هاوکات پەیامیش بوو بۆ حیزبە سیاسیەکانیان، بۆیە

ئێمەش پێویستە وەک هێزە سیاسی‌یەکان پەیامەکەیان ببینین، خەڵکی کوردستان لە نەورۆزی ئەمساڵدا پێیان گوتین کە ئەگەر ئێوە هێزە سیاسی‌یەکان یەکهەڵوێست و یەکدەنگ بن، ئەو ئیرادەو باوەڕەش لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە کە بە کردەوە لە مەیداندا بێ‌و لەسەر خواستە نەتەوەیی و ئینسانی‌یەکانی شێلگیرانەتر دەنگ بەرز بکاتەوە. بەم جۆرە پەیامی هێزە سیاسی‌یەکانو ویستو ئیرادەی خەڵکی کوردستان بۆ لە مەیداندا بوون دەبێتە هێزی لە بن‌نەهاتوو و دەریایەکی خرۆشان.

بۆیە جارێکی دیکەش سڵاو بۆ ئەو ڕابوونەو بۆ ئەو بەشداری‌یەی کۆمەڵانی خەڵک لە نەورۆزی جامانەکان دەنێرمو بە بایەخەوە لە پەیامەکەشیان دەڕوانین.

**پرسیار**: لە پەیامە نەورۆزیەکەتاندا دیسان باستان لە ئامادەیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ چارەسەری کێشەی دوو لایەنی دیموکرات کرد، ئایا لەو پێوەندی‌یەدا دانیشتنو باسی تازەتان لە گەڵ حدکادا بووە؟

**مستەفا مەولوودی**: بەڵێ ماوەیەک لەوە پێش کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی پیرۆزبایی هەڵبژێرانی سکرتێری نوێ لە حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد. بەڕێزیان لەو دانیشتنەدا فەرمووی "ئەمن بەمەبەستی پیرۆزبایی هاتووم بەڵام مەسەلەی دێموکراتەکانو کەوتنەوە سەریەکمان بۆ خەڵکی کوردستان گرینگەو خەڵک چاوەڕوانیی لێمان هەیە. هەر بۆیە پێویستە لە داهاتوویەکی نیزیکدا هەیئەتەکانمان درێژە بە وتووێژو دانوستانەکانیان بدەنەوە." ئێمەش پێشوازیمان لەو داوایەی کاک مستەفا کردو ڕامانگەیاند کە ئێمەش ئامادەین درێژە بە ڕەوتی وتووێژەکانمان بدەین. وابوو کە دوای چەند ڕۆژێک هەیئەتی حدکا سەردانی کردینو لەگەڵ هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوە. لە قسەوباس و دانیشتنەکەدا هەر دوو لا لەسەر پێویستی‌و زەروورەتی درێژەدان بە دانیشتنەکان پێیان داگرتوەتەوە. دیارە هەیئەتی حدکا دیسانەکەش خوێندنەوەی خۆیان بۆ بوونەوە بە یەک حیزبی دێموکرات بە زارەکی باس کردۆتەوەو هاوڕێیانی ئێمە وێرای ئەوەی پێیان گوتوون کە لە قسەکانی ئێوەدا شتی باشو ئیجابی دەبینین، بەڵام داوا دەکەین بۆ ئەوەی هیچ گرێمانەو شکو شوبهەیەک لە نێوەڕۆکی ئەو باسانە نەمێنێ، ئەوانە بنووسنو بە نووسراوە پێمانی بدەن. ئەوکات روونتر دەزانین کە لە سەر چ مەسەلەیەک قسە دەکەین. ئەوانیش قەولیان دابوو کە پاش باسکردنی پێشنیارەکە لە دەفتەری سیاسیی خۆیاندا وڵاممان بدەنەوە.

ئێمە دەزانین ئەوان ئێستا سەرقاڵی هەندی کاری تەشکیلاتیی خۆیانو گرتنی کۆنگرەن، بۆیە لە ئێستادا ئێمە چاوەڕوانی دواوڵامی ئەوان دەکەین.

**پرسیار**: یەکێک لە ڕووداوە ناخۆشەکانی ساڵی ڕابردوو شەهیدبوونی پۆلێک کادرو پێشمەرگەی حیزب لە تەقینەوەکەی شەوی یەڵدادا بوو، ئەو پەروەندەیە بە کوێ گەییشت؟

**مستەفا مەولوودی**: ڕاستە زیاتر لە سێ مانگ لە ڕووداوە ناخۆشەکەی شەوی یەڵدای ساڵی ڕابردوو تێدەپەڕێ. ئەوەندەی ئێمە ئاگادار بین دەزگای ئاسایش و دادگای لێکۆڵینەوە لەو تاوانە بە هێندێک سەرەداو گەیشتوونو بۆیان روون بوەتەوە چ کەسێک ئەو تێرۆر و جینایەتەی کردوە. بەڵام ئەوەی کە کاری لێکۆڵینەوەی پەروەندەکە تەواو بووبێ‌و درابێتە دادگای جینایی بۆ بڕیاردان هێشتا ئێمەیان لێ ئاگادار نەکردوەتەوە.

**پرسیار**: جەنابت وەکوو سکرتێر هیچ گەڵاڵەو پلانێکی تازەت بۆ تێکۆشانی زیاتر لەم ساڵدا لە ڕێبەریی حیزبدا هێناوەتە بەرباس؟

**مستەفا مەولوودی**: بیرۆکەی ئەوەی لە کارو تێکۆشانی داهاتوومانـدا، دەبێ چ گەڵاڵەو پرۆژەیەکی تازەو روونمان هەبێ، هەیە. بۆ ئەو مەبەستەش ئەو باسانە لە دەفتەری سیاسی‌دا تاوتوێ کراونو چەند کەس لە هاوڕێیانی دەفتەری سیاسی کە منیش یەک لەوانم ڕاسپێردراون گەڵاڵەیەک بەو مەبەستە ئامادە بکەن بۆ کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی کە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەگیرێ.

دیارە ئەو گەڵاڵەیە، بایەخی تایبەتی دەدا بە کاری تەشکیلاتی‌و ڕێکخستن، ڕاگەیاندن، تێکۆشانی هێزی پێشمەرگەو پەروەردە کردنو تەیارکردنی زیاتر، هەروەها پێوەندی‌و تێکۆشانی دیپلۆماسی‌و هاوکاریی بەکردەوەی زیاتر لەگەڵ هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠١

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئەپریلی ٢٠١٧

---



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا مەولوودی: بۆ سەرخستنی هاوهەڵوێستیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەبێ کاری زیاتر بکرێ.



**دیمانە: سمایل شەرەفی**

**تەلەڤیزیۆنی «کوردکانال» دیدارێکی تایبەتی لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهێنا. لەو وتووێژەدا کۆمەڵە بابەتێکی سیاسی لەسەر هاوکێشەکانی ناوچە، کورد و داعش، پرسی کورد لە ئێران، بابەتی کاری هاوبەش و هاوهەڵوێستیی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

**و پرسی یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان خراونەتە بەرباس و ڕاو و بۆچوونی بەڕێ کاک مستەفایان لەسەر وەرگیراوە.**

**«کوردستان و کورد» پوختەیەک لەو وتووێژەی لێرە هێناوەتەوە:**

**پرسیار: چەند ساڵێکە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەت ئەو ناوچەیەی کە ئێمەی تێداین بارودۆخێکی تایبەتی هەیە، پەیدابوونی داعەش کە ڕاستەوخۆ لە دوو بەشی کوردستان (باشوور و ڕۆژاوا) پەیوەندیی بە کوردەوە هەیە، ئێران کە بە نۆرەی خۆی دەیهەوێ ئاڵۆزییەکان پەرە پێ بدا، هاتنە سەرکاری کابینەی ترامپ لە ئامریکا و لێدوانی جۆراوجۆری کۆشکی سپی بە نیسبەت ئیران. بە گشتی ئێوە ڕوانینتان بۆ ئەو گۆڕانکارییانە چییە کە لە ناوچەکەدا ڕوو دەدەن و پێدەچێ شتی چاوەڕواننەکراوی لێ بکەوێتەوە؟**

**مستەفا مەولوودی**: هەر وەک دەزانین کۆمەڵە حکوومەتێکی نادێموکراتیک حوکمی وڵاتانی ناوچەکە دەکەن و سەرچاوەی زۆربەی کێشە و قەیرانە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانن. کەلێن و مەودای زۆری ژیانی کۆمەڵایەتی، دابەشبوونی

خەڵک بەسەر فەقیر و دەوڵەمەند، حاشاکردن لە پرسی میللی و نیشتمانی، ئینسانی، ئیجتماعی و ئەخلاقی و تەنانەت مەزهەبییەکانیش وایکردوە کە ئەو دۆخە بە جۆرێک یارمەتیی توندئاژۆیی لەو ناوچەکەدا بکا. ئەو کێشەیەکە کە دەبێ عیلاج بکرێ. داعیش یا جەریانە توندڕەوکان لەو ناوچەیەدا پەیامێکیان هەڵگرتووە و هەست دەکەی کۆمەڵە ئیدیعایەک دەکەن کە لە نێو کۆمەڵگادا هەیە. بەڵام حەللێکی کە ئەوان بۆیان هەیە، غەڵەتە. کە باس لە کوردستان دەکەین و بە تایبەت لە باشوور و رۆژئاوای کوردستان کە راستەوخۆ کورد لەگەڵ دیاردەی بەرەوڕوویە، دەبینین کە بەخۆشییەوە کورد عونسورێکی موئەسیرە بۆ بەگژداچوونەوەی داعش. بۆیە لەو پێوەندییەدا دەتوانین بڵێین داعش و جەریانە توندڕەوەکانی دیکە زەرەری زۆریان بۆ کورد، بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کورد، بۆ ژیانی سیاسی و ئەمنیەتی کوردستان بووە؛ بەڵام خۆ ئەگەر بە لایەکەی دیکەدا سەیری بکەین، کورد بە خۆشییەوە لە بەرامبەر جەریانی وا ئیفراتیدا چ وەک خەڵک و چ وەک هێزە سیاسییەکان و موئەسسیاتی دەوڵەتی ئازایانە بەرەنگاری بۆتەوە. بە جۆرێک کە ئێستا ستاتوی سیاسیی کورد بە گشتی و، بەتایبەت لەو دوو بەشەی کوردستاندا بەهێزتر بووە و بووەتە هۆی ئەوەی کە چارەسەری زۆربەی کێشەکانی ناوچە بەبێ نەقش و دەوری کورد، هەر عەمەلی نەبێ.

**پرسیار**: دەبینین کە لە عێراق دیاردەیەک بە ناوی حەشدی شەعبی دروست بووە و لە ڕووی ئیدۆلۆژی و مەزهەبی و رێکخراوەییەوە کەس ناتوانی حاشا لەوە بکا کە رێژیمی ئێرانی لە پشتە و دەبینین بە شێوەی مەیدانی لە سووریە خەریکە [بەناو]ی بەگژداچوونەوەی توندڕەوی و داعش، پاڵپشتیی مانەوەی بەشار ئەسەد دەکا. پێتوایە ئێران بە دوای چیدا دەگەڕێ؟

**مستەفا مەولوودی**: هەر لەگەڵ هاتنە سەرکاری حکومەتی کۆماری ئیسلامی، لە ڕاستیدا کاربەدەستانی سیاسیی حکومەتی ئێران ئەو شوعارەیان بووە کە ئینقلابەکەیان هەناردە دەکەن. یانی ئەم نیازەی کە خۆیان هەیانە بۆ حکومەتداری و نەقشی مەزهەب لە بەڕێوەبردنی ئیدارەی وڵاتدا لە ئێران هیچ، بەڵکوو هیدایەتی دەکەن بۆ دەوڵەتان و ناوچەکانی دیکەش.

ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێی شناختێکی موناسب کە لەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران هەمانە و کارنامەی کۆماری ئیسلامی لەو ٣٨ ساڵەدا بە ڕوونی دەبینین کە ڕێژیم هەم لە عێراق، هەم لە وڵاتانی عەرەبی و هەم لە یەمەن و هەم لە سووریە خەریکی ئەم سیاسەتەیە. ئێستا کە باس لەو بابەتە دەکەین، بەو مانایە نیە تازە لەو چەند ساڵەدا دەستی پی کردووە، بەڵکوو لەگەڵ هاتنە سەرکاری حکوومەتی کۆماری ئیسلامییەوە ئەو رەوتە دەستی پێکرد و بەردەوام درێژەی بووە، بەڵام ئێستا کە ئاڵۆزییەکە زۆرتر بووە نەخشی ئێران زیاتر دەرکەوتووە. ئەم نەخشە نەخشێکی تەواو تێکدەرانەیە و خزمەتی خەڵکی ناوچەکە ناکا. ڕێژیم دەیەوێ ئاڵۆزیی ناوچەکە لە قازانجی مەبەستە سیاسییەکانی خۆی بقۆزێتەوە و بەرنامەکانی بەو ئاراستەیەدا بباتە پێشێ.



سەرچاوە
Serchawe

**پرسیار**: لانیکەم لە بیست ساڵی رابردوو دا زۆر جار لە زمان زلهێزەکانەوە گوێمان لێ دەبێ کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پشتیوانی تێرۆریزم و بناژۆخوزییە. لەم چەند مانگەی دوایەشدا بە ئاشکرا باس لەوە دەکەن کە دەبێ پێش بە دەستێوەردانەکانی ئێران بگیردرێ. پێتوایە بەراستی ئەم هەڵوێستانە بە تایبەت ڕەفتاری سیاسیی کابینەی نوێی کۆشکی سپیی ئەمریکا جیدییەتێکی تێدایە؟ ئایا ئەمریکا یا وڵاتانی رۆژئاوایی دەتوانن یان دەیانەوێ پێش بە هێژمۆنخوازیی ئێران بگرن؟

**مستەفا مەولوودی**: حکومەتی کۆماری ئیسلامی هەر لەگەڵ هاتنەسەرکاری دەستی بە تێرۆری موخالفینی خۆی کرد. یانی ئێمە کە دەڵێین کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێژیمێکی تیرۆریست و تیررۆریستپەروەرە، ئەوە تەواو پڕ بە پێستی ئەم ڕێژیمەیە. بۆچی؟ چوون هەم پەرەی بە پەروەردەی تیرۆر لە هەناوی خۆی داوە و هەم موخالفینی خۆی لە ڕێگای تیرۆرەوە لە بەین بردوە. بۆ ئەوە نموونەی زۆرمان هەیە. موخالفینی سیاسی حکومەت لە دەرەوەی وڵات کە دەبینی بە دەیان کەسایەتیی هەڵکەوتووی سیاسی، کە ئەم کەسانە دەیانتوانی هەم لە بواری سیاسییەوە هەم لە بواری ئیداری و بەڕێوەبەییەوە، هەم لە یارمەتیدان بە دروستکردنی موئەسیساتی قانوونی و دێموکراتیک لە ئیراندا نەقشی گەورەیان هەبێ، بەڵام چونکی دژبەری کۆماری ئیسلامی بوون تێرۆریان کردن و نەیانهێشتن.

کەوایە جمهوری ئیسلامی هەر لەجێدا ماهییەتەکەی ماهییەتێکی تیرۆریستییە، کردەوەکەی کردوەیەکی تێرۆریستییە و فکرەکەی فکرێکی تێرۆریستییە و دەبینین بەهۆی زێدەخوازییەکانی ئەمنیەتی لە ناوچەکە نەهێشتووە. جا ئەگەر وڵاتێکی وەکوو ئەمریکا یا وڵاتانی دیکە بیانەوێ سەقامگیرییەک ن لە ناوچەکەدا هەبێ و بیانەوێ دۆستەکانیان و هەروەها بەرژەوەندیی خۆیان بپارێزن، دەبێ لە بەرامبەر ئێراندا راوەستن. ئەگەریش، ئێران زیان و خەساری زیاتر لە بەرژەوەندی ئەوان دەدا.

بەڵام ئەمە چەندە جددییە دەگەرێتەوە سەر ئەوەی کە ئەو حکوومەتە چەندە بەرنامەی هەیە بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ حکومەتێکی تیرۆریستی وەکوو کۆماری ئیسلامی. ئەمن پێموایە ئەوەی حکومەتی ئێران دەستی پێکردووە و دەیباتە پێشێ ئەوانیش دەیزانن و ئاگادارن کە مەترسیی ڕێژیمی ئێران چەندەیە و ئەگەر پێشی پێنەگرن، مومکینە لە داهاتوویەکی نەک زۆر دووردا، کێشەی ئاستەمتریان بۆ دروست بکا. بۆیە لە نەزەر منەوە ڕەفتاریان بە نیسبەت حکومەتی ئێران و بۆ بەربەستکردنی زیاتری حکومەتی ئێران جدییتر دەبێ لە جاران.

**پرسیار**: جەنابت لە قسەکانتتان دا چەند جارێک ئاماژەت پێکرد کە ڕێژیمی ئێران لەو نزیک بە چل ساڵەدا ئەوە سیاسەتی بووە بە نیسبەت دراوسێکانی، بە نیسبەت ناردنەدەرێی ئینقلاب، بە نیسبەت ئەو ئێعدام و کوشتار و سەرکوتانەی کە لە

نێوخوی وڵاتدا دژ بە خەڵکی وڵاتەکەی، دژ بە جیابیران و ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆن کردوویەتی، بەڵام دەبینین ئەم رژیمە بەو خسڵەتانەوە لە دوایین هەڵبژاردنی خۆیدا بۆ سەرۆک کۆماری، دەبینی ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵکی ئەو وڵاتە بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکەن. پێت وایە بەشداریی خەڵک واتای چییە لەم پرسانەدا کە خودی جمهوری ئیسلامی موهەندیسی و هیدایەتی دەکا؟

**مستەفا مەولوودی**: ئێمە باش دەزانین کێشەیەکی قووڵ لە نێوان حکوومەتی ئێران و خەڵکی ئێراندا هەیە و، هەمووشمان دەزانین ئەگەر هەڵبژاردنێکی ئازاد و دێموکراتیک هەبێ، قەتعەن خەڵکی ئێران[نا]یەکی زۆر گەورە بەو نیزامە دەڵێن. خەڵک لەگەڵ ئەوەدا دەزانێ حکوومەتی ئێرانە هەموو ئەو کێشە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەی لە وڵات و لە سنورەکاندا لەگەڵ دنیای دەرەوە بۆ ئەوان دروست کردوە، بەڵام مەجالی نیە بڵێ رازی نیم. کاتێکیش ئینتخاباتێک لە ئێراندا دەبێ مەعلوومە کەسی تەئییدکراو لە چوارچێوەی نیزامی جمهوری ئیسلامی ا بۆ ریاسەتی جمهوری دەتوانێ خۆی کاندید بکا. تۆ سەیرکە کەسێک کە ڕاستەوخۆ یا ناراستەخۆ ڕێبەری ڕێژیم پشتیوانیی لێدەکا، کەسێکە کە هەموو موئەسساتی بە ئیستلاح «توندرەو»ی نیزام لە پشتێتی، کەسێکە کە ڕووحانییەت بە جۆرێک لە جۆرەکان لە پشتێتی، بەڵام لە موقابیل کەسێکی دیکەدا کە بە شێوەی جۆراوجۆر رەخنەی لێ دەگیرێ و بە چالیش دەکێشرێ، بەڵام خەڵک دەچێ دەنگی پێ دەدا!! بۆچی؟ بۆ ئەوەی لە نێوان دوو کەسدا لانیکەم یەکێکیان هەڵدەبژێدرێ کە تەعامولی لەگەڵ خەڵکەکەی ئەوەندەی مەجالی هەیە، یا لەگەڵ دنیای دەرەوە، مەسئولانەتر و عەقڵانیترە.

ئەمن پێموایە ئێمە دەبێ ئەو ئاکامگیرییە کەو باسە بکەن کە ئەوانەی دەچن دەنگ بە روحانی دەدەن، لایان وا نیە رووحانی هەموو موشکلەکانیان بۆ حەل دەکا. بەڵام پێیان وایە یەکی وەکوو رەئیسی ئەگەر بێ بە دەیان جار زیاتر موشکلات بۆ ئەم وڵاتە و بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە دروست دەکا. ئەمن پێموایە خەڵکی وڵاتی ئێمە وەکوو خەڵکی دەرەوە و دەسەڵاتانەی زوومیان لەسەر حکومەتی ئێران و خەڵکی ئێرانە، دەزانن کە لەگەڵ ئەو حکومەتەی خۆیان کێشەیان هەیە. بەڵام چ بکا رێگایەکەی دەیکەی نیە. ئایا هەموو رۆژێ دەتوانێ ئینقلاب بکا و نەتیجەی ئینقلابەکەی بەرەو کوێ دەچێ؟ ئایا پێی خۆشە مەسەلەن حکوومەتانی زلهێز هێرش بکەنە سەر وڵاتەکەی و مەسەلەن وەزعێکی کە لە عێراق هەبوو یا ئێستا لە سووریە هەیە ئەوەش لە ئێران و بۆ خەڵکی ئێران و وڵاتەکەیان دروست بێ؟

مەجبوورە بەو شێوە نەرمەی مەجالێک بۆ حیاتی سیاسی و کۆمەڵاتیی خۆی بێڵێتەوە. بەڵکوو بتوانێ گۆڕانکارییەکی هەر چەندە کەم دروست بکا. ئەوەی پێ باشترە لەوەی کە وڵاتەکەی و خەلکەکەی تووشی کێشەیەک ببێ کە لە دوایەدا هاسان لە ژێر باری نەیەتە دەرێ.

**پرسیار**: ٦ لایەنی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لایەک لەو ٦ لایەنە بووە، بایکۆتی ئەم هەڵبژاردنانەی سەرکۆماریی کرد. بە پێی ئەو خوێندنەوەیەی جەنابت، ئایا نەدەکرا کوردەکان ڕێکارێکی وا بدۆزنەوە کە ئەوە پەیامەی ئێستا خەڵک بە دەنگدان بە روحانی، بە نیزامی دەگەیەنێ، ئێوەش بە موشارکەت ئەو پەیامەتان گەیاندبا. ئەسلەن بۆ ئەوجارە «تەحریم» بوو بە گوتاری زاڵی هێزەکانی ڕۆژهەڵات؟

**مستەفا مەولوودی**: حیزبی دێموکرات کوردستان لە ماوەی ئەو ٣٨ ساڵە لە پەیوەندی لەگەڵ هەڵبژاردن لە ئێراندا قەت یەکدەست عەمەلی نەکردووە. سەیری ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی نێوخۆی وڵاتی کردووە و بە لەبەرچاو گرتنی ئەو حاڵەتانە بڕیارێکی داوە. ئەم کەڕەتەش حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ٥ حیزبی دیکە هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی بایکۆت کرد، بۆچی؟ یەکەم ئەوەی کە ئەم نیزامە بە جۆرێک ڕەفتار دەکا کە دەرفەتی زۆر کەم بۆ خۆدیتنەوەی خەڵک لە هاوکێشەکاندا دێڵێتەوە، پاشان ئێمە لامان وایە بایکۆتی ئێمە یا قسەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لەسەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرتر تەئسیر دادەنێ. لە پەیام و قسەی هیچکام لە کاندیداکان شتێکمان نەدی تا بڵێ ئەوە پێویستی و نیازی ناوچەیی، نەتەوەیی، فەرهەنگی، کلتووری و مەعیشەتی خەڵکی ئەم خەڵکەیە، کەواتە خۆی تێدا نەدەدیتەوە و، موهیمتر لەوە رووحانی ٤ ساڵ پێش ئێستا هێندێک قەول و بەڵێنی دابوو، لەو ٤ ساڵەدا لەو قەول و بەڵێنانەش هەرە کەمەکەی جێبەجێ نەکردبوو.

لە لایەکی دیکەوە بزوتنەوەی کورد کۆمەڵە نیازێکی هەیە، یەکێک لە نیازەکانی، هاوکاری و هەماهەنگی و هاوهەڵوێستیی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتە. ئەوە وەکوو گرفتێک لە نێو بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا هەیە. ئەم جارە بە خۆشییەوە ئەو زەمینەیە درووست ببوو کە کارێکی هاوبەش پێکەوە بکەن. لەگەڵ ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە نیسبەت هەڵبژاردن، بەتایبەت هەڵبژاردنی شووڕای شار و دێ خوێندنەوەیەکی تەواو جیاوازی لەگەڵ حیزبەکانی دیکە هەبوو، بەلام مادام ئەو هاودەنگی و هەڵوێستییە هەبوو، ئێمە پێمان وابوو ئینتخابات دێ و دەڕوا و بە پێی ئەو شناختەش کە هەیە، دەنگی خەڵک تەئسیرێکی جیددی لەسەر کار و تێکۆشانی سەرکۆمار لە کوردستان ناکا. کەوایە لانیکەم ئەو هاوهەڵوێستییە کە دروست بووە دەتوانین بیکەین بە زەمینەیەک بۆ ئەوەی لە درێژخایەندا هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بەرەو جێگایەک برۆن تاوەکوو بەرنامەیەکی درێژخایەندا بنێن وەکوو هێزی سیاسی ڕۆژهەڵات نەقشی جیددیتریان بێ لەسەر کۆی قەزیيە سیاسییەکان هەم لە ڕۆژهەڵانی کوردستان هەم لە ئێران لەسەر ئەو مەسئەلانەی کە تەئسیر لەسەر بزووتنەوەی سیاسی کورد دادەنێن. بەو دەلیلە حیزبی دێموکراتی کوردستان هات بۆ یارمەتیگەیاندن بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هێزە سیاسییەکان، وازی لە هێندێک لە خوێندنەوەو تاکتیکەکانی خۆی بە نیسبەت پرسێکی تایبەتی وەکوو هەڵبژاردن لە ئێران هێنا.

**پرسیار**: هەڵوێستی ٦ لایەنەکە بەتایبەت هی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمەڵێک ڕای جیاوازیشی درووست کرد لە نێو خەڵکی کوردستان و لە نێو چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە دەرەوە و لە نێوخۆ. بەتایبەت لە نێوخۆی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانیشدا بیر و بۆچوونی جیاوازی هێنایە گۆڕێ. بە سەرنجدان بە درووستبوونی ئەو جیاوازییانە و روانینی جیاواز بۆ جۆری ئیستفادە کردن لە هەڵبژاردنەکان، ئایا پێتان وایە یەکەم ئەوەی کە چۆن بیر بکرێتەوە لەمەودوا بۆ ئەو پرسانە و، پاشان ئایا بەراستی هاوهەڵوێستی جوابی دایەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: بە خۆشییەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ئەو ٣٨ ساڵەیدا بەتایبەت لە دە دوازدە ساڵی ڕابردوودا بە جۆرێک سیاسەتی کردووە کە گوتار و گوفتمانی تازەی بردۆتە نێو کۆمەڵگا. ئەوە شەریک و بەشداری بۆ دروست کردووە و خەڵکیشی وا لێکردووە کە بە نیسبەت ئەو باسانەی کە لە دەوروبەری حیزبی دێموکراتدا دەگوزەرێ و پرسە سیاسییەکان کە لە نێو حیزبی دێموکرات و ناوچەدا هەن چاوەڕوانی زیاتری لە گوتار و لە سیاسەتی حیزبی دیموکرات بێ. ئێمە ئەوە بە پوانێکی موسبەت و بە نەتیجەی فەعالیەتێکی باشی حیزبی دیموکرات لە پەیوەندی لەگەڵ گوفتمانی سەردەمیانەدا دەزانین. پاشان لە نێو حیزبی دێموکراتدا بە خۆشییەوە تەشکیلاتێکی سەرزیندوو و تەشکیلاتێکی ئاگای هەیە کە بە نیسبەت هەموو پرسەکان و بەتایبەت پرسە سیاسییەکانەوە حەساسییەتی خۆی هەیە، خوێندنەوەی خۆی هەیە، تێگەیشتنی خۆی هەیە و دەیەوێ لە دروستبوونی سیاسەت و هەڵوێستی حیزبەکەیدا نەقش و دەوری هەبێ، کە دیسان ئەوەش هەر بە پوانی موسبەت دەزانین.

ئەگەر لەو پەیوەندییەدا ئیشکالێک هەبووبێ، لە نەزەری ئێمەوە لە کەمدیقەتییەک بوو کە ڕێبەریی ئێمە لە پێوەندی لەگەڵ دروستبوونی بڕیار بۆ ئەو باسە کردی. ئەویش ئەوەیە پێش ئەوەی بڕیارەکە بدا، ئەو پرسەی وەک پێویست نەبردە نێو تەشکیلاتی حیزبی تا بە کۆڕ و کۆبوونەوە، بە سمینار و بە لە دەوری یەک کۆبوونەوە ئەم بەحسە بکەینەوە و قەناعەتێکی تەشکیلاتیی زیاتری بۆ دروست بکەین. چونکی لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا وانیە کە لە سەرێ جەمعێک بە ناوی دەفتەری سیاسی یا کۆمیتەی مەرکەزی بڕیارێک بدا و خوارەوەش وەکوو تەشکیلاتی حیزبی بە بێ ئەوەی پرست پێ کردبێ، بڕیارو هەڵوێستەکان قبووڵ بکا، بەڵکوو دەبێ سەهیم و بەشدار بێ لە دروستبوونی بڕیاراتی حیزبدا. بەڵام لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا زۆر تەبیعییە کە حیزبی دێموکرات ئەگەر لە پێوەندی لەگەڵ هەر بابەتێکی سیاسیدا کە بڕیاری لە سەر دەدرێ، تەشکیلاتەکەی پشتی ئەو بڕیارە بگرێ و لەگەڵی بێ. شەرت نیە هەموو بڕیارێک دەقاودەق جواب بداتەوە، بەڵام حەق وایە لە خەسارناسی و لە هەڵسەنگاندندا وابکەین جارێکی دیکە حیزبی دێموکرات لە بڕیاردانەکانیدا تووشی ئەو ئیشکالە نەبێتەوە، یا لانیکەم چالاکانی سیاسی و مەدەنی کە چاویان لە گوفتمانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە و گوفتمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نەزەر ئەوانەوە پەسەندە، ئیتر نابێ جیاییەک، دووریەک لە نێوان گوفتمانی کۆمەڵگا و گوتاری حیزدا دروست ببێ. چونکی حیزبی دیموکرات دەبێ ئیلهام لە خەڵکی وڵاتەکەی خۆی وەرگرێ،

دەبێ ئیلهام لە چالاکانی سیاسی کورد وەرگرێ. ئەوە کۆمەک دەکا بە حیزبی دێموکرات و بە بزووتنەوەی سیاسی ئێمە نامانهەوێ بە تەنیا تێکۆشەرانی دیار و لە دەرەوەی وڵات، نەقشی ئەساسیان لە بردنە پێشی بزووتنەوەی سیاسیدا هەبێ، بەڵکوو جامعەی کورد بە گشتی پێویستە ئەو نەقش و دەورەی هەبێ.

ئایا ئەم بایکۆتە و هاوهەڵوێستی جوابی دایەوە؟ ئەوە دەتوانێ دوو خوێندنەوەی بۆ بکرێ. یەکەم لە نەزەر ئێمەوە بەڵێ، بۆچی؟ هەر ئەوەی ٦ حیزبی سیاسیی کورد بەیەکەوە بە نیسبەت مەوزوعێک دێن و هاوهەڵوێستی نیشان دەدەن، ئێمە ئەوە بە نوقتەیەکی موسبەت دەزانین. چونکی ئەمە هەر ئەوەمان پێناڵێ کە کارێکی باشمان کردوە، ئەوەمان پێدەڵێ کە بۆ کاری باش دەبێ ڕێکاری باشیش بگرینە بەر. لەو خەسارناسییەی دوایە ئێمە پێکەوە بۆ ئەو بابەتە کردمان ئێمە گەیشتینە ئەو قەناعەتەی کە ئێمە ڕاستە هاوهەڵوێست بووین، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ ئەو هاوهەڵوێستییە زۆر کار کە دەبوو بیکەین نەمانکرد. کەوابوو لە درێژی ئەو کارە هاوبەشانەدا دەبێ بیر لە شتی دیکەیش بکەینەوە.

**پرسیار**: لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا حیزبی دێموکرات بە نیسبەت مەسائیلی نێوخۆ و بە نیسبەت پشتیوانی لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی و بە نیسبەت کەڵکوەرگرتن لەو دەرفەتانەی دێنە گۆڕێ ڕوانگە و خوێندنەوەی جیاوازی لە هێزەکانی دیکە بووە. زۆر جاریش تۆمەتی ئەوەی لێدراوە کە تووشی تەوەهھوم هاتوە و لەم جۆرە قسانە. جەنابیشت لە قسەکانتدا فەرمووت کە دەبێ هێزەکانی ڕۆژهەڵات بگەن بە خوێندنەوەیەکی واقعبینانە لە هەناوی پرسەکانی کۆمەڵگا. بەراستی پێت وایە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بتوانن بەیەکەوە بەو جیاوازی و ڕوانگانەی هەیانە بگەن بە خوێندنەوەیکی واقعبینانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؟

**مستەفا مەولوودی**: لام وایە خەڵکی کوردستان و هیزە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتیش دەزانن کە حیزبی دێموکرات کوردستان قەت تەوەهھومی بە نیسبەت کۆماری ئیسلامی نەبووە و لە ڕیزی پێشەوەی هەموو حیزبەکاندا بووە و لە مەیدانی موبارزەدا ئازایانە خەباتی کردووە و ئێستاش بەردەوامە. بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە کە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان قەت تاک ڕەهەندی نەبووە و لە هەرجێیەک دەرفەت بووە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان نەخش و دەوری کاریگەری خۆی تێدا گێڕاوە. بەڵام حیزبی دێموکرات مادام لای وایە کۆمەڵگا بەرەو گۆران دەڕوا، خوێندنەوەی تازە بۆ پرسە سیاسی و ئیجتماعی و ئیقتسادییەکان دەکا. حیزبی دیمۆکرات ناتوانێ لەوانە غافل بێ و ناکرێ پشتگوێیان بخا. ئێمە هاوهەڵوێستی و هاوکاریمان لە گەڵ حیزبەکان پێ باشە، بەڵام خۆ ئەوە بەو مانایە نیە کە ئێمە مادام لە گەڵ حیزبەکان هاوکاری دەکەین دەبێ بۆ هەموو شتێک وەک ئەوان بیر بکەینەوە.

**پرسیار**: دوای ڕووداوەکەی ١٧ جوزەردان لە تاران کە بە داخەوە ئەو تیرۆریستانە کورد بوون، هێندێک کەس ڕەخنە لە حیزبی دیموکرات بە پلەی یەکەم و هێزەکانی دیکە بەگشتی دەگرن کە ئەو کاریگەرییەیان بە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە

نیە، بۆیە دەبینی خەڵکانێکی ناڕازی لە کۆماری ئیسلامی، سەر لە گروپە توندڕەوە تێرۆریستییەکان دەردێنن. چەندە ئەم ڕەخنەیە بەڕەوا دەزانن؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەمن لام وایە ئەم ڕەخنەیە بە نیسبەت بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان لە جێگای خۆیدا نیە، بۆچی؟ یەکەم ئەوەیکە خەڵکی توندڕەو لەنێو هەموو میللەتان و لەنێو هەموو ولاتان پێدا بووە و دەتوانێ پەیدا بێ و بە زۆری هەیە. دووهەم حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە تێرۆری لە هەر شکل و شێوەیەک و لە هەر جێیەک بووبێ، مەحکووم کردوە تەنانەت ئەو سەردەمانەی کە تێرۆر لە هێندێک جێگا لەوانەبوو قازانجی کاتیشی بووبێ، حیزبی دیموکرات ئەو کاتیش نەهی لێ کردوە، بە خراپی زانیوە و مەحکوومی کردوە. مێژووی ٧١ ساڵەی ئەو حیزبە لەو بارەوە دروەشاوەیە.

سێهەم ئەوەیکە لە ڕاستیدا خۆ بە نیسبەت جەریانی وەکوو داعش هیچ کەس بە قەد میللەتی کورد ڕاستەوخۆ و مەیدانی و لە عەرزی واقعدا لەگەڵ داعش شەڕی نەکردوە. ئەگەر بە دەلایلی سیاسی و ئەمنیەتی نەبا، حیزبی دێموکراتی کوردستان پێی خۆش بوو ڕاستەوخۆ و مەیدانی لە بەرەی دژی داعشدا ڕاوەستابا و شەڕی کردبا. کەوایە لەم بارەیەوە ئەم گلەییە لە سەر حیزبی دێموکرات نیە. بەڵام ئەگەر بە ڕوویەکی دیکەدا بیخوێنینەوە بوونی کەسانی توندڕەو لە ئێران بۆ ڕەفتاری غەڵەتی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە. لە جیاوازییەک کە حکومەتی ئیسلامی لە باری مەزهەبی، ئەمنیەتی، فەرهەرەنگی و ناوچەییەوە دایدەنێ. پاشان ئەم خەڵک گرتن و ڕەشبگیرە ڕاستییەکەی بڵێی هەموو توندڕەوی ئیسلامی بن؟ بڵێی هەموو داعش بن؟ ئەگەر ئەوە ڕاست بێ، کەوایە ئەم حکومەتە لە گوێی گادا خەوتووە کە ئاگای لێیان نەبووە.
حیزبی دێموکراتی کوردستان ٣ ساڵ پێش ئێستا - ئەوە دیکۆمێنت هەیە - دەڵێ ڕەوتە تووندڕەوە ئیسلامییەکان لە ئێران و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو شوێنانە چالاکییان هەیە، ناویشیان دەبا. ئەی بۆ حکومەتی ئێران پێشیان پێ ناگرێ؟ بۆیە لەو پێوەندییەدا ئەمن پێموایە ئەم ڕەخنەیە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکرات ناگرێتەوە.

**پرسیار**: ئەگەر داعش و لایەنی توندڕەوی دیکە ئەو جۆرەی حزووریان لە سووریە و لە عێراق بووە ئەگەر لە ئێران هەبێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵوێستی چی دەبێ؟ لە رووی مەیدانییەوە بە تایبەت؟

**مستەفا مەولوودی**: با فەرز وا دابنێین داعش لە ئێران لە گەڵ حکومەتی کۆماری ئیسلامی شەڕ دەکا، لە نەزەر منەوە ئەوە دوو جەریانی تێرۆریستین کە پێکەوە شەڕ دەکەن. حکومەتێک کە ٣٨ ساڵە زوڵم و زۆر دەکا لە کوردستان و جەریانێکی ئیفراتی کە بە تیرۆر دەیهەوێ خۆی بسەپێنی، مەعلوومە حیزبی دێموکرات کردەوەی هەردووکیان مەحکووم دەکا. بەڵام ئەگەر ڕۆژێک حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەخشی هەبێ و بتوانێ لە موقابیل داعیشدا راوەستێ،

قەتعەن یەک و دووی لێ ناکا.

**پرسیار**: ئەگەر ئیجازە بفەرمووی باسێکیش لە پرسی «دێموکراتەکان» بکەین. یەکگرتنەوەی هەردوو لای حیزبی دێمکرات ئێستا لە چ قوناغێک دایە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەمن پێم وایە ئەگەر قۆناغبەندی بکەین، ئێمە لە ڕاستیدا دوو قۆناغمان بڕیوە؛ قۆناغێک بە داخەوە لێکدابران و گرژی و ناخۆشی و هەندێک قسەی خەراپیش بە یەکتر گووتن، بەڵام ٥ ساڵە قۆناغێکی دیکەمان دەست پێکردوە کە قۆناغی لێکتێگەیشتن و ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان و سەردانکردنی یەکتر بووە کە بەخۆشییەوە نەتیجەی باشی بووە. ئێستا من پێم وایە قۆناغیکی تازەمان دەست پێکردوە. لە ئاخرین دیداری هەردوو دەفتەری سیاسی کە پێکەوە بوومان، فەزایەک بە سەر کۆبوونەوەکەدا حاکم بوو کە هەر دوو لا لە باتی ئەوەی وەک دوو جەهەت، وەکوو دوو لا بیر لە حەللی قەزیەکە بکاتەوە و هەر کەس بۆ لای خۆی بکێشێ، پێچەوانەکەی بوو کە جەمعێک لە دێموکراتەکان بەیەکەوە بیریان لە موشکلەیەکی دێموکرات دەکردەوە. ئەمە وایکردوە خوێندنەوەی هەر دوو لامان وا بێ تێگەیشتنێکی تازە لە بیرکردنەوە بۆ ئەوەی کە چۆن دیمۆکراتەکان دەکەینەوە بە یەک، لە لای یەکتر درووست بکەین و لەو پیوەندیەدا هەیئەتەکانمان فەعالتر کار بکەین. ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا لە دەفتەری سیاسی بە خوێندنەوەی تازە، بە نووسراوەیەکمان ئامادە کردوە و داومانە بە کۆمیتەی مەرکەزی، کۆمیتەی مەرکەزی هێندیک شتی وەکوو بنەما، وەکوو ئەسڵ و وەکوو بەرچاوروونی داوە بە دەفتەری سیاسیی حیزب. دەفتەری سیاسیش داینـاوە کە هەیئەتی ئێمە هەرچی زووتر لە گەڵ هەیئەتی رەفیقەکانمان کۆببنەوە. من پێم وایە قۆناغی سەخت و قورس و دژوارمان بڕیوە. کەوایە هەم زەروورەتی سیاسی هەم، زەروورەتی تەشکیلاتی، هەم زەروورتی ئەوەی حیزبی دێموکرات دەبێ حیزبیک بێ تا لە موقابیل دەرفەتەکان کە بە جدی لە وڵاتی ئێمە و لە نێو ناوچەی ئێمە و لە مەنتەقەدا هەیە جوابی بداتەوە. بۆ جوابدانەوەش دەبێ خاوەنی کەرەسە و هێزی بە قەووەت بێ، ئەوەش بە وەحدەت و یەکیەتی دەکرێ. بۆیە بە خۆشبینییەوە دەڕوانمە سەر خوێندنەوەی هەردوو لامان.

**پرسیار**: کاک مستەفا زۆر سپاس بۆ بەشداریتان

**مستەفا مەولوودی**: سپاس بۆ جەنابیشت

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٧٠٥.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

**مستەفا مەلوودی: لە هەموو ئەو دانیشتنانەدا لەلایەن ئێمەوە باس لە حەوت دەیە مێژووی خەبات و تێکۆشانی حیزب کراوە.**



**وتووێژی "کوردستان"**

**لەگەڵ سکرتێری گشتیی حدک لەبارەی گۆڕانکارییەکانی کوردستان و ناوچە**

**ڕەوتی گۆڕانکارییەکان دەبێ بە ئاراستەیەکدا بڕواتە پێشێ کە نە بە زیانی دەوڵەتی کوردستان بشکێتەوە و نە بەربەست دروستکردن بۆ بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لێ بکەوێتەوە**

**"بەڕێز کاک مستەفا مەلوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مانگەکانی گەلاوێژ و خەرماناندا سەفەرێکی دوو مانگەی بۆ دەرەوەی وڵات کرد. ئەوەی لەو ماوەیەدا لە میدیاکانی حیزبدا دەماندی، بەشداریی بەڕێزیان لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەی سیاسی و تەشکیلاتی کۆمیتەکانی حیزب لەو وڵاتانە بوو کە بەڕێزیان سەردانی کردبوون. هەروەها کۆمەڵێک دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانە و وتووێژ لەگەڵ میدیا و ڕاگەیەنەکانی چەند وڵاتێک.**

**«کوردستان» دوای گەڕانەوەی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ کوردستان، وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێزیان پێک هێناوە"**

**پرسیار: کاک مستەفا سەرەتا بەخێرهاتنەوەتان پێدەڵێین. جەنابتان سەفەرێکی چەند مانگەتان بۆ دەرەوەی کوردستان کرد، بفەرموون سەفەرکەتان بۆ مەبەستێکی سیاسیی تایبەت بوو، یان هەر بۆ بەسەرکردنەوەی کۆمیتەکانی حیزب لەو وڵاتانە؟**

**وەڵام**: سەرەتا سپاس بۆ کارگێڕانی ڕۆژنامەی «کوردستان» بۆ ڕێکخستنی ئەم وتووێژە. زۆر سروشتییە سەفەری بەرپرسی حیزبێکی سیاسی لە کوردستانەوە بۆ دەرەوی وڵات، پێویستە سەفەرێکی سیاسی بێ و سەفەرەکەی ئەمنیش هەر بۆ ئەو مەبەستە بوو. دیارە پاش هەڵبژاردنم بە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەم سەفەرەم زیاتر لایەنی تەشکیلاتیی بەخۆوە گرت، لەبەر ئەوەی بە پێویستم دەزانی سەردانی کۆمیتە و ڕێکخراوەکانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات بکەم و لە نیزیکەوە و ڕاستەوخۆ لەگەڵیان دانیشتن و کۆبوونەوەم هەبێ.

بۆ خۆشتان دەزانن کە بە خۆشییەوە حیزبی دێموکرات تەشکیلاتێکی زیندوو، بەربڵاو و لەسەر هەستی هەیە و، بۆ ئەوەی ئەم تەشکیلاتە لە دروستبوونی بڕیاری سیاسی و تەشکیلاتیدا نەخش و دەوریان هەبێ؛ پێکهێنانی کۆڕ و سمیناری تەشکیلاتی و کۆبوونەوە لەگەڵیان پێویستە. بەشێک لە مەبەستی سەفەرەکەم وەڵامدانەوە بەو پێویستییە بوو.

**پرسیار**: وەک لە هەواڵەکاندا هاتبوو، جەنابت سەردانی چەند وڵاتێکی وەک سوئیس، ئوتریش، دانمارک، فینلاند، سوئێد، نۆرویژ و ئاڵمانتان کرد. ئەگەر بکرێ بفەرموون گرینگترین کار و بەرنامەکانتان لە سەردان بۆ ئەو وڵاتانە چ بوو؟ تەوەری باس و خواسی کۆبوونەوەکانتان چ بوون؟

**وەڵام**: وەک باسم کرد ئەمن لە سەفەر و سەردانم بۆ ئەو وڵاتانەی ناوت هێنان، لە ڕێگەی کۆمیتەکانی حیزب لەو وڵاتانە کۆبوونەوەی سیاسی و تەشکیلاتیم لەگەڵ ئەندامانی حیزب بووە. شیکردنەوەی سیاسەت و هەڵوێست و ڕوانگەی حیزبی دیموکرات لە سەر گۆڕانکارییەکانی ئێران و ناوچە، لەسەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئێران و قەیرانخوڵقێنییەکانی لە ناوچە، لەسەر جووڵە و تێکۆشانی چالاکانی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات بە تایبەت لە کوردستان؛ ئەوانە تەوەری سەرەکیی ئەو باسە سیاسییانە بوون کە وێڕای باسە تەشکیلاتییەکان لەگەڵ ئەندامەکانی خۆمان و لە کۆڕ و کۆبوونەوکاندا کردوومانن. لەو کۆبوونەوە و سمینارانەدا بە ڕاشکاوی باسمان لە هەل و دەرفەتەکانی بەردەم خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەمان و هەروەها کۆسپ و ئاستەنگەکانی بەردەم ڕێی جووڵانەوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردوە.

لە باسی کۆبوونەوە تەشکیلاتییەکانیشدا جیا لە باسی نەخش و ڕۆڵی تاک لە کاری ڕێکخراوەیی و ئەرک و بەرپرسایەتیی ئەندامانی حیزب لە هەر ئۆرگان و بەشێکی حیزبدا، باسمان لە پلاتفۆرمی کاریی پەسندکراوی پلینۆمی شەشەمی حیزب کرد کە دەستنیشانی ئەرکی ئۆرگان و ڕێکخراوەکانی حیزبی کردوە. باس لە سروشت و تایبەتمەندیی ژیانی ئەندامان لە ئورووپا و جۆری تایبەتیی کاری ڕێکخراوەیی ئەوان تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەو کۆبوونەوانە بوون کە کردوومانن و ئاکامی باشیشمان لێ وەرگرتوون.


سەرچاوە Serchawe

هەڵبەت جیا لەو کۆبوونەوە و دیدار و چاوپێکەوتنانە لەگەڵ کۆمیتەکان و ئەندامانی حیزب، لەگەڵ کوردەکانی تاراوگە و لایەنە سیاسییە کوردییەکانی بەشەکانی تری کوردستانیش دیدار و چاوپێکەوتنم بوو و لەسەر پرس و باسە پێوەندیدارەکانی کوردستان و نێوان حیزبەکان ئاڵوگۆڕی بیروڕامان بوو.

**پرسیار**: ئێوە لە وڵاتانی دانمارک، فینلاند، سوئێد و نۆرویژ جیا لە کۆبوونەوە سیاسی و تەشکیلاتییەکان سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانەتان کردوە و لەگەڵ چەند پارلمانتارێکیش دیدار و چاوپێکەوتنتان بووە، ئەو دیدارانە لەسەر چ تەوەرێک رێک خرابوون و ئێوە لەگەڵ ئەوان باسی چیتان کرد؟

**وەڵام**: لەو دانیشتنانەدا لەگەڵ ڕاوێژکاری سیاسیی وەزیرانی دەرەوە و کاربەدەستانی بەشەکانی دیکەی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتانە کە لەسەر کەیسەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کار دەکەن، دیدار و باسمان بووە.

لە هەموو ئەو دانیشتنانەدا لەلایەن ئێمەوە باس لە حەوت دەیە مێژووی خەبات و تێکۆشانی حیزب کراوە، باس لە ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کراوە کە دابینکردنی مافە نەتەوەیی، سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە لە نیزامێکی سیاسیی دێموکرات و فیدراڵدا لە ئێران؛ باس لە جۆر و شێوازەکانی خەباتی حیزبەکەمان کراوە کە بەپێی هەلومەرج گرتوومانەتە بەر و لێی بەردەوامین. باسمان لەوە کردوە کە کورد خەباتێکی ڕەوا بۆ مافێکی ڕەوا دەکا و هەموو داواکانی کورد لە چوارچێوەی ئەو مافانەدا جێدەگرن کە وڵاتە دێموکراتیکەکان و کۆمەڵگای جیهانی سەلماندوویانە، بەڵام وەڵامی خەباتەکەمان نەک هاتنە سەر مێزی دانوستان، بەڵکوو ئاگر و ئاسن و سەرکوت و سیاسەتی حاشالێکردن بووە.

لەو دانیشتنانەدا بە وردی باسمان لە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە گشتی کرد و گوتمان کە کۆمەڵگای جیهانی و وڵاتانی دەرەوە دەبێ ئەو ڕاستییانە و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا ببینن و هەڵوێست و دژکردەوەی پێویستیان لەبەرامبەریدا هەبێ، بۆ ئەوەی تێچووی بەردەوامیی کۆماری ئیسلامی لەو جۆرە سیاسەتکردنەوە لەسەر ڕێژیم زیاتر بێ.

**پرسیار**: ئەوان چی؟ خوێندنەوەی لایەنە بیانییەکان بۆ پرسی کورد لە ئێران و گۆڕانکارییە سیاسییەکان لەو وڵاتە چین؟ ئەوان چۆن سەیری پرسە سیاسی و مەدەنییەکان و بەرەنگاربوونەوەی خەڵک و دەسەڵات لە ئێراندا دەکەن؟

**وەڵام**: لە هەموو کۆبوونەوەکاندا باسەکانمان بەباشی وەردەگیران، دیارە ئەوانیش شارەزایی باشیان لەسەر سیاسەت و



سەرچاوە Serchawe

شێوەی حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبوو، بەدواداچوونیشیان بۆ کێشەی ئێتنیکی و مافی نەتەوە پەراوێزخراوەکان لە ئێراندا کردوە و ئاگایان لە بزاوتە کۆمەڵایەتی و مەدەنییەکانی نێوخۆی ئێران و دەنگی شەقامیش هەیە.

ئەوان حاشایان لەوە نەدەکرد کە دەزانن کۆماری ئیسلامیی ئێران حکومەتێکی نادێموکراتیک و سەرەڕۆیە، مافی مرۆڤ بە بەربڵاوی پێشێل دەکا و دەشزانن پێکهاتە نەتەوەییەکان لە ئێراندا لە مافە سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانیان بێبەشن، هەروەها پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و مەدەنی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکان بە ڕەوا دەزانن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لایان وابوو کە دەکرێ بە بەردەوامبوون لەسەر سیاسەتی دیالۆگی ڕەخنەگرانە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەم بۆ گۆڕینی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی تێبکۆشن، هەم ڕەچاوی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆشیان کردبێ.

ئەوان ئەوەشیان دەگوت کە هەم لە چوارچێوەی تەعامولی یەکیەتیی ئورووپا لەگەڵ ئێران و هەم لە چوارچێوەی پێوەندیی وڵاتان بۆ خۆیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و مافی کەمە نەتەوە و کەمایەتییە ئایینییەکان لەو وڵاتە ڕەخنەیان لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی گرتوە و ئەو بابەتانە لە چاوی ئەوان ون نین.

**پرسیار**: یەک لە ڕووداوە گرینگەکانی ئەم دواییانە ڕاپرسیی سەربەخۆیی بۆ باشووری کوردستان لەو هەرێمە بوو. کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆری فشار هێنا و پیلانی زۆر گێڕا کە ئەو ڕاپرسییە نەکرێ، بەڵام کرا. ئێوە نیگەرانییەکانی ئێران لە چیدا دەبینن؟ پێتان وایە هەنگاوی دواتری ئێران چ دەبێ؟

**وەڵام**: ڕاپرسی لە خەڵکی هەر وڵاتێک بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆی، مافێکی ڕەوای ئەو میللەتەیە. ئەوە بە ڕوونی لە جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤ و میساقی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا هاتووە. خەڵکی هەرێمی باشووری کوردستان قانوونی و لە ڕێگەیەکی زۆر مەدەنی تەعبیریان لە ئیرادەی سیاسیی خۆیان کردوە کە دەبێ هەموو لایەک ڕێزی لێ بگرن و ئێمەش وەک حیزبی دێموکرات پیرۆزباییان پێ دەڵێین و هیوادارین هەنگاوەکانی دواتریش بە سەرکەوتوویی ببڕن.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر کۆماری ئیسلامی، دیارە کە حکومەتێکی وەک ئەم ڕێژیمە بەو نێوەرۆکە و بەو ماهییەتەی هەیەتی دژی ڕاپرسی لە هەرێمی کوردستانە و پێی ناخۆشە کە کورد لە باشووری کوردستان بە نواندنی ئیرادەی سیاسیی خۆیان بەم شێوازە مەدەنی و سەردەمیانەیە چارەنووسی سیاسیی خۆیان دیاری بکەن. هۆکارەکانیش ڕوون و ئاشکران: کۆماری

ئیسلامیی ئێران حکومەتێکی نادێموکراتیکە و زیاتر لە ٣٨ ساڵە ئیرادەی سیاسی لە خەڵکی ئێران زەوت کردوە و مادام ئەوە ڕەفتار و سیاسەتی لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەیەتی کە کە بەسەریاندا حاکمییەت دەکا، بڵێی چۆن دژایەتی خەڵکی هەرێمی باشووری کوردستان بکا کە دەیبینین چۆنی دەکا.

هۆکارێکی دیکەی ئەو دژایەتییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێران پێی وایە ئەگەر کورد لە باشووری کوردستان بە سەربەخۆیی بگەن، ئەوە ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی هاندانی کورد لە ڕۆژهەڵات بۆ مافخوازیی زیاتریان و ڕادیکاڵبوونی خەباتەکەیان. دیارە ئەمن لام وایە حکومەتی ئێران هەر وەک بەڕاشکاوی دژی ڕاپرسییەکە بوو، لە ڕێگەی جۆراوجۆری سیاسی و دیپلۆماتیک، دوایەش هاندانی حکومەتی عیراق و میلیشا چەکدارەکانی حەشدی شەعبی، فشاری تایبەت لەسەر سنوورەکان، دروستکردنی کێشە و گەمارۆدانی ئابووری و ڕاگرتنی بازرگانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەموو کارێک دەکا ئەو پرۆسەیە بەو شێوەیە سەر نەگرێ. بەڵام ئەگەر سەری گرت مەرج نییە پشت لە بەرژەوەندییەکانی دیکەی بکا و وەک ئەمری واقع نەیبینێ. بۆیە دەتوانم بڵێم ئەگەری زۆر گۆڕانکاری هەیە کە لە داهاتوودا ڕوو دەدەن.

**پرسیار**: تورکیە و ئێران کە لە دژبەرانی سەرەکیی ڕێفراندۆمەکەی باشووری کوردستانن، دەڵێن دژایەتییەکانیان بەوە ناوەستێ. پێشبینیی ئێوە لە پێشهاتەکانی دوایە چییە؟

**وەڵام**: دەبێ جیاوازی دابنێین لە نێوان چۆنیەتیی دژایەتیی ئەو لایەنانە لەگەڵ ئەو بڕیارە سیاسییەی هەرێمی کوردستان داویەتی. لە پێشدا ئێران. ئێران لە وڵاتەکەی خۆیدا زیاتر لە دە میلیۆن کوردی هەیە و پانتایەکی زۆر لە خاکی ئێران کوردستانە، هەروەها کورد لە ئێران ئێستاش لە سەنگەری خەبات و تێکۆشان بۆ دەستەبەری مافە سیاسی و نەتەوەیی و مەدەنییەکانیەتی، بۆیە کۆماری ئیسلامی زۆر لەوە نیگەرانە. نیگەرانی شوێنکاری ئەو گۆڕانکارییانەیە لەسەر ڕەوشی کورد لە ئێران.

هەروەها لەگەڵ ئەوەی ئیران و عێراق مێژوویەکی پڕ ئاڵۆزی و شەڕی خوێناوییان لەگەڵ یەکتر هەیە، بەڵام ئێستا بەهۆی پێوەندیی پتەوی حکومەتی ئێران لەگەڵ دەسەڵاتدارانی شیعە لە عێراق، دەستی کۆماری ئیسلامی زۆر ئاوەڵا کراوە بۆ دەستێوەردانی هەمە جۆرە لەو وڵاتە. لەم ڕووەوە ئێران نایهەوێ کوردستان وەک بەشێک لە عێراق جیا بێتەوە و ببێ بە وڵاتێکی سەربەخۆ. بەڵام ئەگەر ئەو دوو هۆیە بنێینە ئەو لاوە کە بە زیانی حکومەتی ئێرانن، ئەمن پێموایە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان لە باشوور بە زیانی ئێران نیە و بەڵکوو زۆریش بۆ ئەو بە قازانجە. چ لە ڕووی سیاسی و چ لە باری ئابووری و چ لە ڕووی ئەمنییەتی و دڵنیایی، چونکی نزیک بە ٩٠٠ کیلۆمیتر سنووری هاوبەشی لەگەڵ ئەو کوردستانە هەیە.



سەرچاوە
Serchawe

بەڵام تورکیە؛ حکومەتی تورکیەش ئەو نیگەرانییە هاوبەشەی هەیە کە سەربەخۆیی کوردەکان لە باشووری کوردستان دەبێتە هۆی هاندانی کوردەکانی باکووری کوردستان. لەو ڕوانگەیەوە تورکیە دژی ڕێفراندۆم و سەربەخۆیی باشووری کوردستانە، بەڵام لە درێژخایەندا و تەنانەت ئێستاش حکومەتی کوردستان دەتوانێ زۆر بە قازانجی وڵاتی تورکیە بێ. هەر وەک ئێستا تورکیە سنوورەکانی لە سۆنگەی حکومەتی کوردستانەوە کەم کێشەن و لە باری ئابوورییەوە ئەو هەموو گرێبەستە و هاوبەشییەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە کە لە زۆر بواری دیکەشدا پەرەیان پێ بدرێ. ئێستا دەبینین کە هەرێمی کوردستان بازاڕێکی گەورەی بۆ ورد کردنەوەی بەرهەمەکانی تورکیە دەستەبەر کردوە و تورکیە ئەو ڕاستییە زۆر باش دەبینێ. بۆیە پێموایە کاردانەوە و دژایەتیی دەوڵەتی تورکیە لەگەڵ هەرێمی کوردستان لەسەر پرسی سەربەخۆیی بۆ ماوەیەکی کەم دەبێ ئێستا زیاتر بە مەبەستی تەبلیغاتی دەکرێ و مەسرەفی نێوخۆیی هەیە.

**پرسیار**: بەڵام ئێوە وەک سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان چۆن باس لە کاریگەرییە ئیجابی و سلبییەکانی ئەو گۆڕانکارییانە لەسەر پرسی کورد لە ئێران و، هەروەها ژیانی سیاسیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و بە ڕوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەن؟

**وەڵام**: سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان لە کورت ماوەدا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان نابێ، بەڵام دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەست و سۆزی نەتەوایەتیی کورد، وەک چۆن ئەوە بە خرۆشانی خەڵک و شەپۆلی شادی و خۆشیدەربڕینەکانیانەوە دیار بوو. ئەو کارناڤاڵانە وەک بینیمان ئەگەر لەلایەک بۆ پیرۆزبایی و هاوسۆزی لەگەڵ خوشک و براکانیان لە باشووری کوردستان بوو، خەڵک وەک دەرفەتێکیش بۆ هێنانەگۆڕێی ماف و داواکان کەلکیان لێ وەرگرت.

لە پێوەندی لەگەڵ کاریگەریی نەرێنییەکانی جارێ زووە بۆ قەزاوەت کردن و نابێ وەپێش ڕووداوەکان بکەوین. سروشتییە دەوڵەتی کوردستان ئەگەر لە باشووری کوردستان ڕابگەیەندرێ کۆمەڵە مەسئولییەتێکی قانوونی و سیاسی و ئەمنییەتی و هاوسنووریی بۆ دروست دەبێ و، پێویستە وەک جیرانی باش لەگەڵ دەوڵەتانی جیران ڕەچاویان بکا. ئەوە لە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش شاراوە نییە و ئەوان بە هەستکردن بەو بەرپرسایەتییە مێژووییەی بوویانە و لە دوو دەیەی ڕابردووشدا بە نیسبەت هەرێمی کوردستان نواندوویانە، ڕەچاوی هەلومەرجی دەوڵەتی تازە دروستبووی کوردستان دەکەن. دڵنیام بەرپرسانی باڵای حکومەتی کوردستانیش کە دەزانن بزاوتی سیاسی و خەباتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵات لە چ قۆناغێک دایە و لە چ بەستێنێکدا ڕوو لە گەشەیە، ئەو پرسەیان بۆ گرینگە. بۆیە بە خەم لێخواردنی هەموو لایەک ڕەوتی گۆڕانکارییەکان دەبێ بە ئاراستەیەکدا بڕواتە پێشێ کە نە بە زیانی دەوڵەتی کوردستان بشکێتەوە و نە کپکردن و بەربەست دروستکردن بۆ بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لێ بکەوێتەوە.

**پرسیار**: چۆن باس لەو جۆش و خرۆشەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پشتیوانی لە ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری کوردستان دەکەن؟ وەک هێزێکی سیاسیی دیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەندە بەشتان بەو شەپۆلە لە مافخوازی و لەسەر هەستبوونەوەی خەڵکەوە هەیە؟

**وەڵام**: جۆش و خرۆشی خەڵکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سەرکەوتنی ڕاپرسییەکەی باشووری کوردستان لە واقعدا خرۆشانی هەستی نەتەوەخوازیی خەڵکی کوردستانە. خەڵکی کوردستان یەک نەتەوەی لێک دانەبڕاوە و چارەنووسیان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ گرێدراوی چارەنووسی یەکترە. ئەوان لە خۆشی و ناخۆشییەکانی یەکتردا هاوبەشن، بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لە کاتی کۆڕەوە ناخۆشەکەی ساڵی ۱۹۹۱ی زایینیدا - کە دیتمان چۆن باوەشیان بۆ خوشک و برا کوردەکانیان کردەوە و زۆر بەرپرسانە لە نێو ماڵ و باوەشی گەرمی میواندارێی خۆیاندا وەریان گرتن - چ لە کاتی خۆشیدەربڕینەکان بۆ ڕاگەیاندنی فیدرالی لە باشووری کوردستان، چ لە کاتی هاوخەمییەکان بۆ کارەساتی ڕووداوە تێرۆریستییەکەی یەکی شوبات و چ ئەو کاتەی بۆ پشتیوانی لە شنگال هاتنە سەر شەقام؛ هەمیشە پێشەنگ بووە. ئەمجارەشیان بینیمان کە بۆ سەرکەوتنی ڕاپرسییەکەی ۳ی ڕەزبەر بە چ جۆش و خرۆش و حەماسەتێکەوە هاتنە سەرشەقام و کارنەڤاڵی خۆشی و شادییان وەڕێ خست و تێچوویەکی زۆریشیان بۆ دا. وەک دەبینین ئێستا سەدان کەس بەو هۆیە لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە گیراون و هیوادارم خوشک و برا کوردەکانمان لە باشوور ئەو ڕۆژانەیان لە بیر نەچێ.

بۆ بەشی دووهەمی پرسیارەکەش دەبێ بڵێم کە حیزبی دیموکرات هەموو کاتێ باوەڕی قووڵی بە هێز و توانای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە و هەیەتی و هەر لە گوڕوتینی ئەوانەوە هێز و ئیلهامی وەرگرتوە. بۆخۆتان دەزانن ڕۆژهەڵات بە خەبات و چالاکیی مەدەنی جۆراوجۆر قەت نەیانهێشتووە دەنگی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان کپ و بێدەنگ بێ. ئەو خەبات و لە مەیداندا مانەوە و لەسەر هەستبوونە لە ڕوانگەی ئێمەوە ڕەهەندێک و بەشێک لە خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە بزووتنەوەی سیاسی و مەدەنیی کوردستان و بە چاوی هیوا و پشتگەرمیی زیاترەوە دەڕوانینە خرۆشانی خەڵک. دیارە ئێمە لە ڕاگەیاندراوی ڕەسمیی دەفتەری سیاسیی حیزبدا داوامان لە خەڵک کردبوو لە ڕۆژی ۲۵ی ئەیلوول (۳ی ڕەزبەر و ڕۆژی بەڕێوەچوونی ڕاپرسییەکە) لە کاتێکدا کە خوشک و برا کوردەکانیان لە باشوور لە سەر سندووقی دەنگدانن، بە وەڕێخستنی کارنەڤاڵی شایی و خۆشی لە پشتیان بن و پشتیوانیان بمێننەوە. بۆیە لەگەڵ ئەوەدا کە بەخۆشییەوە خەڵکی ڕۆژهەڵات لە سەر هەستن و خاوەنی ئیرادەی خۆیانن و چالاکانی مەدەنیش لەسەر هەست و بەپلانن، بەڵام داوای حیزبی دێموکرات یارمەتیدەری باش بوو بۆ خرۆشانی خەڵک، بۆیە ئێمەش بەشێکی باشمان لەو خرۆشانە جەماوەرییە پێ دەبڕێ.

**پرسیار**: ئەوەندەی خەڵکی کوردستان بە دڵەوە پشتیوانییان لەو ڕاپرسییە کرد، نوێنەرانیان لە مەجلیس دژایەتییان کردن و

لەبەریان وەستانەوە. ئەوە لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ؟

**وەڵام**: بەر لە هەموو شتێک ئەم هەڵوێستەیان ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوان نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵک لە حەوزەی هەڵبژاردنی خۆیاندا نین و گوتار و قسە و هەڵوێستیان تەعبیر لە ویست و داوای خەڵکی کوردستان ناکا.

ئەو جۆرە هەڵوێستانەی نوێنەرانی کورد لە مەجلیس لەسەر پرسی ئاوا گرینگ و چارەنووساز دەریدەخا کە لە حاڵەتی ئاوادا لە جێی ئەوەی ئەوان نوێنەرایەتیی بیر و هەست و داوای خەڵک بکەن، شوێنکەوتەی هەڵوێست و سیاسەتی ڕەسمیی حکومەتی تارانن و لە پێناو پاراستنی مەوقعییەتی خۆیانە ئاوا دەجووڵێنەوە. دەنا بێ گومان کەسێک کە دڵی بۆ ئازادی لێ بدا و لەگەڵ خەم و ویستی خەڵک و نەتەوەی خۆی بێ، لە مەوقعییەتی ئاوادا دەبێ ئیرادەی خۆی بنوێنێ، بە تایبەت کە هەر لە تاران و لە نێو بازنەی کەسانی نیزیک لە حاکمیەتدا هەبوون کەسانی غەیرە کورد کە هەڵوێستی زۆر باشیان هەبوو.

**پرسیار**: کاک مستەفا زۆر سپاس لەوەی دەرفەتت پێداین بۆ ئەم وتووێژە.

**وەڵام**: سپاس بۆ ئێوەش، بەخێر بێن.

لە ژمارە ٧١١ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا مەلوودی: هیندێ لە حیزبەکان ئەگەر و مەرجی نەگونجاویان هەیە کە کۆسپن لەبەردەم دروستبوونی یەکیەتیی بەکردەوەی زیاتردا



**دیمانە: مەنسوور مروەتی**

«کوردکاناڵ» لەو ڕۆژانەدا وتووێژێکی نیزیک یەک سەعاتەی لەگەڵ بەڕێز کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێنا. لەو وتووێژەدا کۆمەڵە پرسێکی وەک هەڵسەنگاندنی خەباتی مەدەنی و جەماوەریی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕێکخستن و شێوەی مودیرییەتی ئەو بزووتنەوانە، نەخش و ڕۆڵی حیزبە سیاسییەکان لە چۆنیەتیی خۆدیتنەوەیان لەو بزووتنەوانەدا و هەروەها پرسی پێوەندیی نێوان حیزبەکان و کۆسپەکانی بەردەم یەکیەتیی بەکردەوەیان چەند تەوەرێکی سەرەکیی ئەو وتووێژە بوون. «کوردستان» بەباشی زانی پوختەیەک لەو وتوێژە بڵاو بکاتەوە

**مەنسوور مروەتی:** کاک مستەفا با پێش هەموو شتێک باسێک لەو حەرەکەتانەی ئەو دواییانە بکەین، ئەوەی لە بانە و سنە و بۆکان و شارەکانی دیکەی کوردستان بەبۆنەی ڕێفراندۆمەکەی باشووری کوردستان کرا، ئەو حەرەکەتانە خۆڕسکن یان ڕێکخستنی حیزبەکانی لە پشت؟

**مستەفا مەلوودی:** جارێکی دیکەش دەسخۆشی لە خەڵکی ڕۆژهەڵات و لەو کەسانە دەکەم کە ئەو حەرەکەتانە ڕێک دەخەن. ئەو حەرەکەتانە حەرەکەتێکی تازە نین لە خەباتی سیاسی و مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەو حەرەکەتانە لەلایەن چالاکانی مەدەنی، خەڵکی ئاگا و وشیار و لەسەر هەستی ڕۆژهەڵات بەرنامەی بۆ دادەنرێ و هیدایەت دەکرێ و خەڵکیش بە متمانەوە دەچنە پشتیان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین نەخشی حیزبەکان بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان لە

تەواوەتیی ئەو جووڵە سیاسی، کۆمەڵایەتی و مەدەنییانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێن نادیدە بگرین.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ ڕاپرسییەکەی باشووری کوردستاندا و ئەو ڕۆژەی خەڵک لێرە چووە سەر سندوقی دەنگدان، داوای لە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد لەو ڕۆژەدا ئەوانیش بە وەڕێخستنی کەرنەڤاڵی شادی و خۆشی شوێنکاری خۆیان هەبێ لە پرسێکی سیاسیی گرینگدا کە پێوەندیی بە چارەنووسی نەتەوەیەکەوە هەیە. بۆیە ئەم حەرەکەتانە بەشی هەموو لایەکی پێوەیە، بەشی هێزە سیاسییەکان و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانیش، کەواتە نەخش و دەوری حیزبەکان و چالاکانی مەدەنی و لەسەر هەست بوونی خەڵکی ڕۆژهەڵات هەمووی پێکەوە ئاراستەی بەرەوپێشچوونی ئەو خەباتەن.

**مەنسوور مروەتی:** جەنابت ئەمە بە کاری هاوبەشی چالاکانی نێوخۆ، خەڵک بە گشتی و حیزبەکانی دەزانی. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە مودیریەت و دوایە هەڵسەنگاندنی دەرەنجامەکان، ئەوەی کە بکرێ ئیمتیازێک لە حاکمیەت وەربگیرێ یانی دواتر ڕەنگدانەوەیەی دیاری هەبێ، ئەوە کێ دەیکا؟

**مستەفا مەلوودی:** ئەمن پێموایە هەلومەرجی سیاسی و بارودۆخی ئەمنیەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وایکردوە کە جیاکارییەکی بەو شێوەیە لە نێو حەرەکەت و بزووتنەوەی سیاسی و مەدەنی ڕۆژهەڵاتدا دابنێین، دەنا بە گشتی کار و تێکۆشانی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەڵسووڕانی چالاکانی مەدەنی و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەواوکەری یەکترین. چوون لە هەموو ڕەهەندەکاندا ئەوەی دەکرێ بەرجەستەکردنی داوا و مافە سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی کوردستانە. سروشتییە چەندی هەماهەنگیی نێوان ئەو لایەنانە زیاتر و تۆکمەتر بێ، ئەوەندەش ئاکام و دەسکەوتەکان بەرهەستترن.

**مەنسوور مروەتی:** کاک مستەفا جەنابت نەتشاردەوە کە پشکی شێرەکە بە خەڵک دەدەی و ئەو چالاکانەی کە لە نێوخۆن، بەڵام حیزب هەیە هەمووی بە ئی خۆی دەزانێ و دەڵێ ئەوە هەموو ئێمە کردوومانە. ئەم قسەیەی جەنابت زۆر لەگەڵ بۆچوونی حیزبەکانی دیکە نایاتەوە.

**مستەفا مەلوودی:** ئەمن قسەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەم. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مێژووی ٧٢ ساڵ خەبات و بە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەموو هێز و توانای لە خەڵکەکەی وەرگرتوە. ڕەنگبێ زۆر جار غیابی حیزبە سیاسییەکان لە هەندێ پرسدا دەرکەوتبێ، بەڵام خەڵکەکە قەت لە حەرەکەت نەکەوتووە و هەموو دەرفەتێکی قۆستۆتەوە تا پیشانی بدا کە میللەتێکی زیندوو و لەسەر هەستە. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان



سەرچاوە
Serchawe

ناتوانێ و ناکرێ نەخشی خەڵک نەبینێ و پێچەوانەی ئەوە بە غەدر لە مێژووی خۆی و غەدر لە ئامانجەکانی خۆی دەزانێ.

لە هەموو مەیدانەکانی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دژی کۆماری ئیسلامی خەڵکی کوردستان لە پشتی ئەو حیزبە بوون، بە تایبەت لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا. بۆیە حیزبی دیموکراتیش گرینگیی زۆر بە نەخش و ڕۆڵی خەڵک دەدا و هەر ئەوەی کە کوردکاناڵ هەر حەرەکەتێکی مەدەنی و ئیعترازیی خەڵک بەو شێوەیە بەرجەستە دەکا، ئەوە دڵنیایی و قووەتی قەلبێکی زۆرتری داوە بە حەرەکەتەکە.

**مەنسوور مروەتی:** کاک مستەفا ئاماژەت بەتایبەتی بە ١٠ ساڵ ڕابردووی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ١٠ ساڵەی ڕابردوودا زۆر باسی ئەوەی کردووە کە ئێمە دەبێ خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی بە جەماوەری بکەین و زیاتر گرینگی بە چالاکییەکان لە نێوخۆی وڵاتدا بدەین. تا چەند لە کاری خۆتان ڕازین و پێتان وایە تا چەند ئەو جموجۆڵانە مۆرکی حیزبی دێموکراتیان پێوەیە؟

**مستەفا مەلوودی:** جارێ با لە پێشدا زوڵم لە حیزبی دێموکرات و لە مێژووی ٧٢ ساڵەی نەکەین کە هەمیشە و بەردەوام گرینگی و بایەخی بە حەرەکەت و چالاکی و تێکۆشانی مەدەنیی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵات داوە، بۆیە ئەو ١٠ ساڵە زیاتر بەرچاوە چونکی لە جێدا سەردەمەکە و جۆری خەبات و تێکۆشانەکە گۆڕاوە. ئێستا دەرفەتەکە بۆ خەڵک لە زۆر بارەوە چاکتر ڕەخساوە و خەڵکیش باش و دروست ئیستفادەی لێ کردوە. یانی ئەگەر پێش ٢٠ - ٣٠ ساڵ لەوە پێش بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخ و هەلومەرجی حیزبەکان دەرفەتی خۆنواندنیان زۆرتر بوو و زیاتر دیار بوون؛ نەخشەکە زیاتر بە حیزبەکان دەدرا و ئێستا وەزعەکە بە جۆرێکە خەڵک نەخش و ڕۆڵی زیاتر دەبینێ. ئێمە دەبێ هەر دوو بەشەکە ببینین، هەم تێکۆشانی ڕەوتە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن و هەم چالاکی و بزووتنەوەی سیاسی کۆمەڵایەتیی خەڵک کە ئامادەن تێچووی زۆر و قورسیشی بۆ بدەن.

**مەنسوور مروەتی:** کاک مستەفا باست لەوە کرد کە هەموان دەبێ پێکەوە کار بکەین و مودیریەتی بزوتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین. با بە سەراحەت بیڵێین هەر ئەو دە ساڵە خەڵک بەردەوام داوایان لە حیزبەکان کردووە یەکبگرن و یەکیش ناگرنەوە. بەو دۆخە چۆن مودیرییەتی ئەم جموجۆڵانە دەکرێ؟

**مستەفا مەلوودی:** ئەو بەشە لە گلەیی خەڵک کە بۆ حیزبەکانیان لەت بوون و دابەش بوون ڕەوایە و حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتیش حەقە ئەو گلەییەی خەڵک بە هێند بگرن و لە پرۆسەی بردنەپێشێی کاری خۆیاندا گرینگی و بایەخی

پێبدەن. با لەو پێوەندییەدا قسەیەک بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەین. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەردووک حاڵەتدا باش جووڵاوەتەوە، یەکەم ئەوەی لە دە ساڵی ڕابردوو بە تایبەت پێنج ساڵی ڕابردوودا شێلگیرانە هەوڵی داوە بۆ ئەوەی حیزبی دێموکرات بکەوێتەوە سەر یەک. پرۆژەمان بووە و مایەشمان لە خۆمان داناوە. دیارە ڕاستە کە هەوڵەکان هێشتا بە ئاکام نەگەیشتوون، بەڵام هەنگاوی باشمان بەرەو پێش ناوە.

لە بوارەکەی دیکەشدا، واتە لە ئاستی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا لەگەڵ حیزبەکان یەک و دوو، یان بە تێکڕاش هاوکاریی مەوریدیمان بووە کە یارمەتیی کردوە بە پڕۆسەکە، بەڵام پێویستە بیبەینە مەیدانێکی بەربڵاوتر و کاراترەوە.

**مەنسوور مروەتی:** بەڕێز کاک مستەفا بەڵام هەموو لایەنەکان هەر ئەو قسەیە دەکەن و باس لەو زەروورەتە دەکەن، ئەدی کەی ئەوە وەدی دێ؟

**مستەفا مەلوودی:** هەر ئەوەی کە هەمووماڹ بە بایەخەوە باسی دەکەین و لامان گرینگە، ئەوە خاڵێکی موسبەتە، بەڵام ئەمن پێمخۆشە ئەوەش بڵێم کە هێندێک لە حیزبەکان هێندێ مەرج و ئەگەریان هەیە کە گونجاو نین و لە جێی خۆیاندا نین. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو مەرجانەی نین، هەر بۆیە هەنگاوێک لە حیزبەکانی دیکەی لەپێشتر دەزانم. هەر ئەوەی کە ئەو کێشانەی نێوان حیزبەکان بنەبڕ نابن، بۆ ئەو شەرت و شرووتە بێ جێیە دەگەڕێتەوە کە لە نەزەر منەوە بە قازانجی ئەو حیزبانەش نییە و لە تەواوەتیی خۆیدا بە زیانی هەموو لایەکمانە. بەڵام بەو حاڵەش من ناهۆمێد نیم.

**مەنسوور مروەتی:** دەکرێ بفەرمووی ئەو شەرت و شروتە چین کە باست کرد؟

**مستەفا مەلوودی:** مەسەلەن حیزبێک پێیوایە مەسەلەن فڵان حیزب نابێ ئەو ناوەی لەسەر بێ کە ئەو ناوە بە جۆرێک وێکچوویی لەگەڵ ناوی ئەو هەیە، لە حاڵێکدا ئەگەر بێین مەنتیقی قانوونی چاو لێ بکەین ناوەکان ئەوەندە جیاوازیی دیار و قانوونییان هەیە کە نەتوانی کۆسپ بێ. ئەوە نموونەیەکە...

بمبوورە دێمە نێو قسەکەت، ئەوە بۆ ناوە و لە نێوان دوو حیزب دایە. بەڵام مەسەلەن حیزب هەیە ڕوانگەیەکی ئیدۆلۆژییانەی بۆ پرسە سیاسییەکان هەیە و پێی وایە فڵانە حیزب کە مەسەلەن ڕوانگەیەکی ئیسلامیی هەیە نابێ لەگەڵ ئەو دانیشێ.

ئەو کۆبوونەوانەی لەو ماوەیەدا بوومانە مەگەر لە حاڵەتێکدا دەنا کەمتر سێبەری ئیدۆلۆژیی حیزبەکانی بەسەرەوە بووە،



سەرچاوە
Serchawe

ئەوەی زیاتر کۆسپ بووە هاوکارینەکردنی ئەو حیزبانە لەگەڵ یەکترییە کە پێشتر یەک بوون و دوایە لەت بوون. بۆ نموونە لە نێو ئەو حیزبانەی کە پێکەوە کار دەکەین سازمانی خەبات هەیە کە لە ڕابردوودا باکگراندی ڕەوتێکی ئیسلامیی هەبوو، بەڵام دەبینین لە کار و بەرنامەدا نەتەوەیی دەجووڵێتەوە. دیسان خۆ ئەگەر هەموو حیزبەکان لە باری ئامانج و فیکر و ڕێبازەوە هەموو شتێکیان یەک بێ، ئەوە دەبێ بە یەک حیزب. بۆیە من پێم وایە قەت نابێ ئەوە ببێتە کۆسپ، خۆ ئەگەر کۆسپیش بێ هەر حیزبە و بە ئەزموونێکی زۆری سیاسی ئەگەر نەتوانین بەسەریدا زاڵ ببین؛ ئەدی چۆن دەتوانین پرۆسەیەکی قورسی خەباتی سیاسی بۆ ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەکەمان ڕێبەری بکەین و بیبەینە پێشێ؟

**مەنسوور مروەتی**: کاک مستەفا دەمەوێ شتێکی دیکە باس بکەم، ئەوەی کە پرسیار یا ڕەخنە و گلەیی خەڵک یان چاوەدێرانی سیاسی و بە تایبەتی خەمخۆرەکانی حیزبی دێموکرتە. ئەوەی کە دەڵێن ساڵانێکە هەوڵ دەدرێ لە غرووری خەڵکی ڕۆژهەڵات دەدرێ. ئەوەی کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەخرێنە پەراوێزەوە. با ڕێوڕەسمی ناشتنی بەڕێز مام جەلال وەک دوانموونە بێنمەوە، وانییە؟

**مستەفا مەلوودی**: ئێمە وەکوو حیزبێکی سیاسیی واقعبین دەرکی هێندێک بابەت و واقعییەتەکان دەکەین. ڕاستییەکەی وایە کە ئێمە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەر مولاحیزاتێکی سیاسی کە حیزبەکانی باشوور هەیانە لەگەڵ ئێران، زۆریان ڕیعایەت دەکەین کە شەرت نییە وابێ و زۆریش دروست نییە وابێ. لام وایە جێگە و پێگەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لەو شوێنانە تا ئەو جێیەی کە زیان بە پێوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و دراوسێکەی نەگەیەنێ، دەبێ دیار و بەبایەخ بێ. دیارە ئەو لەتبوونانەی ساڵانی ڕابردووی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتیش کاریگەریی سلبیی خۆی بووە. کەواتە ئەگەر لەلایەک هۆی سەرەکیی ئەو بابەتە ملاحیزەی زیادە لە حەد و پێویستی هەرێمی کوردستانە، لایەکی دیکەشی بۆ ناتەبایی و پرش و بڵاوی خۆمان دەگەڕێتەوە.

**مەنسوور مروەتی**: باشە خەڵک ئەو کەمایسیە دەبینێ، باشتر نییە ئێوە گرینگیی زیاتر بدەن بەو بەشە؟

**مستەفا مەلوودی**: ئێمە لە دانیشتنەکانمان لەگەڵ یەکتریشدا ئەو باسانە دەکەین و ڕەخنە لە خۆمان دەگرین. وردەکێشەکانی نێوانمان بەداخەوە تا ئێستاش ڕێگر بووە لەوەی پلاتفۆرمێکی هاوبەشمان هەبێ و زمانحاڵێکی هاوبەش و یەکگرتوومان هەبێ بۆ ناساندنی بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەتا نەگەینە ئەو ئەنجامەش هەر لایەنە و بە جیا کاری خۆی دەکا و بە لایەکدا دەڕوا، بەڵام ئەگەر بگەینە ئەوەی پلاتفۆرمێکی هاوبەشمان هەبێ و لە ژێر چەترێکی هاوبەشدا بین، ئەوکات ئەم خوێندنەوانە جۆرێکیتر دەبن.



سەرچاوە
Serchawe

**مەنسوور مروەتی:** هەڵبەت سیاسەتی پەراوێزخستنی ڕۆژهەڵات ناگاتە هیچ کوێ. هەر لە جەنگەی پێشوازی لە ڕیفراندۆمەکەی باشوور دیمان کە بە سەدان هەزار کەس ڕژانە سەر شەقامەکان و دروشمیان دا «قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە». ئەوە لە جێی خۆی، بەڵام پێت وانییە کە ئەگەر ئەو کەلەبەرەی نێوان حیزبەکان زیاتر بێ مەجال بۆ دەستێوەردان و تەماح بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هێزەکانی دیکەوە دروست دەبێ؟ پێت وانییە دەبێ جارێکی دیکەش دەست بە دانیشتنەکانتان بکەنەوە؟

**مستەفا مەلوودی:** لام وایە ملاحیزاتی سیاسیی ناوچە پێمان دەڵێ هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە هەموو بەشەکان بە دەستێوەردانی نامەسئولانە وانەکەن زیان بە بزووتنەوەی سیاسیی بەشەکەی دیکە بگەیەنن. جیا لەوە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ خاوەن و بێ مێژوو و بێ کەسایەتیی خۆی نییە تا ئەگەر لایەنێکی سیاسیی دەرەکی نیازی ئەوەی هەبێ بە ئاسانی بتوانێ خۆی تاقی بکاتەوە. دیارە دەبێ بۆ خۆشمان ئاگامان لەوە بێ و بۆ ئەوەی خاوەنی هەڵگرتنی ئەو مێژوو و ئیعتبار و کەسایەتییە بین، هیچ کاممان بە تەنیا ناتوانین مەیدانداری بکەین، کەواتە دەبێ بە هەموومان کارەکە بکەین. دیارە باسمان کرد کە دانیشتنو گەیشتن بە ئاکامێکی دڵخواز وەزیفەیەکی سیاسییە لەپێش دەمی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە و حیزبی دێموکراتی کوردستانیش کەمتر لە هیچیان بۆ ئەو مەبەستە ماندوو نەبووە. هەڵبەت دیسان دەڵێم کە دەبێ بە سەر کۆسپەکانی بەردەمماندا زاڵ بین.

**مەنسوور مروەتی:** کاک مستەفا جەنابت وەک کەسی یەکەمی حیزبی دێموکرات لەو قۆناعەی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چی بە خەڵک دەڵێی کە خۆت فەرمووت بە پێشەنگیان دەزانی. چی بەو حیزبانە دەڵێی کە ڕەخنەت لێ گرتن و چاوەڕوانیت لێیان هەبوو؟

**مستەفا مەلوودی:** ئەگەرچی ئەوەی دەیڵێم چەند پاتەیە، بەڵام دیسانەکەش سپاسی خەڵکی خۆمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم، بە تایبەت پێشەنگەکانی خەباتی جەماوەری و مەدەنی. حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرمایەی مەعنەویی ئەو خەڵکەیە و میللەتیش بە سەخاوەتەوە ڕۆڵەکانی بەو حیزبە بەخشیوە. بزووتنەوەی سیاسی و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئۆمێد و پشتبەستن بە خەڵکی خۆی دەستی پێ کردوە و جێی خۆشحاڵییە کە دەبینین خەڵکیش قەت حیزبەکەی بێ هیوا نەکردوە و سەنگەرەکانی حیزبی دێموکرات لە هیچ ئاستێکدا و قەت لە کوڕان و کچانی وڵات خاڵی نەبووە و ئەوە جێگای قەدرە.

دوایە پێویستە بڵێم ئەو تێکۆشانە مەدەنی و کلتووری و فەرهەنگییەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە، لە بەتنی خۆیدا سیاسییە و ڕەهەندێکی دیکەی خەباتە و خەڵکی ئێمە چاکی دەست پێ کردووە. هیوادارم بە وردبینیی زیاتر و بە مودیرییەتی باشتر و ئازایەتیی و بوێریی پترەوە درێژەی هەبێ و لەو ئیدامەدانە دەتوانێ بزووتنەوەی سیاسیی ئێمە زۆر



سەرچاوە Serchawe

بەرێتە پێشێ. نەخش و جێگەی حیزبەکانیش لەو جموجۆڵانەدا دیارن و حیزبەکان لەسەریانە کە یارمەتیدەری ئەو بزووتنەوانە بن بۆ ئەوەی لە فۆرم و هەروەها ئامانجدا کارەکانی بەباشی بباتە پێشێ. خەڵک نابێ ماندوو بێ لەو ڕەوتەی دەستی پێ کردوە و یەکیەتی و کاری بە کردەوەی حیزبەکانیش یارمەتی دەدا دەسکەوتەکان زیاتر بن.

**مەنسوور مروەتی:** ئەوە ڕوو بە خەڵک بوو، با پرسیارەکەم تیکراری بێ، بەڵام ئەدی ڕوو بە حیزبەکان؟

**مستەفا مەلوودی:** وەک باسمان کرد ئێمە ساڵێک پێش ئێستا ڕاستەوخۆ سەردانی هەموو ئەو حیزبانەمان کردووە کە لامان وایە بەیەکەوە دەتوانین پڕۆسەیەک بەرینە پێشێ و داوامان لێ کردوون با بێین لە دەوری پلاتفۆرمێکی هاوبەش بۆ کار و هاوکاریی هەمەلایەنە لە ئەموو ئاستەکاندا کۆ بینەوە، چ لە هەرێمی کوردستان کە ئێستا واقعی حاڵ وایە و ئێمە مەرکەزیەتەکەمان لە هەرێمی کوردستانە، چ بۆ کۆمەک کردن و هیدایەتکردنی بزووتنەوە سیاسی و مەدەنییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی ببین بە زمانحاڵی میللەتەکەمان لە تاراوگە و لە هەموو زەرفییەتەکان بۆ بردنە پێشێی پرسی کورد کەلک وەرگرین.

بۆیە داوایان لێدەکەم ئەو شتە ورد و چووکانە کە لە خۆڕا وەختی خۆمانی پێوە دەگرین و خۆمانی پێوە ماندوو دەکەین و تەنانەت دەبێ لەوە نیگەران بین کە نائومێدیشی پێ دروست دەکەین، با لەوانە واز بێنین. لە سبەینێ زووتر نییە. با لە دەوری یەک کۆببینەوە و ئەمن پێم وایە هەمووومان ئەو ئیستعدادەمان تێدا درووست بووە و هەمووومان ئەو نیازە دەرک دەکەین کە بە یەکەوە دەتوانین کاری گەورە بکەین. ئەوە ڕاستییەکە کە هیچ کامان بە تەنیا ناتوانین ئەو نەخشەمان هەبێ کە خۆمان ئارەزووی دەکەین، کەوایە دەبێ بێینە سەر واقعییەتەکان و دەبێ بە یەکەوە کار بکەین. بۆ ئەوەش ئێمە ئامادەین و درێژە بە هەوڵەکانیشمان دەدەین و هیوادارم هاوڕێیانمان لە حیزبەکانی دیکەش هەر بەو نەفەسە و هەر بەو ئیحساسی مەسئولییەتەوە بێینە پێشێ، بەڵکوو بتوانین لانیکەم هەر ئەمساڵ ئاکامی باشی لێ وەرگرین.

**مەنسوور مروەتی:** زۆر سپاس کاک مستەفا بۆ ئەوەی کاتت بۆ ئەم دیمانەیە دانا.

**مستەفا مەلوودی:** سپاس بۆ ئێوەش.

(لە ژمارەی ۷۱۲ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ۲۳ی ئۆکتۆبەری ۲۰۱۷



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا مەولوودی: ئێران ٣٨ ساڵە ئۆپۆزسیۆن ئەزیەت دەکا و دەکوژێ




**مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم گفتوگۆیەی ئاوێنەدا دەڵێت: "لەکۆنگرەدا هەر ئەندامێکی کۆنگرە، حەقی ئەوەی هەیە خۆی کاندید بکا و ببێتە ڕێبەری و دوایەش سکرتێری حیزب، جا ئەوە مستەفا هیجری بێ، یاخود هەر هاوڕێیەکی دی".**

### ئا: ئامانج

**ئاوێنە**: ١ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ بەیاننامەیەکتان بڵاو کردووەتەوە سەبارەت بەپەلاماردانی عەفرین لەلایەن سوپای تورکیاوە، ئەوەی جێگای سەرنجە لەڕاگەیاندنەکەی ئێوەدا بەهیچ جۆرێک باسی: (پەیەدە)، (یەپەژە)، (یەپەگە)، سوپای سوریای دیموکرات (قەسەدە) نەکراوەو ناوی ئەو هێزانەتان نەهێناوە، مەبەستتان لەناونەهێنانیان چییە؟

**مستەفا مەولودی**: ئێمە بەیاننامەیەکمان لەو بارەیەوە بڵاو کردەوەو هێرشی دەوڵەتی تورکیامان بۆ سەر عەفرینو تێکۆشەرانی کورد ئیدانە کردوە، داوامان لەکۆمەڵی نێودەوڵەتی کردوە، بەهانای خەڵکی عەفرینەوە بچێت، بۆ ئەوەی کارەساتێکی تری وەک ئەوەی لەکۆبانێو موسڵ ڕووی دا دووبارە نەبێتەوە، ئەوەی ناوی ئەو هێزانە نەهاتوە مەبەستی لە پشت نییە، ئێمە لەبنەڕەتدا هێرش بۆ سەر عەفرینو تێکۆشەرانی ئەو شارەمان ئیدانە کردوە.

**ئاوێنە**: سیاسەتی ئێران لەو پێوەندییەدا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**مستەفا مەولودی**: لەنەخشەڕێگای ئێراندا دەگوترێ کە هێرشی تورکیای پێ باش نییە، لەو بارەیەوە ئێران داوا دەکات هەر چی زوە ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێتو دەوڵەتی تورکیا هێرشەکە رابگرێت، بەڵام ئەو سیناریۆیانەی لەبەر دەستدان، بۆچوونی دەوڵەتانی حاکم بەسەر کوردستاندا، لەبەرانبەر کێشەی کوردستاندا هەموو بەزەرەری کوردوو بزووتنەوەی کوردیدا دەشکێنەوە، بۆیە دەتوانم بڵێم، سیاسەتی ئێران بە هەر دوو لادا دەشکێتەوە. وەک ئەوەی لەسەرەوە بڵێت هێرش مەکەنو داوا بکات بەگفتوگۆ کێشەکان چارەسەر بکرێت، هەم لەژێرەوە پێی ناخۆش نەبێت، دەسەڵاتی سیاسیی کوردی لەو ناوچەنەدا لاواز بکات، کە بەزەرەری بردنە پێشەوەی بزووتنەوەی کوردی ئەژمار دەکات.

**ئاوێنە**: بەشێک لەسکرتێرو دەفتەری سیاسیی بەتایبەت (ئەنەکەسە)، ئیبراهیم برۆ، سەعد مەلا... هەموویان گوتیان، ئامادەین بەشداریی خەباتو تێکۆشان دژی تورکیا بکەین، بەڵام پەیەدە رێگا نادات، تەنانەت دەڵێن ئەوەی رژێمی بەشار ئەسەد نەیتوانی بەئێمەی بکات، ئێستا پەیەدە پێمان دەکاتو سەرکردەکانمان دەکاتە زیندانەوە، هەست ناکەیت گرفتێک هەیە، گوتارێکی گشتیی نیشتیمانیی نەتەوەییی یەکگرتوو لەنێوان هێزە سیاسییەکاندا نییە بەهۆی پەیەدەوە؟

**مستەفا مەولودی**: یەکەم ئێمە راستەخۆ لەمەیدانەکەدا نیین تا بەکرداری بزانین، کام هێزی سیاسی لەمەیداندایەو کام لەهێزەکان بەربەستو کێشەی بۆ دروست دەکات، بەڵام ئەوەی دەیخوێنینەوە، بەڵێ بەداخەوە کێشە لەنێوان هێزە سیاسییەکانی ئەوێدا هەیە، هەر ئەمەیش دەتوانێت ببێت بەیەکێک لەبەڵگەکان، بۆ ئەوەی دوژمنان تەماع لەکوردستاندا بکەن، وەک ئەگەر ئەگەرێکی بەهێزە، ناکۆکی دروست بکەنو هێرش بکەن، بەڵام بەبۆچوونی من زیاتر بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێزو ئەو هێرشانەی لەسەر ئەو ناوچانە دەکرێن، کاریگەریی هەیە تا کێشەی نێوان دوو حیزبی سیاسیی کورد لەوێ، بەتایبەت کە لایەنێکیان چەکدار نییە، تا بڵێن کێشەی گەورەی دروست کردوە، کە ئەو کێشە گەورەیە ببێت بەهۆکاری دروستبوونی ئەو شەڕەو ئەو نیگەرانییەی ئێستا هەمووومان هەمانە.

**ئاوێنە**: لەخۆپیشاندانەکانی ئێراندا لە١٦ای بەفرانباری ١٣٩٦ لەو بارەیەوە بەیاننامەیەکتان بڵاوکردوەتەوە، ئەوەی جێی سەرنجە، حیزبی دیموکراتی کوردستان بەبایەخەوە باسی بەشداریی خەڵکی لەخۆرهەڵاتی کوردستان لەخۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەدا کردوەو یەکڕیزیو یەکگرتوویی خەڵکتان بەگرینگ هەڵسەنگاندوە لەخۆپیشاندانەکاندا، بەڵام نایەکگرتوویی هێزەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان، کە تا ئێستا نەیانتوانیوە گوتارێکی هاوبەشیان هەبێت بۆ خۆپیشاندەرانو خەڵکی کوردستان؟ پێتانوایە ئەم رەخنەیە چۆن چارەسەر دەکرێت لەداهاتوودا؟

**مستەفا مەولودی**: خەڵکی کوردستان گلەییی لەئێمە هەیەو پشتگیریی دەکەین، نەک هەر ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان، حیزبەکانی تریش لەلێدوانەکانو نووسراوەکانیاندا ئەو گلەییەیان لەحیزبەکانی خۆرهەڵات هەیە، کە وەک پێویست وەڵامی داواکاریی خەڵکیان نەداوەتەوە بۆ یەکێتیو هەماهەنگیو بەیەکەوەبوون، لەو بارەیەشەوە هەمووومان چەند

ساڵێکە هەنگاوێکمان دەست پێ کردوە تا بتوانین کۆدەنگییەک لەنێوان هێزە سیاسییەکانی خۆرهەڵاتدا دروست بکەن. بەخۆشحاڵییەوە لەو ماوەیەدا خەریکە بەرهەمی ئەو کارو هەوڵو ماندووبوونە دەردەکەوێت، سێ هەفتە لەمەو بەر بانگهێشتمان کردن، حیزبەکان بەخۆشحاڵییەوە بەشدارییان کرد، هەر لەوێ ڕێکارێکمان دانا، ئەم ڕێکارە بەردەوامە، ناوەندێکی هاوکاریی حیزبەکانی خۆرهەڵات لەئارادایە بۆ بەردەوامبوونی کار بەیەکەوەو بۆ وەڵامدانەوەی ئەو نیازە، بەپلاتفۆرمو لەژێر چەترێکی هاوبەش بین، لەو بڕوایەدام جێگەی دڵخۆشییەو ئومێدی لێ دەکرێت هەموومان بەهەستی بەرپرسیارێتییەوە بتوانین لەسەرکەوتنی ئەو پرۆسەیەدا نەخشمان هەبێت، هەم جێگەی دڵخۆشیی خەڵک دەبێت، هەم خەڵک بەئیرادەتر دەکات لەو ڕووداوانەی ڕوویان داوەو ناڕەزاییی خەڵک دەستی پێ کردوەو کۆتاییی نەهاتوە، کۆمەک دەبێت بۆ یەکێتیی زۆری نێوان بەشە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی ئێرانو کوردستان.

**ئاوێنە**: باس لەوە دەکرێت ئەمەریکاو ئیسرائیلو بەشێک لەوڵاتانی عەرەبیو یەکێتیی ئەورووپا بەجۆرێک لەجۆرەکان دەستیان لەسازدانی ئەو خۆپیشاندانانەدا هەبووە، تا چەند پشتگیریی ئەوە دەکەیت، کە ئەمەریکاو وڵاتان ئامادەسازییان نەکردوە بۆ خۆپیشاندانەکان، ڕاستە پشتگیریی میدیاییان کردوە. لەو بارەیەوە پێت وایە ئەوە دروستە؟

**مستەفا مەولودی**: من پشتگیریی ئەو بۆچوونانە دەکەم، وڵاتانی دەرەوە بەلەبەرچاوگرتنی بەشمەینەتیی خەڵکی ئێرانو زۆرداریی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران پشتگیرییان لەداوای ڕەوای خەڵکی ئێران کردوە، داوایشیان لەئێران کردوە کێشەی خەڵکی ئێران لەڕێگەی ئاشتییانەوە چارەسەر بکات، ئەوەی تر کە هەیە دوژمنداتاشینو سیناریۆ دروستکردن لەحکوومەتی ئێراندا کاری یەکەم جار نییە، هەمیشە دوژمنی دروست کردوە بۆ ئەوەی ئامانجەکانی خۆی پێ بپێکێو خەڵکی ئێران لەو ڕێگەیەوە بچەوسێنێتەوە، بۆیە لەو بارەیەوە ئەگەر بەرپرسێکی ئێران قسەیەکی کردبێت، بەڵام پیاوێکی کاریگەر لەئێراندا وەک محەممەدی خاتەمی ڕاست دەکات، ئەو کێشانە کێشەی ناوخۆیی ئەو کۆمەڵگەیەن، سەرۆک کۆمارو کارمەندو هەندێک پەرلەمانتار وا دەڵێن، بەڵام واقیعەتی ئێستای ناو ئێران کێشەی زۆرە، کە خودی حکومەتی ئێران بۆ خەڵکی ئێرانی دروست کردوە، ناڕەزایی خەڵکی ئێران لەو ٣٨ ساڵەدا زۆرو کەم هەبوە، بەڵام ئێستا زۆرترو بڵاوتر بوە، ئەو ناڕەزایییانە بەردەوام دەبن بەشێوازێکی جۆراوجۆر بۆچی:

**یەکەم**. ئەوەی حکومەتی ئێران نایەوێت کێشەکان چارەسەر بکات

**دووهەم**. ئەگەر بیەوێت چارەسەریان بکا، ناتوانێت نە لەڕووی سیاسییەوە، نە لەبواری ئابووریو داراییەوە، هەتا ئەو کێشە گەورانەی کە حکوومەتی ئێران بۆ دونیای دەرەوە بەناوی دەستتێوەردانی لەوڵاتانی تر دروستی کردوە، ئەوە کێشەیەکە بۆ خەڵکی ئێران.

**ئاوێنە**: قسەیەک هەیە کە "واشنتۆن ڕۆڵی گەورەی هەیە لەدەستتێوەردان لەوڵاتانی ناوچەکە لەعێراق، سووریا لەڕابردوودا لەئەفغانستانو وڵاتانی بەهاری عەرەبی: لەتونس، لیبیا، یەمەنو لەمالی، بەڵام قسەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەوەیە ئەڵتەرناتیڤێک لەناو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی نابینن، ئۆپۆزسیۆنی خۆرهەڵاتی کوردستان ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتوو نییە، لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بەگشتی یەکگرتوو نییە، پێت وا نییە ئەو قسەیەی ئەمەریکا جیدیەو راستیی تێدایە کە ئێوە نەبوونەتە ئەڵتەرناتیڤ، ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بەکوردو بلوچو تورکمانو هێزەکانی تر نەبوونە ئەڵتەرناتیڤ؟

**مستەفا مەولودی**: ئەمەریکا لەناوچەکەدا کاریگەریو ڕۆڵی هەیە، ئەم کاریگەرییەی لەسەر ئێرانیش هەیە، ئۆپۆزیسیۆنی ئێران نایەکگرتووە، روون نییە تا خەڵکی ئێران بەهەموو پێکهاتەکانییەوە رووی تێ بکەنو بڵێن ئەوە ئەڵتەرناتیڤی دوارۆژی ئێمەیە لەبەرانبەر حکوومەتی کۆماری ئیسلامی، بەڵام بەبۆچوونی ئێمە نابێت لەو بارەیەوە زۆر گلەیی لەهێزە سیاسییەکان یاخود لەکەسایەتییە سیاسییەکان یان لەخەڵکی ئێران بکەین، چونکە حکوومەتی ئێران ٣٨ ساڵە ئۆپۆزسیۆنی خۆی لەناو دەباتو دەیکوژێت، ئەنجامی یەکێک لەتوندو تیژییەکانی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر خەڵکی ئێران نەهێشتنی ئۆپۆزسیۆنە.

کێشەیەک لەئێران هەیەو خەڵکی ئێران هەستی پێ دەکات، هێزە سیاسییەکانو ئێمەیش هەستی پێ دەکەین، پێم وایە هەلومەرجەکە بەجۆرێکە خەڵکی ئێران تواناو ئازایەتیی ئەوەیان هەیە ئۆپۆزسیۆن لەدەوری یەکتر بنو یارمەتیدەر بن، بۆ کۆبوونەوە ئەدرەسێکی بەو جۆرە دروست بکەن لەبەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا راوەستێو ئاییندەیەکی روون دەستنیشان بکات.

**ئاوێنە**: ڕۆژی ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٦ بەرانبەر بە ٢٠ - ١ - ٢٠١٨ پێنج حیزبی خۆرهەڵاتی کوردستان: کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستان، سازمانی خەباتی کوردستانو کۆمەڵەی شۆرشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان سەبارەت بەپێکهێنانی (ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان) راگەیاندنێکتان داوە، پێکهێنانی ئەم ناوەندە چییە، ئەم فۆرمەڵبەندییە چۆن دروست بوە، وەک ئەو هەموو بەرەو پێکهێنانو دانیشتنەیە، کە لەڕابردوو کردووتانەو ماوەیەک درێژە دەکێشێو هەڵدەوەشێتەوە، یاخود ئەم جارە بەجیدیتانە؟

**مستەفا مەولودی**: لەسەرەتاوە هەر بەجیدیمان بوو، چونکە من پێم وایە بزووتنەوەی کورد لەخۆرهەڵات هەر لەیەکەم ڕۆژەوە کە هەنگاویان ناوەو هەستیان کردوە، پێویستە حیزبەکانی خۆرهەڵات لەدەوری یەک کۆ ببنەوەو پلاتفۆرمێکی هاوبەش هەبێتو زمانێکی یەکگرتووو ئەدرەسێک بۆ بزووتنەوەی کوردی پەیدا بکەن، بەڵام زۆر ئاساییە خوێندنەوەی جیاواز، کێشەکان کە لەخودی نێو حیزبەکانو لەناو هێزە سیاسییەکان دروست بوە، بەداخەوە ئەو پرسەی کەمێک دوا خستوە، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی تازەی ئێستای هەرێمی کوردستان، کە کاریگەریی هەیە لەسەر بزووتنەوەی



سەرچاوە
Serchawe

کورد لەخۆرهەڵاتی کوردستان، ئەو بارودۆخە تازەیەی کە لەئێران هاتوەتە پێشەوە، کاریگەریی هەیە لەسەر کوردو زۆر ئاساییە هێزە سیاسییەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان جیدیترو بەرپرسیارانەتر بێنە مەیدان بۆ پێکهێنانی زەمینەیەکی خۆشتر بۆ هاوکاری، ئێستا ئێمە پێکەوە ئەم پێنج حیزبەناوەندێکمان پێکهێناوە، ناوەندەکەیش لەبەردەوامیدایە، وردەوردە بەرنامەو پرۆژەکانی زۆرتر دەردەخات، کاتێک ئاشکرایە بەجیدیەتی زیاتر هاتوەتە مەیدان، پێم وایە دەتوانێت وەڵامی نیازەکە بداتەوە، چونکە هەموومان زەرورەتەکانی هەست پێ دەکەینو لامان وایە کارێکە لەبەردەماندایەو ئەگەر نەیکەین هەم خۆمان لەبردنەپێشەوەی کارەکەماندا کەمتەرخەمیمان کردوە، هەم خەڵکیش زیاتر لێمان تووڕەو ناڕازی دەبن.

**ناوێنە**: ئەو ڕاگەیاندنە هاوبەشەی داوتانە، بۆ پێکهێنانی ئەو ناوەندە، هەر زوو ڕووبەڕووی ڕەخنەی چەند لایەنێکی نێوخۆتان بوەوە: سازمانی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە) پێیوایە هەندێک لەو هێزانەی لەو ناوەندەدا کۆ بوونەتەوە، حەز بەچارەی یەکتر ناکەنو نایانەوێت لەگەڵ یەک دابنیشن، بەڵام بۆچی پێکەوە دانیشتوون؟ (پژاک)یش لەو بارەیەوە گلەییی هەیە، بۆچی ئەو دوو هێزەی ئۆپۆزسیۆن لەخۆرهەڵاتی کوردستان گلەییان لەپێکهێنانی ئەو ناوەندە هەبوە، بۆچی بەشداریتان پێ نەکردن؟

**مستەفا مەولودی**: ئەو پێنج حیزبە لەدەوری یەکتری دانیشتوون نیشانەی ئەوەیە، زەمینەیان تێدایە پێکەوە دابنیشنو چەندین ساڵە ئەو دانیشتنانە هەیە، سەرەتایەکی باشیان دەست پێ کردوە، ناوەندێکی هاوکارییان بۆ درێژەپێدانی کاری گرینگ پێکهێناوە. سازمانی کوردستان حیزبی کۆمۆنیست (کۆمەڵە) لەنێو ئەو کۆبوونەوانەدا هەبوە، چەند جاریش خۆی هەمووانی بانگهێشت کردوەو بەدەنگیانەوە چووە، ئێستایش هەم ئێمەو هەم حیزبی زەحمەتکێشان بانگهێشتمان کردبوون، ئەوان نەهاتن و دەبێت ئەو پرسیارە لەوان بکرێ کە بۆچی نەهاتوون؟

**ناوێنە**: بەتێڕوانینی تۆ بۆچی نەهاتوون کە کۆبوونەوەکە لەبارەگای ئێوە بوو؟

**مستەفا مەولودی**: مەسەلەکە ئەوە بوو کە بۆ فلان حیزبی سیاسی بەشدارەو فلان حیزبی سیاسی بەشدار نییە. ئێمە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەداین مادام دەمانەوێ لەدەوری یەکتری کۆ ببینەوە، لەگەڵ سیستمی سڕینەوە نین، لەگەڵ سیستمی بەشداریکردنداین. دەڵێین: لایەنێکی سیاسی کە چەند ساڵە لەکۆبوونەوەکان دایە و چەندین ساڵە بەشداریی کردوەو پێشینەو مێژوویەکی هەیە نابێ حەزف بکرێ.

**ناوێنە**: مەبەستت سازمانی خەباتە؟

**مستەفا مەولودی**: بەڵێ، مەبەستم سازمانی خەباتە، لایەنی سیاسیی تریش هەیە ئێمەیش پێمان وایە هەیە دەی فەرموو

وەرن لەم کۆبوونەوانە دادەنیشینو قسە دەکەین، ئەگەر بەهەمووەمان بەو بڕوایە گەییشتین، بەبوونی زۆرتر لەو حیزبانە، کە ئەوەیش دەزانین حیزبی دیاریکراوە، کەواتە بەکۆدەنگی دەتوانین چارەسەرێک بۆ ئەوە بدۆزینەوە، حەساسیەتمان لەگەڵ هیچ حیزبێکدا نییە وەک حیزبی دیموکراتی کوردستان پێمان خۆش نییە رەخنە لەهیچ حیزبێک بگرین، بەڵام ناوەندێکمان پێک هێناوە، زۆر ئاساییە ئەو ناوەندە دەبێت بەکۆدەنگی بڕیار بدات لەسەر ئەو شتانەو من پێم وایە هاتنیان باشە، بەڵام دەبێت بەهاوفکریو بەهەماهەنگیو بەرەزامەندیی هەموان بێت.

**ئاوێنە**: یەکگرتنەوەی ئێوە وەک حیزبی دیموکرات کوردستان (حدک) لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران (حدکا) لەچەند رۆژی رابردوودا (مستەفا هیجری) هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە دەکرد، ئەوان هێشتا هاوڕێیانی پێشوون! زۆر پرسیارمان لێ کرد، ئەوانە بۆچی هاوڕێیانی پێشوون، ئۆرگانی رەسمییان هەیە، حیزبی سەربەخۆن، جیاوازیی زۆریان هەیە لەگەڵ ئێوە، کەچی گوتی، پەیوەندییەکانمان زۆر باشە؟

**مستەفا مەولودی**: هەروەک چەقبەستوویی لە ئایدیۆلۆژیدا هەیە، هەندێک جار حیزبێکی سیاسی لەئۆرگانێکەوە بڕیارێک دەدات، دەستی ئۆرگانەکانی تر دەبەستێت، ئەوە کێشەی سەرەکیی ئێمەیە، بڕیارێکە کە لەکۆنگرەدا داویانە، بەبڕوای من بڕیاری کۆنگرە دەبێت دەستکراوەییو مەیدانیی تێدا هەبێت، بەڵام بەخۆشحاڵییەوە پەیوەندییەکانمان باشە، هاتوچۆمان هەیە لەمەسەلەی پەیوەندیی رۆژانەو سەقامگیریو پێشمەرگەدا هاوکاریمان هەیە.

**ئاوێنە**: ئەوان ئێستا ئامادەسازی دەکەن بۆ بەستنی کۆنگرەی نوێی (حدکا)، (مستەفا هیجری) رایگەیاندوە: حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران واتە ئێوە بەدوو خاڵ رازین: یەکەم، رازین ناوی حیزبەکە، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بێ. دووهەم، بەوەیش رازین مستەفا هیجری سکرتێری ئەو حیزبەی داهاتووی دیموکرات بێ. ئێوە ئەوەتان یەکلا کردووەتەوە... رازین؟

**مستەفا مەولودی**: ئێستا ئێمە گەڵاڵەیەکمان بەیەکەوە هەیە کاری لەسەر دەکەین، ئەوان ویستی خۆیان بەنووسراوە دا بەئێمە و، ئێمەیش نووسراوی خۆمان دا. ئێستا ئەو دوو نووسراوە بوون بەیەک نووسراو، لەنێو ئۆرگانەکانی ئێمەدا دیالۆگ هەیەو بەخۆشییەوە لەزۆر خاڵدا گەییشتووینەتە زۆر شتی هاوبەش، لەو پەیوەندییە تایبەتەدا گوتوومانە، ئێمە کە کەوتینەوە سەر یەک، رازین لەژێر ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا درێژە بەتێکۆشانمان بدەین. ئێمە لە حیزبدا کۆنگرەمان هەیە، لەکۆنگرەدا هەر ئەندامێکی کۆنگرە، کە دەبێتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حەقی ئەوەی هەیە خۆی کاندید بکاتو ببێتە سکرتێری حیزب، جا ئەوە مستەفا هیجری بێ، یاخود هەر هاوڕێیەکی تر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە - رێکەوتی: ١٣ی فێبریوێری ٢٠١٨

## مستەفا مەولوودی: تەنگ پێهەڵچنین بە کۆماری ئیسلامی دەرفەتێکە بۆ گوڕوتین بەخشین بە مافخوازی و نارەزایەتیدەربڕینی خەڵکی ئێران



دیمانە: کوردستان

**ساڵی نوێی هەتاوی لە ئێران بە قووڵبوونەوەی قەیرانە ئابوورییەکان، بەردوامیی نارەزایەتیدەربڕینی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە بەتایبەت مانگرتنی کرێکاران، دەستەوەستانیی زیاتری دەوڵەت لە کۆنترۆڵکردنی دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەستی پێکرد. «کوردستان» بە مەبەستی تاوتوێی زیاتری دوایین گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئێران و کوردستان و ناوچە، وتووێژێکی لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێناوە:**

**کوردستان**: حەسەن ڕووحانی چاوەڕوانییەکی زۆری لە خۆی دروست کردبوو. ئایا ناوبراو توانیویەتی لەو ماوەیەدا بەرعۆدەی وادە و بەڵێنەکانی بێ؟

**مستەفا مەولوودی**: هەڵبژاردنەوەی ڕوحانی وەک سەرۆککۆماری ئێران بۆ جاری دووهەم هیچی لە بارودۆخی نێوخۆیی ئێران و سیاسەتی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامی نەگۆڕیوە. بەهۆی ڕێژیمی خۆسەپێن و نادێموکراتیکی کۆماری ئیسلامی خەڵکی ئێران - جیا لە تاقمێکی کەم نەبێ کە بەرژەوەندییان لەگەڵ ئەو نیزامە گرێ دراوە - بەگشتی لەگەڵ قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وەک نەبوونی دێموکراسی و ئازادی، بێکاری، گرانی، هەژاری و دژواریی وەدەستخستنی بژێوی ژیان دەستەویەخەن و، بەداخەوە بارودۆخەکە هیچ لە بەرژەوەند و قازانجی خەڵک نەگۆڕاوە، بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ ژیانی خەڵک خەراپتریش بووە. هەر ئەوەش وای کرد کە لە ماوەی ڕابردوودا بە تایبەت لە مانگی بەفرانباری ساڵی پاردا شەپۆلێکی

نوێی ناڕەزایەتیدەربرین و تووڕەیی خەڵکی ئێران بە دژی نیزامی کۆماری ئیسلامی بکەوێتە ڕێ.

**کوردستان**: بەڵام خۆپیشاندانەکان سەرکوت کراون و هەست دەکرێ دەوڵەت توانیبێتی کۆنترۆڵیان بکا؟

**مستەفا مەولوودی**: ڕاستە دەسەڵاتی سەرکوتگەر بە سەرکوتی توند و تیژ و ڕەشبگیری بەربڵاو ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی لە شێوازی خۆپیشاندانەکانی سەرشەقامی لە ڕواڵەتدا کۆنترۆڵ کردوە، بەڵام چەند شتی گرینگ هەیە لەو پێوەندییەدا کە دەبێ لەبەرچاومان بێ: ئەوەی کە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران ئەمجارەیان هەم لە رووی ڕاشکاویی دروشمی خۆپیشاندەران و هەم لە ڕوانگەی بەشداریی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک و هەروەها پانتایی جوغرافیایی و گشتگیربوونیان بە بەراورد لەگەڵ شەپۆلی ناڕەزایەتییەکان لە ساڵانی ڕابردوودا زۆر جیاواز و کەم وێنە بوو. ئەمجارەیان تابۆی ویلایەتی فەقیهـ شکا و «مردن بۆ دیکتاتۆر» و «نەمان بۆ خامنەیی» بەشێکی سەرەکیی دروشمەکان بوون.

ئەم ناڕەزایەتییانە بەڕوونی ئەم پەیامانەیان تێیدا دەخوێندرێتەوە کە خەڵکی ئێران لەباری ژیان و گوزەرانەوە لە خەراپترین باروودۆخ دان و چونکی ڕووناکییەک بۆ دەرچوون لەم وەزعە بەدی ناکەن و ڕۆژ بە ڕۆژ بارودۆخیان خراپتر دەبێ، هەر بۆیە ڕێگایەک جگە لە هاتنە سەرشەقام و بەرزکردنەوەی دەنگی ناڕەزایەتییان بۆ ڕاوەستان لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمەیان بۆ نەماوەتەوە. خەڵک بە تەجرووبەش بۆیان دەرکەوتووە کە ئاڵوگۆڕی کاربەدەستانی دەوڵەت لە نێوان ئەم یان ئەو قۆڵ و باڵی نێو ڕێژیم گۆڕانێکی جیددی لە بارودۆخی ژیانی ئەواندا پێک ناهێنێ و بێکاری و گرانی و بێ داهاتی و دەیان کێشەی ڕۆژانەی خەڵک بە چارەسەرنەکراوی هەر لە جێگای خۆیان ماونەوە و ئاسۆیەک بۆ چارەسەرکردنیان بەدی ناکرێ.

**کوردستان**: لەو نێوەدا کوردستان چۆن دەبینن؟ خەڵکی کورد چۆن لە مەیدانەکەدا بوون؟

**مستەفا مەولوودی**: وەزعی خەڵکی کوردستان هەر وەک خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێرانە و لە هێندێک بواردا بەداخەوە خراپتریشە، بەڵام خەڵکی کوردستان سەرەڕای هەموو کێشە و گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی لەو ماوەیەدا لە تێکۆشان و چالاکیی مەدەنی بەردەوام بوون. هەرەوەز و بەهاناوەچوونی خەڵکی کوردستان بۆ خەڵکی زیاندیتووی پارێزگای کرماشان کە تووشی بومەلەرزە هاتبوون، نموونەی هەرەبەرزی هەرەوەز و هاوکاریی نیشتمانی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستان لەگەڵ خوشک و براکانیان بوو. لە نەورۆزی ئەمسالیشدا سەرەڕای بەربەست دروستکردنی حکومەت، بەڵام خەڵک بە هەوڵ و تێکۆشانی ئازایانە بەپیل ئەو بۆنە نەتەوەیی چوون و دەبینین لە هەموو دەرفەتێکدا بە چالاکی لە بۆنەی جۆراوجۆری نیشتمانی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیدا ڕەنگ و بۆنی نەتەوەیی و سیاسی ئاوێتە ئەم جموجۆڵ و چالاکییانە

دەکەن.

**کوردستان**: ئەوە زیاتر لە سێ حەوتوویە مانگرتنێک لە شارە سنوورییەکانی کورستان هەیە. خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەو مانگرتنە لەو شێوە مەدەنییەدا چییە؟

**مستەفا مەولوودی**: پێش هەموو شتێک سوپاس و ڕێزی تایبەتیم بۆ ئەو خەڵکە ئازا و خۆڕاگرە هەیە کە سەرەڕای فشارێکی یەکجار زۆری ژیان و گوزەران و بەسەختی پەیدا کردنی بژێوی ژیان بۆ ماڵ و منداڵیان، ئاوا یەکگرتوویانە زیاتر لە سێ حەوتوویە بۆ پشتیوانی لە کاسبکارانی کۆڵبەر، دووکان و بازاڕیان داخستووە و یەکگرتووانە داوای مافی ڕەوای خۆیان دەکەن کە حکومەت لێیان ناگەڕێ بەو ڕێگە ئاستەمەشدا کاربکەن و نانێک بۆ ماڵ و منداڵیان پەیدا بکەن.

ئێمە دەزانین حکومەتی کۆماری ئیسلامی وەڵامدەر نیە و خۆ بە بەرپرسیار نازانێ، بۆیە ئیمکانی هەیە بە پیل داوای ڕەوای خەڵکەوە نەچێ. بەڵام ئەو ڕاستیەش حاشای لێ ناکرێ کە ئەگەر خەڵک یەکگرتوو و پێداگر بێ لەسەر مافە ڕەواکانی هەر وەک زۆر دیکتاتۆر بە چۆکدا هاتوون، دیکتاتۆری حاکم بە سەر ئێرانیشدا لە کۆتاییدا هەر بە چۆک دادێ. جا یان ناچار دەبێ وەڵامی داوای ڕەوای خەڵکی کوردستان و خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران بداتەوە یان خەڵک بە خەباتی بەردەوام و یەکگرتوویانە بە چۆکی دادەنێن.
دڵنیاش بن لەو خەباتە ڕەوایەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هەمیشە پشتگیر و پشتیوانی هەمیشەیی خەڵک دەبێ. هیوادارم هەرچی زووتر سایەی شومی ئەو ڕێژیمە نگریسە لە کۆڵ خەڵکی وڵاتی ئێمە بێتەوە و خەڵکەکەمان بە ئازادی و ئاسوودەیی بژی.

**کوردستان**: سەرەڕای بەرینبوونەوەی نارەزایەتییەکان و سەرباری قوڵبوونەوە قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، بەڵام ڕێژیم هەر لە جێی خۆیەتی. هۆکار و سەبەب چیە؟

**مستەفا مەولوودی**: ڕاستە خەڵکی ئێران بە تەواوی لە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ناڕازین. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و ئێمەش ئەمە باش دەزانین بەڵام هەروەک زۆر جار ئێمە و حیزب و لایەنی سیاسیی دیکەش گوتوویانە، یەکێک لە هۆیەکانی مانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێستاش نەبوونی ئالترناتیڤ و ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێزە کە بەداخەوە تا ئێستاش نەیتوانیوە خۆی دەربخا و چاوەڕوانیی ئەوەش ناکرێ بەم دەمودەستە شکڵ بگرێ. بەڵام ئەوەندەی پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتەوە هەیە، لە هەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی ئۆپۆزیسیۆنێکی دێموکرات کە باوەڕی بە هەموو مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی پێکهاتەکانی ئێران هەبێ بەردەوام بووە. هەر بۆ ئەو ئامانجە دەبینین کە لە پێکهێنانی

شوورای دێموکراسیخوازاندا حیزبی ئێمە نەخش و دەوری باشی بووە. ئێستا ئەو هاوپەیمانییە بە بەشداریی دە حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی - ئیرانی و پێکهاتە جۆراوجۆرە نەتەوەییەکانی ئێران خەریکی کار و تێکۆشانە. هەڵبەت ئەگەرچی چاوەڕوانی لێ ناکرێ ئەو یەکیتییە وەڵامی هەموو ئەو نیازە زەرووییانە بداتەوە کە وەک بۆشایی جیددی لە ئێران لە لاوازیی ئۆپۆزیسیۆندا هەستی پێ دەکرێ، بەڵام دیسانیش ڕێگایەکی باشە بۆ هەوڵ و تێکۆشان لەگەڵ ئێرانییەکان بۆ دروستکردنی ئادرسێک، ئەویش بە مەبەستی لە دەوری یەک کۆکردنەوەی زۆرترین لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی حکومەتی ئێران.

**کوردستان**: دەرەنجامی دەستێوەردانەکانی ئێران لە کاروباری وڵاتانی ناوچە و دواوێستگەی هێژمۆنیخوازیی ئێران بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕانکارییەکانی ئێستا چۆن لێک دەدەنەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی عێراق، سووریە، یەمەن، لوبنان و هتد، ئەگەر لە لایەک بە ڕواڵەت بەهێزیی کۆماری ئیسلامی لە گەمە ناوچەییەکاندا پیشان دەدا، بەڵام هەر ئەوە بۆتە کێشەیەکی جیددی بۆ خەڵکی ئێران. لە بەر ئەوەی سەروەت و سامانێکی زۆری ئەو وڵاتە لە جێگای ئەوەی لە ژیان و گوزەرانی خەڵکی وڵاتدا خەرج بکرێ، دەبێتە تێچووی دەستێوەردان و سیاسەتی زێدەخوازانەی حکومەت لە ناوچەکەدا. جیا لەوەش هەر ئەو سیاسەتە کارتێکەریی زۆر نگەتیڤی بۆ سەر ئەمنییەت و ئاسایشی خەڵکی ئێران دەبێ. بەڵام ئەوە لە درێژخایەندا بە قازانجی کۆماری ئیسلامی تەواو نابێ و هۆیەکی گرینگە بۆ فشار خستنەسەر ڕێژیمی ئێران لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. دیارە ئەگەرچی بەزاهیر حکومەتی ئێران بەو دەستێوەردانە حیساب بۆکراو و بەرنامە بۆداندراوە توانیویەتی ئەکتەر و ڕۆڵگێرێکی کاریگەر بێ لە ناوچە بەتایبەت لە قەیرانخوڵقێنی و ئاڵۆزکردنی مەسەلەکاندا؛ بەڵام ئێستا کەم و زۆر هەموو ئەو دەوڵەت و لایەنانەی لە ناوچەدا حزووریان هەیە دەزانن کە ڕۆڵ و نەخشی کۆماری ئیسلامیی ئێران چەندە بە زیانی دابینکردنی ئەمنییەت و سەقامگیریی ناوچەکەیە. جا بۆیە کۆماری ئیسلامیی ئێران ناتوانێ هەروا ئەسپی خۆی تاو بدا و ئەوە لە بەرژەوەندیی ئەواندا ناگونجێ کە ڕێژیمی ئێران جێ پێی خۆی لە ناوچە توند بکا و پەرە بە هێژمۆنییەکانی خۆی بدا. هەڵبەت ئێمە پێمان وایە ئەو دەستێوەردان و زێدەخوازییەی کۆماری ئیسلامی لە درێژماوەدا بە زیانی ڕێژیم و خەڵکی ئێرانیش دەشکێتەوە و، دەبێ بە بەڵای سەری حکومەت و بیانوودان بە وڵاتانی ناوچە و خاوەن بەرژەوەندی کە پێش ئێران بگرن و بەربەستی بۆ دروست بکەن.

**کوردستان**: ئەو لێکدانەوەیەتان چەندە پێوەندیی بە سیاسەتی دەوڵەتی ئەمریکا بە نیسبەت ئێرانەوە هەیە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئێران و ئەمریکا بە درێژایی چوار دەیەی ڕابردوو ململانێ و ڕکەبەریی خۆیان لەسەر زۆر پرسی سیاسی لە ناوچەدا بووە و سەرۆککۆماری ئێستای ئەمریکاش لەو ماوەیەدا هەڵوێستێ توندتری لە هەمبەر سیاسەتی

قەیرانخوڵقێنی و دەستدرێژییەکانی ئێراندا نواندوە. وەک دەبینین پەیتا پەیتا لێدوانی زۆر توونـد بـە دژی ڕێژیمی ئێـران دەدەن بە تایبەتی ئێستا هەست دەکرێ کابینەی ترامپ لە کەسانی دژ بە کۆماری ئیسلامی پێکهاتووە و وەک تیمێکی تەواو دژی ئەو حکومەتە کار دەکەن. دەوڵەتی نوێی ئەمریکا بەردەوام دەڵێ بەرجام ڕێککەوتنێکی خراپە و دەبێ ئیسلاح بکرێ یان هەڵبوەشێتەوە، یان لێی دەچینە دەرێ. دەزانین لە حاڵی حازردا هەر چەندە وڵاتانی ئوروپایی کار دەکەن بۆ هەڵنەوەشانەوەی بەرجام، بەڵام وڵاتە گرینگەکان وەک فەرانسە، ئاڵمان و بریتانیا هاوڕان لەگەڵ ئەمریکا کە دەبێ پێداچوونەوە بە بەند و مادەکانی «بەرجام»دا بکرێ و؛ بەتایبەت لە پێوەندی لەگەڵ سنووردار کردنی توانای مووشەکیی باڵستیکی ئێران فشاری زیاتر بخرێتە سەر ڕێژیمی ئێران.

لەهەرحاڵدا لە ئێستادا چارەنووسی بەرجام بە بڕیاری ترامپ بەستراوەتەوە و وێدەچێ ئەمریکا لە فشارهێنانی زیاتر بۆ سەر ئێران بە مەبەستی سنووردارکردنی ئەو وڵاتە مکوڕ بێ.

بەگشتی هەمووی ئەوانە و زۆر کاری دیکەش وەک هاوپەیمانی لەگەڵ هێندێک وڵاتی ناوچە بە تایبەتی وڵاتانی عەرەبی بۆ سنووردارکردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە و بە دڵنیاییەوە ئەوە بۆ حکومەتی ئێران زۆر گران تەواو دەبێ. لەلایەکی دیکەوەش ئەو دۆخە دەتوانێ دەرفەتێک بێ بۆ خەڵکی ئێران کە پەرچەکرداریان هەبێ و پەرە بە خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکانیان بدەن. ئەوەش ڕەوشێکە کە کاربەدەستانی حکومەتی ئێران زۆر لێی نیگەرانن.

**کوردستان**: لە گێژاوی سیاسیی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا پرسی کورد بە کام ئاقاردا دەڕوا؟ بە تایبەت لە سووریە و ڕۆژاوای کوردستان کە چەقی ڕووداوەکانن؟

**مستەفا مەولوودی**: هەر وەک دەزانین نزیک بە حەوت ساڵە شەڕێکیماڵوێرانکەر لە سووریە بەرۆکی خەڵکی بەڵالێدراوی ئەو وڵاتەی گرتووە. جیا لە حکومەتی ناوەندیی سووریە و زۆر تاقم و گرووپی جۆراوجۆر، چەند وڵاتی وەک ئەمریکا، ڕووسیە، ئێران، تورکیە و عەرەبستان و قەتەر و شوێنی دیکەش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەو وڵاتەدا دەور و کاریگەریان هەیە. هەر ئەوەش چارەسەری قەیرانی سیاسی، کۆتاییهاتن بەو شەڕە و، ئاسۆی ئاشتی و ئارامی و ئەمنییەتی لەو وڵاتە نادیار کردوە. ئەوەی تا ئێستا ئێمە دەیبینین ئەوەیە کوردەکان لە ڕۆژاوا بە هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکا و بەهۆی ئازایەتی و قوربانیدانیان لە شەڕی داعشدا ئەگەرچی توانیبوویان دەسکەوتی زۆر وەسەریەک بنێن، بەڵام هەست بەوە دەکرێ لە داڕشتنی سیاسەتیان لە ناوچەدا وردبینیی تەواویان نەکردوە و بە ئیلهاموەرگرتنیان لە PKK بیانوویان دایە دەست تورکیە بۆ هێرشکردنە سەر ناوچەی خۆبەڕێوەبەریی عفرین. دیارە هەر لەجێدا دەستدرێژیی تورکیە بۆ سەر خاکی سووریە و ڕۆژاوای کوردستان نایاسایی، پێچەوانەی پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکانە و مەحکوومە، بەڵام ئەگەر دەسەڵاتی سیاسیی کورد لە سووریە بنەماکانی دێموکراسیی ڕەچاو کردبا و، ڕێگەی بەشداریی بە هەموو هێزە سیاسییەکان لە ئیدارە و

بەڕێوەبردنی ناوچەکەیان دابا و، مەجالی بەرگریی بۆ هەموو لایەنەکان ڕەخساندبا و بە ئیرادەی خۆیان و بە خوێندنەوە بۆ بەرژەوەندییەکانی کوردی سوورییە سیاسەتیان کردبا، لەوانەبوو تورکیە نەتوانێ بەم جۆرە بجووڵێتەوە.

**کوردستان**: چەند مانگێکە قەوارەیەک یان شکڵێک لە هاوکاریی بەکردەوەی نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شکڵی گرتوە. چۆن دەڕواننە ئەو هەوڵانە و چۆن دەتوانن ئەو هەنگاوانە کارامەتر بکەن؟

**مستەفا مەولوودی**: بەڵێ وایە. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هەوڵ و ماندووبوونی بەرچاو توانیویەتی لەگەڵ چوار حیزبی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران» پێک بێنێ. ئەو کارە لە جێدا بە لەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی زاڵ بەسەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا کارێکی سەرکەوتوو و باشە ئەگەر هەموو لایەک بەرپرسانە کاری بۆ بکەن دەکرێ لە داهاتوو و لە دواڕۆژدا ببێ بە مەکۆی کۆکردنەوەی زیاتری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، تەنانەت پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانیش.

دیارە نەک هەر لەو بەستێنەدا، بەڵکوو بەگشتی ئێمە لەسەرمانە کار بکەین بۆ بەهێزکردنی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێران لەو حاڵەتە بێتە دەرێ و بزووتنەوەی کوردستانیش لەگەڵ بزووتنەوەی سەراسەری گرێدراویی هەبێ و خواست و داواکانیشی بخاتە نێو بیر و زەینی خەڵکی ئێران و خەڵکی ئێران زیاتر ئاشنا بن بە داواکانی خەڵکی کوردستان و، کوردستانیش بتوانێ ئەزموونی خەباتکارانە و سیاسیی خۆی بگوازێتەوە نێو بزووتنەوەی سەراسەریی خەڵکی ئێران.

لەو نێوەدا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێویستە بە ئاقارێکدا بروا کە ببێ بە ئادرەسێکی جێگای بڕوا و شوێندانەر بۆ هیدایەت و بردنەپێشی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێران.

**کوردستان**: زۆر سپاس بۆ ئەو کاتەی کە بۆ ئێمەتان تەرخان کرد

**مستەفا مەولوودی**: سپاس بۆ ئێوەش

(لە ژمارەی ٧٢٥ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مای ٢٠١٨

## مستەفا مەولوودی: بەرجام نە بۆ خەڵکی ئێران بوو بە نان و ئاو نە نیگەرانیی کۆمەڵگەی جیهانیی لە ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی ڕەواندەوە



وتووێژ لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزب لەبارەی دوا پێشهاتە سیاسییەکانی ئێران و ناوچە

دیمانە: مووسا باباخانی

«کوردکاناڵ»، زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو حەوتوویەدا وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێنا. لەم وتووێژەدا گۆڕانکارییەکانی ئێران و ناوچە، کاریگەریی هاتنەدەرێی ئەمریکا لە بەرجام، ئاسۆی ناڕەزایەتییەکان لە ئێران و، نەخش و شوێنی پرسی کورد لە گۆڕانکارییەکانی ئێستا و داهاتووی ئێراندا تیشکیان خرایە سەر.

«کوردستان» پوختەیەک لەو وتووێژە دەخاتە بەرچاوی خوێنەرانی.

**مووسا باباخانی**: کاک مستەفا ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی دەڵێ ئەو ڕێژیمە وەک دەنوێنێ بەهێز و خۆڕاگر نیە. هەروەها باس لەوە دەکرێ کە ئێران لەگەڵ قەیرانی زۆر بەرەوڕوو بۆتەوە. حیزبی دێموکرات چۆن چاو لە گۆڕانکارییەکان لە ئێرانی ئێستادا دەکا؟

**مستەفا مەولودی**: حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هێزێکی سیاسیی دژبەری کۆماری ئیسلامی جەوهەری خەباتەکەی بۆ دەستەبەری مافە سیاسی و مەدەنییەکانی خەڵکی کوردستانە، ئەوەی کۆماری ئیسلامی حاشای لێ دەکا. حیزبی ئێمە لە

ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا هەوڵی داوە بە هەموو شێوەیەک دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بێنێتە سەر ئەو قەناعەتە کە پرسی کورد و نەتەوەکانی دیکە لە ئێران ببینێ و دانی پێدا بنێ. حیزبی ئێمە هەر لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی باسی لە چارەسەری پرسی کورد لە ڕێگەی وتوویژ و دانوستان کردوە، هەروەها بەو دوورئەندیشییەی ڕێبەرانی حیزب بوویانە، لە کۆنگرەی ٥ی حیزبی دێموکراتەوە دروشمی ڕووخان و گۆڕینی ڕێژیمی هەڵگرت. هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە لای وابوو ئەم نیزامە چ لە ڕووی سیاسی، چ لە ڕووی دابینکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک و پێکهاتەکانی گەلانی ئێران و دەستەبەری دێموکراسی ناتوانن وەڵامدەری ویست و داوای خەڵک بێ، بۆیە ئەم ڕێژیمە دەبێ بڕوا. ئێستاش بە سەرنجدان بە ڕاستییەکانی کۆمەڵگە و ئەم کەلێن و مەودا زۆرەی لە نێو خەڵک و دەسەڵاتدا هەیە، دەردەکەوێ شوعاری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی قورس بووە لەو کاتدا، بەڵام لە جێگای خۆیدا بووە. ئەم ڕێژیمە نەیتوانیوە و ناتوانێ حوکمەتێکی وەڵامدەری ویست و داخوازییەکانی خەڵکی ئێران بێ. بۆیە دەبینین نارەزایەتییەکان بەردەوام لە پەرەئەستن دان و ڕۆژ نیە چەند نارەزایەتییەکی گشتی لە چەند شار و ناوچەیەکی ئەم وڵاتە لە نێو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە بە دژی دەسەڵات وەڕێ نەخرێ. ئێمە بە ئەزموونێک لە لانیکەم لە سەدەی ڕابردووی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی ئێران هەمانە، دەگەین بەو ئاکامگیرییە کە خەڵکی ئێران لێ بڕاون و بەرەو ئەوە دەچن کە ئەو ڕێژیمە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە.

**مووسا باباخانی**: **کاک مستەفا لە ئێستادا کۆسپە سەرەکییەکانی بەردەم گۆڕینی ڕێژیم چین؟ بۆ ئەو نارەزایەتییانە نەبوونە هەوێنی ڕاپەڕینێکی بەرینی جەماوەری بە ئاراستەی ئینقلاب و گۆڕینی ڕێژیم؟**

**مستەفا مەولودی**: ڕاستە لە ئێستادا لە سۆنگەی سیاسەتە چەوت و هەڵەکانی ڕێژیم لە هەموو بوارەکاندا نارەزایەتی زۆرە و بواری پەرەسەندنی ئەو نارەزایەتییانە و حزووری خەڵک بۆ گۆڕینی ڕێژیم لەبارە، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە هەموو زەمینەکە ڕەخساوە. حاشا لەو حەقیقەتە ناکرێ کە خەڵکی ئێران زەرفییەتی خەباتگێڕیی ئەوەیان تێدا کە بەرەوڕووی ڕێژیمێکی سەرکوتگەر و داپڵۆسێنەری وەک کۆماری ئیسلامی ببنەوە و لە بەرامبەریدا ڕاوەستن و تێچووی ئەو بەرەنگارییەش بدەن. بەڵام ئایا دەسەڵات لە ئێستادا بە گژی خەڵکدا دێتەوە یان پاشەکشە دەکا و هەوڵی دەربازبوون لە قەیرانەکان دەدا، یان ئەوەی بەریەککەوتنە قورسەکە ڕوو دەدا و خەڵک ئامادە دەبن تێچووە قورسەکەی ڕووخاندنی ڕێژیم بدەن، ئەوە دەبێ کاری زیاتری بۆ بکرێ و بواری خۆشتری بۆ بڕەخسێندرێ. ئاراستەکان دەبێ بەو لایەدا بن کە ئەوەندەی دەلوێ خەڵک بە تێچووی کەمترەوە ئەو ڕێژیمە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە.

**مووسا باباخانی**: **ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی و هێزە کوردییەکان و بە تایبەت حیزبی دێموکرات بۆ ئەو مەبەستە چییان کردوە؟ چی دەکەن و بە تایبەت حیزبی دێموکرات لەو بارەوە بەرنامەی چیە؟**

**مستەفا مەولودی**: مەسەلەی ئەڵتەرناتیڤ و ئۆپۆزیسیونی جیددی باسێکی گرینگە. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتاوە بە زەبروزەنگ و سیاسەتی توند و تیژ کەوتە وەلانی دژبەرانی خۆی. لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردووشدا هەموو مەبەستەکانی لەسەر ئەو تەوەرە بووە کە نەهێڵی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز دروست ببێ و ڕێبەریی سیاسی و ڕێکخراوەیی نارەزایەتییەکان بکا. هەڵوەشاندن و لەنێوبردن و لە مەیدان وەدەرنانی ڕەوت و ڕێکخراوەکان، گرتن و ئێعدامی دژبەرانی سیاسی و تێرۆری مخالیفانی سیاسی بەشێکی سەرەکی لە هەوڵەکانی ڕێژیم لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا بووە و لە حەقیقەتدا کاریگەریی خراپیشی لەسەر شکڵنەگرتنی ڕێبەرییەکی سیاسیی کارامەی دژبەری ڕێژیم داناوە. بەڵام ئەوە ناتوانێ هەروا بمێنێتەوە و ڕێژیم پاڵ بداتەوە و بە ئەرخەیانی بڵێ ئۆپۆزیسیۆنم نەهێشتووە. خەڵکی ئێران خەباتگێرن و هێزە سیاسییەکانیش لە ئێران خاوەن کارنامەی دیار و ڕوونن و بێگومان ئاراستەکان دەگۆڕدرێن. ئەوە نیە سەرباری ئەو دۆخە و لە نەبوونی ڕێبەرییەکی یەکگرتووشدا بەڵام نارەزایەتییەکان هەردەم لە زیادبوون و پەرەسەندن دان. مەسەلە ئەوەیە کە کاردەکە گەیوەتە ئێسقان و ئاستی تەحەمولی خەڵک ئیدی ئەوە نیە ڕێگە بە بەردەوامیی تەڕاتێنی ئەو ڕێژیمە بدا. هەر ئەو بارودۆخە خۆی یارمەتیدەرە بۆ دروستبوونی ڕێبەریی سیاسی و ئۆپۆزیسیونی بەرپرسیار بۆ ڕێکخستنی خەڵک و وزەی خەباتگێڕییان بە دژی کۆماری ئیسلامی.

**مووسا باباخانی**: بەدەر لە نارەزایەتییە گشتییەکان، ئەدی پرسی کورد لە ئێران و خەباتی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە کوێدا جێ دەگرێ؟ ئێوە بۆ دوارۆژی گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان لە تاران چیتان کردوە؟ هێزە سیاسییەکانی کوردستان چییان لە بەردەستە؟

**مستەفا مەولودی**: ئەوەی جەنابت ئاماژەت پێدا لە جێی خۆی دایە. ئێمە لامان وایە پرسی سیاسیی کورد لە کوردستانی ئێران و پرسە ئابووری و مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی کورد لەگەڵ خەڵکی ئێران و لە مەرکەزی ئێران، واتا لە تاران چارەسەر دەکرێ. بۆیە بەر لە هەموو شتێک پێویستە پرسی کورد و بزووتنەوەی سیاسیی کورد گرێ بدرێ بە بزووتنەوە سەرانسەرییەکان و لەگەڵ ئەوان ڕێک بخرێ. وەک پێشتریش باسم کرد ئەگەرچی سیاسەت و ئامانجی ڕێژیم لێدان لە ئۆپۆزیسیون و نەهێشتنی بووە، بەڵام بە خۆشییەوە کورد و بزوتنەوە سیاسییەکەی و هێزە سیاسییەکانی کوردستان و یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەیداندا ماونەتەوە و حزووری بەرچاو و شوێندانەریان لە گۆڕانکارییاندا هەیە. بەو ئەزموونە سیاسییە پڕبایەخەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان هەوڵەکان ئەوەن کە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە نێوخۆی وڵات تێکەڵاویی زیاتری هەبێ لەگەڵ بزووتنەوە سەرانسەری و گشتییەکان لە تەواوەتیی ئێراندا. حیزبی ئێمە لەسەر ئەو تەعامولە و دروستبوونی ئەو پێوەندی و لێگرێدانی خەباتە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاری کردوە و بەرنامەکانی دەباتە پێشێ.

لە دەرەوەی وڵاتیش کەس و کەسایەتی و ڕەوتی سیاسیی جۆراوجۆر هەیە کە لەگەڵیان لە پێوەندی داین و هەموو مەبەستەکەش ئەوەیە کە ڕێ بۆ دروستبوونی هاوپێوەندییەک خۆش بکرێ و ئەو بۆشاییە پڕ بکرێتەوە کە کۆماری ئیسلامی لە پێناو درێژکردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتەکەیدا دروستی کردوە. بێگومان دروستبوونی ئەو ئیئتلاف و هاوپێوەندییە کە بەرەو شکڵگرتنی ئادرەسێکی دەقیق بڕوا، وزە و توانای زیاتر بە خەڵک و ڕێکخستنی نارەزایەتییەکان لە نێوخۆی وڵاتدا دەکا. ئێمە لەو بەسێنەشدا هەر چالاک و لەسەر خەتین.

**مووسا باباخانی**: کاک مستەفا کوردستان ئەزموونی تاڵ و شکستخواردووی ٥٧ی هەیە. گۆڕانکارییە سیاسییەکانیش چاوەڕوانەکران، ئێوە ئامادەیی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بۆ بەرەڕووبوونەوە لەگەڵ گۆڕانکارییەکان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**مستەفا مەولودی**: لە پێشدا با بڵێم کە ئەزموونی ٥٧ و بەشداریی کورد لەو ڕاپەڕینە شکستخواردوو نەبووە. هەم خەڵکی ئێران و هەم گەلی کورد دەسکەوتی باشیان لە...

ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتیدا هەبوو. دیارە ڕاستە دەسکەوتەکانی کورد بارتەقای خوێن و قوربانیدانی خەبات و تێکۆشانی دەیان ساڵەی خەڵکی کوردستان نەبوو، بەڵام بەشداریی کورد لە شۆڕشی گەلانی ئێران و دواتر زیندووبوونەوە و بووژانەوەی بزووتنەوەی سیاسیی کورد وایکرد کە لە ئێستادا بە خۆشییەوە مونسەجیمترین هێزی سیاسی لە ئێراندا هێزە سیاسییەکانی کوردستان بن. ئەمن لام وایە سیاسیبوونی خەڵکی کوردستان، شعوور و تێگەیشتوویی سیاسیی و پێگەیشتوویی ئەوان لە خەبات و گەشەکردنی خەبات و تێکۆشانی مەدەنیی خەڵک ئەوانە هەموو دەسکەوتی بزووتنەوەی کورد لەو ئەزموونەن کە جەنابت باسی دەکەی.

لە ئێستاشدا حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانیش دەتوانین بڵێین ئەرکێکی قورسیان لەسەر شانە. ئەوەی وەک پێشتریش باسمان کرد لەگەڵ بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەرانسەری وڵاتدا هەماهەنگ بچێتە پێش و پێکەوە بە ئاراستەی گۆڕینی ڕێژیم و هێنانەسەرکاری دەسەڵاتێکی دێموکراتیک کار بکەن، کە لەو حاڵەتەدا کوردیش پشکی لە دەسکەوتەکان هەبێ و دەستەبەری مافە نەتەوەیی و مەدەنییەکانی کردبێ. بە گشتی ئەرکی هێزە سیاسییەکانی کوردستان خەبات دژی ڕێژیم و تێکۆشان بۆ وەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردە کە دەبێ پێکەوە هەماهەنگ و یەکریز بن. گۆڕانکارییەکانیش کەم نین و بەرچاون. چوار دەیە لەوە پێش کەم هێزی سیاسی لە ئێران باوەڕی بەو ماف و داخوازە نەتەوەییانە بوو، بەڵام ئێستا دەبینین کە زەروورەتەکان مەنتیقی ئەو لێک تێگەیشتنەی دروست کردوە و بێگومان ڕێژیمێک کە دوای ڕووخان یان نەمان و گۆڕانی کۆماری ئیسلامی بێتە سەرکار، ئەزموونێکی لە سیاسەتە چەوت و

هەڵەکانی ڕێژیمی ئێستا دەبێ. بۆیە دەبێ بە هەموومان کار بۆ دەربازبوون لەو دۆخە و هێنانەسەر کاری دەسەڵاتێکی دێموکراتیک بە پاراستنی مافی هەموو پێکهاتە و جۆراوجۆرییەکان لە ئێرانی داهاتوودا بکەین.

**مووسا باباخانی**: ئەدی ڕاتان لەسەر ململانێی توندی ئێستای ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی چیە؟ ئایا بەو ستراتیژییەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاندوە، ئێران ناچار بە پاشەکشە دەبێ یان شتی دی ڕوو دەدا؟

**مستەفا مەولودی**: مەسەلە سیاسەتی دەرەوەی ئێران و بەرزەفڕی و هێژمۆنیخوازییەکانی ڕێژیمە کە لە چوار دەیەی ڕابردوودا ژیانی لە خەڵکی ئێران تاڵ کردوە و خەریکە دەبێتە خاڵی یەکلاکەرەوەی چارەنووسی ڕێژیمیش. دەیان ساڵە کۆماری ئیسلامی لەسەر حسێبی سامانی گشتیی ئێران سیاسەتی دەستێوەردەرانە و ئاژاوەخوڵقێنیی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بردووەتە پێشێ و ئەمنیەت و سەقامگیریی لە ناوچە هەڵگرتووە. لە هەموو بشێوییەکانی ناوچە، لە یەمەن، بەحرەین، لوبنان، عێراق و سووریە و زۆر جێگەی دیکە کۆماری ئیسلامیی ئێران لایەنێکی قەیران و ئاڵۆزییەکەیە. ئەوە کێشەی نەک بۆ خەڵکی ئێران، بەڵکوو بۆ سەر بەرژەوەندیی وڵاتانی زلهێز لە ناوچەش دروست کردوە. ئەوە بوو کە وڵاتانی زلهێزی دنیا ویستیان لە چوارچێوەی «بەرجام»دا لەگەڵ ئێران ڕێکبکەون، بەڵام بینیمان کە بەرجام نە بۆ خەڵکی ئێران بوو بە نان و ئاو، نە توانیی نیگەرانییەکانی کۆمەڵگەی جیهانی لە سیاسەت و نەخشی خراپی ئێران بڕەوێنێتەوە و لە ئێستادا ئەمریکا بە جۆرێک و یەکیەتیی ئورووپا و ڕووسیەش بە جۆرێکی دی لەگەڵ ئێران کەوتوونەتەوە بەرامبەری یەک.

لە پێوەندی لەگەڵ ململانێی ئێران و ئەمریکادا دەبینین کە ئورووپا و وڵاتانی ناوچەش لە هەوڵی جۆرێک سازان و نیزیککردنەوەی ئەم دوو وڵاتەن، بەڵام ڕوونە لە ئەگەری سەرنەگرتنی ئەو هەوڵانەدا، بە لەبەرچاوگرتنی قورسایی و پارسەنگی هێز شانسی زیاتر بۆ ئەمریکایە کە ئێران ناچار بە ملدانەواندن بۆ مەرجەکانی بکا. ئەوەی لەو نێوەدا دەتوانێ گرینگ بێ ئەوەیە کە خەڵکی ئێران و بزووتنەوەی ناڕەزایەتی وڵاتەکەمان بتوانێ لەو فشارانەی دەخرێتە سەر ئێران بە قازانجی بردنە پێشێی ئامانجەکانی کەلک وەرگرێ.

**مووسا باباخانی**: فاکتۆر و پاڵنەری دەرەکی یان فاکتۆرە نێوخۆییەکان کامیان دەتوانن کاریگەریی زیاتریان لەسەر گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە ئێراندا هەبێ؟

**مستەفا مەولودی**: بۆ خەڵکی ئێران و بۆ ئێران و بۆ کۆمەڵگەی ئێران زۆر تەبیعییە دەبێ ئەولەویەت بدا بە فاکتەری نێوخۆیی. چونکی فاکتەری نێوخۆیی دەرەنجامی پێویستی و نیازی خەڵکی ئەم وڵاتەیە و خەڵکی ئەم وڵاتەیە کە دەزانێ چیی دەوێ و دەزانێ چ هێز و حکومەتێک لا دەبا و کێ دێنێتە سەر کار. لەو نێوەدا فاکتۆری دەرەکی دەتوانێ دەرفەت و

بواری گونجاوتر بخولقێنێ، بەڵام مەرج نیە فاکتەری دەرەکی هەمووی بە قازانجی خەڵکی ئێران بێ، چونکی بەرژەوەندیی وڵاتانی دیکەی تێدا بەندە کە لەوانەیە لەگەڵ بەرژەوەندیی خەڵک ئێران لە زۆر جێدا یەک نەگرنەوە. بۆیە گرینگی و ئەولەوییەت هەر بە فاکتەرە نێوخۆییەکانە کە داهاتووی دڵخواز بۆ ئێرانی لەسەر بنیات دەنرێ.

**مووسا باباخانی**: **کاک مستەفا زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا**

**مستەفا مەولودی**: سپاس بۆ ئێوەش و ماندو نەبن.

**لە ژمارەی ٧٢٧ی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە)**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٨**



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا مەولوودی: ڕێژیم لە بەرامبەر فشاری دەرەکی و نێوخۆییدا ناچارە پاشەکشە بکا



"ماوەی چەند مانگێکە پێوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران ئاراستەیەکی تری وەگرتوە. ئەمریکا سپای پاسدارانی خستووەتە لیستەی تێرۆر و ناوگانی سەربازیی خۆی لە ئاوەکانی نیزیک ئێران نیزیک کردۆتەوە. هاوکات بە گوشارە ئابوورییەکانی کۆماری ئیسلامیی خستووەتە تەنگانەوە. دوو لایەن سەرەڕای شیر و شمشیربەستنیان لە ڕوو لەدژی یەکتر، بەڵام لە دانوستان و سازانیش غافڵ نین. پرسیار ئەمەیە کە ئێران بەرەو کوێ دەڕوا؟ دوورەدیمەنی ئەم گۆڕانکارییانە چین و کاریگەرییان لەسەر پرسی کورد لە ئێران چین.
ئەم بابەتە و چەند تەوەرێکی دی بیانووی وتووێژێکی "کوردستان" بوون لەگەڵ بەڕێز کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان."

**کوردستان**: کاک مستەفا با بەو پرسیارە دەست پێبکەین کە ئێران بەرەو کوێ دەڕوا؟

**مستەفا مەولوودی**: کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەلومەرجێکی زۆر دژواردایە. بۆیە دەکرێ هەموو گریمانەیەکی بۆ لەبەرچاو بگیرێ.

**یەکەم؛** ئەوەی بەربڵاو بوونی ناڕەزایەتییەکان لە نێوخۆی وڵات و فشاری دەرەکی دەکرێ بە چۆکی دابێنێ.

**دووهەم؛** ڕەنگبێ ڕێژیم بە بەردەوامیی سیاسەتی سەرکوت و زەبروزەنگ لەسەر خەڵکی ئێران و پیلان بۆ ماوەیەکی دیکەش درێژە بە مانەوەی خۆی بدا. بەڵام بەگشتی ئەمن داهاتوویەکی ڕوون بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نابینم و لام وایە ناڕەزایەتیی نێوخۆیی و فشاری دەرەکی لە کۆتاییدا ئەو ڕێژیمە بەرەو گۆڕانی بنەڕەتی یان هەڵدێر و نەمان دەبەن.

ڕەنگبێ هیچ کات، تەنانەت کاتی شەڕ لەگەڵ عێراقیش هیندەی ئێستا گوشاری سیاسی و ئابووری لەسەر کۆماری ئیسلامی نەبووبێ،

ڕێژیم چەندەی زەرفییەت هەیە بۆ خۆڕاگرتنەم گوشارانەدا؟ی لە بەرامبەر ئەوە ڕاستە هیچ کات ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هێندەی ئێستا گوشاری سیاسی و ئابووری و دەرەکی و کۆمەڵایەتی نێوخۆیی لەسەر نەبووە. کاربەدەستانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیش ئەوە ناشارنەوە و حاشای لێ ناکەن. ئەمن پێم وایە هەرچەندە ڕێژیم هێندێک کارتی بەدەستەوەن، وەک ئەوەی نیزام و سیستمێکی ئیدۆلۆژیک و ناوەندگەرا توانای بڕیاردانی ئاسانتری هەیە، هێزی پۆشتەی سپای پاسداران و ناوەندی داپڵۆسێنەر و تۆقێنەری ئەمنییەتیی جۆراوجۆری هەیە کە هەم ئەزموون و هەم ئیرادەی سەرکوت و کۆنترۆڵی خەڵک و کۆمەڵگەیان هەیە، هەروەها سەرچاوە و ئیمکاناتی وڵات لە کاتی ئاوادا زۆرتر بۆ پاراستنی نیزامی سیاسی هەزینە دەکرێ؛ بەڵام بەو حاڵەش ئەمن پێموایە لە کۆتاییدا ئەو ڕێژیمە ناتوانێ خۆ لە بەرامبەر فشاری دەرەکی و نێوخۆیی خەڵکدا ڕابگرێ و بە چۆکدا دێ. جا چ بە ڕووخان بێ یان بە پاشەکشە کردن بێ لە سیاسەتەکانی، کە لە حاڵەتی ئاواشدا هەر پاشەکشە و شکستە بۆ ڕێژیم.

**کوردستان**: ئەگەر کەمێک وردتر چاو بە هێز و فاکتەرە دەورگێڕەکانی نێوخۆی ئێراندا بگێڕین، باڵانسی هێز لەنێوان ئەواندا چۆنە؟ ئێران بەرەو سیستمێکی داخراوتری سەربازی دەچێ، یان دیسانەکەش ڕیفۆڕمخوازەکان بەفریای ڕێژیم دەکەونەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: ڕێژیمی ئێران ناوەندگەرایە، بەڵام لەنێو نیزام و سیستمی تا ڕادەیەک «پیچیدە»ی کۆماری ئیسلامیدا جۆرێک دابەشکردنی کار و بەرپرسایەتی هەیە و تا گەیشتن بە بەیتی ڕێبەری چەند لایەی دەستەڵات هەن کە کارکردی لێکجیاوازیشیان لەگەڵ یەکتر هەیە کە ئەوە دەتوانێ لە هێندێک کاتی حەساسدا بە فریای ڕێژیم بکەوێ، بە تایبەت دەبێ قەبووڵمان بێ کە هەموو فۆڵەکانی نێو ڕێژیم لەسەر مانەوە و پاراستنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا کۆک و یەکدەنگن، بۆیە هیچ دوور نییە بۆ کەمکردنەوەی فشاری دەرەکی لەسەر ڕێژیم و مەجال دان بە خەڵک بۆ ئەوەی لەو هەلومەرجە داخراوەدا کەمێک هەناسە بکێشن و، کۆمەڵە ڕێفۆرمێکی سنووردار بکەن کە ئەوە هەم دنیای دەرەوە پێشوازیی لێ بکا و هەمیش خەڵکی ئێران لەگەڵی ڕابێن.

**کوردستان**: بۆچوونێک هەیە کە هاتنی هێزی ئەمریکا بۆ کەنداو و زۆرترکردنی گوشارەکان بۆ ئەوەیە باڵانسی هێز لە نێو باڵەکانی حاکمییەتدا بگۆڕن. ئێوەش وا بیر دەکەنەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەوە دەتوانێ وەک گریمانەیەک سەیر بکرێ و تا ڕادەیەک ڕاستیش بێ. ڕاستە فشاری سیاسی و ئابووریی دەرەوە لەسەر ڕێژیمی ئێران هەتا ئێستاش بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ئەو ڕێژیمەیە و، کاربەدەستانی ئەمریکا ئەمە ناشارنەوە. بە هەموو پێوانەیەک گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم تێچووەکەشی بۆ ئەوان لە ڕێگاکانی دی کەمترە و بۆ داهاتووش باشتر کۆنترۆڵی وەزعەکە دەکرێ و کارەکان چاکتر مودیرییەت دەکرێن. ئەمن باوەڕم وایە دنیای دەرەوە بە تایبەتی ئەمریکاییەکان لەسەر ئەوە بەئاشکرا و بەنهێنی کار دەکەن. بۆیە ئەو گوشارانە بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەتی. بەڵام هەموو گریمانەیەک دەکرێ لەسەر مێزی کاری بەرپرسانی ئەمریکادا ڕوو بکرێ. واتە ئەگەر ڕێژیمی ئێران لە کۆتاییدا نەیەوێ بێتە ڕەدایە و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دابین نەبن، بژێرەی گۆڕینی ڕێژیمیش دەکرێ بخرێتە ڕۆژەڤەوە.

**کوردستان**: کاک مستەفا خەڵکی ئێران لە کوێی ئەم هاوکێشەیە دان؟ چ لە ڕوانگەی هێزەکانی گوشاری دەرەکی، چ لە گۆشەنیگای دەسەڵاتەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: ڕوونە خەڵکی ئێران پێی خۆش نییە وڵاتەکەی سێبەری شەڕ و گوشاری ئابووریی لەسەر بێ، چونکە باش دەزانن دووکەڵی ئەو فشارانە زۆرتر دەچێتە چاوی ئەوان و بە تایبەتی چینی هەژاری ئەو کۆمەڵگەیە پتری لێ زەرەرمەند دەبێ، هەروەها بەوەش ناڕەحەتن کە وڵاتەکەیان ئاوا کەوتۆتە بەر فشار و لۆمەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و، لەوەش تووڕەن کە ئەو هەموو ئیمکاناتە کە لە ئێراندا هەیە لە باتی ئەوەی لە ئاوەدانیی وڵات و خۆشبژیویی خەڵکدا خەرج بکرێ، دەبێتە تێچووی دەستێوەردانی نابەرپرسانەی ڕێژیم و دەسەڵات لە وڵاتانی دیکەدا. بەڵام سەرەڕای ئەو پێناخۆش بوونانە، خەڵکی ئێران دەزانن کە ئەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە چوار دەیەیە خەڵک و وڵاتی کردووەتە سپەری بەڵا و، هۆ و هۆکاری هەموو ئەم نەهامەتییانەیە و بەرپرسایەتیی ئەو بارودۆخە هەمووی دەخەنە ئەستۆی ڕێژیم. بۆیە ئەمن لام وایە خەڵکی ئێران گوشاری سیاسی دەرەکی دەکەنە دەرفەت بۆ بردنە پێشی بزوتنەوەی سیاسی، کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا بۆ گۆڕینی ئەو نیزامە و جێگیرکردنی نیزامێکی دێموکراتیک و خەڵکی.

**کوردستان**: ئەگەرچی گوشارە ئابوورییەکان لە دوو ساڵی ڕابردوودا لەسەر ئێران زیاتر بووە، بەڵام وا دێتە بەرچاو کە بزووتنەوە ئێعترازییەکان لە ئاستی پێش دوو ساڵدا نین، هۆکارەکان چین؟

**مستەفا مەولوودی**: لە پێشدا دەبێ دان بەوەدا بنێین جارێ فشاری ئابووریی دەرەوە و کاریگەریی لەسەر خەڵک بەو ڕادەیە نە گەیشتووە کە بگاتە سەر ئێسقان و لێکەوتەی بەربڵاوی هەبێ. دووهەم خۆ پێش ئەو گوشارانەش خەڵکی ئێران لەو بوارەدا زۆریان چێشتووە، لە حەقیش دەرنەچین زۆربەی چین و توێژە کەم داهاتەکان هاواری خۆیان بەرز کردۆتەوە،

تەنانەت لەو ڕێگایە ئەمنیەتی کاری و بژیوی ژیان و تەنانەت گیانی خۆشیان خستووەتە مەترسییەوە. پەیامەکەش بە گوێی هەمووان، لەوانە وڵاتان ودەوڵەتان و کاربەدەستانی حکوومەتیش گەیشتووە، بۆیە بەگشتی خەڵک کەمیان نەکردوە، بەڵام بەداخەوە نە گوێیان لێ گیراوە و نە بە هاواریانەوە چوون. ئەوەش دەزانن کە خەڵک مەیدانی و بەکردەوە ڕادەی دڕندەیی و زەبری مۆرەکانی ڕێژیمیان لە سەرکوتدا چێشتووە. لە هەلومەرجی ئێستاشدا کە فشاری دەرەکی لە بواری سیاسی و بەتایبەتی ئابوورییەوە تەنگی بە ڕێژیم هەڵچنیوە، ئەمن پێموایە خەڵکی ئێران ڕەچاوی ئەوە دەکەن نارەزایییەتیەکانیان وا لێک بدرێتەوە کە هاودەستی لەگەڵ بێگانە دەکەن، وە ئەوەش ببێ بە بیانوو بۆ سەرکوت کردنی زیاتری خەڵک. بۆیە مولاحزەیەک دەکەن، بەڵام مەرج نییە ئەم حاڵەتەش دەوامی زۆری هەبێ. لەبەر ئەوە خەڵک نیازی زۆر زەروریان هەیە و ڕێژیم ڕوونە نە ئامادەیە داواکانیان جێبەجێ بکا و نە تواناشی هەیە. هەر بۆیە هاتنەسەر شەقامی خەڵک و پێداگرییان لەسەر مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان، ئەویش لە شێوەی نارەزایەتیدەربڕین شتێکی چاوەڕوانکراوە.

**کوردستان**: بارودۆخەکە لە کوردستان چۆنە؟

**مستەفا مەولوودی**: بارودۆخی کوردستانی ئێران بەگشتی جیا ناکرێتەوە لە سەرانسەری ئێران، بەو جیاوازییە کە فشار لەسەر خەڵکی کوردستان دووهێندە زیاترە بە بەراورد لەگەڵ هەموو خەڵکی ئێران. خەڵکی کوردستان کەمتر بەشداری دەستەڵاتی سیاسی و ئیداریی وڵات کراوە، کوردستان زۆر کەمتر ڕووی ئاوەدانی بەخۆیەوە دیوە. وە لەبەر ئەوەش خەڵکی کوردستان هەڵگری پەیام و خواستی سیاسی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی بووە، زۆرتر فشاری دەزگاکانی ئەمنیەتی و سپای پاسدارانی ئێرانی لەسەر بووە و کوردستان زۆرتر بە ئەمنیەتی کراوە و بەرپرسانی نیزام بە چاوی ئەمنیەتی دەڕواننە هەموو جموجۆڵێکی خەڵکی کوردستان، بەڵام خۆڕاگریی خەڵک و بوون و تێکۆشانی هێزە سیاسییەکان و جووڵەی مەدەنی، فەزایەکی تەواو سیاسی و لەسەرهەست بوونی لە کوردستاندا خوڵقاندوە، کە ئەوە بۆ ئێستای حکوومەتی کۆماری ئیسلامی چالشێکی گەورەیە و بۆ داهاتووی سیاسیی ئێران و کوردستان فاکتۆرێکی بەهێزە.

**کوردستان**: لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک باسی نوێ کەوتووەتە سەر زاری کاربەدەستانی ڕێژیم کە لە نێوەرۆکدا بۆ کورد گرینگن. بۆ نموونە خاتەمی باس لە فیدرالیزم دەکا، یان ڕۆحانی باس لە ڕێفراندۆم دەکا، خوێندنەوەی حیزبی دێموکرات بۆ ئەم مژارانە چین؟

**مستەفا مەولوودی**: وڵاتی ئێران زۆر پان و بەرینە و خەڵکێکی زۆری بە جیاوازیی جۆراوجۆری نەتەوەیی، دینی، مەزهەبی و فەرهەنگی و کولتوورییەوە هەیە، بۆیە دروستە کە بۆ چارەسەری کێشەکان واقیعبینانە بیر بکرێتەوە. بە لەبەرچاو گرتنی ئەو هەموو جیاوازییانە باشترین سیستم، بە فیدرالی کردنی وڵاتی ئێرانە. ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی نەمر دوکتور

قاسملوو ئەمەی بە ئاغای خومەینی گوتوە و ئەم حەقیقەتەی لەگەڵ باس کردوە. ئێستا کە لە نێو کاراکتەرەکانی ڕێژیمدا کەسانێک پەیدا دەبن باس لە فیدرالیزم دەکەن و تەنانەت باس لە ڕێفراندۆم دەکەن، - بەو مانایە کە بۆ دیاریکردنی نیزامی سیاسیی وڵات پرس بە خەڵک بکرێ - ئەمە لە نەوعی خۆیدا باش و قابیلی دەرکە، بەڵام بە مەرجێک کە ئەمە مافی هەموو پێکهاتەکانی وڵاتی ئێران دابین بکا و کۆتایی بە سیاسەتی هەڵاواردن و پەراویزخستنی نەتەوەکان لە دەسەڵات و بەڕێوەبەریی وڵات بێنێ.

**کوردستان**: دەوری ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لەو هاوکێشانەدا چۆن دەبینن؟ ئەوان لە چ پێگە و ستاتۆیەکدا جێیان گرتوە؟

**مستەفا مەولوودی**: زۆر باس لەوە کراوە کە یەکێک لە هۆیەکانی مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە لاوازیی ئۆپۆزیسیۆن دایە. بە داخەوە ئێستاش ئەوە هەر ڕاستە. ئەمن پێم وایە ئەوەیە خەڵکی وڵات بە ناچاری ملیان بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕاکێشاوە و فشاری دەرەوەش هەر بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ڕێژیم هەر لە لاوازیی ئۆپۆزیسیۆنەوە سەرچاوە دەگرێ. لەبەر ئەوەی جێگرەوەیی ڕێژیم بۆ خەڵک و دنیای دەرەوە دیار نییە و شکڵی نەگرتوە و، نەبۆتە ئادرەس کە ئێستاش بە داخەوە هەر وایە.

**کوردستان**: ئەدی مەوقعیەتی ئۆپۆزیسیونی کورد لەم هەلومەرجەدا چۆنە؟ پێتان وایە ئامادەیی ڕۆڵ بینین لە گۆڕانکارییەکانیان هەیە؟

**مستەفا مەولوودی**: بارودۆخی ئۆپۆزیسیۆنی کورد بەگشتی باشترە لە ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری. لەو ماوەیەدا هێندێک هەنگاوی زیاتریشی هەڵگرتوە و وەک دەبینین، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانی پێک هێناوە کە ئەمە لەجێدا کارێکی باش و پێویست بوو. بەڵام زۆر کار ماوە ئۆپۆزیسیۆنی کورد بیکا تا بتوانێ کاریگەریی زیاتری لە کوردستان و ئێران و ناوچەدا هەبێ.

**کوردستان**: وەک دوا پرسیار، لەم هەلومەرجەدا هێزە سیاسییەکانی کورد ئەوەی دەبێ بیکەن چین و ئەوەی دەبێ نەیکەن کامانەن؟

**مستەفا مەولوودی**: لەم هەلومەرجەدا هێزە سیاسییەکانی کوردستان ئەوەی دەبێ بیکەن، یەکگرتن و داڕشتنی پلانی هاوبەشە بۆ ئێستا و داهاتووی کوردستان لە زۆر ئاست و بواردا. خەڵکی کوردستان و خۆیان ئامادە بکەن بۆ هەر ئەگەر و

ڕووداوێک. ئەوەش کە دەبێ نەیکەن و خۆی لێ بەدوور بگرن، نایەکگرتوویی و پەڕشوبڵاویی ڕیزەکانیانە.

**کوردستان**: زۆر سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیە دا.

**مستەفا مەولوودی**: ئێوەش ماندوو نەبن.

لە ژمارە ٧٥١ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٩

---



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا مەولوودی: ڕێفراندۆم بۆ ئێرانییەکان بە شکڵی دێموکراتیک دەتوانێ سیستمێکی باش بێنێتە دی



**دیمانە: مەنسوور مروەتی**

**گرژییەکانی نێوان ئێران و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا گرینگترین و گەرمترین هەواڵی میدیاکانی جیهان و ناوچەکەیە، ئەو کێشانە بەرەو کوێ دەڕۆن و چارەنووسی کۆماری ئیسلامی بە کوێ دەگا؟ لە ئەگەری هەر ئاڵوگۆڕێکدا داهاتووی کوردستان و چارەنووسی خەڵکی کورد کە ساڵەهایە بۆ وەدەست هێنانی مافەکانیان تێدەکۆشن دەبێ بە چی؟**

**حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە تاکوو ئێستا لە مەیدانی خەباتدا درێژەیان بە تێکۆشانی خۆیان داوە چۆن دەتوانن خەڵکی کوردستان بگەیێننە کەنارێکی ئارام و بە مافەکانیان شاد بکەنەوە؟ حیزبی دێموکراتی کوردستان چۆن لە کێشە و گرژیەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا دەڕوانێ؟**

**ئەم بابەتانە لە گەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەڕێز کاک مستەفا مەولوودی تاوتوێ دەکەین.**

**مەنسوور مروەتی: کاک مستەفا زۆر سپاس کە دەعوەتی ئێمەت قەبووڵ کرد، بەخێر بێی.**

**مستەفا مەولوودی: زۆر سپاس بۆ ئێوەش کە بانگێشتی منتان کردووە و هەروەها لە ڕێگای تلێڤزیونی کوردکاناڵەوە سڵاو و ڕێزی تایبەتیم هەیە بۆ خەڵکی خۆشەویست و بەڕێزی کوردستان.**

**مەنسوور مروەتی**: کاک مستەفا بەرلەوەی کە بچمە سەر باسی ئێران و ئەمریکا دەمهەوێ باسی ئەوە بکەم لەگەڵ ئەو ئاڵۆزییانە کە هەیە لە ناوچەکە حیزبی دێموکراتیش بۆخۆی بە تایبەتی لەم یەک دوو ساڵەی رابردوو لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کراوەتە ئامانج، لە تیرۆرەوە بگرە تا تەقینەوە و مووشەکباران، ئێوە ئەم یەک دوو ساڵەتان چۆن بەڕێ کرد؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەو ڕووداوانەی کە بەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هاتوون دەتوانین دوو نەتیجەی لێبگرین، یەکەم تێکۆشان و هەڵسووڕانی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە کاریگەریی هەبووە لە سەر بەرنامە و کاری کۆماری ئیسلامی دووهەم پلان و بەرنامەی کۆماری ئیسلامی بۆ کپکردن و بێدەنگکردنی بزووتنەوەی سیاسی خەڵکی کوردستانە. ئەمە نە یەکەمین ساڵ بووە و نە یەکەمین جار کە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای جۆراوجۆر و بە شێوەی جۆراوجۆر لەسەر حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی سیاسی خەڵکی کوردستان کاری تیرۆریستیی کردووە و بەداخەوە زەرەری پێگەیاندووە بەڵام ئەگەر بۆ وێنە باسی مووشەکبارانەکەی ١٧ی خەرمامانان بکەین کۆماری ئیسلامی لەوێدا دەڵێ ئێمە ناوەندێکمان مووشەکباران کردوە کە ئەو ناوەندە ئەمنییەتی سیاسی ئێمەی خستووەتە مەترسیەوە، کەوایە هەر لەم قسەیەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیەوە دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە حیزبی دێموکراتی کوردستان سیاسەت و ڕوانگە و خوێندنەوەی بۆ بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان کاریگەریی باشیان لە سەر خەڵکی کوردستان هەیە و کاریگەرییشی لەسەر لاواز کردنی جێگەوپێگەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان هەیە. ئەوەی ئێمە ئەم چەند ساڵە تێپەڕمان کردووە بە پێی بەرنامە و پرۆژەیەکی چالاکانەی حیزبی دیموکرات بووە و لەگەڵ ئەوەش کۆماری ئیسلامی حەساسیەتی تایبەتیی خۆی بەم چالاکی و پرۆژانەی حیزبی دیموکرات هەبووە و هەیە بۆیە لە لایەن رژیمەوە بە توندترین شێوە کراوەتە ئامانج و بەداخەوە خەساری گەورەشی لێ کەوتووتەوە، بەڵام نە حیزبی دیموکرات لە خەبات وەستاوە و نە بزووتنەوەی کوردستانیش.

**مەنسوور مروەتی**: کاک مستەفا ئێستا بچینە نێو ئێران و ئەمریکاوە، ئەو گرژییانە بەرەو کوێ دەڕوا ئێوە چۆن لە داهاتووی ئەم کێشانە دەڕوانن؟

**مستەفا مەولوودی**: بەداخەوە وڵاتی ئێران وخەڵکی ئێران کەوتوونەتە گێژاوێکی گەورەوە هۆکاری سەرەکیش حکوومەتی کۆماری ئیسلامییە، هەموو ئەو فشارە سیاسیانە یا ئەو فشارە ئابووریانە کە لەسەر ئێران و خەڵکی ئێران هەیە ڕاستییەکەی دژکردەوەیەکە بەرانبەر رەفتاری نابەرپرسانەی کۆماری ئیسلامی، دژکردەوەیە بەرانبەر سیاسەتی شەڕەنگێزی و دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە وڵاتانی ناوچە. تەنانەت کۆماری ئیسلامی بەو کارانە بە جۆرێک ئەمنیەت و ئاسایش هەموو جیهانیشی وەمەترسی خستووە. بەڵام ئەوەی ئێمە دەیبینین کاربەدەستانی ئەمریکا ئێستاشی لە گەڵ بێ

دەیانهەوێ تەنیا ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی بگۆڕن، ئەو زەخت و فشارانە چ لە باری سیاسییەوە و چ لە باری ئابوورییەوە تەنیا بە مەبەستی گۆڕینی ڕەفتای کۆماری ئیسلامییە. ئەوە تێگەییشتنی ئەوانە کە ئێران بە نیسبەت دونیای دەرەوە بەرپرسانەتر هەڵسوکەوت بکا، بەڵام کێشەی گەورەی خەڵکی ئێران تەنیا خراپەکاریی رژیم لە دەرەوە نیە بەڵکوو لە گەڵ ئەوە کێشەی گەورەی خەڵک ئەو هەمووە کێشە گەورە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییانەیە کە لە ناوخۆی وڵاتدا هەیە. لە هەموو دنیا دەبێ حکوومەت ئاسایش و ئەمنیەتی خەڵک لە هەموو روویەکەوە بپارێزێ لە حاڵێکدا لە ئێراندا ئەوەی هەڕەشە لە ئاسایش و ئەمنیەتی خەڵک دەکا هەر خودی حکوومەتەکەیە.
کەوایە کێشەی رژیم تەنیا بە گۆڕانی رەفتاری لە دەرەوە چارەسەر نابێ بەڵکوو دەبێ کۆماری ئیسلامی وەک سیستم بگۆڕدرێ.

**مەنسوور مروەتی**: کاک مستەفا لەم ماوەیەدا سەرکۆماری پێشووتر محەممەد خاتەمی و سەرکۆماری ئێستا دوو بابەتیان هێناوەتە بەرباس، محەممەد خاتەمی باسی لە فیدرالیزم بۆ ئێران کردوەو لەو لاوە ڕووحانی داوای بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم دەکا، پێم خۆشە نەزەری ئێوە لە سەر ئەو دوو بابەتە بزانم.

**مستەفا مەولوودی**: من پێموایە هەر لێکۆڵەر یا کۆمەڵناسێک کە کۆمەڵگای ئێرانی بناسێ دەزانێ کە باشترین نیزامی سیاسی بۆ وڵاتی ئێران نیزامی فیدڕاڵییە. ئەم قسەیە لە نێو ئێرانییەکاندا تازە نییە. شەهیدی رێبەرمان دوکتور قاسملوو ساڵی ١٣٥٨ بە خومەینی دەڵێ باشترین نیزام و سیستم بۆ ئێران نیزام و سیستمی فدراڵییە. سروشتیە ئەگەر خەڵکی واقعبینی سیاسی بیر لە چارەسەریی کێشەکانی ئێران و ئێرانییەکان بکاتەوە فکر لە نیزام و سیستمێک بکاتەوە کە ئەو نیزام و سیستمە بتوانێ هەموو پێکهاتەکان بە پاراستن شوناسی خۆیان لە پاڵ خۆیدا جێ بکاتەوە، بۆیە لەمبارەیەوە ئەو قسەیە قسەیەکی تازە نییە بەڵام لە سەریەک واقعبینیەکی عەقڵانی و سیاسییە کە هیوادارم ئەوە لە نێو ئێرانییەکاندا پەرە بستێنی و بەردەوام بێ و ببێ بە ئەمری واقع بۆ ئایەندەی باش لە ئێران و کۆمەڵگای فرە چەشنی ئێران.

لە سەر ڕیفراندوم، دیارە پەنا بۆ خەڵک بردن و لە رای خەڵک وەرگرتن شتێکی موسبەت و پێویستە بەڵام ئەوە پێشمەرجی هەیە، وەختێک ئەوە دروستە کە واقعیەتی کۆمەڵگاکەو پێویستییەکانی کۆمەڵگاکەت ببینی نە ئەوەی کە دەسەڵاتی تازە پێگەییشتوو لە ساڵی ٥٨ کردی بەو پرسیارەی کە " کۆماری ئیسلامی ئەرێ یان نە" دەنا ئەگەر لێیگەڕێی خەڵک ئیرادەی خۆی بنوێنێ من پێموایە ڕێفراندۆم بۆ ئێرانییەکان بە شکڵی دێموکراتیک دەتوانێ سیستمێکی باش بێنێتە دی کە لە ئیرادەی خەڵکەوە سەرچاوە بگرێ. بەڵام دەبێ ریفراندومێکی ئازاد و دیموکراتیک بێ.

**مەنسوور مروەتی**: کاک مستەفا لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە باست کرد داهاتوو چ بە گۆڕان یا بە ڕووخان چارەنووسی خەڵکی کوردستان دەبێ بە چی ؟ ئایا دۆخی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانی دەتوانێ وڵامدەری ئەو ئاڵوگۆڕانە بێ؟

**مستەفا مەولوودی**: یەکەم چارەنووسی سیاسیی کوردستان بە جۆرێک لە گەڵ ئێران لێکگرێدراون هەر بۆیە هەر رووداو و ئاڵوگۆڕێک کە لە ئێراندا روو بدات کاریگەریی لە سەر کۆمەڵگای کوردستان هەیە کەوایە خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەبێ لەگەڵ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی ئێران بچنە پێشێ بۆ گۆڕینی ئەم نیزامە و بۆ هێنانە سەرکاری نیزامێکی دێموکراتیک. ئەوەی دەگەڕێتەوە سەر ئێستای کوردستان من پێم وایە لە سەریەک بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستان بە حوکمی بوونی حیزبەکان چوونە پێشێ زۆرتری بە خۆیەوە دیوە بە بەراورد لە گەڵ بزووتنەوەی سەرتاسەریی ئێران، ئەوە نەفش و دەوری تێکۆشانی سیاسییەکانە کە ئینسان دەبێ حورمەتی بگرێ، ئەرزشی بۆ دابنێ و وەک راستییەکی مێژوویی ئەو حیزبانە پڕە لە خوێن، قوربانی و فەداکاری بەڵام ئەرێ مەتڵووبی حاڵی ئێستای خەڵکی کوردستانە یان نا؟ راستیەکەی ئەگەری هەموو گۆڕانێک لە ئێراندا هەیە و ئەگەر یەکێک لە ئیحتمالەکان نەمانی رژیم بێ دۆخی ئێستای نێوان حیزبەکان ئەوە نیە کە دەمانهەوێ، چونکە زۆر کاری گەورە هەیە دەبێ بە یەکەوە بیکەین، بەخۆشییەوە بەیەکەوە هاوکاریمان هەیە، ئەو حیزبانەی کە مێژووداوترن شوێندانەرترن، لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە دەوری یەک کۆبووینەوە، ماوەیەکیش کارمان کردووە کارەکانی ناوەند جێگای ڕەزایەتی گشتین چوونە پێشی بەخۆیەوە دیوە و موسبەتیشە بەڵام زۆر کار ماوە بیکەین. ئەم بزووتنەوەیە دەستێکی واحیدی دەوێ کە ئادرەسێکی دیار بۆ بزووتنەوەی کورد دروست بکا بەڵام ئەم ئادرەسە تا ئێستا دروست نەبووە، دەبێ بزووتنەوەی کورد لەسەر ئەو ئادرەسە کار بکا. بەهەرحاڵ دەبێ لەسەر پلاتفۆرمێکی هاوبەش لە پێوەندی لەگەڵ مەسائیلی سیاسی ناوچەکە و دنیا، پێوەندیی سیاسی و دیپلۆماتیک لەگەڵ دونیای دەرەوە، کار لەگەڵ ئێرانییەکان وەک کۆمەڵگای ئێرانی وحیزبە سیاسییەکانی ئێران کار بکەین بۆ ئەوەی کەشێکی لەبار بخوڵقێ بۆ ئەوەی ئەمنییەتی خەڵک بپارێزرێ و دەسکەوتەکانمان بە هەدەر نەچن، من پێموایە دەبێ لەسەر ئەوانە کار بکەین.

بۆیە دەتوانم جوابی پرسیارەکەت ئاوا بدەمەوە کە دۆخی ئێستا ئەوە نیە کە دەمانهەوێ بەڵام واش نییە بڵێین لە نوختەی سیفرین، چوونە پێش هەیە بەڵام دەبێ تەکمیل بکرێ.

**مەنسوور مروەتی**: کاک مستەفا ڕەخنەی ئەوە لە ناوەندی هاوکاری دەگیرێ کە بۆ کاری بە کردەوە کەمترین هاوکارییان هەیە مەسەلەن لەو چەند مانگەی رابردوو بەتایبەتی دوای ئەوەی کە سپا لە لایەن ئەمریکاوە خرایە لیستی تێرۆرەوە کاریان لە سەر ئەوە نەکردوە کە بە دیکۆمێنت بە دنیای دەرەوە بسەلمێنن کە یەکەمین قوربانیی دەستی ئەو سپا تیرۆریستە کورد و بزووتنەوەی کوردستانن.

**مستەفا مەولوودی**: لەوانەیە ئەگەر واقیعبینانە سەیر بکەین لەپێشدا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئەو زەرفە نەبێ بتوانێ ئەو هەموو کارە و ئەو ئامانجە باشانە لە خۆیدا کۆکاتەوە. دووهەم، ئەو بارودۆخەی کە حیزبەکان تێیدان لەوانەیە رێگا نەدا هەموو ئەو کارانەی خەڵک چاوەڕوانیی هەیە یەک ڕۆژە و لە ماوەیەکی کەمدا بچێتە پێشێ

بەڵام ناوەند لە نەوعی خۆیدا باشە بەڵام زۆر کاری ماوە کە بیکا، ئێمە بە نیسبەت زەمانی پێکهاتنی ناوەند بە نیسبەت پرۆژە و بەرنامەکانی ناوەند بە نیسبەت ئەو کارانەی تا ئێستا کردوویەو دۆخێک کە حیزبەکان تێیدابوون دەستپێکی خراپ نەبووە بەڵام دەبێ ئەو کارانەی کە باسم کرد سەر بگرێ. ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کار لەگەڵ ناوەند هیچ چەشنە بەربەست و کێشەیەکمان نییە ئاسانکاریشمان کردوە . دەتوانم بڵێم بۆ جێگیرکردن وچالاکتر کردنی زیاتری ناوەند ئەگەر لە حیزبەکانی دیکەمان زیاتر نەکردبێ لە هیچیانمان کەمتر نەکردووە و ئەمە کارێکە کە وەزیفەی حیزبی دێموکراتی کوردستانە . پێشمان وایە کە ڕێگای دروست پێکەوە کار کردنمانە جا چ ناوەند بێ یان بەرەیەکی هاوبەش. بەڵام ئەوانەی باست کرد هەر حیزبەو بۆخۆی بەشی خۆی کردوویەتی سەیری ئارشیوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکە پڕە لە دیکۆمێنت و نیشان دانی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی،بە تایبەت جینایەتەکانی وەزارەتی ئیتلاعات و جینایەتەکانی سپای پاسداران، بەڵێ بە گشتی وایە دەبێ لەسەر ئەو بابەتە دیارانە لە زەمانی خۆیدا بە دیکۆمێنت کاری زۆرتر بکەین کە لەو بارەیەوە کەم کاری هەیە بە داخەوە.

**مەنسوور مروەتی**: کاک مستەفا مێژووی بزووتنەوەی کورد بە گشتی ڕووداوی ناخۆشی زۆری تێدایە زۆر کەس پێیان وایە ئێستاش ئەو فەرهەنگە هەڵەیە کە بووەتە هۆی ئەو ڕووداو ناخۆشانە لە نێو ئێمەی کورددا هەر هەیە، بە تایبەتی لەم سەردەمە ئینترنت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیشی لێ زیاد بووە، جاری وا هەیە تەنانەت بە نووسراوەیەکی فەیسبووکی گرژییەک دروست دەبێ چی بکرێ کە خودای نەخواستە ڕووداوی ناخۆش ڕوو نەدا وەک پێشوو کە هەبووە؟

**مستەفا مەولوودی**: لە پێشدا ئەو نیگەرانییەی کە خەڵک هەیەتی لە جێگای خۆیدایە چونکە بەداخەوە مێژووی حیزبەکان لەوبارەیەوە ڕووداوی تاڵی تێدایە، کارنامەکەمان لەوبارەوە جێگای پەسند نیە، بۆیە ئێمە مەجبوورین لە ڕێکارێک بگەڕێین نەچینەوە سەر ڕۆژە ناخۆشەکان، دەبێ بچینەوە سەر ئەو جێیەی کە ئەو پتانسیەل و هێزانەی کە خەڵکی کورد بە حیزبەکانی داوە بیکەین بە هێزێکی کاریگەرتر بۆ بردنە پێشی خەبات و ئەرکە سیاسی و نەتەوەییەکانمان . من پێموایە مادام هێزی سیاسی چەکدارمان هەیە ئەم نیگەرانییانە هەن و دەبێ ڕێگای بۆ ببینینەوە، ئێستا لە ناوەندی هاوکاری حیزبەکان و تەنانەت لە پێش ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانیش ئێمە وەک دێموکرات و کۆمەڵە لانیکەم لە ساڵی 82ی هەتاوییەوە گەڵاڵەیەک لە نێوماندا هەیە قسەمان لەسەر کردووە پلاتفۆڕمێکی گشتگیریشە کە ئەوە بکەین بەڕێکاری خۆمان تاکوو لە ئایەندەدا نە ئەو نیگەرانیانەی خەڵک هەیە دووپاتی نەکەینەوە و لەو هێز و پتانسیەلەش بە دروستی کەڵک وەربگرین . بەڕای من هەر بە سازان و ڕێککەوتن و بەیەکەوە کارکردن دەتوانین سەرکەوین و پێش بە ڕووداوی ناخۆش بگرین. هەر لەم ناوەندی هاوکارییە دەتوانین قسە لە سەر ئەو بابەتانە بکەین و ڕێگا لە ڕووداوی ناخۆش لە ئێستا و داهاتوو بگرین. لە لایەکی دیکەشەوە خەڵکی ئێمە وشیار و بە هەڵوێستن ئەگەر لایەنێک لە بەرژەوەندی بزووتنەوەکەدا هەنگاوی هەڵنەگرت و پێشی بەو نیگەرانییانە نەگرت بێگومان خەڵک لۆمەیان دەکەن و دژکردەوەیان لەوبارەوە دەبێ.

**مەنسوور مروەتی**: کاک مستەفا لەم ماوەیەدا لە لایەن وڵاتانی زلهێزەوە هیچ راوسەرنجێک لە حیزبەکان وەرگیراوە لە سەر ئەم دۆخەی ئێستای ئێران و ناوچەکە؟

**مستەفا مەولوودی**: هەلومەرجی سیاسی ناوچە و ئێران هەموو ئەگەرێکی تێدا پێشبینی دەکرێ.

بزووتنەوەی سیاسی خەڵکی کوردستانیش هەم لە کوردستانی ئێران هەم لە دوو بەشی هەرێمی کوردستان و لە ڕۆژئاوای کوردستانیش ئەوە دەخوازێ کە کورد لە ئاڵ و گۆڕی سیاسی ناوچەکەدا فاکتۆرێکی بە هێز بێ. زۆر تەبیعییە ئەو دەوڵەتانەی کە دەیانهەوێ فشاری سیاسی لەسەر دەوڵەتی ناوەندی ئێران دروست بکەن لەو فاکتۆر و لەو هێزانە یان لەو فاکتۆرانە بگەڕێن کە دەزانن کاریگەرییان لە سەر فشاری سیاسی لەسەر حکوومەتی ئێران هەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو پێوەندییەدا غایب نییە و لەسەر خەتە.

**مەنسوور مروەتی**: وەک دوایین پرسیار لە هەلومەرجی ئێستا قسەتان بۆ تێکۆشەرانی مەدەنی لە ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چییە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەوە یەکەم جارە من لەسەر بزووتنەوەی مەدەنی خەڵکی کوردستان قسە دەکەم.

بزووتنەوەی مەدەنیی کوردستان لاپەڕەیەکی درەوشاوەیە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان. حیزبەکانی کوردستان کە کۆماری ئیسلامی دەرفەتی چالاکیی لێیان زەوت کردوە زۆر جار تێکۆشەرانی مەدەنی لە ناوخۆ هەندێ لەو کەلێنانەیان پڕ کردووتەوە، بزووتنەوەیەکی تەواو خەڵکییە و من پێم وایە چالاکانی بوارە جۆربەجۆرەکانی مەدەنی لە ناوخۆ و حیزبە سیاسییەکان پێکەوە و هاوتەریب دەتوانن کاروانی خەباتی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگەیێننە سەرمەنزڵی رزگاری.

**مەنسوور مروەتی**: کاک مستەفا سپاستان دەکەم کە لەو وتووێژەدا بەشدار بوون

**مستەفا مەولوودی**: سپاس بۆ ماندووبوونی ئێوەش.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا مەولوودی: ئێمە لامان وایە باشترە دێموکراتەکان بەیەکەوە و لە یەک ماڵی گەورەی دێموکراتدا کاری سیاسی بکەن.



**دیمانە: محەممەد ئەمینی**

**"ڕادیو نەوا" لە وتووێژێکی تایبەت لەگەڵ بەڕێز کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕا و سەرنجی بەڕێزیانی لەسەر پرس و بابەتە ڕۆژەڤەکانی ئێران و کوردستان پرسیوە.**

**"کوردستان و کورد" دەقی ئەم دیمانەیەی داگرتوە و لێرەدا بڵاوی دەکاتەوە:**

**بیسەرانی ئازیزی ڕادیۆ نەوا لە هەر کوێیەک هەن ئەم کاتەتان باش! من محەممەد ئەمینی لە گفتوگۆیەکی تایبەتدا لەگەڵتانم بۆ قسە کردن لەسەر گرژی و ئاڵۆزییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران بە تایبەتی کاریگەری و کارتێکەرییەکانی لەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان.**

**بۆ ئەو مەبستە میواندرایی بەڕێز کاک مستەفا مەولوودی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانم کردوە کە لە ڕێگای هێڵی تەلفوونەوە لەگەڵمانایە.**

**محەممەد ئەمینی: بەڕێز کاک مستەفا سڵاوت لێ بێت و سپاس بۆ بەشدارییت لەم گفتوگۆیە**

**مستەفا مەولوودی: سڵاو بۆ بەڕێزت و بۆ هاوکارەکانیشت و هەروەها بۆ گوێگەرەکانیشت.**

**محەممەد ئەمینی**: زۆر سپاس کاک مستەفا ئەمهەویّ لەم پرسیارەوە دەست پێبکەم، ئێران و ئەمریکا لە دووڕێیانی ڕێککەوتن و بەریەککەوتن دان واتە یان پێک دێن و یان تووشی پێکدا دان ئەبن؛ بە خوێندنەوەی ئێوە کام لەم دوو ئەگەرە لە ئێستادا چاوەڕوانکراوترە؟

**مستەفا مەولوودی**: من پێم وایە ئەگەری ئەوەی کە لە نێوان ئێران و ئەمریکا شەڕێکی ڕوودەرڕوو و ڕاستەخۆ ڕوو بدا، ئەگەرەکەی زۆر کەمە. ئەگەری دووەم کە فشارەکانی ئەمریکا، ئێران ناچار بە پاشە کشە بکا و تەسلیمی داواکارییەکانی ئامریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێ زۆرترە.

**محەممەد ئەمینی**: بەڵێ، کاک مستەفا لە ڕاگەیاندراوی پلینۆمی یازدەی کومیتەی ناوەندیی حیزبەکەتان، ئەم دۆخەی کە هاتووتە ئاراوە بە تایبەتی چڕبوونەوەی فشارە نێودەوڵەتییەکان بە ڕێبەراتیی ئەمریکا لەسەر ئێران وەکوو دەرفەتێک ناوتان بردووە کە پێویستە کەڵکی لێ وەربگیرێ؛ ئاخۆ حیزبەکەتان و کۆی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ئامادەکاریی تەواویان کردوە بۆ ئەوەی ئەو دەرفەتە بقۆزنەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەگەر سەیری مێژووی سیاسیی مەنتەقە بکەین، هەم لە هەرێمی کوردستان و هەم لە ڕۆژئاوای کوردستان و حەتا ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دوور، دەورانی ئینقلابی ئێران حەتا زەمانی کۆماری کوردستانیش فشاری سیاسیی دەرەکی لە ناوچە و لە دەوڵەتانی ئیقلیم و مەنتەقە کە کوردیان تێدایە تەئسیری بووە لەسەر ئەوەی دەرفەتێک دروست بکا بۆ بردنە پێشی بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستان. ئێمە پێمانوایە فشارە سیاسییەکانی ئەمریکا و فشارە ئابوورییەکانی ئەمریکا و موشکلاتی گەورە و جۆراجۆرێک کە خەڵکی ئێران هەیەتی، حکوومەتی ئێران نە دەتوانێ ئەم موشکلانە حەل کا نە ئەگەر حەتا بتوانێ بەرنامە و پرۆژەی بۆ حەللی ئەو موشکلانە هەیە. لە نەتیجەدا کۆی ئەو موشکلانە ئەو فشارە دەرەکییانەی ئەمریکا و نێوخۆیی خەڵکی ئێران حکوومەتی ئێران تووشی چالشێک دەکا. ئەو چالشە فەزایەکی کراوە و مەجالێکی باشتر دەڕەخسێنێ بۆ کار و تێکۆشانی بزووتنەوی سیاسیی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکان. بۆیە لەوبارەیەوە لامان وایە دەرفەت دێتە پێشێ ئێمە لەگەڵ حیزبەکانی کوردستانی ئێران یان ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەت کۆمەڵە و دێموکراتەکان لەسەر خەتین و قسەوباس و دیالۆگمان هەیە بەڵکوو بۆ ئەوەی ناوەندێک پێک بێنین تا لە ڕێگای ئەو ناوەندەوە بتوانین خۆ ئامادە کردنێک بکەین بۆ حاڵەتێکی ئاوا. ئێستا لە ناوەندی هاوکاری چوار حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ دوو کۆمەڵە و دوو دێموکرات پێکەوە هاوکاری دەکەین. قسەکانمان چوونە پێشی بەخۆیەوە هەیە بەڵام ئەوەی ئەگەر بمهەوێ دەقیق جوابی پرسیاری جەنابتان بدەمەوە؛ ئەرێ هەموو ئامادەکارییەکمان کردوە بۆ حاڵەتێکی پێشبینی کراوی لەو چەشنە، نا بەداخەوە نا زۆرمان ماوە بەڵام هەستی پێدەکەین وەکوو ئەرک لە پێشمانە و دەبێ لەسەری بە حەلێک بگەین.

**محەمەد ئەمینی**: پرسیارەکەی ئێستای منیش تا ڕادەیەک پێوەندی هەیە بە وڵامی بەڕێزتانەوە، پرش و بڵاوی و نایەکرپیزییەکی زۆر بە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتەوە دەبینرێ. ئایا کۆبوونەوەی ئەو حیزبانە بە هەموویانەوە بۆچی تا ئێستا دوا کەوتووە لانیکەم لە ئاستی کەسی یەکەما بۆ ستراتێژییەک بۆ ئەوەی گەڵاڵەیەک دابڕێژن یانی گونجاو بێ لە گەڵ ئەم قۆناغەی کە ئێستا لە ناوچەکەدا و لە ئێران هاتۆتە ئاراوە؟

**مستەفا مەولوودی**: من پێموایە حزوور و جۆری سازمان و ڕێکخستنی تەحەززوب لە بزووتنەوی سیاسی کورددا، لە هەموو بەشەکان کێشە و گرفتی تایبەت بە خۆی هەبووە. هەم لە باکووری کوردستان کەمتر لەبەر ئەوەی یەکدەستی پێوە دیار بووە و لە باشوور زۆرتر و لە ڕۆژئاواش هەستی پێدەکەین لە ڕۆژهەلاتیش بەداخەوە مەعلوومە. مادام کۆمەڵە حیزبێک هەیە جەمعێک حیزب هەیە ئەگەر ستراتێژیشیان یەک بێ کە وەدەست هێنانی حقوقی خەڵکی کوردستان و ڕزگاریی کوردستان بێ، بەڵام لە تاکتیک و تێڕوانین جۆری خەبات جیاوازییان هەیە. ڕیکخستنی ئەم حیزبانە چوارچێوەی زەرفێکی گەورەتردا وەکوو ناوەندی هاوکاری، وەکوو پێکهێنانی پلاتفۆرمی هاوکاری یا بەرەیەکی کوردستانی زەحمەتە. بەتایبەت کە بەداخەوە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بەتایبەت کۆمەڵە و دێموکرات لە زەمانی ڕابردووشدا بەیەکەوە کۆمەڵێک گرژییان هەبووە و، حەتا لەتبوونی کۆمەڵە و دێموکراتەکانیش دیسان تەئسیری کردوە. هەمووی ئەوانە سەبەبن بەداخەوە بۆ ئەوەی ئەو نایەکگرتوویە دروست بێ و هەموومان نەتوانین لە بەرەیەک یان لە زەرفێکدا کۆ بینەوە. بەڵام شتێک کە لە نەزەر منەوە یانی ئۆمێدە ئەویش ئەوەیە ئێستا هەستمان بە موشکلەکە کردوە و دەشزانین شەڕایەتەکە تایبەتە بۆیە بە پەلەین بۆ ئەوەی بتوانین بەسەر موشکلەکاندا  باز بدەین بەڵکوو بە حەللێکی ئەقڵانی بگەین.

**محەممەد ئەمینی**: چۆن ئەم کۆ نەبوونەوەی حیزبەکان پێناسە بکەین شەڕێکی  پێشوەختەیە لەپێناو دەستەڵاتێک کە ئێستا لە ئارادا نییە؟ یا  هۆکارێکی تری لە پشتە کە ئەو حیزبانەی ڕۆژهەڵات نەیەنە لای یەک و پێکەوە لە هەستیارترین دۆخا هەنگاوێکی هاوبەش نەنێن؟

**مستەفا مەولوودی**: لەپێشدا با عەرزتان بکەم حیزبی دێموکراتی کوردستان بەخۆشیەوە هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بچووکەوە بۆ گەورە لە تازەوە بۆ ئەوانەی مێژوویەکی دوور و درێژیان هەیە پیوەندییەکی خۆش و دۆستانەی هەیە. یانی من حیزبێکم پێشک نایا ئێمە عەلاقاتێکی تەندروست کە ئەقڵانیمان لەگەڵی نەبێ. وەک سەیر دەکەم زۆربەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەیەکەوە دیالۆگ و قسە و هاتوچۆیان هەیە و، گرژییەکی تایبەتیان لەنێودا نییە. بەڵام جۆری تەعامولی حیزبەکان لەگەڵ یەکتر -ئەمن نالێم لەسەر دەستەڵات ئێستا شتێک نییە تا پێی بڵێین دەستەڵات- بەڵام لەسەر تێڕوانینیان، لەسەر نەقش و دەوریان لەسەر کاریگەرییان، لەسەر ئایندەی بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستان زۆر سروشتییە پێیان خۆشە جێگە و پێگەیەکی مناسبتریان هەبێ، بۆ ئەو جێگە و پێگەیەش بە دیالۆگ و قسەکردنیان



سەرچاوە
Serchawe

شەڕی ئەوە دەکەن کە زۆرتر دەسکەوتیان وەبەرکەوێ؛ ئەوەش تەبیعەتی هەر حیزبێکە. بەڵام موهیم ئەوەیە بەرژەوەندییە گشتییەکە لەسەرەوەی بەرژەوەندیی حیزبەکە بێ، کە ئەقڵی سیاسیوونی کورد کەمێک مەحسوور و ناوچەییە، بەداخەوە زۆر بەربڵاو و فراوان و دوورئەندێشانە نییە. بۆیە ئەو موشکلاتەمان هەیە دەنا من پێموایە ئەگەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەوری بەرەیەک کۆ ببنەوە و، ئەو بەرەیە ببێتە ئادرەسێک بۆ هیدایەت کردن و بردنەپێشی بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خەڵکی کوردستان پێشوازییان لێدەکەن و هاوکارییان دەکەن و تەنانەت بەهێزتر و بەتواناتریشیان دەکەن.

**محەممەد ئەمینی**: کاک مستەفا ئاماژەت بەوە کرد کە حیزبەکەی ئێوە یانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا هەیە، ئێوە هیچ دەسپێشخەرییەکتان کردوە بۆ ئەم دۆخە کە ئێستا لە ئارادایە؟ ئەو جۆرە کۆبوونەوەی کە باسمان کرد لە نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو کۆدەنگی و ئەو هاودەنگییە بێتە ئاراوە؟

**مستەفا مەولوودی**: با عەرزت بکەم، من ڕێزم هەیە بۆ کار و ماندوو بوون و زەحمەتی هەموو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام بۆ مەعلووماتی جەنابتان بیرۆکەی ناوەندەی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە زەینی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا شکڵی گرت و، ئەوەڵین دیداریش کە سەردانی ئەغڵەبی حیزبەکانمان کرد و دەعوەتمان کردن لە چوارچێوەی پلاتفۆڕمێکدا، ماڵێکی هاوبەشدا کۆببنەوە هەر حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. لە ئاکامدا هەر لە بارەگای حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە قەڵای دێموکرات ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شکڵی گرت. ئەوەڵەن سپاس بۆ حیزبەکانی دیکە کە بەدەنگی بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هاتن، دووەمەن زۆر تەبیعییە ئەوانیش وەک ئێمە هەستیان بە مەسئوولیەت و بەرپرسایەتی کردوە، بۆیە لەو پرۆسە و ماندووبوونەی کە هەموومان کردوومانە و بەشێکی باشی بەر حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەوێ، ئەوانیش هەروەها هاوکار و خەمخۆر بوون و بەیەکەوە پرۆسەکەمان بردۆتە پێشێ. ئێمە وەک حیزبی دێموکرات لە بیرۆکەیەوە تا شکلگرتن زۆری لەگەڵ لەسەر خەت بووین زۆری بۆ ماندوو بووین و زۆریشمان دید و بازدید هاتوچۆ و کار بۆ کرد.

**محەممەد ئەمینی**: هەر ئێستا کە باسی ناوەندی هاوکاریی حێزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانت کرد، هیچ بیرۆکەیەک هیچ پێشنیارێک و دەسپێشخەرییەک هەیە کە ئەم ناوەندە فراوانتر بکرێت؟ یا بە دیوێکی تردا پرسیارەکە بکەم ئەو لایەنانەی تر کە نەهاتوونەتە ناو ئەو ناوەندەوە هۆکارەکەی چی بووە؟

**مستەفا مەولوودی**: چەند پلاتفۆڕمێک یان لە ڕاستیدا دەتوانم بڵێم چەند پرۆتۆکۆلێک لە ئاییننامەی ناوخۆیی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکان بگرە تاوەکوو تێڕوانینیان بەسەر ناوەندێکی گشتیی ئیدارە و تەسمیم و قەراراتی سیاسی بۆ کاری



سەرچاوە Serchawe

ئێعلام، ڕاگەیاندن، دیپلۆماسی، خۆلاسە بەتاڵاییەک لە ئایینەدەی سیاسیی ئێراندا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دێتە پێشێ و تاوەکوو دەگەینە هەڵبژاردنێکی دێموکراتیک کە هەمووومان قەبووڵمانە نەتیجەی هەڵبژاردەن هەرچێکی بوو، ئەوە ئیرادەی خەڵکە و ئێمە دەبێ تابعی بین؛ هەموو ئەوانە وەکوو پرۆتۆکۆل بە نووسراو و بە لێکتێگەیشتنێکی تەواو و حەتا هێندێکیان تەسوییکراویش لە ناوەندی هاوکاری پەسەند کراون. حەتا لە ناوەندیشدا بەحسی فراوانکردنەوەی ناوەند کراوە و حەتا باس لە ناوی ناوەندیش کراوە، کە ناوەند وەک خۆی بمێنێتەوە یان ناوەند بەرەو بەرەیەکی بەرینتر بڕوا. ئێمە لامان وایە ناوەند مومکینە زەرفێکی کامڵ نەبێ بۆ کۆکردنەوەی هەمووان، بۆیە ئەو ئیستعدادە هەیە کە ئەو زەرفەش بگۆڕدرێ بە بەرەیەک. بەڵام سروشتییە هەموو حیزبەکان وەک یەک لەسەر بەرینکردنەوەی ناوەند و بەشداریی هەموو حیزبەکان ڕایان وەک یەک نییە، دەبێ سەعی بکەین بە دیالۆگ و قسەکردن ئەگەر هەمووش نا بەڵکوو وا بکەین زۆربەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی پلاتفۆرمێکی هاوکاریدا کۆ بنەوە؛ جا ئەوە ناوەند بێ یا هەر ناو و بەرەیەکی دیکە کە هەمووان لە سەری بە تەوافوق بگەین.

**محەممەد ئەمینی**: کۆتا پرسیارم ئاراستەی بەڕێزتان دەکەم کاک مستەفا، ئەگەر هەر بگەڕێینەوە بۆ حیزبەکەتان واتە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان، نیزیکەی ١٣ ساڵ ئەبێ کە ئەو دوولەت بوونە لە حیزبی دێموکراتدا ڕووی داوە و، لە ماوەکانی ڕابردوودا لێژنە پێک هات چەندین کۆبوونەوە کرا بەڵام کوتوپڕ ئەو هەوڵانەی کە بۆ یەکگرتنەوە خرابووە گەڕ، نەگەیشتە ئەنجامێک بێ ئەوەی بچینە نێو هۆکارەکانی من ئەمهەوێ ئەمە وەکوو داواکارییەکە کە زۆرجار لایەنگرانی ئێوە لە ناوخۆ یا لە دیازپۆرا ڕووبەڕووتان ئەکەنەوە و داواتان لێدەکەن کە یەک بگرنەوانێ، ئەم هەلومەرجە نوێیەی کە لە ئارادایە هیچ هانی هەر دوو لایەنی دێموکرات واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی داوە ئەو قۆناغەی پێشتر دەستیان پێکردبوو بیخەنەوە گەڕ و، بیگەیەننەوە ئەنجام؟

**مستەفا مەولوودی**: لەلای ئێمە لەڕاستیدا ئەو پرۆسەی دەستمان پێکردبوو کە بە خۆشییەوە باشیشمان هێنابووە پێشێ و حەتا لە زۆر خاڵێش بە تەوافوقی تەواو گەیشتبووین، تەقریبەن بەنیسبەت خاڵ و بڕگەی کەممان مابوو، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە کۆنگرەی گرت جۆری ڕێکخستنەوەی ساختاری حیزبییان یا پێکهاتەی حیزبییان کەمێک موشکلەی لە پێگەیشتنی هەردووک لامان بۆ جۆری کەوتنەوە سەر یەکی دێموکراتەکان بڕیک پەک خست. دەلیلەکەشی ئەوە بوو، چون ئێمە لەسەر شتە هاوبەشەکان زۆرتر کارمان دەکرد، گۆڕینی پێکهاتە شتەکانی کەمێک لێک دوور خستەوە. لەو وەختەوە سستییەک هەیە، ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستان لامان وایە باشترە دێموکراتەکان بەیەکەوە و لە یەک ماڵی گەورەی دێموکراتدا کاری سیاسی بکەن، بۆ ئەوەش هەم ئامادەین لە خۆمان مایە دابنێین و هەم مایەمان داناوە و هەم دۆستانە لەگەڵ ڕەفیقەکانمان لەو بارەیەوە قسە بکەین؛ هەر کارێکی بیکەین بۆ کەوتنەوە سەریەکی دێموکراتەکان بە دروستی دەزانین. بەڵام ئێستاکە بەداخەوە لە هەر دووکلا هێندێک تێبینی هەیە و ئەو تێبینییە ڕاوەستانێکی لە

بردنەپێشی کارەکەدا دروست کردووە، ئێمە بە هاوکاری لەگەڵ یەکتر و بە هاوکاری باش لەگەڵ یەکتر تەقریبەن ئەو کەلێنەمان پڕ کردۆتەوە. بەخۆشییەوە ئێستا ئەم دوو لایەنە هەم لە ناحییەی ئەمنی کە لێک نزیکین هەم هەم لە ناحییەی پاراستنی موحیتەکە، هەم لە هەڵوێست و مەوازعی سیاسیدا و هەم لە ناوەندی هاوکاریدا، هەم لە پێوەندی لەگەڵ کارکردن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و حەتا مەسائیلی وردی ئەمنی-سیاسی لە مەنتەقەدا هیچ گرفتێکمان نییە و هاوکاریی باشمان هەیە. هیوادارم ئەو هاوکارییە نەبێتە کۆسپی سەر ڕێی پرۆسەکان بەڵکوو ببێ بە زەمینەی ئەوەی کە ئێمە ڕۆژێک پرۆسەی کەوتنەوە سەریەک بکەین بە بەرنامەی خۆمان، وەک جەنابت فەرمووت ئەوە ئارەزووی خەڵکی کوردستانە، ئەوە داوای خەڵکی کوردستانە و هەر دووک لاشمان ئەو داوا و ئارەزووەی دەزانین و دەشزانین دێموکرات ئەگەر بەیەکەوە بێ تەئسیری گەورەتری لەسەر بردنە پێشی بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵات بە هاوکاریی حیزبەکانی دیکە دەبێ.

**محەممەد ئەمینی**: زۆر سپاس بۆ بەڕێز کاک مستەفا مەولوودی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لەم گوفتگۆیە لەگەڵمان بوو. بیسەرانی ئازیزی ڕادیۆ ئەوا گەیشتینە کۆتایی گوفتوگۆکە تا گوفتگۆیەکی تایبەتی دیکە بە خۆشی و کامەرانیتان ئەسپێرم، ماڵاوا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣ی جوولای ٢٠١٩

---



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا مەولوودی: شوناسخوازیی سەرانسەریی ئێستا لە کوردستان بەرهەمی خۆراگریی کوردە لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا



**دیمانە: عەلی بداغی**

٢٨ی گەلاوێژی ئەمساڵ ٤٠ ساڵ تێپەڕی بەسەر ڕووداوێکی مێژوویی کە چارەنووسی سیاسیی کوردستانی ئێرانی گۆڕی. لەم ڕۆژەدا خومەینی، ڕێبەری ڕێژیم فتوای جیهاد و فەرمانی شەڕ لە دژی خەڵکی کوردستانی دا و بەوەش دەرگای هەموو هەوڵێکی ئاشتیخوازانە بۆ چارەسەریی پرسی کورد لە ئێراندا داخرا. لەو کاتەوە شەڕ لە کوردستان لە شێوەی جۆراوجۆردا بەردەوام بووە، کوردستان بە ئەمنیەتی کراوە و وەک موستەعمرەیەک سامان و سەرچاوەکانی لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە بەتاڵان چووە. هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەیی دراوە و لە هەموو پێشکەوتن و پەرەسەندنێکدا بێبەش کراوە و ئەوەش سەرچاوەکەی بۆ ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی دەگەڕێتەوە.

"کوردستان" لە ٤٠ ساڵەی ئەم ڕووداوە مێژووییەدا دیمانەیەکی لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێناوە و چەند باس و تەوەرێکی پێوەندیدار بەو بابەتەی لەگەڵ بەڕێزیاندا تاوتوێ کردوە.

**عەلی بداغی: چی وای کرد خومەینی فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستان بدا؟**

**مستەفا مەولوودی:** کە بنەڕەتڕا بەپێی تایبەتمەندی و خەسڵەت و کەسایەتیی نادێموکراتیکی ئایەتوڵڵا خومەینی و ئەو نیزامە مەزهەبییە کە ئاغای خومەینی و هاوبیرەکانی خەونی جێگیرکردنیان لە وڵاتی ئێراندا دەدی، سروشتی بوو کە

حکومەتی تازەدامەزراو لە تاران زۆر زوو دەکەوێتە بیری کۆنترۆڵ کردنەوەی هەمووی وڵات و لێ ئەستاندنەوەی ئەو بڕە ئازادییەی کە خەڵکی ئێران بەگشتی و نەتەوە نا فارسەکان بە سەرکەوتنی شۆرش لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا وەدەستیان هێنابوو. ئەوە بەگشتی، بەڵام لە کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر مەسەلەکە جیاواز بوو. لە بەر ئەوەی کورد وەک نەتەوەیەک بەنیسبەت نەتەوەکانی دیکەی ئێران خاوەنی باکگراندێکی مێژوویی لە خەبات و تێکۆشانی بوو. لە مێژووی تۆمارکراویدا حیزبی سیاسیی خۆی (حیزبی دێموکراتی کوردستان)ی هەبوو، ئەزموونی کۆماری کوردستانی وەک پاشخانی ئیرادەگەریی سیاسی تۆمار کردبوو. لە ڕێژیمی پاشایەتیی تووڕە بوو و هاوکات بە خوێندنەوە و لێکدانەوەی سیاسیی ورد و بە مەبەستی وەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی بەشداریی لە شۆڕشی ١٣٥٧ بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی کردبوو. پاش سەرکەوتنی شۆرشیش حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەک بە دانوستان و وتووێژ لەگەڵ نیزامی تازە و لە لایەکی دیکە بە کار و تێکۆشان لە ئێران و کوردستان لە بیری جێگیر کردن و دروستکردنی نیهادی مەدەنی و خەڵکتەوەر دابوو. ئەوەش ناتەبا بوو لەگەڵ بنەما فیکری و بەرنامەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی و کەسانی دەوروبەری. ئەوەش بوو کە ئەوان هەر لە سەرەتاوە کوردستانیان وەک چقڵێک دەدی لە چاوی خۆیاندا. بۆیەش خومەینی فتوا و فەرمانی جیهادی لە دژی کورد دەرکرد.

**عەلی بداغی**: کورد لەبەرامبەر ئەم هێرشەدا بەرگرییەکی چەکداریی ئازایانەی کرد، ئەگەر هێزە سیاسییەکان ئەم مقاومەتەیان نەکردبا چی ڕووی دەدا؟

**مستەفا مەولوودی**: لە مێژوودا کورد بە نەتەوەیەکی ئازا و چاو نەترس ناسراوە. بۆیە خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان (لە شەڕی سێ مانگەدا) نموونەی ئازایەتی و کۆڵنەدانی خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگە بوو. هێزێکی زۆری حکوومەت بە فەرمانی ئاغای خومەینی بە ئیمکاناتێکی زۆرەوە و لە زەوی و ئاسمانەوە پەلاماری کوردستانی دا، بەڵام دوای سێ مانگ شەڕی قارەمانانە و بەرگرییەکی ڕەوا، هێزی پەلاماردەر تووشی تێکشانی گەورە بوو. خومەینی ناچار لە ڕۆژی ٢٦ی خەزەڵوەردا پەیامی ڕاگرتنی شە بە دژی کوردستانی ڕاگەیاند و دانی بە ئەوە دانا کە ئەویان لەسەر کوردستان خراپ تێگەیاندوە. پاشان ئۆگری نیشان دا کە کێشەی کوردستان بە دیالۆگ و وتووێژ چارەسەر بکرێ. خەڵکی کوردستانیش وەڵامی ئەرێنیی دایەوە بەو پەیامە. بەڵام بەداخەوە دەرکەوت ئەوەش هەر پیلان و کەلکوەرگرتن لە کات بوو بۆ ئەوەی هێزە پەلاماردەرەکان خۆیان ڕێک بخەنەوە و تەیار و پۆشتە بکرێنەوە بۆ پەلاماری دووبارە بۆ سەر خەڵکی کوردستان.

ڕوونە ئەگەر خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکان بە تایبەتی حیزبی دێموکرات مقاومەتی نەکردبا، بزووتنەوەی کوردستان تووشی شکانێکی قەرەبوونەکراو دەبوو، و بۆ ماوەیەکی نادیار جووڵانەوەکە تووشی کپ و بێدەنگی دەبوو. هەروەها خەڵکی کوردستان زووتر دەکەوتنە ژێر دەستەڵاتی شوومی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. هاوکات سەرکوتی بزووتنەوەی

سیاسیی کوردستان شوێنەواری خەراپی لەسەر بزوتنەوەی سیاسی سەرانسەریی خەڵکی ئێرانیش دادەنا.

**عەلی بداغی:** کۆمەڵێک دەنگ هەیە کە دەڵێن کورد نەدەبوا لەبەرامبەر ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا کە بە شۆڕش هاتووەتە سەرکار ڕاوەستابا و دەستی بۆ چەک بردبا. چونکی ئەمە بیانووی دا بە شەڕخوازەکانی نێو دەسەڵات کە بۆ هەمیشەی هەیمەنەی خۆیان بەسەر کوردستاندا بسەپێنن. ئێوە وەڵامتان بۆ ئەو بانگەشەیە چییە؟

**مستەفا مەولوودی:** لەگەڵ ڕێزم بۆ بووچە جیاوازەکان بەڵام ئەوە لەجێی خۆیدا نییە. خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی حیزبی دێموکرات بە هەڵسەنگاندن و خوێندنەوەی دروست لە بەرانبەر پەلاماری هێزەکانی حکومەت، چ هیزی میلیشا وەک بەسیج و چەکدار لە ناوچەکە و هەروەها هێرشی هیزە چەکدارەکانی حکومەت بە ئەرتەش و سوپای پاسدارانەوە ڕاوەستان و مقاومەتیان کرد و ئەوە کارێکی بەجێ و جێی شانازییە. چونکی دەستی لەسەر دەست دانەنا و ئیزنی نەدا بزووتنەوەیەک سەرکوت و نەتەوەیەک قەلاچۆ بکرێ. بەڵام لەبەر چی گوتم کە ئەو بۆچوونە لەجێی خۆیدا نییە:

**یەکەم**؛ هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری حکوومەتی تازە لە ئێران، خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات هەوڵیان دا بە ڕێگای وتوویژ و دیالۆگ مەسەلەی کوردستان لەگەڵ حکومەت چارەسەر بکەن؛ کەواتە ئەوان بە بەرپرسیارەتییەوە مامەڵەیان لەگەڵ دۆخەکە کردوە. بەڵام ئەوە حکومەتی تاران بوو بە پەلامار بۆ سەر کوردستان ڕێگای وتووێژی داخست و بەربەستی لەبەردەم چارەسەرە دێموکراتیکەکان دانا وم لە ڕاستیدا هیچ ڕێگایەکی بۆ خەڵکی کوردستان نەهێشتەوە جیا لە مقاومەت و بەربەرەکانییەکی ڕەوا.

**دووهەم**؛ بەڵام باشە خۆ لە بەشەکانی دیکەی ئێران کە بەو شێوەیە مقاومەت و خۆڕاگری نەبوو، ئەدی چارەنووسی ئەوان بوو بە چی؟

**سێهەم**؛ هەر لە کوردستان هێز و لایەن هەبوون بە شێوەیەک ڕەفتار و سیاسەتیان دەکرد کە بەهیچ شێوەیەک هانی حکومەت نەدەن و لە بەرامبەر ڕێژیمدا ڕانەوەستن. باشە چارەنووسی ئەوان چیی لێهات؟

**چوارەم**؛ دوایی ٤٠ ساڵ ئەگەر سەیری ئەو مێژوویە بکەین، بەکردەوە بۆمان دەردەکەوێ کە خەڵکی کوردستان کاری دروستی کردوە کە مقاومەتی کردوە. هێزە کوردییەکان کە بەرگریی چەکدارییان لە هەمبەر ڕێژیمدا بووە و مانەوەی خۆیان کردۆتە ئەمری واقع، ئێستاش دەبینین کە لە مەیداندا ماونەوە، بەڵام ئەو نەتەوانەی مقاومەتیان نەکرد و بێدەنگی و چاوەڕوانی و تەنانەت تەسلیم بوونیان هەڵبژارد، هەموو شتێکیان لەدەست چوو. بۆیە ڕەمزی سەرکەوتن و مانەوەی کورد لەو مەیدانەدا



سەرچاوە
Serchawe

بۆ ئەوە مقاومەتە دەگەڕێتەوە. ڕاستە کورد و حیزبی دێموکرات ڕێگایەکی هەڵبژارد کە تێچوویەکی زۆر و قورسی هەبوو، بەڵام سەربڵیند و تێکۆشەر لە مەیدانەکەدا ماوەنەوە و ئێستاش خەڵکی کوردستان چاوی هیوایان هەر لە هێزە خەباتکارەکانیەتی.

**عەلی بداغی:** دوای هێرشی تاران بۆ سەر کوردستان و بەرگریی کورد و شەڕی سێ مانگە بۆ ماوەیەک شەڕ ڕاوەستا و پرسی وتووێژ لە نێوان ڕێژیم و کورددا هاتەگۆڕێ، بەڵام بێ ئەنجام بوون. تاوانی ئەمە لە ئەستۆی کێ بوو؟ بۆ وتووێژەکان بێ ئاکام مانەوە؟

**مستەفا مەولوودی:** ڕاستە دوای هێرشی تاران بۆ کوردستان بەو جۆرەی ئێوە دەفەرموون ماوەیەک شەڕ ڕاوەستا و پرسی وتووێژ هاتۆتە ئاراوە، بەڵام لە وەڵامی پرسیارەکەی پێشتردا گوتم کە ئەمە تاکتیکی ڕێژیم بۆ کات کوشتن بوو. لە ڕاونگەی منەوە پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەر ئاغای خومەینی بۆ دیالۆگ و وتووێژ بە مەبەستی چارەسەری پرسی کوردستان نەبوو، بەڵکوو بۆ حەسانەوە و سازماندان و خۆ ئامادەکردنی هێزەکانی ڕێژیم بووە بۆ پەلاماری دووبارەیان بۆ سەر کوردستان. لە بەر ئەوە هەر چەند بەرواڵەت هەیئەت لە تارانەوە هاتن بۆ کوردستان و لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان چەند جارێک دیداریان هەبوو، بەڵام ئەوان نیازپاک نەبوون. هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان داخوازیی خەڵکی کوردستانیان لە چەند خاڵدا فۆرموڵە کردبوو و خەڵکی کوردستان زۆریشی ئامادەگی نیشان دا؛ تەنانەت کە باس لە خودموختاریی ئیسلامی لە کوردستان دەکرێ، سکرتێری گشتیی ئەو کاتی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەش ئامادەیی دەردەبڕێ. بەڵام چوونکە لە ڕاستیدا ڕێژیم خەیاڵی وەخت کڕینی هەبوو بۆ پەلاماری دووبارەی کوردستان نەک چارەسەرکردنی پرسە، بۆیە هەر کە ڕێژیم خۆی لەو ئاستەدا دیتەوە کە دەتوانێ پەلاماری شار و ناوچە و گوندەکانی کوردستان بدا؛ بێ گوێدان بە کاری هەیئەتی دەوڵەت و خەڵکی کوردستان پەلامارەکەی دەست پێکردەوە و شەڕێکی بەسەر کوردستاندا سەپاند کە لە فۆڕمی جۆراوجۆردا تا ئێستاش درێژەی هەیە. بۆیە زۆر ڕوونە کە تاوانی بە ئاکام نەگەیشتنی هەوڵە ئاشتیخوازانەکان لە ئەستۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە.

**عەلی بداغی:** ئەگەر کەمێک وردتر باس لە کاریگەرییەکانی شکستی وتووێژەکان بکەین. دوایە لە کوردستان چ ڕووی دا؟

**مستەفا مەولوودی:** ڕاستی وتووێژێک بەم جۆرەی بڵێی وتووێژ بە شێوەیەکی جیددی و کاریگەر لە ئارادا بووبێ بە باوەری من هەر نەبوو، چوونکە من لە یەکێک لە هاوڕێیان کە ئەندامی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورد بووە و لە وتووێژەکاندا بووە؛ لێم بیستووە کە لەو چەند جار دانیشتنەدا تەنیا یەک جار و ئەویش بۆ ماوەی نیو سەعات وتووێژی فەرمی لە نێوان هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان و نوێنەرانی حکومەتدا هەبوو. کە ئەویش هیچی وای تێیدا باس نەکراوە. بۆیە



سەرچاوە
Serchawe

دەکرێ بڵێین وتووێژێک نەبووە تا بە ئاکام نەگەیشتنەکەی کاریگەریی بووبێ بە سەر خەڵک و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان. تەنیا ئەوە نەبێ کە ئاگربەست هەبوو لە نێوان کورد و هێزەکانی ڕێژیم لە کوردستان، کە هێزەکانی ڕێژیم بۆ جاری دووهەم خۆیان ڕێک خستەوە و تەیارتر و پۆشتەتر و ئەمجارەیان بە پیلان و بەرنامەی درێژخایەنترەوە پەلاماری کوردستانیان دایەوە. دەرەنجامەکەشی شەڕێکی نابەرامبەری خوێناویی لێ کەوتەوە و بووە هۆی وێرانی و کوشت و کوشتارێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان و بەرپرسایەتیی هەموو ئەوانەش لە ئەستۆی ڕێژیمە کە کوردستانی میلیتاریزە کردبوو.

لە هەر شوێنێک هیزەکانی ڕێژیم هەبوون ژیانی خەڵک بەتەواوی لە مەترسیدا بوو. گرتن و کوشتن و ڕەوانەکردنی خەڵک بۆ زیندان و ئیعدامی خەڵکی کوردستان ببوو بە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی کوردستان.

سروشتیش بوو لە بەرامبەر ئەم پەلامارەدا هیزە سیاسییەکان بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان بە یارمەتی و هەزینەکردنی خەڵکی کوردستان لە گیان و ماڵ، شەڕ و مقاومەت و خۆڕاگرییەکی بێوێنەیان تۆمار کرد کە لە مێژوودا بە درەوشاوەیی ماوەتەوە و دەمێنێ. ڕاستە بۆ خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات تێچووی ئەو بەربەرەکانی و مقاومەتە زۆر بووە، بەڵام ئەمە پەرەی بە بزووتنەوەیەکی سیاسیی شۆرشگێرانە داوە و ئێستاش خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر فشاری ڕێژیمدا و سیاسی بوونی خەڵکی کوردستان و سوور بوونیان لەسەر مافە ڕەواکانیان ئەمری واقعە و فەزایەکی تەواو ماف ویستانە و سیاسیی لە کوردستاندا خوڵقاندوە.

**عەلی بداغی:** کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی دەسەڵاتیدا هەمیشە وەک موستەعمیرەیەک لە کوردستانی ڕوانیوە، سامان و سەرچاوەکانی بەتاڵان بردوە، شەڕی نەرمی لەگەڵ کورد بردۆتە پێشێ و بە قورسترین چەک کە ڕەنگبێ ئێستاش زۆر لە دەوڵەتان نەیانبێ لە بزووتنەوەی کوردی داوە. کورد و کۆماری ئیسلامی لە داهاتوودا لە کوێ پێک دەگەن؟ یان ئەسڵەن دەکرێ لە جێیەک پێک بگەن؟

**مستەفا مەولوودی:** ئەزموونی مێژووی چل ساڵ دەستەڵاتداری کۆماری ئیسلامی لە ئێران و کوردستان، ڕەفتار و کردەوەی کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە، خوێندنەوە و جۆری ڕوانینی ڕێژیم بۆ چارەسەری پرسەکان بە ڕێگای زەبروزەنگ و ئەمنیەتی ئەوەمان پێ دەڵێین کە لە چوارچێوەی حکومەتی کۆماری ئیسلامیدا دێموکراسی لەم وڵاتە جێگیر نابێ و؛ خەڵکی و نەتەوەکانی ئێرانیش بە ماف و داوای ڕەوای سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆیان ناگەن. بۆیە ڕێگای ڕزگاریی خەڵکی ئێران لە دەست ئەو ڕێژیمە، ڕەدکردنەوەی ئەو نیزامەیە لە تەواوتیی خۆیدا و جێگیرکردنی نیزامی سیاسیی دێموکرات و بەرپرسیارە.

بەڵام بزوتنەوەی سیاسی خەڵکی کوردستان کە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیەتی، هەموو کاتێک دیالۆگ و گفتوگۆی بە یەکێک

لە ڕێگاکانی تێکۆشان بۆ دەستەبەری مافەکانی خەلکی کوردستان دەزانێ. ئەگەر بە هەر هۆیەک لە هەلومەرجی زاڵ بەسەر ئێراندا حکوومەت ناچار بە پاشەکشە بێ و، ئیستعدادی ئەوەی تێدا دروست بێ کە بە داننان بە مافەکانی خەڵکی کوردستان ڕێگا بۆ چارەسەری ئەم پرسە خۆش بێ؛ کورد دەبێ ئەوە بە هەند وەربگرێ. بۆیە خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەبێ ئامادەیی ئەوەیان هەبێ لە ئەگەری وەها دۆخێکدا، ئەم دەرفەتە بە قازانجی بردنە پێشی بزووتنەوەی سیاسی خەڵکی کوردستان بقۆزنەوە و لەو بەستێنەشدا لەسەر هەست و بەبەرنامە بن.

**عەلی بداغی:** حیزبی دێموکرات ٤٠ ساڵە لەبەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا خەبات و مقاومەت دەکا، ئێوە چۆن باس لە دەسکەوتەکانی ئەم تێکۆشان و مقاومەتە لەو چوار دەیەیەدا دەکەن؟ لە بنەڕەتڕا پێتان وایە دەسکەوتەکان چین؟

**مستەفا مەولوودی:** وەک باسمان کرد حیزبی دێموکرات لە چل ساڵ خەبات لە بەرامبەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا تێچووی زۆری بووە، خەساری زۆر بەرکەوتوە و ڕەنگە دەرفەتی باشیشی لە دەست دابێ یان باش لە دەرفەتەکان و هێزی خەڵکی کوردستان و توانای هەموو تێکۆشەران کەلکی وەرنەگرتبێ. بەڵام دەستکەوتی زۆریشی بۆ بزووتنەوەی سیاسی خەڵکی کوردستان دەستەبەر کردوە. یەکەم لە هەلومەرجێکی زۆر سەختدا بە ئیمکاناتی زۆر سنووردار و لە بەرامبەر ڕێژیمێکی دڕندە و دژی گەلیدا توانیویەتی بزوتنەوەی سیاسی لە کوردستانی ئێراندا لەسەر پێ ڕابگرێ. دەبینین کە تا ئێستاش فەزایەکی تەواو سیاسی بەسەر کوردستاندا زاڵە و خەڵکی کوردستان چەند شەقاوێک لە ناوچەکانی دیکەی ئێران لە پێشترن. حیزبی دێموکرات بە تێکۆشان و لە مەیداندا بوونی هەستی نەتەوایەتی و شۆڕشگێرانەی لە کوردستاندا زۆر بەهێزتر کردوە و ئەگەر سەردەمانێک هەست و باوەڕی نەتەوایەتی زۆرتر ڕەنگدانەوەی ناوچەیەکی پێوە دیار بوو، ئێستا لە باکووریترین ناوچەی کوردستان هەتا باشووریترینی، ئەوەی تۆخ و دیارە پرسی شوناسخوازییە.

بزووتنەوەی کوردستان هەر لە سنووری ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوچەکەدا قەتیس نەماوەتەوە، بەڵکوو سنووری وڵاتانی بڕیوە و زۆر لە وڵاتان و خەڵکی سیاسی ئاگادارن کە چل ساڵە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر پێیە بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی و سیاسی و مەدەنییەکانی. چەند ڕۆژ پێش ئێستا نوێترین ڕاپۆرتی جاوید ڕەحمان، نوێنەری شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئێران بڵاو بۆوە کە تێیدا هاتبوو نیوەی زیندانیانی سیاسی لە ئێران کوردن. ئەوە تەعبیر لەوە دەکا کە لە کوردستان بزووتنەوەیەکی سیاسیی وشیار و لەسەر هەستمان هەیە.

لە یەک کەلامدا خەڵکی کوردستان بە مقاومەت و خۆڕاگریان لە بەرامبەر پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا و لە ڕێگای هێزە سیاسییەکانیان بەرچاوڕوونیی ورد و تەواویان لەسەر ماف و ویستەکانیان بەو کەس و لایەنانە داوە کە بیر لە داهاتووی ئێران و نیزامی سیاسی لە ئێراندا دەکەنەوە.



سەرچاوە Serchawe

**عەلی بداغی:** حیزبی دێموکرات لەم چەند ڕۆژەدا هەم یادی ٧٤ ساڵەی دامەزرانی کردەوە، هەم ٤٠ ساڵەی ٢٨ی گەلاوێژی ٨٥ و جینایەتەکانی ڕێـژیم لە کوردستانی بیـر هێنـایەوە. حیزبـی ئێـوە بەو پاشخانە لە مێـژووی خەبـات چـۆن بـۆ گۆڕانکارییەکانی داهاتووی ئێران دەڕوانێ و بەرنامەی چییە؟

**مستەفا مەولوودی:** حیزبی ئێمە ئەزموونێکی زۆری خەبات و تێکۆشانی هەیە، زۆر ڕووداو و کارەساتیشی ئەزموون کردوون و قاڵبووی مەیدانی خەبات و تێکۆشانە. بە پێی ئەو ئەزموون و تێگەیشتنەی کە حیزبی دێموکرات هەیەتی، حکوومەتی ئێران لە خراپترین حاڵەتی خۆیدایە، ناتەبایی بەرچاو لەنێو دەزگاکانی ڕێژیمدا دەبینـدرێ، خەڵکی ئێران بەگشتی لە چەنگ ئەو ڕێـژیمە وەزاڵە هـاتوون و ڕۆژانە بەشـێوەی جۆراوجـۆر نـاڕەزایەتی دەردەبـڕن. هەژاری، نەداری و بیکـاری و کێشـەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی تەنگیـان بە خەڵکی ئێران هەڵچنیـوە، فشـاری سیاسی و ئـابووریی دەرەوە لەسەر حکومەتی ئێران نیشانەکانی بەسەر ژیانی خەڵکی ئێران بەتەواوی وەدەر کەوتوە و، بە ئاشکرا بە حکوومەت و نیـزامەوە دیـارە کە لەگەڵ چ فشـارێک بەرەوڕووبە. ئەوانە هەمـوویـان چالشـی جیـددیان بـۆ حکومەت دروسـت کـردوە و خەڵـک بە تەوژم و جیـدییەتی زیـاترەوە بەرەوڕووی ڕێـژیم بـوونەتەوە. ئەم بـارودۆخە دەرفەتێکـی بـاشـە بـۆ بـزووتنەوەی نـاڕەزایەتیی خەڵـک. حیزبـی دێموکرات لەو پیوەندیەدا لە سازماندان و بەخۆداچوونەوەدا و لە شێوەی هاوکاری لەگەڵ هیـزە سیاسییەکان لە کوردستان و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانـی بە خوێنـدنەوەی تـازەوە سەیری داهـاتوو دەکـا. هەروەهـا حیزبـی ئـێمە خـۆی بـۆ هەر ئەگەرێـک و هەلومەرجێکی پێشبینی کراو و نەکراو ئامادە دەکا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا مەولوودی: کورد لە ڕۆژئاوا لە پێناو پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و ئەمنیەتی جیهانیدا شەڕی کردوە، ئەویش لەدژی تاریکترین بیری سەردەم، بۆیە تاوانە پشتیان چۆڵ بکرێ



**تاوانە پشتی ڕۆژاوا چۆڵ بکرێ**

**ڕووداوەکانی ڕۆژاوای کوردستان لەم ڕۆژانەدا چەقی سەرنج و لێکدانەوەکان لە ناوچە و جیهانیشە. ئەم ڕووداوانەی کاریگەریی زۆری لەسەر ڕیزبەندیی سیاسی و هەڵوێست و هەروەها کاردانەوە جیاوازەکان لە زۆربەی شوێنەکان بەتایبەت لە کوردستان بووە. ڕۆژاوا بۆ گەیشتە ئەمڕۆ؟ مەترسییەکان بۆسەر داهاتوو کورد چەندەن؟ کۆماری ئیسلامیی ئێران لەکوێی ئەم هاوکێشەیە دایە؟ بۆ تاوتوێی ئەم باسانە و وەستان لەسەر چەند تەوەرێکی دی، "کوردستان" دیمانەیەکی لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێناوە.**

**کوردستان: کاک مستەفا با بەو پرسیارە دەست پێبکەین کە لە ڕۆژاوای کوردستان چ دەگوزەرێ و ڕۆژاوا بۆ گەیشتە ئەم دۆخە؟**

**مستەفا مەولوودی:** ئەوەی ئێستا لە ڕۆژاوا ڕادەبرێ، ترامپ چەخماغەکەی لێدا. لەدوای پێوەندیی تەلەفوونیی ترامپ بە ئەردۆغان و کشانەوەی هەڵنەسەنگێندراو و بە پەلەپرووزەی هێزەکانی ئەمریکا لە ڕۆژاوای کوردستان، هێرشی بەربڵاوی هێزەکانی تورکیە بە هاوکاریی سپای ئازادی سووریە - کە وەک باس دەکەن تێکەڵییەکی سەیر و زۆر نامۆن - بۆ سەر ڕۆژاوای کوردستان دەستی پێکرد. هەرچەندە شەڤان و کچ و کوڕە خەباتکارانی ئەو دەڤەرە بەرگرییەکی کەموێنەیان کردوە، بەڵام لە شار و گوندەکانی ئەو دەڤەرە کە هێرشیان کراوەتە سەر، کارەساتی مرۆڤی ڕوو دەدا و خەڵکی سڤیل دەکوژرێ و

شار و گوند و ماڵ و حاڵی دانیشتووانی وێران دەکرێ و خەڵک ئاوارە و پەرێوەی هەندەران دەبن. بەپێی ئاماری نافەرمی تا ئێستا زیاتر لە سێسەد هەزار کەس ئاوارە بوون، بە سەدان کەس کوژراو و بریندار هەیە. ڕاپۆرتە نافەرمییەکانیش بە نیشاندانی بریندارەکان گوزارشت لەوە دەدەن کە تەنانەت چەکی قەدەغەکراویش لەسەر خەڵکی سڤیل بەکار هێنراوە، دیارە وەک ڕاپۆرتەکان باس دەکەن بە دەیان سەربازی تورک و بەسەدان چەکداری سپای بەناو ئازادی سوورییە لەو شەڕەدا کوژراون و بەداخەوە دەیان شەڕڤانیش شەهید و سەدانیش بریندار بوون.

ئەوەی لە ڕۆژاوا ڕوو دەدا بەشی زۆری بۆ سازان و ڕێککەوتنی وڵاتانی خاوەن بەرژەوەند لە سووریە دەگەڕێتەوە کە بەداخەوە لەسەر حسێب و لەسەر خاک و بەرژەوەندییەکانی کورد دەکرێ، هەر ئەو کوردەی دەوری گرینگ و چارەنووسسازی لە شکستدانی داعش، وەک هەڕەشەیەک بۆسەر ئەمنیەتی جیهان و ناوچە هەبوو.

**کوردستان**: کەم نین ئەوانەی دەڵێن ئەوەی لە ڕۆژاوای کوردستان ڕوو دەدا دەرەنجامی کردەوەکانی کورد خۆیەتی، ئایا هەموو مەسەلەکە ئەوەیە؟

**مستەفا مەولوودی**: من پێم وانییە، بۆ؟ یەکەم، دانیشتووانی ڕۆژاوای کوردستان بەپێی هەلومەرجی سیاسی - جوغرافیایی ناوچەکە لە دەرفەتێک کە لەو دەڤەرە هاتۆتە پێش، کەلکیان وەرگرتوە، ڕێکخستنی سیاسی و مەدەنییان دروست کردوە، هێزێکی باشی بەرگرییان لە کچان و کوڕانی ئەو بەشە لە کوردستان لە هەموو پێکهاتەکان پێک هێناوە، ئیدارە و خۆبەڕێوەبەریی خەڵکییان لە ناوچەکەیان دامەزراندوە، چەند ساڵێکە لە بۆشایی دەستەڵاتی حکوومەتی ناوەندی بەباشی ئەو بۆشاییەیان لە بەرژەوەندیی خەڵکی خۆیان پڕ کردۆتەوە و لە سۆنگەی هەموو ئەوانەوە، بەنیسبەت بەشەکانی دیکەی سووریە خەڵک زۆر کەمتر تووشی ئاوارەیی و شارەکان کەمتر تووشی وێرانی بوون. ئەوان لەگەڵ هاوپەیمانانی دژبە داعش مەترسییەکی گەورەیان لەکۆڵ مرۆڤایەتی کردەوە. لەڕاستیدا تێکشاندنی ئیرادەی مرۆڤکوژی و وێرانکاریی داعش لەسەر زەوی، لەسەر دەستی هێزی شەڕڤان لە سووریە و هێزی پێشمەرگە لە عێراق بوو کە بە هەیبەت و ئازایەتی و خوێن و قوربانیدان و گیانبەختکردنی زیاتر لە یازدە هەزار شەهید وەدی هاتوە. کورد لە ڕۆژئاوا سیاسەتیان بە نیسبەت دەوڵەتی ناوەندیش، مەدارا و دوورکەوتنەوە لە شەڕ و لێکدان بووە.

ڕاستە دەکری بەنیسبەت جۆری سیاسەت کردن و هەڵسوکەوتی «پەیەدە» لە ڕۆژاوای کوردستان سەرنج و تێبینیش هەبن، وەک ئەوەی پەیەدە مەیدانی ئەوەی نەدا کە هەموو هێزە سیاسییەکانی ڕۆژاوا دەوری خۆیان هەبێ و هەر بۆیە نەکراوە لە وزە و توانایی هەموو لایەنەکان وەک پێویست کەلک وەربگیردرێ. یان لەبارەی ئیلهام وەرگرتنی پەیەدە لە پ ک ک و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە کە تێبینیی جیددیمان بووە و لە دانیشتمان لەگەڵ هەڤاڵانمان لە پەیەدە، ڕوانگەی خۆمان و

شوێنەواری نامۆناسبی ئەو سیاسەتەشمان وەبیر هێناونەوە، هەر ئەو شتەی کە ئێستا بۆتە بیانووی تورکیە بۆ هێرش بۆسەر ڕۆژاوای کوردستان و سووریە؛ بەڵام ئەوانە هیچی پاساوی ئەم هێرش و دەستدرێژییەی تورکیە نین. بەسەرنجدان بە ئەزموونی ئیداری و خۆبەڕێوەبەریی پەیەدە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان لە پێنج - شەش ساڵی ڕابردووشدا دەبینین کە دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریی کورد لەو ناوچەیەدا هیچ کێشەیەکی ئەمنیەتی بۆ تورکیە دروست نەکردوە، لەو هەرێمەوە هێرش نەکراوەتە سەر ئەم وڵاتە و کەسێکی ئەو وڵاتەش زیانی پێ نەگەیشتوە، تەنانەت یەک فیشەکیش لە سنووری وڵاتی سووریە کە پەیەدە دەستەڵاتی بەسەریدا بووە بە خاکی تورکیەدا نەتەقیوە. سنووری تورکیە لەو دەڤەرە سنوورێکی تەواو ئارام بووە، تەنانەت ئاوارەکانی کە ئێستا لە تورکیەن زۆر کەمیان هیی ئەو سنوورەن. بۆیە ئەوانەی وا دەڵێن یان زانیارییان نییە یان هەر پاساوێکی بێبنەمایە کە تورکیە کەلکی خراپی لێ وەردەگرێ.

لایەکی دیکەی ئەم بابەتە ڕاست بۆ سیاسەتەکانی ئێستای ئەمریکا و مەزنیخوازیی تورکیە و چەند فاکتۆرێکی دەرەکیی دی دەگەڕێتەوە کە لە ئیختیار و دەسەڵاتی کورد بەدوورن و سەرنجەکان بۆ لێکۆڵینەوە لەو پێشهاتە دەبێ لەسەر ئەوانە بن.

**کوردستان**: بەرەنگارییەکی کەموێنە لە ڕۆژاوا دەکرێ. پێتان وایە مقاومەت و بەردەوامیی خۆڕاگریی کورد بتوانێ گۆڕان لە هاوکێشەکاندا دروست بکا؟ کورد چیی بەدەستەوەیە بۆ گۆڕینی هاوکێشەکە لە بەرژەوەندیی خۆیدا؟

**مستەفا مەولوودی**: هەر چەندە بەداخەوە هێزی دوو لایەنی شەڕەکە زۆر نابەرامبەرە. دەوڵەتی هێرشکەر سپاکەی بە هەموو کەرەسەیەکی نیزامی تەیارە و، ئەرتەشی بەناو ئازادی سووریەش کە بۆ تورکیە شەڕ دەکەن لەلایەن تورکیەوە تەیار و پڕچەک کراون؛ بەڵام ئەو هێزەی دیفاع لە خاک و خەڵکەکەی خۆی دەکا و ئازایانە لە بەرامبەر ئەو هێرشە زاڵمانەدا ڕاوەستاوە، چەکی دەستیان تەنیا دەستکەوتەکانی شەڕی داعشە، بەڵام بە ئیرادەیەکی قایم و پۆڵایین خۆیان ڕاگرتوە و دیفاع دەکەن. تا ئێستا ئەو خۆڕاگرییەی کە بۆ پاراستنی خاک و خەڵک لە خۆیانی نیشان دەدن ئۆگرییەکی زۆری لە شەقام و لەنێو خەڵک و کەسایەتی و تەنانەت دەوڵەتانیش بۆ ڕاکێشاون.

ئەمن پێم وایە ئەگەر تا چەند ڕۆژێکی دیکە هەر ئاوا ئازایانە خۆ ڕابگرن، ئیمکانی هەیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناچار بێ هەنگاوێکی پێشگیرانە هەڵبێنێ، دەنا کارەساتی گەورەی مرۆیی زیاتر ڕوو دەدا. زیانەکانیش دیارە کە چین. ژمارەیەکی زۆرتر لە باشترین شەڕڤانەکان کە لەسەر زەوی داعشی تێک شکاندوە لەدەست دەچن، سنووری یاسایی وڵاتێک پێشێل دەکرێ و بەشێکی ئەو وڵاتە داگیر دەکرێ، بەپێی لێدوانی کاربەدەستانی پلەبەرزی تورکیە خەڵکی شوێنی دیکە لەو ناوچانە نیشتەجێ دەکرێن و دێموگرافیی ئەو ناوچەیە بە تەواوی دەگۆڕدرێ، کە ئەوە دەبێتە هۆی دروستکردن و سەرهەڵدانی کێشەی زیاتری دیکە لەو ناوچە هەستیارە کە دەتوانێ لە کۆتاییدا شەڕ وماڵوێرانیی زیاتری بەدوودا بێ.



سەرچاوە Serchawe

بۆیە پێم وایە مقاومەت دەتوانێ حەقانییەت و ڕەسەنایەتیی ئەو خەڵکە لەو دەڤەرە بۆ چەندەمین جار بسەلمێنێتەوە و ویژدانی مرۆڤایەتیش بەخەبەر بێنێ و، کارێکی کردەیی بکرێ بۆ بەربەست دانان لەبەردەم ئەو هێرشە ناڕەوایە و پێشگیری لە کارەساتی مرۆیی زیاتر.

**کوردستان**: **کاک مستەفا ئەو ڕۆژانە زۆر قسە لەوە دەکرێ کە کورد جارێکی دیکەش خیانەتی لێ کرا، مەبەست ئەمریکاشە. ئێوە چۆن چاو لە چەمکی بەرژەوەندی و هەروەها ئەمەگ و خیانەت لە سیاسەتدا و لە نێوان پێوەندییەکانی چەند لایەندا دەکەن؟**

**مستەفا مەولوودی**: بە خوێندنەوە و تەفسیرێک، بەڵێ ئەوە ڕاستە کە وڵاتان لەگەڵ یەکتر یان لایەنێک هاوپەیمانی پێک دێنن، ئەگەر خۆیان بە ئامانجی تایبەتیی خۆیان گەیشتن پشت لە هاوپەیمانەکانیان دەکەن، کە ئاکامی ئەو پشت تێکردنە شەڕ و ئاوارەیی خەڵکە و کارەساتی مرۆیی لێ دەکەوێتەوە. وەک ئەوەی ئێستا لە ڕۆژاوا لە ئارادایە. بەڵام لە سیاسەتدا دەڵێین نە دۆست و نە دوژمن هەتا سەر نییە، بەڵکوو بەرژەوەندیی هاوبەش هەیە. دەکرێ ئەوە بە زەمان و مەکان و ئامانجیش گۆڕانی بەسەردا بێ، بەڵام ئەوە لەسەر ڕۆژاوا و لە پێوەندی لەگەڵ دۆزی کورددا بە هیچ جۆرێک دروست نییە. بۆ؟ لەبەر ئەوە ئەوانە خەباتکاری نەتەوەیەکن کە بۆ مافی نەتەوەیی گەلێکی بندەست خەبات دەکەن و چاویان لە ماف و خاک و بەربەست کردنی ئازادیی هیچ گەل و نەتەوەیەک تەنانەت کەمایەتییەک نییە. هەر بەپێی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان، ئامانجی ئەوان تەبایە لەگەڵ ئامانجی مرۆڤدۆستانە و مافویستانە بەبێ پێشێلکردنی مافی کەسانی دیکە. جیا لەوەش کوردەکان ئەندام و بەشدار بوون لە هاوپەیمانیی دژی داعش، یانی شەڕیان بۆ پاراستنی بەشەرییەت و کەرامەتی ئینسانی کردوە لەگەڵ تاریکترین بیر و ئەندێشەی سەردەم. بە واتایەکی دی یانی شەڕی ئەوان بۆ گرووپێکی ئەتنیکی و تایفی نەبووە، بۆ مرۆڤایەتی و ئاسوودەیی ئینسان بووە. بۆیە ئەوانە خەباتکاری مەیدانی شوناسخوازی و پاراستنی کەرامەتی ئینسانی بوون. ڕوونە هەر هێز و لایەنێک لە تەنگانەدا ئەوانە بە تەنیا بەجێ بهێڵێ و بە شێوەیەک لە شێوەکان بە گورگان خواردوویان بدا، ئەوە جیا خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتی و دەروەستی ناکرێ ناوی دیکەی جگە لە خیانەت لەسەر دابندرێ. بۆیە لەو شێوە لە سیاسەت کردنە کە بەرژەوەندیی هەموو لایەک نەپارێزرا و خەیانەت و پشت تێکردن رووی دا، ئەمە لێکەوتەیەکی خراپی دەبێ. بۆیە لە سیاسەتیشدا دەبێ حیساب بۆ ئەخلاق و پاراستنی بەرژەوەندیی گشتی بکرێ.

**کوردستان**: **پێتان وا نییە ئەو مەترسییە هەر لەسەر ڕۆژاوا نییە، بەڵکوو باشووری کوردستان و بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دەگرێتەوە؟**



سەرچاوە
Serchawe

**مستەفا مەولوودی**: هەر چەندە لە لێدوانی هێندێک لە بەرپرسانی تورکیەدا وا دەخوێندرێتەوە کە ئەگەر پیلانەکەیان لە ڕۆژئاوا سەر بگرێ، مەترسی دەکەوێتە سەر باشووری کوردستانیش، بەڵام من وا بیر ناکەمەوە، لەبەر ئەوەی جیاوازیی ئەو دوو بەشەی کوردستان بەیەکەوە زۆرە. یەکەم هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی سیاسی و ئیدارییە کە دەستووری عێراق دانی پێداناوە و وڵاتانی دەرەوەش تەنانەت حکوومەتی تورکیەش بەشێوەی دیفاکتۆ ئیعترافی پێ کردوە. هاوکات هەر ئێستا پێوەندییەکی قووڵی سیاسی و بازرگانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی تورکیەدا هەیە. پاشان بەدوای ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە هەرێمی کوردستان لە ٢٥ی سێپتامبری ٢٠١٧ کە لەگەڵ ئەوەدا تورکیە زۆر دژایەتیی ئەم بڕیارەی باشووری دەکرد و کۆمەڵێک فشار و تەحریمیشی خستە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام بۆ ئەوە نەچوو کە ئەو هەرێمە داگیر بکا. جیا لەوەش جۆری پێوەندیی دەستەڵاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیە لەگەڵ ڕۆژاوای کوردستان زۆر جیاوازە، لەو سۆنگەیەوە ئەمن پێموانییە حاڵەتێکی وا ڕوو بدا.

**کوردستان**: ئێران لە کوێی هاوکێشەکە دایە؟ ئایا ئەوەی لە ڕۆژاوا ڕادەبرێ لە بەرژەوەندیی ئێراندایە؟

**مستەفا مەولوودی**: هەر چەندە خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژاوا هیچ بەرژەوەندییەکی حکوومەتی ئێرانی لە ناوچەدا وەمەترسی نەخستوە و، ئێرانیش بەڕواڵەت وانیشان نادا کە لەدژی خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژئاوا بێ، بەڵام هەر ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە دەکشێنەوە و دەستئاوەڵایی زیاتر بۆ ئێران دروست دەبێ، ئەمە خۆی بە قازانجی حکوومەتی ئێرانە. سروشتییە کە هەر شکان و نسکۆیەکی بزووتنەوەی کورد لەهەر بەشێکی کوردستان بەدڵی ڕێژیمی ئێرانە. جیا لەوەش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا یارمەتی بە جێبەجێ کردنی پیلانی تورکیە کردوە کە بەگشتی دەبێتە هۆی لاوازکردنی دەستەڵاتی کوردەکان لەو سنوورە و گەڕانەوەی هێزەکانی حکوومەتی سووریە کە هاوپەیمانی حکومەتی ئێرانە و جێبەجێ کردنی سیاسەت و ستراتێژیی ڕووسیە کە هەموویان لە ڕاستای سیاسەتی ئێران و لە بەرژووەندیی سیاسیی حکوومەتی ئێراندایە.

**کوردستان**: ئێران بەڕەسمی هێرش و پەلامارەکەی تورکیەی مەحکووم کردوە، بەڵام لە زۆر شوێن ڕێگەی لە خۆپیشاندانی خەڵک گرتوە و نیزیک بە ١٠٠ کەس لە چالاکانی مەدەنیی کوردستانی بەهۆی بەشدارییان لە مەحکوومکردنی دەستدرێژییەکەی دەوڵەتی تورکیە دەسبەسەر کردوە. ئەم سیاسەتە دوو فاقەیە بۆ کام مەبەستە و لە چییەوە سەرچاوە دەگرێ؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەمن پێم وایە مەحکووم کردنی هێرشەکەی حکوومەتی تورکیە لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە لە سێناریۆیەک زیاتر نییە. بۆیە تا ئێستا حکوومەتی ئێران و خەڵکی ئێران هیچ هەڵوێستێکی جیدی و کاردانەوەیەکی بەرچاویان نەبووە. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هەستێکی نەتەوایەتیی بەهێزیان هەیە، کە دەزانن بەشێک لە

نەتەوەی کورد ئاوا زاڵمانە هێرشی دەکرێتە سەر و قەڵاچۆ دەکرێ، ناتوانێ بێتەفاوەت بێ؛ بۆیە وا بێباکانە دێتە سەرشەقام و هێرشی حکوومەتی تورکیە مەحکووم دەکا و هاوسۆزی بۆ خەڵکی ڕۆژاوا دەردەبڕێ، کە بەگشتی دەبێتە هەوێنی هاوپێوەندیی نەتەوەیی و دروستکردنی فەزای سیاسیی زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە حکوومەتی ئێران چاوی دیتنی ئەو خرۆشانەی نییە. لەبەر ئەوە دەیهەوێ بە فشار و تۆقاندن و قۆڵبەست کردن خەڵکی ڕۆژهەڵات چاوترسێن بکا، غافڵ لەوەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدایم لەسەر ڕووداوەکانی هەموو بەشەکانی کوردستان لەسەر هەست و خاوەن هەڵوێست بوون و؛ بێباکانە و بێترس فشاری حکوومەتیان تەحەمول کردوە. خەڵکی ئێمە لەمێژە تێچووی ئەم جۆرە هەڵوێستە نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەکانیان دەدەن.

**کوردستان**: لە دوو ساڵی ڕابردوودا ڕووداوی گرینگ و چارەنووسساز ڕووی داوە لە ناوچە و لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورددا، وەک ڕووداوەکانی دوای ڕێفراندۆم و لە دەستدانی کەرکووک و کۆمەڵێک ناوچەی زۆری دیکەی کوردستانی، وەک ئەوەی ئێستا لە ڕۆژاوا ڕوو دەدا. بەڵام وێناچێ ئەوانە کاریگەریی بنەڕەتییان کردبێتە سەر بەخۆداچوونەوەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بۆ؟

**مستەفا مەولوودی**: وانییە کە بڵێی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان خوێندنەوە بۆ ئەو ڕووداوانە نەکەن و لەبەرچاویان نەگرن. بێگومان ئەو بابەتانە هەمیشە بە گرینگی و هەستیارییەوە سەیر دەکرێن. بۆیە ئێمە لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئەو مەسەلانەمان زۆر تاوتوێ کردوە، تەنانەت لەگەڵ هێزەکانی دیکەش لەسەر ئەو ڕووداوانە قسە دەکەین و بۆخۆشمان وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان خوێندنەوەیان بۆ دەکەین و، لە هەر بارێکەوە تاوتوێیان دەکەین. زۆر بەوردی باس لە خاڵە نێگەتیڤ و پۆزیتیڤەکانیشیان دەکەین، بە مەبەستی ئەزموون لێوەرگرتن. بەڵام ئەوەی ڕاست بێ هەموو ئەو ڕووداوە تراژێدییانە کە ڕوویان داوە و لە خوێندنەوە و تاوتوێ کردنی ڕووداوەکان باس لە دەرس و ئەزموونەکانیان ئێمەیان وەک هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەهێناوەتە سەر ئەو بڕوایە، کە ئەوە دەکرێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ڕوو بدا و ئێمە تووشی کارەساتی چاوەڕواننەکراو بکا. بۆیە ڕاستە و دەبێ و پێویستە لەسەر پلان و ستراتێژییەکی هاوبەش و ڕوون ساغ ببینەوە و کاری بۆ بکەین.

**کوردستان**: وەک دوا پرسیار، ئەو هەڕەشە و مەترسییانە کورد چۆن دەتوانێ لەسەر خۆیانی لابدا و بیکا بە دەرفەت؟ مەبەستم کورد بە گشتییە لە هەر بەشێکی کوردستان.

**مستەفا مەولوودی**: لە ڕاستیدا ئەو هەڕەشە و مەترسییانە دەبێ بۆ ئێمە جێگای ئەزموون و دەرس لێوەرگرتنی زیاتر بێ، لە سیاسەت کردن، لە بەستنی هاوپەیمانی و چەند و چۆنیی داواکان، وەک داوای سیاسی و نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی

لەگەڵ ئەوەدا پێویستە لە خەبات و تێکۆشان شێلگیرترمان بکا؛ بەڵام دەبێ لە هەموو دەرفەتەکان بەباشی کەڵک وەربگیرێ، لە هەموو شێوەکانی خەبات باشتر سوود وەربگرین. لەگەڵ ئەوەدا نەتەوەی کورد مافی سیاسی و ئینسانیی خۆیەتی خاوەن دەوڵەت و کیانی سیاسیی خۆی بێ. بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییەش قەبووڵ بکەین سەردەمەکە لە ئێستادا هەر ئەوە دەخوازێ کە کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان لەگەڵ گەلانی ئەو وڵاتانە و لە چوارچێوەی ئەو واحیدی جوغرافیاییە دانپێدانراوەدا کار بکا و خەبات بکا بۆ دابینکردنی دێموکراسی لەو وڵاتە و، جێگیرکردنی حقووق و مافی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان و پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی لە چوارچێوەی وڵاتی خۆی لە ناوچەکەدا.

**کوردستان**: سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا

**مستەفا مەولوودی**: سپاس بۆ ئێوەش

لە ژمارە ٧٦٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا مەولوودی: کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش دەزانی کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی نادەروەستە و گۆڕان لە ڕەفتار و سیاسەتەکانیدا ئەستەمە



وتووێژ لەگەل مستەفا مەلوودی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دیمانە: عەلی بداغی

ئەمریکا لە گوشارە سیاسی و ئابوورییەکانی بۆ سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوامە. وڵاتانی ئورووپایی هاوبەشی ئێرانیش لە بەرجامدا ئەگەر چی دەستی هیوایان لە ڕێژیم بەرداوە، بەڵام هەوڵ دەدەن ئەوەندەی دەکری خۆیان لە هەڵوێستی توند لەدژی ئێران بەدوور بگرن. لەنێوخۆی وڵاتیشدا ڕێژیم دەیەوێ بە بەشدارییەکی لایەنیزۆر لەلایەن خەڵکەوە ڕەواییەت بۆخۆی دەستەبەر بکا و پشتئەستوور بەوە لە گەمە سیاسییەکانی بەردەوام بێ.

کۆماری ئیسلامیی ئێران چەندە دەتوانێ لە مەوداکانی نێوان ئورووپا و ئەمریکا بە قازانجی خۆی کەلک وەرگرێ؟ هەڵبژاردنەکان لە ئێران بەرەو کوێ دەڕۆن و بزووتنەوەی سیاسیی کورد چ دەورێکی کە گۆڕانکارییەکانی ئێستای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. «کوردستان» ئەم بابەتانە و چەند مژارێکی دیکەی لەگەڵ مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان تاوتوێ کردوە.

**عەلی بداغی**: با سەرەتا باسێک لە «سەودای سەدە» بکەین. ئایا ئەم جۆرە تەرح و پرۆژانە دەتوانن سەقامگیریی سیاسی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئاشتیی نێوان نەتەوە ناکۆکەکاندا دابین بکەن؟

**مستەفا مەلوودی**: بە بڕوای من نا، ناتوانێ. تەنیا پرۆژە و گەڵاڵەیەک دەتوانێ سەقامگیریی سیاسی لە ناوچەی

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی لێ بکەوێتە و، ئاشتیی نێوان گەلان دابین بکا کە بۆ ماف و ئیرادەی گەلانی ئەو ناوچەیە گەڕابێتەوە و؛ لەسەر ئەساسی دانان و پاراستنی مافی گەلان و پێکهاتەکانی ناوچەکە داڕێژرابێ. ئەم پرۆژانەش دەبێ گشتگیر و فرەپەسند بن، بەو مانایەی دوو لایەن یان چەند لایەنی خاوەن ماف و خاوەن بەرژەوەندی لەسەری ڕێک کەوتبن. لە ڕوانگەی منەوە تەنیا شتی پۆزتیڤی ئەو پرۆژەیە هاندانی دوو لایەنە هەتا بە دیالۆگ و وتووێژ کێشەکانی نێوانیان چارەسەر بکەن. دەنا لە تەواوەتیی خۆیدا پێموایە ئەو پرۆژەیە ناتوانێ سەقامگیریی سیاسی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا بەدی بهێنێ هیچ؛ بەڵکوو ڕەوشەکە زۆر سەخت و دژوارتر دەکا و ئەگەری ئەوە هەیە ناوچەکە تووشی زۆر سینارۆی ناروونی دیکە بکاتەوە و کێشەکان لە باتی چارەسەری ئالۆزتر ببن.

**عەلی بداغی**: لەم ڕۆژانەدا سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتومی ئێران خرایە لیستی گەمارۆکانی ئەمریکا دژی ئێرانەوە، ئەوەش لە درێژەی ئەم گوشارانەوە دێ کە بە «گوشاری لانیزۆر» دەناسرێ. پێتان وایە ئەم گوشارانە تا ئێستا چ کاریگەرییەکیان لەسەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بووە؟

**مستەفا مەلوودی**: ئەوەی کە سەرۆکی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی ئێران لە لایەن حکومەتی ئەمریکاوە دەخرێتە لیستی ڕەشی سزاکانەوە، ئەم بڕیارە چ لە بواری سیاسی و چ لە بواری ئابوورییەوە دەتوانێ شوێنەواری زۆر نیگەتیڤی لەسەر حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا چەت بخاتە نێوان پێوەندیی ئۆرگانیکی ئەو ڕێکخراوەیە لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتییەکان بەتایبەت ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆم و ئەوەش دەتوانێ بۆ ڕێژیمی ئێران کارەساتبار بێ و، تەنانەت زیانی قەرەبوونەکراویش بە ڕێککەتنی بەرجام بگەیەنێ کە لانی کەم لە ئێستادا ئەگەر کارایی خۆیشی لەدەستدا بێ؛ بە شێوەی فۆرم لە ڕوانگەی ئێران و لایەنەی ئورووپاییەوە لەجێی خۆیەتی. بۆیە بە ئەگەری زۆر حکومەتی ئێران لە باری سیاسی و ئیعتباری نێودەوڵەتی و ئابوورییەوە تووشی چالشی گەورەتر دەبی و دەکرێ بڵێم زیاتر ئەم ڕێژیمە ئیزۆلە و پەراوێز دەخا. هەر چەند لە حاڵەتی لەو چەشنەدا جۆری مودیرییەتی کاربەدەستانی ئێران بە جۆرێکە کە دووکەڵی ئەو جۆرە قەیران و کێشەگەلە زۆرتر بچێتە چاوی خەڵک، کە بەداخەوە خەڵکی ئێران هەتا ئێستاش لەو سۆنگەیەوە تێچووی زۆریان داوە و، گوشارەکان لەسەریان چەند قات زۆرتر دەبێ.

**عەلی بداغی**: گەمارۆکان کاریگەرییان لەسەر ئابووری و ژیانی خەڵکی وڵاتیش داناوە، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی چەند ڕۆژ پێش ئێستا کۆنگرەی ئەمریکا پشتیوانیی لە نارەزایەتییەکان لە ئێران کرد و داوای لە وڵاتەکەی کردوە کە بابەتی پشتیوانی لە خەڵکی ئێران لە شوورای ئەمنیەیدا بخاتە دەستووری کارەوە؛ ئێوە ڕوانگەتان بۆ سیاسەتی سزادانی ئێران و هەروەها سیاسەتی پشتیوانیی مەعنەوی و سیاسیی کۆمەڵگەی جیهانی لە خەڵکی ئێران چییە؟

**مستەفا مەلوودی**: غەدرێکی گەورەیە لە خەڵکی ئێران بەو مێژووە پڕشنگدارە لە خەباتیان دژی سەرەڕۆیی و بە تایبەتمەندییە پڕبایەخەکانیان کە ڕێژیمێکی وەک کۆماری ئیسلامی حوکمیان بکا و، لە سۆنگەی سیاسەت و دەسەڵاتی ئەم ڕێژیمەوە بکەونە ئەم باروودۆخەوە. مێژووی ژیانی سیاسی خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتەکانی ئەوە بەروونی نیشان دەدا، هەر بۆیە خەڵکی ئێران کە بە ئیرادەوە لە بەرانبەر ئەو ستەم و جەورەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پێی ڕەوا دیون خۆیان ڕاگرتوە و، لێبرانە هەول دەدەن بە هەوڵ و هیممەتی خۆیان ئەم ڕێژیمە سیاسییە سەرکوتگەرە بە ڕێژیمێکی دێموکراتیک و خەڵکی بگۆڕن. بەڵام بەپێی ئەو پێوەندییە سیاسی، ئابووری و نێونەتەوەیی کە لەو سەردەمەدا گەلان و وڵاتان بەیەکەوە هەیانە، ڕووداو و گۆڕانکارییەکان کارتێکەرییان لەسەر یەکتر هەیە.

سروشتییە گوشاری حکومەتی ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆسەر ڕێژیمی ئێران و پشتیوانیی مەعنەوی لە خەڵکی ئێران بۆ دابینکردنی مافی کۆمەڵایەتی و ئازادیەکانیان لە ئێران، دەتوانێ بۆ ڕێژیم شوێنەواری سەلبی و بۆ خەڵکی وڵاتی ئێران بەگشتی شوێنەواری ئیجابیی هەبێ و دەتوانێ زۆرتر هاندەری خەڵک بێ بۆ بەردەوام بوونیان لە خەبات و تێکۆشان بۆ دەستەبەری ئازادی و گەیشتن بە مافەکانیان.

**عەلی بداغی**: وەدواخستنی چالاککردنی «میکانیزمی ماشە» لە لایەن وڵاتانی ئورووپایی دیسان ئەو گریمانەیە بەهێز دەکاتەوە کە هیوا و تەما ماوە بۆوە ئێران ڕەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی کەوێ و گرژی و ئاڵۆزییەکان ئەوەندەی دەکرێ ڕێیان لێ بگیرێ. ئایا ئێران دەبێتە ئەو تەیرە مەعقوولە کە لە کۆمەڵگەی جیهانیدا جێی بێتەوە؟ ئایا ئەوە کاتکڕینی زیاتر بۆ ڕێژیم و کاتسووتاندنی پتر بۆ خەڵکی ئێران نییە؟

**مستەفا مەلوودی**: بە سەرنجدان بە مێژووی چل ساڵەی حکومەت و ڕەفتاری ئەم ڕێژیمە چ دەرحەق بە خەڵکی وڵات لە نێوخۆ و چ بەنیسبەت نابەرپرسیار بوونی دەسەڵات بەنیسبەت کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، ئۆمێد بەوە زۆر کەمە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گۆڕان ی بەسەردا بێ و بیەوێ ڕەفتار و هەڵسەوکەوت و سیاسەتەکانی بگۆڕێ. بەڵام وڵاتانی ئورووپایی بە تایبەتی یەکیەتیی ئورووپا و ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی زانیاریی باشیان لەسەر ڕێژیمی ئێران هەیە و بەباشی نابەرپرسیارەتیی ڕێژیمەیان بۆ دەرکەوتوە. هەڵبەت ئەوان بەهۆی ڕەوشی هەستیاری ئێستای ناوچە و ژئێۆپۆلیتیک و هەڵکەوتەی جۆغرافیایی ئێران زۆربەی هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیەدایە کە ڕێژیمی ئێران ڕەفتارەکانی بگۆڕێ. کۆماری ئیسلامی هاوکات ئەم گوشارەشی لەسەرە کە ئەگەر ڕەفتارەکانی لە زۆر بوار و ئاستەکاندا نەگۆڕێ، دەتوانێ ناوچەکە تووشی کارەساتی چاوەڕواننەکراو بکا کە دیارە زەرەرمەندی یەکەم لە پێشدا خەڵکی ئێران و دواجار خودی ڕێژیمە. بۆیە لە باتی ئەوە دەست لەسەر دەست دابنێن و چاوەڕوانی ڕووداوی چاوەڕوانکراو بن، کار دەکەن بەڵکوو ئەوەندەی دەتوانن بەرپرسایەتی لە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێراندا دروست بکەن، کارێک کە ئورووپاییەکان ئێستا

پێیەوە سەرقاڵن، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەمە دەتوانێ چارەسەری کێشەکان بێ؟ لە روانگەی منەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەبەر ئەوەی خۆی و سیاسەتەکانی سەبەب و هۆکاری بنەڕەتیی کێشە و قەیرانەکانن، نەخێر شانسی ئەمە زۆر کەمە.

**عەلی بداغی**: هەتا ناڕەزایەتییەکان لە ئێران زیاتر و ماوەی ڕوودانیان کەمتر دەبێتەوە، گوشار و توندیی سەرکوتەکەش لەلایەن ڕێژیمەوە زیاتر بووە. خەڵکی ئێران جیا لە بەردەوامیی ناڕەزایەتی کام چەک و کام ڕێکاری دیکە هەیە بیگرنە بەر بۆ داواکردنی مافەکانیان و بەردەوامیی خەباتیان؟

**مستەفا مەلوودی**: ناڕەزایەتییەکان لە ئێران وکوردستان ڕیشە و بنەچەی بۆ شێوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە، ئەم گوشار و سیاسەتە چەوتانەی دەیان قەیرانیان بەرەوڕووی کۆمەڵگەی ئێران کردۆتەوە و بوونەتە هۆی نەهامەتیی خەڵک.

کەڵەکەبوونی داواکان و شێلگیریی خەڵک و بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکان خەڵکی ئێرانی سیاسیتر و مافویستتر کردوە. چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران لە ئێستا مکوڕتر لە هەر کاتێک تێدەکۆشن مافی لەدەستچوویان بۆ بگەڕێتەوە. بەتایبەتی ئەگەر سەرنجی دروشمەکان لە شەپۆلی نوێی ناڕەزایەتییەکانی ئەم دوایاینە بە دوای خستنە خوارەوەی فرۆکەی ئۆکرایینییەکە بدەین کە لە لایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە کرایە ئامانج؛ دەبینین خۆپێشاندەران ڕێژیمیان لە تەواوەتی خۆیدا بە ئامانج گرتبوو؛ ئەمەش دەربڕی ئەوەیە کە خەڵک بێزار و لێبڕاو بوون بۆ گۆڕانی وەزعی مەوجوود و ئەوە دەتوانێ کاریگەریی لەسەر دروستکردنی جەسارەتی زیاتری خەڵک هەبێ؛ هەروەها ترس و نیگەرانی زۆرتریش لەنێو کاربەدەستانی ڕێژیمدا دروست بکا. سروشتییە فشاری لە ڕادەبەری ڕێژیم بۆ سەر خەڵک، بەتایبەت خەڵکی هەژار و کەم داهاتی وڵات دەبێتە هۆی ئەوە خەڵکی وڵاتان و تەنانەت دەوڵەتانیش پشتگیری مەعنەویی خەڵکی ئێران بکەن. بەڵام بە گشتی لە روانگەی منەوە خەڵک دەبێ بە یەکگرتوویی خۆیان لە خۆپیشاندانەکان بەردەوام بن و هاوکات ناڕەزایەتییەکان بۆ فازی مانگرتنی گشتی بگوازنەوە.

**عەلی بداغی**: ناوەندی هاوکاری هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی بایکۆت کردوە، ئەم هەڵوێستە چەندە لەجێی خۆیدایە؟ پێتان وایە خەڵکی کوردستان چۆن بەرەو هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە دەچن؟

**مستەفا مەلوودی**: لەسەر ئەساسی ئەو شناخت و زانیارییەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەسەر نێوەرۆک و کردەوەکانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران بەگشتی و لە کوردستان بە تایبەتی هەیانە و، ئەزموونێک کە



سەرچاوە Serchawe

خەڵکی کوردستان لە بەشدارییەکان لە هەڵبژاردنەکان هەیانە، ئەمن لام وایە بایکۆت کردنی هەڵبژاردنەکانی دەورەی ١١ی مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێران بڕیارێکە تەواو لەجێی خۆیدایە.

هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە دەبوا بایکۆت کرابا، یەکەم لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستانی ئێران خۆیان بەباشی لە هەموو بوار و ئاستەکاندا نیزامی کۆماری ئیسلامییان ناسیوە و هەموو نەهامەتییەکانی خۆیان لە چاوی ئەو ڕێژیمەدا دەبینن، بۆیە ناچنە پشتی. دووهەم جیا لەوەش بە کردەوە بۆیان دەرکەوتوە نوێنەران لە مەجلیسی شوڕای ئیسلامی بە تاک لە حەوزەی هەڵبژاردنی خۆیاندا و بە کۆش لە مەجلیسی شورای ئیسلامیدا نەخش و دەورێکی زۆر سنوورداریان هەیە و، نەیانتوانیوە بەشێکی هەرە بچووکیش لە خواستەکانی خەڵک دابین بکەن و کاریگەریی ئەوتۆیان لەسەر دانانی یاساکان لە مەجلیس لە بەرژەوەندیی خەڵکدا نییە. جیا لەوەش خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابراو و نامۆ نین لە هێزە سیاسییەکان، ئەگەر هێزە سیاسییەکان بەگشتی یەک هەڵویست بن، تەجرووبە نیشانی داوە خەڵک بە دەنگیانەوە هاتوون؛ بۆیە من پێموانییە کە خەڵک هەر ناچنە سەر سەندووقی دەنگدان و حەوزەی هەڵبژاردن بێ نوێنەر دەبێ، بەڵام بڕوام وایە لە هەڵبژاردنی ئەو جارەدا خەڵک بەنیسبەت هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو زۆر کەمتر دەچنە سەر سەندووقی دەنگدان کە ئەوە دەتوانێ پەیامێکی سیاسیی شوێندانەر بێ و شێوەیەکی موناسب و کاریگەریی خەباتە بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

**عەلی بداغی**: وەک دەبینین ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە بەردەم گۆڕانکاریی زۆر خێرا دایە، بەشێک لەم گۆڕانکارییانەش لەو ماوەیەدا ڕوویان دا. کوردی ئێران لە کوێی ئەم گۆڕانکارییانەدایە؟

**مستەفا مەلوودی**: هەر گۆڕانکارییەک لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و وڵاتانی ناوچە بەتایبەت لە پێتەختی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدایە و بەشێکی کوردستانە، شوێنەواری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەلکی کوردستان دەبێ. بۆیە لە ئێستاشدا هەر چەندە سیناریۆکان زۆر ڕوون نین و ڕەهەندی جۆراوجۆر بەخۆیانەوە دەگرن؛ بەڵام بە دڵنیایی کاریگەرییان لەسەر کوردستان دەبێ. بە خۆشییەوە خەڵکی کوردستانیش ئەزموون و لێزانی ئەوەیان هەیە کە لەو هەلومەرج و دەرفەتانەی لە سۆنگەی گۆڕانکارییەکاندا دێنە پێشێ بەباشی کەڵکیان لێ وەربگرن، و دەرفەتەکە بقۆزنەوە.

ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو لە ناوچە بەتایبەت سەرهەڵدانی داعش و ڕۆڵی کورد لە شکاندنی ئەم هێزە تێرۆریستییەدا و ئەو خەبات و تێکۆشانەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا بۆ ئازادی و دێموکراسیی بوویانە، هەموو ئەوانە لەسەر یەک پێمان دەڵێن کورد لە ئێستادا فاکتەرێکی بەهێزە لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەدا.

**عەلی بداغی**: زەروورەتەکانی بەردەم جووڵانەوەی سیاسیی کورد لە ئێران لە بارودۆخی ئێستادا چین و چمان بۆی کردوە؟

**مستەفا مەلوودی**: ئەوە حەقیقەتێکی تاڵ و مێژووییشە کە کورد لە پێناو وەدەستهێنانی مافەکانی تا ئێستا لە خەباتێکی زۆریان کردوە و تێچووی زۆریشیان بۆ داوە، بەڵام دەسەوتەکانی بارتەقای ئەم هەمووە قوربانیدانە نەبووە کە دیارە ناچینە سەر باسی هۆکارەکانی. بەڵام بە گشتی ڕەوتی مێژوو و جووڵانەوەی کورد وایکردوە بزوتنەوەی سیاسیی خەلکی کوردستان بزوتنەوەیەکی لەسەر هەست و زیندوو بێ. ڕوونە کە بەپێی ئەزموونێک کە لە ماوەی خەبات و تێکۆشانیدا دەستی خستوە، بەنیسبەت گەلان و بەشەکانی ئێران ئامادەیی زۆرتری و ئەزموونی پتری لە هەموو ئاستەکاندا هەیە. بۆیە پێویستە کە لە حاڵی ئێستادا یەکریز و یەکگرتووتر و خاوەن پلان و بەرنامە بێ و، خۆ بۆ هەموو حاڵەت و ئەگەرەکان لە ئاڵۆگۆڕەکانی داهاتوودا ئامادە بکا. من پێم وایە خەلکی کوردستان و هێزە سیاسییە خاوەن کاریگەرییەکان ئەم توانا و هێزەیان هەیە کە بە یەکگرتوویی و یەکریزیی زیاترەوە بەرەو گۆڕانکارییەکان بچن.

**عەلی بداغی**: زۆر سپاس کە کاتتان بۆ ئەم دیمانەیە دانا

**مستەفا مەلوودی**: ئێوەش ماندوو نەبن

لە ژمارەی ٧٦٧ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)


سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٠

---



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا مەولوودی: یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان ڕێڕەوی خۆی وەرگرتوە و گەڕانەوەی نییە




**دیمانە: هیدایەت جان**

**مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ "وشە" تاوتوێی دۆخی سیاسیی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پێوەندی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات لەگەڵ ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی دەکات، لەبارەی هەوڵەکانیان بۆ یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانیش ڕای دەگەیەنێ، لەمپەری زۆر جدیمان لەبەردەم یەکگرتنەوە لابردوە و کۆسپێکی ئەوتۆ نابینم کە بڵێم ئەوەیان دەبێت بە کێشە بۆ یەکگرتنەوەمان.**

**هیدایەت جان: ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەبەردەم گۆڕانێکی بنەڕەتیدایە، ئێستە هەمووان چاویان بڕیوەتە هەڵبژاردنەکانی سێی تشرینی دووەم/نۆڤەمبەر لە ئەمەریکا، پێت وایە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە بتوانێت کاریگەری لەسەر یەکلاکردنەوەی ئەو هاوکێشانە هەبێت لە ناوچەکە؟**

**مستەفا مەولوودی**: هەڵبژاردنی ئەمەریکا بە هەر بارێکدا بکەوێت، جا چ دێموکراتەکان سەرکەون یان کۆماریخوازەکان، دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خێرا و بەئاسانی گۆڕانێکی جدیی بەسەردا نایەت، لەگەڵ ئەوەی دوو حیزبی گەورەی ئەمەریکا بەردەوام لە ململانێی سیاسیدان بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی ئەو وڵاتە، بەڵام لە کۆتاییدا هەردوو حیزب بۆ بەرژەوەندیی سیاسیی ئەمەریکا کار دەکەن، کۆمەڵێک سیاسەتی گشتی ئەمەریکا بووە بە پرەنسیپ کە حیزبی کۆماریخواز و حیزبی

دێموکرات ڕەنگە نەتوانن بیگۆڕن، ئەوە واقعێکی سیاسیی ئەو وڵاتەیە کە لەدوای شەڕی جیهانی دووەمەوە پێڕەویی لێ دەکرێ.

**هیدایەت جان**: تا چەند ئەو خوێندنەوانە بە دروست دەزانی کە پێیان وایە چارەنووسی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەستراوەتەوە بە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەوە لۆژیکییە ئەگەر بگوترێ سەرکەوتنی دێموکراتەکان لە بەرژەوەندیی ئێرانە، لەبەر ئەوەی بە جۆرێک لە جۆرەکان، ئەو فشارانەی ئێستە لەسەر حکوومەتی ئێرانە، بە ڕادەیەک کەم دەبێتەوە و کۆماری ئیسلامیی ئێران وردە وردە دەهێننەوە نێو فەزای دیالۆگ و ئەوەش لە بەرژەوەندیی ئێرانە، هەرچەند بەرپرسانی ئێران دەڵێن بۆ ئێمە جیاوازیی نییە کام لایەن لە هەڵبژاردنەکان سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام من پێم وایە ڕاست ناکەن و ئەوەی لەدەستیان بێت دەیکەن و هیواخوازیشن لەو هەڵبژاردنەدا دێموکراتەکان سەرکەون، بەڵام کە ترەمپ جارێکی تر بۆ سەرۆکی ئەمەریکا هەڵبژێردرێتەوە، فشارەکانی بۆسەر ئێران تا ئەوکاتە درێژە پێ دەدا کە ئەو ئامانجانەی لە بەرژەوەندیی ئەمەریکا و بە خوێندنەوەی ترەمپ لە ئێران هەیەتی، بێنە دی کە ئەوە بە زیانی ئێرانە؛ چوون فشار بۆ ئێران دەهێنێ بۆ ئەوەی کەمتر دەستوەردان لە وڵاتانی ناوچەکەدا بکات و پاڵەپەستۆکانی زیاتر دەکات بۆ ئەوەی ئێران ملکەچی سیاسەتەکانی ئەمەریکا بێت یان لە دژی سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا هەنگاو نەنێت.

**هیدایەت جان**: ئەگەر ترەمپ لەو هەڵبژاردنەدا سەرکەوتوو بێت و درێژە بەو پاڵەپەستۆیانە بدات، تا چەند لە بەرژەوەندیی خەڵکی ئێران دەبێت؟ ئایا دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕینی فەزای سیاسیی لەناو ئێران؟

**مستەفا مەولوودی**: سیاسەتی ترەمپ بۆ پاشەکشەکردنی ئێران لە بەرژەوەندیی هاووڵاتییانی ئێرانە، بەو مەرجە تەنیا سەرنج نەخاتە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا و دۆستانی ئەو وڵاتە و هەوڵ نەدا تەنیا ڕەفتاری سیاسیی ئێران لە بەرانبەر ئەمەریکا و وڵاتانی دەوروبەری بگۆڕێت، بەڵکو فشار بخاتە سەر ئێران بۆ ئەوەی ڕەفتاری سیاسیی لە نێوخۆی ئێرانیش بگۆڕێ بۆ ئەوەی خەڵک ژیانیان خۆشتر بێت و تەناهی و ئازادییان هەبێت، لە وەها کاتێکدا ڕەنگە خەڵکی ئەو وڵاتە ئەگەر بزانن زلهێزان پشتیوانییان دەکەن بۆ ئەوەی ئەو حکوومەتە لابەرن، لە ڕێی ڕیفۆرم و خەباتی مەدەنی بەبێ ئەوەی دەستوەردانێکی ڕاستەوخۆ و دەرەکی هەبێت، ئامانجەکانی خۆیان دەپێکن کە ئەویش دێموکراسی و بەدەستهێنانی ماف و ئازادییە. هەر ئەوەش دروستترە کە لێگەڕێن هاووڵاتییانی ئێران خەباتی خۆیان بکەن و یارمەتیی خەباتەکەیان بدەن، بەڵام ئەگەر سیاسەتی ئەمەریکا هەر بەو شێوەیە بێت کە گوێ ناداتە ئەو ڕەفتارانەی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆدا بەرانبەر هاووڵاتییان دەیکات، ڕەنگە سوودێکی ئەوتۆی بۆ خەڵکی ئێران نەبێت.

**هیدایەت جان**: بەهۆی قووڵبوونەوەی گرژییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا، بەتایبەت دوای ئەوەی ئەمەریکا بەهۆی بەئامانجگرتنی باڵوێزخانەکەی لەلایەن ئێرانەوە هەڕەشەی ڕاگرتنی پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ عێراق دا، کۆمەڵێک ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی سەریان هەڵدا کە لە ڕابردوودا بەرانبەر ئەو هەموو زەبروزەنگەی دەرحەق بە هاووڵاتییانی ئێران کراوە، هەڵوێستیان نەبووە، پێت وایە ئەوانە وایان هەست کردوە کە ئەمەریکا نیازی گۆڕینی ڕێژیمی ئێرانی هەیە وا دەستیان کردووە بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەمەریکا بەڕوونی چەندان جار باسی لەوە کردووە کە ئەوان کار بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی ئێران ناکەن، بەڵکوو کار بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ئەو ڕێژیمە دەکەن و ڕەنگە نەگاتە ئەو ڕادەیەی کە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی پێیان وایە هێرشی ڕاستەوخۆ بۆسەر ئێران دەکات. لێرەدا دوو تێڕوانین دروست دەبێت، یەکەمیان، لەوانەیە حکوومەتی ئەمەریکا بۆ ماندووکردن و فشارهێنان بۆسەر ئێران، گرنگی بە هەندێک کەسایەتی و گرووپ و لایەن بدات و یارمەتیشیان بکات، خاڵی دووەم، خەڵکانێکی زۆر کە دژی حکوومەتی ئێرانن و لە دیاسپۆرا بڵاوبوونەتەوە و ڕەنگە تێڕوانینیان بەو شێوەیە بێت کە فشارە ئابووری و تەناهییەکانی ئەمەریکا بۆسەر ئێران بەو مەبەستە بێت کە ڕژێم برووخێنێت، دەیانەوێ جێی خۆیان بکەنەوە و بێنە مەیدان، بەڵکوو لە داهاتووی ئێراندا پێگەیەکیان هەبێت، بەڵام لەڕاستیدا هەتا ئێستاش کۆماری ئیسلامی لە ئاستی سەراسەریدا ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و یەکگرتووی نییە کە بتوانێ وەک ئالترناتیڤ دەرکەوێ و بیناسین.

**هیدایەت جان**: لەم دواییانەدا کۆمەڵێک پەیام بەناوی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بڵاو بوونەوە، لە ناویاندا ڕەزا پەهلەوی کوڕی شای پێشووی ئێران پەیامێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ڕووی بەشێک لە قسەکانی لە کورد بوو، ئێوە وەک حیزبی دێموکرات لێکدانەوەتان بۆ ئەو پەیامانە چییە و ئەگەر دواڕۆژ ئۆپۆزسیۆنێکی ڕاستەقینەی ئێرانی دروست ببێت ئێوە وەک کورد بە چ شوناس و داوایەکەوە لەگەڵیان دادەنیشن؟

**مستەفا مەولوودی**: سیاسەتی حیزبی دێموکرات ئاشکرایە، ئەو حیزبە بۆ بەدەستهێنانی مافی سیاسیی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێدەکۆشێت، دیالۆگ و قسەکردن لەگەڵ ئێرانییەکان چ وەک تاک و لەگەڵ هاووڵاتی ئێرانی و چ بە کۆمەڵ و گرووپ و حزب وەک ئەو پێکهاتە جۆراوجۆرانەی لە ئێراندا دەژین، ئاساییە و بۆ ئەوەیە لە یەکتر تێبگەین ئاخۆ ئەو پێکهاتانەی لەو وڵاتەدا دەژین، چ سیستمێکی حوکمڕانییان دەوێ، ئەو دیموکراسییەی کە دەیانەوێ چۆنی لێک دەدەنەوە و چۆن بەکاری دەهێنن، ئێمە کە باس لە فیدڕالیزم و سیستمی فرەپێکهاتەیی حوکمڕانی دەکەین، بۆ ئەمە سروشتییە ئێرانییەکان وەک هاووڵاتی و حیزبە سیاسییەکان بە هەموو بیر و باوەڕێکەوە دیالۆگی لەبارەوە بکەن و بەڵکو بتوانین لەسەر شتێکی هاوبەشیش ڕێک بکەوین.

حیزبی دیموکرات لەگەڵ ئەو هاوپەیمانیی و لایەن و حیزبانە دەچێتە نێو هاوپەیمانییەوە کە باوەڕیان بە دێموکراسی لە ئێران هەبێت و باوەڕیان بە مافی خەڵکی کوردستان هەبێت و هاوکات باوەڕیان بە سیستمێک هەبێت بۆ دوارۆژ کە ئەو سیستمە لامەرکەزی بێت، واتا هەموو دەسەڵات لە ناوەند کۆ نەبێتەوە، بەڵکو بەپێی ئەو ئەزموونانەی ئێستە لە دنیادا هەیە، دەسەڵات بەسەر هەموو پێکهاتەکاندا دابەش بکرێت و سەرجەم پێکهاتەکان ڕۆڵیان هەبێت لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا بۆ ئەوەی وڵاتەکە بەرەو ئاوەدانبوونەوە بڕوات و خەڵکەکەی بەرەو خۆشگوزەرانی ببرێت و لە هەموویان گرنگتر، نەتەوەکان بە مافی خۆیان بگەن، نەتەوەی کورد وەک هاووڵاتییەک دەبێ مافی شارۆمەندی هەبێت، بەڵام ویستی خەڵکی کوردستان ویستێکی نەتەوەییە، ئەو ئارەزوویەکی هەیە کە وەک نەتەوەیەک پێناسە بکرێت و بناسرێت، بڵێ لە چوارچێوەی ئەم جوگرافیایەی ئێران، ئەو ناوچەیە کوردستانە و دەسەڵاتی ناوچەکە بەدەست کوردە، واتا ئێمە لەگەڵ ئەو لایەنانە دەچینە ناو هاوپەیمانییەوە کە باوەڕیان بەو بابەتانە هەبێت.

**هیدایەت جان**: ئێوە ناوەندێکتان پێک هێناوە بەناوی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی هەماهەنگیتان لەبارەی پرسە چارەنووسسازەکان هەبێت، بەڵام هەر لەو پەیامەی ڕەزا پاڵەویدا یەک لە حیزبەکانی ئەندام لەو ناوەندە لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنی چرای سەوزی پێدا و تەنانەت پاشەکشەی لە فیدڕالیزمی سیاسیی و ئەو خواستانەش کرد کە لە کۆنگرەی خۆیدا پەسندی کردبوون، ئایا لەو ناوەندە هیچ باسێکتان لەبارەی خواستەکانی کورد لە داهاتووی سیاسیی ئێران نەکردوە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئێمە ناوەندێکمان پێک هێناوە کە هەردوو دیموکرات و دوو کۆمەڵەی تیایدا ئەندامن، خوێندنەوەی ئێمە لەو ناوەندەدا ئەوەیە کە ئێران لە ڕوانگەی ئێمەوە وا باشە سیستمی فیدڕاڵی تێدابێت، وڵاتێکی گەورەیە و ڕێژەی دانیشتووانی زۆرە و فرە نەتەوەیە و فیدڕالیزم دەتوانێت سیستمێکی گونجاو بێت، بەڵام کاتێک کە پەیامێک بڵاودەبێتەوە و قسە لەبارەی هاووڵاتیبوون و کێشەکانی ڕۆژانە دەکرێت، وەک ئەوەی کۆڵبەر لە کوردستان دەکوژرێن و منداڵانی بەلوچستان لەناو کەپردا دەخوێنن، ئەوە کێشەی ئەو کۆمەڵگەیەن و دەبێ ئاوڕیان لێ بدرێتەوە، بەڵام لەڕاستیدا ئەوە ناتوانێ خواستی سیاسیی نەتەوەکە بێنێتە دی، کورد بە لانی کەم ٧٥ ساڵ ئەزموونی سیاسیی و خوێن و قوربانیدانی هەیە و فەزای سیاسیی ڕۆژهەڵات سیاسیترین فەزایە لە ئێراندا کە ئەنجامی ئەو خەبات و تێکۆشانەیە.

ڕەزا پەهلەوی دوای ئەزموونێکی شکستخواردوو ماوەی چل ساڵە ئێرانی جێ هێشتووە و زۆر واقعی سیاسی هەیە کە یان نایهەوێ ببینێ یان بە خۆلادان لێی بۆ کاتێکی دیکەی هەڵگرتوە. گرینگ ئەوەیە هەم خواستی سیاسیی کورد لە ئێران ڕوونە و هەم حیزبە سیاسییەکانی کوردستانیش کە تەعبیر لە ئیرادەی سیاسیی نەتەوەی خۆیان دەکەین بەرنامەی خەبات و تێکۆشانیان دیار و ڕوونە.

**هیدایەت جان**: ئێوە لە ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کۆمەڵێک پێوەندیی تەناهیتان دروست کردوە، ئایا لەڕووی سیاسیشەوە ئەو ڕێکخستنەتان کردوە کە سکرتێری ئەندامانی ئەو ناوەندە یان دەفتەری سیاسیتان بۆ ڕووداو و پێشهاتێکی پێوەست بە چارەنووسی سیاسیی ڕۆژهەڵات کۆ ببنەوە؟ چیتان کردوە بۆ ئەوەی ئۆپۆزسیۆنی ڕۆژهەڵات وەک تیمێکی یەکدەست بە ناوی کوردستانەوە دانوستان لەگەڵ تاران بکات؟

**مستەفا مەولوودی**: بەگشتی دۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گرژ و ئاڵۆزە و یەک لە حکوومەتە ئاڵۆزەکانی ناوچەکەش ئێرانە، ئەوهەموو خۆنمایشکردن و پەلاماردانەی ئێران بۆسەر بەرژەوەندی وڵاتانی دراوسێ ناکرێ بەردەوام بێت و کەسیش لێی نەیەتە جواب، بۆیە دەبێ ڕەچاوی هەموو ئەو ئەگەرانە بکەین کە لەسەر ئێران ڕەنگە ڕوو بدەن، لەو پێوەندییەدا بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە ناوەندێک هەیە کە ببێت بە چەقی بڕیاری سیاسیی و ئەمنی و پێشمەرگانەی هێزەکانی کوردستان، ئێمە پێمان وایە ناوەندی هاوکاری هەموو ئەوانەی نەهێناوەتە دی، بەڵام لانی کەم بووەتە چەترێکی باش بۆ ئەوەی هێزە سیاسییەکانی لەژێر کۆ بکەینەوە، بەڵام کاری زۆری ماوە کە دەبێ بیکات، یەک لەوانە ئەوەیە کە لە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر ئەو چوار لایەنە خەبات ناکەن، چۆن دەتوانێ فەزایەک دروست بکات کە ئەوانی تریش لەو ناوەندەدا بەشدار بکات بۆ ئەوەی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهێز بکات.

**هیدایەت جان**: ئەو هاوکارییانە چین ئەگەر بکرێت چەند نموونەیەکیان لێ باس بکەی؟

**مستەفا مەولوودی**: ناوەندی هاوکاری هەر لە چوارچێوەی بەیاننامە بۆ ڕووداو و پێشهاتەکان کار ناکات، بەڵکوو زۆر کاری تریشی لەبەردەستە، بۆ سەلماندنی ئەوە ئێمە بەڵگەی باشمان هەیە، ساڵی ٢٠٠٣ لە نێوان کۆمەڵە و دیموکرات، جیا لە حیزبی کۆمۆنیست، بەیەکەوە زۆر خاڵی هەستیارمان باس کردووە، ئەوەی کە چۆن سەیری مێژوو و خەباتی یەکتر بکەین و چۆن لە داهاتوو بڕوانین و تەنانەت گفتوگۆ لەسەر ئەوە کرا ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوو بدات، چۆن کۆنترۆڵی کوردستان بکەن بەبێ ئەوەی بەریەککەوتنی حیزبی و شەڕی نێوخۆی لێ دروست ببێت، تەناهی خەڵک و دەستکەوتی بزووتنەوەکە چۆن بپارێزین تا بەرەو هەڵبژاردنێکی دێموکراتیک بچین و هەردوولاش پابەند بین پێیەوە و تا کاتی هەڵبژاردنیش بە هاوبەشی وڵات بەڕێوە ببەین بۆ ئەوەی گرفتی سیاسیی و تەناهی دروست نەبێت. ئێستەیش لە ناوەندی هاوکاری لەسەر ئەو پرۆسەیە کار دەکەین کە ئەگەر ئاڵوگۆڕییەک بێتە پێشەوە، ئێمە چۆن لەو ئاڵوگۆڕییە سوود وەربگرین و دیپلۆماسی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بە چ شێوەیەک بێت، تەنانەت لەبارەی هێزی پێشمەرگەوە لە گفتوگۆداین کە بەداخەوە ئێمە ئەزموونی شەڕی ناوخۆمان لەگەڵ کۆمەڵە هەبووە و هەم دەمانەوێت لە ئەزموونەکانی هەرێمی کوردستانیش سوود وەربگرین کە بە شەڕی ناوخۆییدا تێپەڕیوە. هەر لەو پێوەندییەدا ئێستە لیژنە ئەمنییەکانی ئێمە بەیەکەوە دادەنیشن و تاوتوێی ئەو پرسە دەکەن.

**هیدایەت جان**: سێ ساڵ لەمەوبەر ڕێکخراوێکی نەرویجی گفتەگۆیەکی لە نێوان ئێوە و کۆماری ئیسلامی دروست کرد، پێشنیازی ئەو گفتوگۆیە لە ناوەندی هاوکاری باس کرا و بەیەکەوە بڕیارتان لەوەدا کە وەک بزووتنەوەی کورد بەشداری تێدا بکەن، ئەو گفتوگۆیانە هیچ ئەنجامێکی لێ کەوتەوە یان پەکیان کەوت و کۆتاییان پێ هات؟

**مستەفا مەولوودی**: بەڵێ ناوەندی هاوکاری ئەو پرۆسەیان بەیەکەوە وەرگرتوە و بەیەکەوە کاریان لەسەر کردوە، گفتوگۆکان کۆتاییان پێ نەهاتوە، بەڵام چالاک نییە. واتا ئەوە نییە کە بڵێین مانگانە کۆ دەبینەوە. لەبەر ئەوەی دۆخی ئێران بەو تەنگژە سیاسیی و ئابوورییەی کە هەیەتی و لەژێر فشاری ئەمەریکایە و هەڵبژاردنی ئەمەریکاش کاریگەری خۆی هەیە، بۆیە نامەوێ بڵێم ئەو پرۆسەیە کۆتایی پێ هاتووە بەڵکو کارەکانی بە سستی دەچێتە پێشەوە.

**هیدایەت جان**: ئێستا هەردوو دیموکرات سەرقاڵی دانوستاندنن بۆ ئەوەی یەک بگرنەوە، پێشتر دوو جار هەوڵی لەو شێوەیە دراوە و شکستیان هێناوە، بەڵام ئەمجارەیان کۆمەڵێک نەرمی لە هەردوو لاتان بەدی دەکرێت و بەپێی لێدوانەکانتان پرسەکە ڕژدترە لە پێشوو، ئێوە ئەو هەوڵەی ئێستە دەستی پێ کردووە بۆ یەکبوونەوەی دیموکرات چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**مستەفا مەولوودی**: لەتبوونی دیموکراتەکان نەخوازراوە، بابەتێکی نامۆ و ناسروشتییە لەنێو بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نایشارمەوە، بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی کۆمیتەی ڕێکخستنەکانمان پێمان دەدەن، ڕێکخستنەکانمان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات لەیەک دانەبڕاون، ڕێوڕەسم و کۆڕ و کۆمەڵیان بەیەکەوەیە و پێوەندییان بەیەکەوە پتەوە، لێرەش ئێمە دەستمان بە گفتوگۆکان کردوە، ئەوە ئاساییە کە ئێمە زۆر بەیەکەوە بووین و ئەنجامی ئەو زۆر بەیەکەوەبوونە لە یەکتری تووڕە کردووین و دابڕاوین، لەوانەیە دابڕان ئاسان بێت، بەڵام پێوەست کردنەوە زەحمەتی خۆی هەیە، تا کەلێنەکان پڕ دەکەیەوە و ڕۆحەکان پێکەوە ئاشت دەکەیەوە و ئەو فەرهەنگە بنیات دەنێییەوە کە با بەیەکەوە کاری سیاسیی درێژە بدەین، ئەوانە زەحمەتی خۆیان هەیە و ئاسان نییە، بەڵام لەو ماوەیەدا کە ئێمە کۆنگرەی ١٧مان بەست و لە پێوەندییەک کە لەنێوان خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حدک و مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتی حدکا دروست بوو، دیدارێکی نێوان دەفتەری سیاسیی ئێمە و ناوەندی سیاسیی حدکا ڕێک خرا و لەو دیدارەدا ئەو نیازپاکییەمان لەوانیشدا بینی بۆ ئەوەی ڕێیەک بدۆزینەوە بۆ یەکگرتنەوە و ئێمەش لەو پێوەندییەدا نەرمیمان زۆر نوواند.

پێمان گوتن بەکارهێنانی دەستەواژەی "هاوڕێیانی پێشوو" یارمەتیدەر نابێت و دەبێ زەمینە دروست بکرێت، ئێمە دەمانهەوێ کەڵک لە شتێک وەربگرین کە یارمەتیدەر بێت، بۆیە کۆمەڵێک پێشنیازمان خستە ڕوو و لە یەکێک لە پێشنیازەکان داوامان کرد بە ناوی دێموکراتەکان کار بکەین بۆ یەکگرتنەوە و ئەوانیش قبوڵیان کرد. ئێمە ئەوەمان بە هەنگاوێکی ئەرێنی بینی



سەرچاوە Serchawe

و پێشوازیمان لێ کرد. ئێستە لیژنەی هەردوو لامان کە یاداشتی حیزبەکانیان بۆ چۆنیەتی یەکگرتنەوە پێ درابوو، یاداشتەکەیان کردووە بە یەک و لەسەر ئەو یاداشتە کار دەکەن و گۆڕوتینێکی زۆر هەیە بۆ ئەو بابەتە، لیژنەکانمان زوو زوو کۆ دەبنەوە و جدییەتەکە لای ئەوانیش دەبینین و خەڵکیش ئەو گوڕوتینەیان پێ خۆشە، بۆیە هیوادارم زۆری پێ نەچێت و بتوانین بە زوویی بەسەر ئەو کێشەیەدا زاڵ بین، ئەوەش دەزانین کە یەکگرتنەوەمان دەتوانێ موژدەیەکی باش بێت بۆ خەڵکی کوردستان و کاریگەریی زۆری لەسەر بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت.

**هیدایەت جان:** ئەو گرفتانە چین کە پێت وایە دەبن بە لەمپەر لەبەردەم ئەو یەکگرتنەوەیە، لایەنی کەم لەناو حدک کە ئێوە جێگری سکرتێری ئەو حزبەن ئایا کەسانێک هەن کە بیانهەوێ ئەو یەکگرتنەوەیە سەر نەگرێت و لەمپەری بۆ دروست بکەن؟

**مستەفا مەولوودی:** ئێمە لەمپەرێکی زۆر جدیمان لابردووە، ئەوەی ئێمە قبوڵمان کردووە لەژێر ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا درێژە بە تێکۆشان بدەین، پێم وایە گرفتە سەرەکییەکەی نەهێشتووە، جگە لەوە زۆر ئاساییە دوو کۆمەڵ کە نزیک بە 14 ساڵە دابڕاوین و بە دوو تێگەیشتن کار دەکەین، ڕەنگە لەبواری سیاسیی و هەندێ بابەتی هاوبەشەوە جیاوازییەکی ئەوتۆمان نەبێت، بەڵام تێگەیشتنمان لە بەڕێوەبردنی حیزبی و بەیەکەوەچارانی حیزبی و خوێندنەوەمان بۆ ئەو بابەتانە جیاوازی هەیە، بەتایبەت حدکا دوای کۆنگرەی ١٦ پێکهاتەی حیزبییان گۆڕی، ئەوانە دەتوانن هەموویان گفتوگۆکان قورس بکەن و کات زۆر ببەن، بەڵام لە ڕوانگەی ئێمەوە مادام بابەتە سەرەکییەکانمان لەگەڵ یەکتر چارەسەر کردووە و پێداگری هەردوو لامان ئەوەیە لەگەڵ یەکتر ڕێک بکەوین، پێم وایە بەسەر ئەو گرفتانەشدا زاڵ دەبین و کۆسپێکی ئەوەندە جدی نابینم کە بڵێم ئەوەیان دەبێت بە کێشە. بۆیە پرۆسەکە کەوتووەتە سەر سکە و ڕێگەی خۆی گرتووەتە بەر و گەڕانەوەی بۆ نییە، ڕەنگە بەو خێرایییە نەبێت کە خەڵک ئارەزووی دەکەن.

**هیدایەت جان:** باس لەوە دەکرێت کە ڕێککەوتوون مستەفا هیجری ببێت بە سکرتێر و خالید عەزیزی جێگری بێت تا کاتێک کۆنگرە دەبەستن، ئایا ئەو ڕێککەوتنە کراوە؟

**مستەفا مەولوودی:** تا ئێستە بە فەرمی ئەو بابەتەمان باس نەکردوە، لەو ڕەشنووسەی بەیەکەوە ئامادەمان کردووە، باس لە کەسی یەکەم و دووهەمی حزب نەکراوە و تەنانەت لیژنەکانیشمان کە لە گفتوگۆدان، تا ئێستە ئەو بابەتەیان نەخستووەتە بەرباس، کاری یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان هەر ئەو دوو لیژنەیە نایکەن، بەڵکوو سەرجەم ڕێبەرایەتی هەردوولا سەرقاڵی ئەو بابەتەن، ئەو پرسیارە لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی لە خودی کاک خالید کراوە کە ئایا ڕێککەوتنێکی لەو شێوەیە کراوە؟ شتی وا نەبووە، بەڵام ئێمە بریارمان داوە ڕێک بکەوین تا بەرەو کۆنگرەیەکی هاوبەش بڕۆین، بۆیە ئاساییە لەبارەی پۆستەکان گفتوگۆ بکەین و بگەینە ڕێککەوتن کە ئەمەش بابەتێکی سروشتییە، بەڵام



سەرچاوە Serchawe

هەموومان دەزانین لەناو حیزبی دیموکرات بڕیار لای تاک نییە، بەڵکو لای ئۆرگانە، ئۆرگانیش کار و بڕیارەکانی بەکۆمەڵە، بۆیە هەر دەبێ کۆمەڵێک هەبێ کە حیزبی یەکگرتوو بەڕێوە ببات و ئەو کۆمەڵەش لە هەردوو لایەنمان پێک دێت و دەشبێ کەسی یەکەم و گوتەبێژی هەبێت، بەڵام بە فەرمی هیچ باسێک لەسەر ئەو بابەتە نەکراوە.

**هیدایەت جان**: ئەگەر بەو گوڕوتینەی ئێستە ئاماژەت پێ کرد دانوستاندنەکان بچنە پێش، پێت وایە کەی دیموکراتەکان یەک دەگرنەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەگەر بەو ڕەوتەی ئێستە کارەکان بچنە پێشەوە، پێم وا نییە زۆر بخایەنێت، هەرچەند ناتوانم بە دیاریکراوی کاتێکت پێ بدەم و بڵێم ماوەی مانگێک یان سێ مانگ یان هەرچەندێکی تر دەخایەنێت، بەڵم هیوادارم زۆر نەخایەنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا مەولوودی: خەڵکی کوردستان بە بڕوابەخۆبوونەوە بۆ دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان تێدەکۆشن



**لە بەرەبەری ٢ی ڕێبەندان، ٧٥ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان‌دا، "کوردستان" دیمانەیەکی لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب پێک‌هێناوە. لەو دیمانەیەدا پرسی گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە ئێران و ناوچە، خەڵک و دەسەڵات لە ئێران و پرسی خەبات و هاوخەباتیی کورد و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەوەری سەرەکیی ئەم دیمانەیە بوون:**

**مەنسوور مروەتی: کاک مستەفا لە دەربیجەی گۆڕانکارییەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەوە دەست پێ دەکەین. بارودۆخەکە چۆنە؟ لە ئێران، نێوان خەڵک و حاکمییەت چۆن دەبینن؟**

**مستەفا مەولوودی**: ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەردەوام لە ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاریدایە. لەبەر ئەوەی پرسە جۆراوجۆر چارەسەرنەکراوەکانی ناوچە دەخوازێ گۆڕانکاریی بەردەوام ڕوو بدەن، چونکی زۆر لە دەوڵەتانی زاڵ لە ناوچە بەتایبەت لە ئێران، دەوڵەتی دێموکراتیک و خەڵکی نین. بۆیەش خەڵک هەوڵ دەدا نیزامێک بێتە سەر کار کە دێموکراتیک و خەڵکی بێ، وەڵامدەر بێ. خەڵک هەوڵ دەدا ژیان و گوزەرانی خۆشتر بێ، بەڵام لە ئێران حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بە زەبروزەنگ بەرهەڵستی خەڵک و مافەکانیان بۆتەوە.

خەڵکی هەر وڵاتێک خۆشەویستیی بۆ خاک و وڵاتەکەی هەیە و پێی خۆشە نیشتمانەکەی ئاوەدان بێ، پێوەندیی دروست،

بنیاتنەر و سەقامگیری لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێ. بەڵام لەوەشدا دەبینین کە کۆماری ئیسلامی ئاسوودەیی لە خەڵک هەڵگرتووە و ئێران بە هۆی سیاسەتە چەوتەکانی کۆماری ئیسلامییەوە وەک "عونسوری نامەتلوب" لە هاوکێشە سیاسییە جیهانییەکاندا سەیر دەکرێ. بۆیە خەڵکی وڵات ئاڵوگۆڕی دەوێ و بۆ دابینکردنی دێموکراسی و مافە سیاسی و مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی لە تێکۆشانی بەردەوامدایە. لە لایەکی دیکەوە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی مەترسیی بۆ سەر زۆر وڵاتی ناوچە دروست کردوە، لەم ڕووەوە گۆڕانکارییەکان لە ئێران و ناوچە شوێنی ڕاستەوخۆ لەسەر یەکتر دادەنێن.

**مەنسوور مروەتی**: کاک مستەفا لە ڕۆژەکانی کۆتایی دەسەڵاتی ترامپدا دەبینین سیاسەتی ئەوپەڕی زەخت و سەپاندنی گەمارۆی نوی بە دژی ئێران درێژەی هەیە. شوێندانانی ئەم گەمارۆیانە لەسەر بڕیارەکانی کۆماری ئیسلامی و هەروەها بارودۆخی خەڵک چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**مستەفا مەولوودی**: گەمارۆکانی ئەمریکا لەسەر کۆماری ئیسلامی سروشتییە کاریگەریی خۆی لەسەر بڕیارەکانی ڕێژیم هەبووە. ئەم گەمارۆیانە تا ڕادەیەک دەستی کۆماری ئیسلامیی لە پرۆژە ئەمنیەتییەکانی و تەڕاتێن و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە کورت کردۆتەوە، بەڵام هاوکات شێوەی مودیرییەتی گەمارۆکان لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە کە ئامرازەکانی کۆنتڕۆڵی خەڵکی بەدەستەوەیە، وایکردووە کە دووکەڵی گەمارۆکان پتر بچێتە چاوی خەڵکی وڵاتەوە. ئێمە بینیمان لە دۆخی گەمارۆکانیشدا

بەشی زۆری بودجە و ئیمکاناتی وڵات هەر بۆ دامەزراوە ئەمنیەتی و سەربازی و حکوومەتییەکان بوو. بە دەربڕینێکی دی ڕاستە ئەو گوشارەی گەمارۆکانی ئەمریکا کاریگەریی لەسەر سیاسەتەکانی ڕێژیم لە ناوچە و ئابووریی وڵات و ئاست و بڕی داهاتی ڕێژیم هەبووە، بەڵام حکوومەتی ئێران جۆرێک جووڵاوەتەوە کە زیانەکە زۆرتر بە سەر خەڵکدا بشکێتەوە. هەڵبەت هەر ئەو بارودۆخەش کەلێنی نێوان خەڵک و حاکمییەتی زیاتر کردووە و وەک دەبینین شەپۆلی نوێی ناڕەزایەتییەکان لە ئێران بەدژی دەوڵەت و دەسەڵات دەستی پێ کردووەتەوە.

**مەنسوور مروەتی**: کێ براوەیە؟ ئایا کۆماری ئیسلامی پاشەکشە دەکا؟ خەڵک بەسەر ئەو بارودۆخەدا زاڵ دەبن؟

**مستەفا مەولوودی**: خەڵکی ئیران خەڵکێکی زیندووە، خەڵکێکی چالاک و مافویستە، خەڵکێکە لە وەختی خۆیدا گەورەترین شۆڕشی کردووە، بۆیە ئەم خەڵکە فەرهەنگ و پاشخانێکی دەوڵەمەندی لە خەبات و مافخوازیدا هەیە. بۆیە ئەمن پێموایە داهاتووی ئێران بۆ ئازادیی خەڵک و دابینبوونی دێموکراسییە. کات بۆ ئەوە دیاری ناکەین، بەڵام ئەو دەسەڵاتە سیاسییە ناتوانێ هەتا سەر بەو ئەقڵییەتە و بە خەیاڵی ئاسوودە بەسەر خەڵکی ئێراندا حکوومەت بکا. خەڵکی ئێرانیش توانا و تەحەممولی ئەوەی نییە بەرگەی ئەو هەموو فشار و بەشمەینەتییانە بگرێ. بۆیە پێموایە ململانێی نەبڕاوەی نێوان حکوومەت و خەڵکی ئێران دواجار بە قازانجی خەڵک دەشکێتەوە.

**مەنسوور مروەتی:** خەڵکی کوردستان لە کوێی ئەم ململانێیەدان؟

**مستەفا مەولوودی:** ئێمە پێمانوایە پێوەندیی خەڵکی ئێران و کوردستان بەیەکەوە گرێدراوە. بۆیە هەر گۆڕانکارییەکی سیاسیش لە ئێراندا ڕوو بدا، کاریگەریی لەسەر خەڵکی کوردستانیش هەیە. سرووشتییە ئەگەر خەڵکی ئێران مەسەلەی دێموکراسییان بۆ گرینگە، مافی هاووڵاتییان بە لاوە باسە، پرسی هاوبەشی لە حکوومەتی دێموکراتیک و ئازادیان بۆ گرینگە، بایەخ بە دەسەڵاتی نەتەوەیی و خۆبەڕێوەبەری دەدەن، دەبێ کوردستان ببینن کە لە چل ساڵی ڕابردوودا بۆ ئەو ئامانجانە لە خەباتدا بووە. خەبات و تێکۆشان لە کوردستان لە پێناو ئازادی و دەستەبەری مافە سیاسی، نەتەوەیی، مەدەنی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان نەهادینە بووە و هەموو ئەوانەی ئاگاداری ڕەوشی سیاسیی ئێرانن، دەزانن کە پرسی سیاسی لە کوردستان زۆر لەپێشە. خەڵکی کوردستان سیاسیترە، حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی بەڕابردوو و ئامادە لە مەیدانی هەیە.

بۆیە لەم بارەیەشەوە لام وایە ئەو ئامادەییە لە خەڵکی کوردستاندا هەیە کە لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکدا بتوانێ دەور و ڕۆڵی سەرەکیی خۆی بگێڕێ و خاوەنداری لە پرس و مافە ڕەواکانی بکا.

**مەنسوور مروەتی:** ئەوەی کە جەنابت دەفەرمووی دەخوازێ حیزبە کوردییەکان زیاتر یەکگرتوو بن و پێکەوە هەماهەنگی زیاتریان هەبێ؟

**مستەفا مەولوودی:** بێگومان حیزبی سیاسی کاریگەریی زۆری لەسەر بردنە پێشی بزووتنەوەی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتیی و سیاسی لەهەر وڵاتێکدا هەیە. بۆیە،

**یەکەم** ئێمە بایەخ بە تێکۆشانی حیزبی لە پرۆسەی سیاسیی کوردستاندا دەدەین و لامان وایە کە حیزبەکان لە کوردستان دەسکەوتی گرینگیان بۆ بزووتنەوەی کورد دەستەبەر کردووە

**دوویەم**. ئێستا وا نییە بڵێی لە کوردستان یەک حیزبی سیاسی بە تاقی تەنیا بتوانێ هەموو یان زۆربەی هەرە زۆری خەڵک لەگەڵ خۆی بخا. بۆیە کارەکە دەبێ کاری هاوبەش، بەگرووپ و بەیەکەوە بێ. بزووتنەوەی کورد لەو پێوەندییەدا ئەزموونی خۆش و ناخۆشی هەیە کە ئەو ئەزموونە ناخۆشانە دەبێ ببێتە دەرس و دووپات نەبێتەوە. ئەزموونی باش و بەنرخیشمان هەیە لە بەیەکەوە کار کردن کە دەبێ زیاتر پەرەیان پێ بدەین بۆوەی ناوەندێکی سیاسیی قەرار و بڕیار لە کوردستاندا دروست ببێ. لە ئێستادا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان بۆ ئەو مەبەستە دەتوانێ چەترێکی باش بێ، بەڵام ناوەندی هاوکاری بۆوەی وەڵامدەری ئەرکەکانی داهاتوو و چاوەڕوانیی گشتییەکە بێ، دەبێ زۆرتر کار بکا و پرۆژەی مەیدانیی پتری هەبن.

**مەنسوور مروەتی**: کە باس لە هاوپێوەندیی حیزبەکان لە کوردستانی ئێران دەکرێ چاوەکان زیاتر دەچنە سەر حیزبی دێموکرات کە بەداخەوە ئێستا دوو بەشە. ئایا بەمجۆرە دەکرێ لەو ئامانجانە نیزیک ببینەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەوەی کە خەڵکی خەڵکی کوردستان بەگشتی چاویان بەسەر حیزبی دێموکراتەوە هەیە، یان چاوەڕوانییان لە حیزبی دێموکرات هەیە، تەواو بەجێیە. چونکە ئەو حیزبە مێژوویەکی پڕشنگداری لە پێکهێنانی حکوومەت و ئیدارەکردنی وڵاتدا هەیە. خەباتێکی فرەڕەهەندی بۆ دەستەبەری ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بەڕێوە بردووە، خوێنی لەبەر ڕۆیشتووە، بەرگریی قارەمانانەی لە خەڵک و دەسکەوتی خەباتی نەتەوەی کورد لە ئێران کردووە و هەموو ئامرازێکی بۆ دەستەبەری مافەکانی کورد لە ئێران دەکار کردووە. یانی دەکرێ بڵێین مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاوێنەی باڵانوێنی مێژووی خەڵکی کوردستانە لە کوردستانی ئێران لە ماوەی ئەو حەفتاو پێنج ساڵەدا.
بۆیە ئەو چاوەڕوانییەی خەڵکی کوردستان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕەوا دەبینم و هیوادارم هەر دوو بەشی حیزبی دێموکرات بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مێژووە و ئەو چاوەڕوانییەی کە خەڵک لێیان هەیە و ئەو کاریگەرییەی کە بەیەکەوە دەتوانن لەسەر تەواوی پرسەکانی گەلی کورد هەیانبێ، زووتر ڕیزەکانی خۆیان یەک بخەنەوە.

**مەنسوور مروەتی**: کاک مستەفا هەڵسەنگاندنی گشتیی بەڕێزتان لە دۆخی بزووتنەوەی کورد و پرسی مافەکانی کورد لە ئێران لە بەستێنی گۆڕانکارییەکانی ئێستا چییە؟

**مستەفا مەولوودی**: واقعییەت ئەمەیە کە پرسی سیاسیی ئێمە لە ئێرانە. یانی پێوەندیی دەوڵەتی، پێوەندیی کیشوەری، پێوەندیی قانوونی و پێوەندیی کولتووری و فەرهەنگی و مێژوویی و... خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئێرانە. کەوابوو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ هەوڵ بدەن لەگەڵ خەڵکی ئێران و جۆراوجۆرییەکانی ئەم وڵاتە، لەگەڵ خەڵکی سیاسی ئێران و لەگەڵ ئەو کەسانەی دڵیان بۆ ئێرانێکی دێموکراتیک لێ دەدا لەسەر خەت بێ و کار بکا، تەفاهومێک دروست بکا کە لە داهاتووی دروستکردنەوەی ئێرانێکی دێموکراتدا لە بەرژەوەندیی هەم خەڵکی کوردستان و هەم خەڵکانی ئێراندا بێ.

دووهەم، حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەگەر بڵێین یەکێک لە حیزبە هەرە دیارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەڵام بە تاقی تەنیا ناتوانێ ئەو بزووتنەوە بەربڵاوە بەو هەموو ئەرک و بەرپرسایەتییە لە حەوزەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، نێونەتەوەیی، ئەرکەکانی هێزی پێشمەرگە ڕێبەری بکا. بۆیە حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکەی کوردستان دەبی هەوڵ بدەن لە پلاتفۆرمێکی هاوبەشدا ئادرەسێکی روون بۆ بزووتنەوەی کورد دروست بکەن و هەل و دەرفەتەکان لە گۆڕانکارییەکانی ئێراندا بقۆزنەوە. نەمر دوکتۆر قاسملوو زۆر جار دەیفەرموو: "دەرفەت گرینگە، جاری وایە نەتەوەیەک

ئەگەر دروست لە دەرفەتێک کەڵک وەرگرێ، سەد ساڵ دەتوانێ بچێتە پێشێ و بە پێچەوانە ئەگەر دروست کەڵکی لێ وەرنەگرێ سەد ساڵ دەچێتەوە دوایە". کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتیش بە پرۆژە و بە بەرنامە دەبێ. لە هەمووی گرینگتر بە پێی ئەزموونێک کە گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان هەیەتی، لە لاوازیی دەسەڵاتی ناوەندیدا بۆشایی دەسەڵات لە کوردستاندا پەیدا دەبێ و بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە دیسانەکە حیزبەکان دەبێ پرۆژە و بەرنامەیان هەبێ. ئەو ئەرکە قورسە و لەسەر شانی هەموومانە، بەڵام خۆ ئەمە هەر بە قسە ناکرێ. کاری دەوێ، هەوڵێ دەوێ، سازان و لێک تێگەیشتنی دەوێ و لە ئاخردا ساغبوونەوە لەسەر پرۆژەیەکی دەوێ کە هەموومان پابەند بین بە جێبەجێ کردنی.

**مەنسوور مروەتی**: لە یادی ٧٥ ساڵەی کۆماری کوردستاندا، خەڵکی کوردستانی ئێران کە خاوەنی کۆماری کوردستان و ڕابردوویەکی ڕابردووییەکی پڕشەنگداری ئاوان، چی بکەن کۆمارێکی دیکەی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابمەزرێننەوە؟


**مستەفا مەولوودی**: ڕەنگە ئەمە هەم بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە یەکەم کۆماری کوردستانی دامەزراندووە و بۆ خەڵکی کوردستانیش ناخۆش بێ کە پاش ٧٥ ساڵ لە دامەزرانی کۆمار، ئێستاش حیزبی دێموکرات و خەڵکی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بە ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکانی خۆیان نەگەیشتوون. بەڵام ئەوە هیچ لە قەدری تێکۆشەرانی دێموکرات و خەڵکی کوردستان کەم ناکاتەوە و دوای ئەو ماوەیە و لە هەموو ئەو زەمەنەدا حیزبی دێموکرات هەر بۆ ئەو ئامانجانە تێدەکۆشێ کە ئامانجی کۆماری کوردستان بوون. کۆماری کوردستانیش بەرچاوی ڕوون کردووین کە بە وشیارییە بەرەو ئەو ئامانجە بڕۆین. خەڵکی کوردستان بە بڕوابەخۆبوون و هیوای دامەزراندنەوەی کۆمارێکی دیکەی کوردستانە کە لە بەرامبەر دوژمنی مافەکانیان ڕاوستاون. لەو پێوەندییەدا زیان و خەساری گیانی و ماڵیی زۆریان وێ کەوتووە، بەڵام ئاڵای خەباتی کوردستان و کۆماری کوردستانیان هەر بەرز ڕاگرتووە. بۆیە لەو بارەیەوە گەرمترین پیرۆزباییان پێ دەڵێم و ئەوەش دەڵێم ئەوەی ئەمن لە کوڕان و کچانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێدەگەم، دڵنیام خەڵکی کوردستان لە تێکۆشان ناوەستێ هەتا ئامانجەکانی کۆماری کوردستان وەدی دێنێ.

**مەنسوور مروەتی**: بەو هیوایە و سپاس بۆ بەشداریت لەو دیمانەیەدا

**مستەفا مەولوودی**: ئێوەش ماندوو نەبن

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٤ی جانێوێری ٢٠٢١

# مستەفا مەولوودی: هەڵبژاردنەکان لە ئێران نە ئازاد و دێموکراتیکن، نە هیچ کاریگەرییەکی ئەرێنییان دەستەبەری ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران هەیە



**دیمانە: عەلی بداغی**

**ئاماژە:**

**ڕەوتی ڕووداوەکان لە کوردستان، ئێران و جیهان تیژپەڕن و کاریگەریی خۆیان لەسەر کۆمەڵگە بەجێ دێڵن. لەو ماوەیەدا کۆمەڵگەی جیهانی جارێکی دیکە بە پرسی ئەتومی و مووشەکیی ئێرانەوە مەشغوولە و هەوڵی بووژاندنەوەی بەرجام دەدرێ. لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست شەڕی حەماس و ئیسرائیل دەستی پێ کردووەتەوە، ئێران بەرەو هەڵبژاردن دەچێ و کۆرۆنا و قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان تەنگیان بە خەڵک هەڵچنیوە. "کوردستان" بۆ تاوتوێی ئەو بابەتانە دیمانەیەکی لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێناوە.**

**عەلی بداغی:** بەڕێز کاک مستەفا لە ئاڵوگۆڕە نێودەوڵەتییەکانەوە دەست پێ دەکەین .هێزەکانی هاوپەیمانان بڕیاریان داوە لە ئەفغانستان دەکشێنەوە و بینیمان کە بەشێک لەوان سووریەیان بەجێ هێشت. پێتان وایە ئەوە نیشانەی لە بایەخ کەوتنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە بۆ وڵاتانی ڕۆژاوایی؟ یان ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە قۆناغی نوێ لە ململانێیەکاندا تێ دەپەڕێ؟

**مستەفا مەولوودی**: ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ناوچەیەکی ئاڵۆزە و پێک هاتووە لە نەتەوە، ئایین، مەزهەب، فەرهەنگ و کولتووری جۆراوجۆر و خاوەنی ژێئۆجوغرافیا و ژێئۆپۆلۆتیکی تایبەت بە خۆیەتی و دەوڵەمەندە بە کانگای ژێرزەویی جۆرراوجۆری وەک نەوت و زێر و ئاو و گاز و شتی تریش. ئەوە بووەتە هۆی ململانێ و حزووری هێزە دەرکییەکان بە تایبەت زلهێزەکان و ڕاستەخۆ و ناڕاستەوخۆ دەستیان هەیە لە کێشە و ئاڵۆزییە سیاسی و حقووقییەکان و ڕکەبەری و ململانێ لە بواری ئابووریشەوە.

پێشێلکردنی مافەکانی گەلانی ناوچەکە لەلایەن دەوڵەتەکانیانەوە بە پشتیوانیی زلهێزەکانی خاوەن بەرژەوەندی و نەبوونی دێموکراسی و حکوومەتی گەلی و نەتەوەیی کێشەکانی لە ناوچەدا هێندەی دیکەش ئاڵۆزتر کردووە. هەربۆیە لە دێر زەمانەوە تا ئەمڕۆ زۆربەی گەلانی ئەم ناوچەیە ڕووی ئاسوودەییان بەخۆیانەوە نەدیوە و کێشەکان هەروا بەردەوامن و هەر ڕۆژە بە شێوەیەک لە شوێنێک سەر هەڵدەدەنەوە کە ئەوەش ڕێگەی بۆ دەستێوەردانی وڵاتانی زلهێز و خاوەن بەرژەوەندی خۆشتر کردووە و تەنانەت ڕەواییەتی بەو دستێوەردانەش داوە.

**عەلی بداغی**: یانی پێتانوایە ئەم حزوور و دەستێوەردانە لە قازانجی خەڵکی ئەم وڵاتانە بوون؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەمن پێموایە بوونی ئەو هێزانە و هاتن و دەستێوەردانەکانی بەشێک لە زلهێزەکان هەمووشی هەر بە زیانی گەلان لە ناوچەکەدا نەبووە، بەڵکوو هێندێک جاریش یارمەتیدەر بوون بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازی و بەگژداچوونەوەی دیکتاتۆری لە ناوچەدا. بۆ نموونە هاتنی لەشکری سوور بۆ ئێران و پشتیوانیی سۆڤییەت لە دوو کۆماری کوردستان و ئازەربایجان، هاتنی هاوپەیمانان بۆ ئەفغانستان و دوورخستنەوەی تاڵیبان و دواجار ڕووخاندنی حکوومەتی بەعسی عێراق. بۆیە ئەگەر ئێستاش دەسەڵاتدارانی ئەفغانستان بەشێویەکی دروست دەوڵەتداری بکەن و لە هەموو زەرفییەتەکان سوود وەربگرن، بوون و مانەوەی هێزەکانی بێگانە بە قازانجی سەقامگیری و دێموکراسی خەڵکی ئەو وڵاتەیە.

**عەلی بداغی**: بەڵام ئێستا باس لە کشانەوە لە ئەفغانستان دەکرێ.

**مستەفا مەولوودی**: لە لێدوان و قسەکردنی بەرپرسانی مەیدانیی هاوپەیمانان لەو ناوچەیە دەردەکەوێ کە هێزەکانی هاوپەیمانان لە ناوچە (ئەفغانستان - سووریە - عێراق) بە تەواوی ناکشێنەوە، بەڵکوو فۆڕم و جۆری مەئمووریەت و چەندوچۆنیی مانەوەیان لەو ناوچەکەدا دەگۆڕن. بۆیە پێچەوانەی بۆچوونی جەنابت لە پرسیاری سەرەتادا، بە بڕوای من، یەکەم، ئێستاش ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بایەخی ژێئۆپۆلۆتیک و ژێئۆستراتیژی خۆی لەدەست نەداوە. دووهەم ناوچەیەکی دەوڵەمەندە و ئەوە ئەگەر وەک ڕابردووش نەبێ، چاوی تەماحی وڵاتانی هەر بەسەرەوەیە. هاوکات کێشەکانی ناوچەکەش



سەرچاوە
Serchawe

چارەسەر نەکراون و هەروک خۆیان ماونەتەوە و بگرە هێندێکیان ئاڵۆزتریش بوون. سێهەم، گەلانی ناوچەکە بە مافە سیاسی، نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانیان نەگەیشتوون، حکوومەتی گەلی و دێموکراتیک نەهاتوونەتە ئاراوە و زۆر لە گەلانی ناوچەکە خاوەنی ماف و دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی خۆیان نین. بۆیە ئەو ناوچەیە لە بایەخ نەکەوتووە هیچ، بەڵکوو ئێستاش لە ڕابردوو زیاتر پێویستی بە چاودێری هاوپەیمانیی بەرپرس هەیە. پێویستە کار بکرێ بۆ کەمکردنەوەی کێشە و ئاڵۆزییەکان چونکە ئەگەر ناوچەکە بەو هەموو کێشە و ئاڵۆزییەوە بە حاڵی خۆی بەجێ‌بێڵن ئەوە نەک هەر بە زیانی خەڵکی ناوچەکە تەواو دەبێ، بەڵکوو ئاڵۆزی و کێشەکان پەلوپۆ داوێن و ناوچە دوورەکانیش بەهۆی بەرەوپێشچوونی خێرای تێکنۆلۆژی و پێوەندییە ئابووری و بازرگانی و کۆمەڵایەتییەکان دنیای ئەوەندە بچووک کردۆتەوە کە بێگومان ئەو ئاڵۆزییانە وڵاتانی دیکەی جیهانیش دەگرێتەوە، بۆ نموونە سەرهەڵدانی ئەلقاعیدە و داعش لە وڵاتانی جیهاندا.

**عەلی بداغی**: لە ئەگەری کشانەوەی یەکجاری یان شوێندانەری ئەمریکا و هێزەکانی هاوپەیمانان لە ئەفغانستان، چەندە دەور و نەخشی ئێران لە هاوکێشەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست زیاتر دەکا؟

**مستەفا مەولوودی**: لەو ناوچەیەدا دەور و ڕۆڵ و دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تەواوی ڕوون و بەرچاوە. ئەگەر لە سەرەتای شۆڕشدا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی باسیان لە ناردنەدەرەوەی شۆڕش (صدور انقلاب) دەکرد کە ئێستا ئاکامی ئەو دروشمە لە وڵاتانی ئەفغانستان، سووریە، بەحرەین، لوبنان، عێراق، سووریە و فەلەستین و هێندێک وڵاتی دیکە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەرکەوتووە؛ کاربەدەستانی ڕێژیم کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا بە ئاشکرا دان بەو دەستێوەردانانە دەنێن و بە ستراتیژیی باڵای خۆیانی ناو دەبەن. گەلان و وڵاتانی ناوچەکەش بەو دەستێوەردانانە تووشی کێشە و نائەمنیی زۆر بوون و بەشێک لە ئەرک و مەئموورییەتی هاوپەیمانان بۆ بەرپەرچدانەوەی سیاسەت و پلان و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی لەو ناوچەیە تەرخان کراوە.

کۆماری ئیسلامی وێڕای پێش‌پێگرتن و جڵەوکرانی لەلایەن هاوپەیمانان ئاوا بێشەرمانە خەریکی دەستێوەردان و پیلانگێڕییە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، ئەگەر بێت و هاوپەیمانان ناوچەکە بەجێ بێڵن بێگومان مەیدانی تەڕاتێنی کۆماری ئیسلامی لەو ناوچەیە خۆشتر و بەربڵاوتر دەبێ. بۆیە بە بڕوای من لەو حاڵەتەدا ناوچەکە ڕووی ئاسوودەیی و ئارامی بەخۆیەوە نابینێ.

**عەلی بداغی**: ئەو پیلانگێری و دەستێوەردانەی کۆماری ئیسلامی کە باسی دەکەن چۆنە و بە چ شێوەیەکە؟

**مستەفا مەولوودی**: کۆماری ئیسلامی لە بۆشایی سیاسی - مەزهەبیی گەلان و جیاوازی و جۆراوجۆرییەکان لەو ناوچەیەدا بۆ نانەوەی دووبەرەکی لە نێوان دەوڵەتان و گەلانی ناوچەکە کەلک وەردەگرێ و وا دەکا زیاتر لە ئێستا بەگژ یەکدا بچنەوە



سەرچاوە Serchawe

و کێشە سیاسی و مەزهەبی و دینی و کۆمەڵایەتییەکان زیاتر قووڵ بکەنەوە. ئەو ڕێژیمە بەهۆی سیاسەتی پیلانگێری و ئاژاوەنانەوە، داهاتی خەڵکی ئێران و ئابووریی ناوچەکەش بۆ بەرژەوەندییەکانی دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و هێز و گرووپ و میلیشای گوێ لە مستی خۆی زیاتر دەکا. بەوەش ئەم ناوچەیە دەکاتە مەیدانی شەڕ و پێکهەڵپڕژانی گەلان و لایەن جۆراوجۆرەکان و ناوچەکە هەروەک وڵاتی ئێران لە هەموو بوارەکاندا بەرەو دواوە دەباتەوە. ئەمە کارنامەی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا بووە.

**عەلی بداغی**: گەڕی نوێی شەڕی حەماس و ئیسرائیل چووەتە حەوتووی دووهەم. قائانی، فەرماندەی سپای قودسی کۆماری ئیسلامی و خەڵکی ئێران لە کوێی ئەم شەڕەدا جێدەگرن؟

**مستەفا مەولوودی**: کۆماری ئیسلامی خۆی بە حکوومەتیکی بەهێزی ناوچەکە دادەنێ و دەیەوێ دەستڕۆیشتوویی و ئۆتۆریتەی خۆی بە دەستێوەردان و ئاژاوەگێری و چاوسوورکردنەوە لەم و لەو لە ناوچەکەدا بسەپێنی و لە جیاوازییە نەتەوەیی، دینی و مەزهەبییەکان بە قازانجی شوومی خۆی کەلک وەردەگرێ. ئەو چارەنووسەی کە زیاتر لە حەوتوویەکە خەڵکی نەواری غەززە تێیکەوتووە دەتوانێ یەکێک لە هۆیەکانی دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی بێ لەو ناوچەیە لەنێوان فەلەستین و ئیسڕائیلدا. لە ساڵانی ڕابردوودا چەند دەرفەتێک بۆ ئاشتیی نێوان فەلەستین و ئیسڕائیل هاتنە ئاراوە تاکوو بەڵکوو بە دیالۆگ کێشەی نێوانیان چارەسەر بکەن و فەلەستینییەکان بە بەشێک لە مافەکانی خۆیان بگەن و ئەوەش بە پشتیوانیی نێودەوڵەتی تا ڕاددەیەکی زۆر پرۆسەکە بەرەوپێش چووبوو کە کۆتاییەکەی بە دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین بە دراوسێیەتیی وڵاتی ئیسڕائیل کۆتایی دەهات، بەڵام دەستێوەردانەکانی ئێران بوون بەهۆی ئەوەی کە ئەم پرسە یەکی بکەوێ و بە چارەسەر نەکراوی بمێنێتەوە و ئاکامەکەی بوو بە ئەم شەڕ و ماڵوێرانییەی کە ئەمڕۆ بە بەرچاوی دنیاوە خەڵکی سڤیل بە مووشەکی ئێرانی و فڕۆکە و بۆمب گیانیان لەدەست دەدەن و وڵات وێرانتر دەکەن.

هەر ئەم دەستێوەردان و پیلانگێڕییەی کۆماری ئیسلامی بوو بەهۆی ئەوەی کە بەهۆی ناکۆکییەکانی لایەنە فەلەستینییەکان، "نەواری غەززە" لە فەلەستین دابڕێ و ڕاپەڕینی (انتفاصە) فەلەستینییەکان لە غەززە دژی ئیسرائیل لە بەردهاویشتنەوە بوو بە مووشەکبارانی ئیسرائیل لە لایەن حەماس و کوشتنی خەڵکی سڤیل لە نەواری غەززە کە هەمووان دەزانن و بۆخۆشیان دانیان بەوە داناوە کە مووشەکەکان دروستکراوی کۆماری ئیسلامین و ئەو ڕێژیمە داویەتی بە حەماس. ئەوەش بووەتە هۆی وێرانی و شەڕێکی گەورەی مووشەکی و پێکهەڵپڕژانی دوو گەلی ئیسرائیل و فەلەستین. کۆماری ئیسلامی لە پێناو تێکدانی پرۆسەی ئاشتی ئەو دوو گەلەدا بە میلیارد دۆلاری خەرج کردووە و بەجیی یارمەتییە ئینسانی و خۆراکی و دەرمانییەکان مووشەک و چەک و تەقەمەنی بۆ یەکێک لە لایەنەکان بەرێ دەکا و ڕۆژبەڕۆژ ئاگری شەڕ و دووبەرەکی لەو ناوچەیە زیاتر پەرە پێ دەدا. کۆماری ئیسلامی هاوکات لەو شەڕ و پێکدادانانە بۆ هەندێ مەرامی سەربازیی خۆیشی کەڵک



سەرچاوە
Serchawe

وەردەگرێ، ئەویش تاقیکردنەوەی مووشەک و کەرەستەکانی دیکەی شەڕ کە دەبێ لە شوێنێک تاقیبیان بکاتەوە.

**عەلی بداغی**: کەواتە زەرەرمەندی ئەسڵیی دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی خەڵکی فەلەستینن؟

**مستەفا مەولوودی**: دەستێوەردانەکانی ڕێژیمی ئێران کە ئەو بە یارمەتی ناوی دەبا نەک هەر هیچ سوودیکی بۆ فەلەستینییەکان نەبووە بەڵکوو بۆتە هۆی ماڵوێرانی خەڵکی فەلەستین و لە لایەکی دیکەوە هەژاری و برسیەتی هەرچی زیاتری خەڵکی ئێرانیش.

گەلانی ئێران لەم پێوەندییەدا بێجگە لە برسیەتی و نەهامەتی لە هیچ شوێنیکی ئەو کێشەیەدا نین. کۆماری ئیسلامی بە هاوکاریی سەربازییەکانی بە گرووپەکانی وەک حەماس و جیهادی ئیسلامی لەگەڵ ئەوەی بووەتە هۆی ئاڵۆزکردنی پتری ناوچەکە و بەدیاری هێنانی بەدبەختی و چارەڕەشی بۆ دانیشتووانی ئەو ناوچەیە، لە لایەکی دیکەشەوە بووەتە هۆی بێئێعتبار کردنی ئێران و قووڵکردنەوەی ناکۆکی لە نێوان خەڵکی ئێران و گەلانی دیکەی ناوچەکە.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا بێینە سەر باسەکانی نێوخۆی ئێران. ئێران بەرەوە هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری و شوراکان دەچێ، دوای ئەزموونی چوار دەیە لە هەڵبژارن لە ئێران هەڵبژاردن لەو وڵاتە چ مانایەکی هەیە؟

**مستەفا مەولوودی**: هەڵبژاردن لە ئێراندا هەڵبژاردنێکی ڕواڵەتییە. بەپێی یاسای هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامی و ئەو چوارچێوە و ڕێوشوێنە کە بۆیان دیاری کردوە، هەڵبژاردن لە کاتی خۆیدا بەڕێوە دەچێ و ڕێژیمیش پروپاگەندەی زۆری پێوە دەکا و مانۆڕی پێ لێ دەدا. بەڵام ئەزموونی بە ڕواڵەت هەڵبژاردنەکانی ئێران لە ماوەی چوار دەیەدا بۆ ئێمە و خەڵکی ئێران و خەڵکی شارەزا لەم بوارەدا دەرکەوتووە کە هەڵبژاردنەکان لە ئێران نە یاسایین، نە ئازاد و دێموکراتیک و خەڵکین و نە هیچ شوێندانەری و کاریگەرییەکی ئەرێنییان لەسەر بەرەوپێشچوون و خۆشبژیوی خەڵکی ئێران هەیە. هەڵبژاردن تەنیا سێناریۆیەکە کە بە بڕیاری کۆمەڵێک کاربەدەستی ڕێژیم بەڕێوە دەچێ بۆ ئەوەی خەڵک بێننە سەر سندووقەکانی دەنگدان ئەویش بۆ ڕێکلام و ڕەواییدان و شەرعییەتدان بە دەسەڵاتی دژی گەلیی خۆیان.

بەپێی یاسای کۆماری ئیسلامی، کەسێک کە خۆی بۆ سەرۆککۆمار بەربژێر دەکا هیچ حیزب و هێزێکی نییە هەتا ئەو بەڵێنانەی کە بە خەڵکی دەدا جێبەجێی بکا و ناچارە هەر لە چوارچێوەی ئەو ڕێوشوێنانەدا کار بکا کە بەپێی قانوون و یاسای ڕێبەر بۆی دیاری دەکرێن. لە هەڵبژاردنەکانی پێشوودا دیتمان کە محەممەد خاتەمی چەند بەڵێنی بە خەڵک دان بەڵام نەیتوانی جێبەجێیان بکا و دواجار لە لێدوانێکدا گوتی: "سەرۆککۆمار لە ئێران لە تەداروکچییەک بەولا زیاتر نییە." هەربۆیە لە سەرەتاوە تا ئێستا هەڵبژاردن لە ئێران بێجگە لە شانۆگەری و شەرعییەت وەرگرتن لە خەڵک بۆ

کۆماری ئیسلامی و ڕاگرتنی وەزعی مەوجوود هیچی دیکەی بۆ خەڵکی ئێران پێ نەبووە.

**عەلی بداغی**: حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک ئەندامێکی ناوەندی هاوکاری ئەم هەڵبژاردنەی بایکۆت کردووە. بەشداری یان بایکۆت چۆن و چەندە دەتوانێ کاریگەریی لەسەر ڕەوتی گۆڕانکارییە سیاسییەکان هەبێ؟

**مستەفا مەولوودی**: حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە "نا"ی بە کۆماری ئیسلامی گوتووە و بێجگە لە یەک دوو هەڵبژاردن، هەڵبژاردنەکانی دیکەی هەموو بایکۆت کردووە، لەبەر ئەوەی کە پێی وابووە بە هەڵبژاردنی ئەو بەربژێرانەی کە لە پاڵاوینەی شورای نیگابان و ڕێبەریی کۆماری ئیسلامی ڕەت دەبن، ناتوانن و ناشیانەوی هیچ گۆڕانکارییەک بە قازانجی گەلانی ئێران بکەن. ڕەفتاری خەڵکی ئێران بە هەڵبژاردنەکانیش تەواو سیاسی بووە. زۆرجار خەڵکی ئێران خوێندنەوەیەکی دیکەیان بۆ هەڵبژاردنی بەربژێرێکی بۆ نموونە وەک محەممەد خاتەمی کردووە و پێیانوابوە کە بە هەڵبژاردنی ناوبراو دەتوانن گۆڕانکاری دروست بکەن و حیزبی دێموکراتیش داوای بایکۆتکردنی لە خەڵک نەکردووە و ئەو ڕێگایەشی تاقی کردۆتەوە، یان هێندێک جار هەڵبژاردنی ئەندامانی پارلەمان و شوراکانی لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری جیاکردۆتەوە و پێی وابووە کە هێندێک لە بەربژێرەکانی شوراکان یا پارلەمان دەتوانن بە جۆرێک خزمەتێک بە خەڵکی ناوچەکەی خۆیان بکەن و نەهامەتییەکانی خەڵکی ناوچەکەی خۆیان لە کۆبوونەوە جۆراوجۆرەکاندا بێننە بەرباس. جاری وا هەبووە کە چوونی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان، بۆ نووسینی دەنگی "نا" بووە بە کۆماری ئیسلامی و ئەوەش ڕێگایەک بووە بۆ دژایەتیی ڕێژیم و جۆرێک بووە لە خەباتی مەدەنی یان بە دەنگدان بە کەسێک کە ڕکەبەری بەربژێرێکی نزیکتر یا ئاڵقەبەگوێی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بووە و ڕێژیم خۆی ویستوویەتی بێتە سەر کار. بۆ نموونە ئەوە لە هەڵبژاردنی بەربژێرەکانی وەک مەحموود ئەحمەدی نژاد و مەهدیی کەڕوبی و میرحوسێن مووسەوی بە ئاشکرا دیار بوو و کێشە و خۆپێشاندانی گەورەشی لێ ساز بوو.

بەڵام ئەزموونی ئەو هەڵبژاردنانە لە ئێراندا پێمان دەڵێ کە هەڵبژاردن لەو نیزامەی ئێستادا هیچ سوودێکی بۆ خەڵک نییە و تەنیا دەسکەوتێکی تەبلیغاتییە بۆ ڕێژیم و هەر بۆیە حیزبی ئێمە و "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران" ئەو هەڵبژاردنەیان بایکۆت کردووە. هیوادارم گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی بە پیل ئەو بانگەوازەی ناوەندی هاوکاری و ئەو حیزب و لایەن و کەسایەتییانەوە بێن کە شانۆگەریی هەڵبژاردنەکانیان بایکۆت کردووە بۆ ئەوەی مەیدانی مانۆڕ لە ڕێژیم بەرتەسک بکەنەوە و ئەو کارتەش لە دەست کاربەدەستانی ڕێژیم دەربێنن.

**عەلی بداغی**: ئەگەر بەشداریی خەڵک بە بنەما بۆ شەرعییەتی سیاسی دابنێین، ڕێژیمی ئێران لە هەڵبژاردنەکانی پێشووی مەجلیسدا ئاستی کەمتر لە سەتا ٤٠یشی ئەزموون کرد و شتێکی ئەوتۆ ڕووی نەدا. لەوانەیە ئەمجار کەمتریش بێ، کەواتە ئاستی بەشداری دەکرێ چ خوێندنەوەیەکی بۆ بکرێ؟

**مستەفا مەولوودی**: مەشرووعییەتی نیزامی سیاسی بەپێی یاسای هەر وڵاتێک کۆمەڵێک ڕێسا و ڕێوشوێنی یاسایی و پێوانەی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ ئەوەی دەرکەوێ کە ئەو نیزامە خاوەن شەرعییەتە یان نا. بۆ ئەوەش هەڵبژاردن و دەنگی خەڵک و بەشداریی خەڵک یەکێکن لە پێوانەکان. کردەوە و هەڵسوکەوتی نیزامیش کاریگەرییان لەسەر ئەم مەسەلەیە هەیە. کۆماری ئیسلامی بێ ئەوەی خەڵک بچن یا نەچنە سەر سندووقەکانی دەنگدان مەشرووعییەتی نییە و تەنیا لە ڕێگەی سەرکوت و زەبروزەنگەوە مەشرووعییەتی بەخۆی بەخشیوە و خۆی بەسەر خەڵکدا سەپاندووە.

بەپێی قانوونی بنەڕەتی، نیزامی ئێران نیزامی هەموو دانیشتووانی ئەو وڵاتە نییە، بە زۆر بیانووی دینی، مەزهەبی، سیاسی و نەتەوەیی خەڵکی لە زۆر ماف بێبەش کردووە و زۆر شتی لێ قەدەغە کراوە، کەوایە هەر بەپێی ئەو یاسا و ڕێسایانە ڕێژیم ڕەواییەتی خەڵکی ئێرانی لە پشت نییە. دەسەڵاتی تاکەکەس واتە ڕێبەر هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن و دادوەری خستۆتە ژێر چنگی خۆی و سەڵاحییەت و مەشرووعییەتی هەموویانیشی خستۆتە ژێر پرسیار. جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ڕۆڵ و دەوریان بۆ پاراستنی مافی خەڵک و کار و ژیان و، دیفاع لە مافەکانیان ناتەبایە لەگەڵ نیزامی حقووقی و خەڵکپەسەند کە یەک کەس لەم وڵاتەدا بە ناوی ڕێبەر هەموو دەسەڵاتەکان بکاتە پاوانی خۆی و، بە حوکمێک بتوانێ هەر کام لە یاساکان ڕابگرێ، هەڵی وەشێنێتەوە یان پەکی بخا. هەر بەم هۆیانە چوونی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان تەنیا ڕەواییدانی ڕواڵەتییە بەو ڕێژیمە و هیچیتر.

شانۆگەریی هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا هەر جارە بە مەرامێک سوودی لێ وەرگیراوە. ئەمجارەیان بەپێی ڕاپرسی و پێشبینییەکان خەڵکێکی زۆر کەم بەشداری لە هەڵبژاردندا دەکەن و ڕەنگە ڕێژیم بۆ نەچوونی خەڵک بۆ سەر سندووقەکان بیانووی پەتای کۆرۆناش بێنێتەوە. بەمجۆرە ڕێژیم کەسێکی جێگەی پەسەندی خۆیان لە سندووقەکان دەردەکێشێتە دەرێ و دەیکاتە سەرۆککۆمار و بیروڕای گشتیی پێ چەواشە دەکا.

**عەلی بداغی**: مستەفا تاجزادە یەکێک لە بەربژێرەکانە کە دیارە تا ئێستا دیار نییە شیاوییەکەی قبووڵ دەکرێ یان نا. ئەو وەک بەربژێرێکی سەرۆک کۆماری بۆ دەرچوون لە قەیرانەکان داوای پێداچوونەوەی بە یاسای بنەڕەتی ئێراندا دەکا. بە فەرزی مەحاڵ و بەپیی یاسای بنەڕەتیی ئێستا، خۆ ئەگەر ئەو ببێتە سەر کۆمار و خۆ ئەگەر ئەو بڕیارەش بدرێ، ئەمە چ گۆڕانکارییەکی لێ دەکەوێتەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: مستەفا تاجزادە لەبەر ئەوەی کە بەهۆکاری ئەمنییەتی لە ئێران زیندانی کراوە ڕەنگە هەر ئەوە وەک بەڵگەیەیەک بۆ ڕەتکردنەوەی سەڵاحییەتەکەی بەکار بێنن. لە فەرزی مەحاڵدا دەڵێین فەرزی مەحاڵ مەحاڵ نییە، من پێموانیە مستەفا تاجزادە دەنگ بێنێتەوە و ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و ڕێژیمەکەی ڕێگە نادەن لە ئێستادا کەسێکی ئاوا

ببێتە سەرۆککۆماری ئێران. ئەگەر دیسانیش بڵێین فەرزی مەحاڵ مەحاڵ نییە و وەک محەممەدی خاتەمی مستەفا تاجزادە ببێتە سەرۆک کۆماریش هیچی لە دەست نایە و هەر دەبێ گوێڕایەڵی عەلی خامنەیی و لەژێر هەیمەنەی سپای پاسداراندا بێ و وەک ئەوانیتر دارولەلەی بۆ دیاری دەکەن. ناوبراو لە کاتی خۆ بەربژێرکردنی باسی لە گۆڕینی یاسای بنەڕەتی ئێران کرد بەڵام ئەگەر ناوبراو ببێتە سەرۆککۆمار ناتوانێ نەک هەر لە یاسای ئێراندا بەڵکوو لەو نیزامەدا هیچ گۆرانکارییەک پێکبێنێ. من پێموانییە کە کەسێکی وەک تاجزادە بکرێتە سەرۆککۆماری ئێران. ئەوە تەنیا خەون و خەیاڵی تاجزادەیە و تەنانەت بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕێژیم تەبلیغیشی پێوە بکا و بە چەواشەکردنی بیروڕای گشتی بڵێ لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا کەسانی دژبەری نیزامیش دەتوانن خۆیان بەربژێر بکەن و تەندووری هەڵبژاردنەکانی پێ گەرمتر بکەن و هیچیتر.

دەنا بەر فەرزی مەحاڵ ئەگەر هەر ئێستا خامنەیی بەوەش ڕازی بێ، دەی بەپێی قانوون بۆ گۆڕانکاری و پێداچوونەوە بە قانوونی ئەساسی هەیئەتێک پێویستە. ئەم هەیئەتە بریتین لە شووڕای نیگابان کە هەر دوازدە ئەندامەکەی لەلایەن ڕێبەرەوە دیاری کراون، سەرۆکی سێ دەزگای سەرەکیی وڵات کە ڕوونە یەکیان ڕاستەوخۆ دوو دانەکەی دیکەش ناڕاستەوخۆ ڕێبەری دیاری کردوون، ئەندامانی هەمیشەیی کۆڕی دیاریکردنی بەرژوەندییەکانی نیزام کە هەرهەموویان ڕێبەر داینـاون، پێنج کەس لە ئەندامانی مەجلیسی خیبرەگان، دە کەس بە هەڵبژاردنی ڕێبەر، سێ کەس لە کابینەی دەوڵەت، ۷ کەس لە دەزگای داد، دە کەس لە نوێنەرانی مەجلیس و سێ مامۆستای زانکۆ. ئەوە گریمان ئەو هەیئەتەش پێکهات، دەی سروشتییە کە ئینتیما و ئاراستەی ئەو هەیئەتە چی دەبێ و خەڵک لە هیچ کوێی ئەو پێکهاتەیە و هاوکێشەیەدا نییە. بۆیە بە فەرزی مەحاڵیش ئەگەر ئەو بڕیارەش بچێتە بواری جێبەجێکردن هیچ شتێکی بە قازانجی خەڵک لێ ناکەوێتەوە.

**عەلی بداغی**: کۆمەڵگەی ئێران هەتا وەرزی زستانی دوو ساڵ لەمەوبەر قۆناغێکی زۆر تایبەتی لە نارەزایەتی دەربڕینیەکان ئەزموون کرد کە بەشداریی کەمی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیس دەتوانێ یەکێک لە دەرکەوتەکانی بێ، بەڵام دواتر سەرەرای بارودۆخی نالەباری خەڵک هەست بە داکشانی نارەزایەتییەکان دەکرێ، ئایا کۆرۆنا هۆکار بوو یان هۆکاری دیکەی لە پشتە؟

**مستەفا مەولوودی**: بۆ گردبوونەوە و نارەزایەتیدەربڕینی خەڵک ڕێوشوێنێکی ئەمنییەتی توند گیراوەتە بەر و کۆرۆناش یەکێک لە هۆکارەکان بووە کە ڕێژیم سوودی زۆری لێ بینیوە. بەڵام بێ ئەوەش چۆنیەتیی کۆنترۆڵکردنی خەڵک و سەرکوت و گوشاری لەرادەبەدەر بڕستی لە خەڵک بڕیوە و هەر خۆپێشاندانێک بە هەر مەبەستێک و بۆ هەر داواکارییەک لەگەڵ کوشتن و سەرکوت بەرەوڕوو بووە. جیا لەوانەش برسیەتی، هەژاری و بێکاری یەکێکی دیکە بوون لە هۆیەکانی کەمبوونەوەی نارەزایەتییەکان و لە کاتی برسیەتیدا خەڵک زیاتر بە دوای ناندا دەگەڕێ تا ئەوەی بە دوای ئازادیدا بگەڕێ و زۆرتر

بیر لە تێرکردنی زگی منداڵەکانیان دەکەنەوە. بەڵام سەرەرای هەمووی ئەوانەش خەڵک بێدەنگ نەبووە و هیچکات نەیانهێشتوە ڕێژیم بێ خەیاڵ بێ و ڕۆژ نییە لە شار و شارۆچکەکانی ئێران بەجۆرێک خەڵک خۆی نیشان نەدا و ناڕەزایەتی دەرنەبڕێ. ڕاستە خۆپێشاندانەکان سەرانسەری و گەورە نین، بەڵام هەمیشە هەر بەردەوامن و زیندانەکانی ڕێژیم و ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ باشترین شاهیدی ئەم ناڕەزایەتییانەن.

هەمووی ئەو نەهامەتیانە بوونەتە ڕقێکی پەنگخواردوو لە سینگی خەڵکدا و هیچ دوور نییە خەڵک ڕۆژێک هەموو پێکەوە بڕژێنە سەر شەقامەکان و تەخت و بەختی ڕێژیم تێکەوەپێچن.

**عەلی بداغی**: پێگەی پرسی مافخوازیی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چۆن دەبینن؟

**مستەفا مەولوودی**: پرسی نەتەوەیی و مافخوازیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێستا بە پرسێکی لەسەر هەست و دیار و شوناسخوازیی سیاسی و کوردانە دەبینم. دیارە ئەوە هەر هی ئەمڕۆ و تازە نییە، ئەگەر ئاوڕێک لە مێژوو بدەینەوە، لە هەر دەرفەتێک کە هاتووەتە ئاراوە ئەو پرسە بەربلاوتر و زەقتر خۆی دەرخستووە و خەڵکی کوردستان لەم پێناوەدا تێچوویەکی زۆری گیانی و ماڵییان داوە. ئەوەی کە ئێستا دەیبینین بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کوردستانە بۆ وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتی و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیان. خەباتی جۆراوجۆری چەکداری، مەدەنی، سیاسی، ژینگەپارێزی، کولتووری و فەرهەنگی هەمووی هەر لە پێناو ئامانجێکدایە کە ئەویش پرسی شوناسخوازی و دابینکردنی مافی نەتەوایەتییە و من خەباتی فرەڕەهەندی گەلەکەمان بە شوێندانەر دەبینم. کۆی ئەم شێوە خەباتانە دەری خستووە کە خەڵکی کوردستان چەندە لەسەر هەستە و چەندە لەبەرانبەر مافە پێشێلکراوەکانیدا هەست بە بەرپرسایەتی دەکا. خەباتی گەلی کورد لە ئێراندا لەچاو باقی ناوچەکانی ئێران جێگە و پێگەیەکی جیاواز و دیار و بەرچاوی هەیە و لە زۆر کات و بواردا ڕێژیمی توششی شکست و بەرگژەی توند کردووە و کاربەدەستانی ڕێژیم بە نیگەرانییەوە سەیری بەرهەڵستکاری و خەباتی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەکەن.

**عەلی بداغی**: لەو ماوەیەدا لە دوو شاری کوردستان کۆمەڵێک کردەوەی توندڕۆی لایەنێکی ئیسلامی بیندران. حیزبی دێموکرات چۆن لەو دیاردەیە دەڕوانێ؟

**مستەفا مەولوودی**: باوەڕی ئایینی لەنێو موسڵمانان و پێڕەوانی هەر ئاینێک پیرۆزیی تایبەت بەخۆی هەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی دێموکرات و مافخواز ئەم واقعییەتە دەبینێ و ڕێز لە هەموو ئایین و پێڕەوانی بیروباوەڕەکان بە ئیسلامی و غەیرە ئیسلامییەوە دەگرێ. هەڵبژاردنی هەر بیروباوەڕێک بۆ هەر تاکێک بە ڕەوا دەزانێ و عیبادەت و خواپەرەستیش یەکێکە لەوان. هەر ئایینێک ڕێزی لێ دەگیرێ بەو شەرتەی کە بە زۆر و لە ڕێگەی کوشتن و

هەڕەشە و تۆقاندنەوە بەسەر خەڵکدا نەسەپێندرێ، ئازادییەکانی خەڵکی دیکە پێشێل نەکا و نەبێتە هۆی کێشە و ئاڵۆزی و تێکدانی کۆمەڵگە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕیزەکانی گەل تێک نەدا.

کۆمەڵی کوردەواری خاوەنی ئایین و بیروڕای جۆراوجۆرە و کولتووری بەیەکەوە هەڵکردن لەنێو یەکدابوون مێژوویەکی کۆنی هەیە و هەموو ئایین و مەزهەب و بیروڕاکان لە کوردستان لە پەنای یەک و بەیەکەوە بوون. بۆیە کۆمەڵگەی کوردستان زەرفییەتی ئەوەی نییە ڕێگە بە توندڕۆیی و میلیتاریزەکردنی کۆمەڵ لەلایەن هیچ گرووپ و تاقمێکی سیاسی و ئایینییەوە بدا. ئایینی ئیسلامیش کە لەنێو کوردا مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە و پێشەنگانی ئەو ئایینە هەوینی بەیەکەوە ژیان بوون لەگەڵ ئایینەکانی دیکە. زۆر لە کەسانی ناوداری ئایینیی کورد دژ بە زوڵم و زۆری داگیرکەرانی کوردستان ڕاوەستاون و لە پەنا بەجێ گەیاندنی ئەرکە دینی و ئایینییەکەیان، بۆ مافەکانی گەلەکەمان تێکۆشاون و لە هەوڵی دەستەبەر کردنی مافی نەتەوەیی دابوون و تا ئێستاش زۆر کەسی لە ڕیزی خەباتکارانی گەلەکەماندان. لەنێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی کورددا و بە تایبەت لەنێو ڕیزی حیزبی دێوکراتی کوردستاندا کەم نەبوون ئەو مامۆستا ئایینیانەی کە لە دامەزراندنی حیزبی دێموکراتەوە تا ئەمڕۆش لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبەکەماندا بوون و کەسانێکیش هەن کە تا ئێستا هەر بەردەوامن.

ئێمە خەڵکی کوردستان بە خەڵکێکی باوەڕمەند دەزانین و ئەوەی لەم ماوەیەدا ڕووی دا بە هیچ شێوەیەک گوزارشت لە بیروباوەڕی موسوڵمانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناکا. هیوادارم مامۆستایانی ئایینی و کەسانی شارەزا لەم بوارەدا بە هەڵوێست و تەوسییە و ئامۆژگاری و وتار بتوانن ڕێگەی کوردانە و پڕ لە بەخشەندەیی بگرنە بەر و بتوانن وەڵامیان بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەم پیلانە دەبێ کە هیچ دوور نییە دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی تێدا بێ. ئەوان لەسەریانە هەوڵ بدەن بە ئامۆژگاری و پێشاندانی ڕێگەی دروست نەهێڵن کە ئەو ڕەفتارانە لەنێو کۆمەڵی کوردەوارییدا ببێتە کولتوور و بەیەکەوەژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری خەوشی تێ کەوێ.

**عەلی بداغی**: دوا پرسیار و پرسیارێکی هەمیشەیی کە پرسیاری هەموو کات و هەر لەسەر زاری خەڵکیشە. یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان گەیشتە کوێ و چی تازەی هەیە؟

**مستەفا مەولوودی**: بۆ یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات یان دێموکراتەکان ڕیگایەکی زۆرمان پێواوە، قۆناغێکی سەخت و دژوارمان تێپەڕ کردووە. ئێستا گەیشتووینە سەر ڕێچکە و ڕێگایەکی ئاسان و پێموایە هەردوو لامان چاوەڕوانیی خەڵک و زەروورەتی یەکگرتنەوەکە هەست پێ دەکەین.

لە قۆناغی وتوویژ و قسە و باسی جیددی داین، وامان کردووە پرسەکە نەوەستێ و قۆرتی تێ نەکەوی، بەڵام کاریشمان



سەرچاوە
Serchawe

ماوە بۆ ئەوەی هەموو بەربەستەکان ببڕین کە ئەوەش پێویستی بە کات و کاری زۆر هەیە. بەڵام هیوادارم خەڵکی کوردستان و تێکۆشەرانی دێموکرات زۆر لە چاوەڕوانیدا ڕانەگرین.

**عەلی بداغی**: کاک مستەفا زۆر سپاس بۆ ئەوەی کاتت بۆ ئەم وتووێژە دانا.

**مستەفا مەولوودی**: سپاس بۆ ئێوەش و ماندوو نەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی مای ٢٠٢١



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا مەولوودی: بە هەڕەشە و تێرۆر نە چاوترسێن دەکرێین و نە مەیدان بۆ کۆماری ئیسلامی چۆڵ دەکەین



وتووێژ: عەلی بداغی

تێرۆری شەهید مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەنێو جەرگەی شاری هەولێر پرسیارێکی گرینگی وروژاند کە بۆچی جارێکی دیکەش حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە کرا بە ئامانج؟ کۆماری ئیسلامی چۆن و بۆچی توانیویەتی لە هەرێمی کوردستان لە لێدان و حەزفی فیزیکیی دژبەرانی سیاسیی خۆیدا سەرکەوتوو بێ؟ لە بنەڕەتڕا ئایا عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی ئەمنە؟ حیزبە کوردییەکان چۆن دەتوانن بەرەوڕووی مەترسییە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی ببنەوە.

"کوردستان" وەڵامی ئەمانە و چەند پرسیارێکی دی لە وتووێژ لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وەردەگرێ.

**عەلی بداغی:** تێرۆری شەهید مووسا باباخانی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پەلامارەکانی دیکەی سەر حیزبی دێموکرات لە پێنج - شەش ساڵی ڕابردوودا پرسیاری جۆراوجۆری لەسەر حیزبی دێموکرات دروست کردووە. ئێوە وەک حیزبی دێموکرات لە چەند ساڵی ڕابردوودا زۆر کراونەتە ئامانج. بۆ؟

**مستەفا مەولوودی**: ڕاستییەکەی ئەوەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەمێکە و زۆر لەمێژە کراوەتە ئامانج. خۆ ئەگەر لە قۆناغی خەبات لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوییش تێپەڕین و تەنیا باسی دەورانی کۆماری ئیسلامی لە ٤٣ ساڵی ڕابردوودا بکەین، دەبینین هەر لە یەکەم ڕۆژی دوای سەرکەوتنی شۆڕش و بە دەسەڵات گەیشتنی ڕێژیمی ئیسلامی، ئەو ڕێژیمە دەستی بە سەرکوتکردنی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد کرد. تێرۆرەکانیش بە تێرۆری شەهید سەرگورد عەباسی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی شوڕای نیزامیی حیزب لە ساڵی ١٣٥٩ دەستی پێکرد و دەزگای تێرۆری ڕێژیم هەتا ئێستاش لە پیلان و کردەوەکانی بەردەوامە. هەر بەپێی ئامار زیاتر لە چوارسەد تێکۆشەری کورد کە پشکی زۆری بەر حیزبی دێموکرات دەکەوێ، لە ئەندام و پێشمەرگەیەکی سادەوە بگرە تا ڕێبەرانی ئەو حیزبە وەک دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی لەنێو لیستی ئەو تێرۆرانە دان کە کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات کردوونی.

ئەوەش کە بۆچی ئەو تێرۆرانە زیاتر لە حیزبی دێموکرات دەکرێن هۆیەکەی ڕوونە، لەبەر ئەوەیە کە ئەو حیزبە زۆرترین کاریگەریی لەسەر بزووتنەوەی هەقخوازانەی گەلی کورد هەیە؛ بۆیەشە ڕێژیم بەرنامە و پیلانی بۆ دادەنێ و لێی دەدا. نەخش و ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لەسەر بردنەسەرێی وشیاری سیاسیی خەڵکی کوردستان و ئاشناکردنیان بە مافەکانیان نەک هەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تەنانەت لە ئاستی ئێرانیشدا دیار و بەرچاوە و ئەوەش ترس و دڵەڕاوکێی زۆری بۆ ڕێژیم دروست کردووە. هەر دوای ڕووداوی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات، سپای پاسداران لە فیلمێکی دێکۆمێنتاریدا کە بڵاوی کردەوە، زۆر بەڕوونی و ئاشکرا ڕایگەیاند کە بۆیە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانیان کردووەتە ئامانج، چونکە ئەو حیزبە ئەمنییەتی ڕێژیمی وەمەترسی خستووە. کەواتە کاریگەریی ئەو حیزبە و سیاسەت و جۆری تێکۆشانی کە بەدرەنگی زۆری هەیە ڕێژیمی لەوە نیگەران کردووە، بۆیە هەموو سنوورە دەوڵەتی و نێودەوڵەتی و تەنانەت ئەخلاقی دەبەزێنێ و کردەوەی تێرۆریستیی لەو چەشنە دەکا و ئەمە لە پێنج_ شەش ساڵی ڕابردوودا زۆرتر و بەرچاوتر بووە.

**عەلی بداغی**: ئەدی کەمتەرخەمیی حیزب و کادر و پێشمەرگەکان چی؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەمن لەوە تێدەگەم کە ڕەنگبێ ئەمە پرسیاری زۆر کەس بێ کە بەپەرۆشەوە دەڵێن ڕێبەریی حیزبی دێموکرات و کادر و پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە کەمتەرخەمن، بۆیە تا ڕادەیەک بەئاسانی دەکرێنە ئامانج. بەڵام بابەتێک هەیە کە خەڵکی کوردستان پێویستە بیزانن کە ئەگەر پیلانێکی تێرۆریستیی ڕێژیم دژ بە حیزبی دێموکرات سەرکەوتوو بووە، دەیان پیلانی لەو جۆرەش پووچەڵ کراونەتەوە. ئەوە حەقیقەتێکە کە هۆکاری سەرەکیی تێرۆری کادر و ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو حیزبە و گوتاری ڕۆژهەڵاتتەوەریی ئەو حیزبە کاریگەریی زۆر و دیاری لەسەر جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە. ئەم حیزبە حیزبی خۆشەویستی خەڵکی کوردستان و نەیاری سەرەکیی

کۆماری ئیسلامییە و هەڵگری دروشم و ویست و ئاواتەکانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە، بۆیە هەمیشە دەکرێتە ئامانج.

**عەلی بداغی:** حەوتووی ڕابردوو عەلی شەمخانی، دەبیری شورای بەرزی ئەمنیەتی ڕێژیم لە دیدار لەگەڵ وەزیری دەرەوەی عێراقدا وێڕای هەڕەشە لە حیزبە کوردییەکان، داوای دەرکردنی ئەو حیزبانەی لە دەوڵەتی عێراق کرد. ئێوە ئەو هەڕەشانە و ئەو داوایە چۆن وەردەگرن؟

**مستەفا مەولوودی:** جارێ پێش هەموو شتێک دەبێ بڵێم کە لە دوای ڕووخانی حکوومەتی پێشووی عێراق و گۆڕینی ڕێژیمی سیاسی لەو وڵاتە، دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ دەستێوەردان لەم وڵاتە زۆر ئاوەڵا بووە. ڕێژیم هەوڵی داوە لە گۆڕانکارییەکانی ئەم وڵاتە ئەوپەڕی کەلک بۆ بردنەپێشی سیاسەت و پیلانەکانی خۆی لە بوارەکانی جۆراوجۆر بە تایبەت لە پرسی ئەمنیەتیدا وەرگرێ. ئەوەش لە کاتێکدا کە بەهۆی دۆخی پێوەندییەکانی نێوان ڕێژیمی پێشووی عێراق و ئێران سەرکردایەتی و هێزەکانی بەشی هەرە زۆری ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە کوردەکانیشەوە لەو وڵاتە جێگیر بوون. ئەوە لە دیوی ئێرانیش بۆ ئۆپۆزیسیۆنی عێراق هەر وا بوو. ئێستاش کە بەشێک لەو ئۆپۆزیسیۆنەی پێشووی عێراق کە هێندێکیان پێوەندییەکی زۆر نیزیکیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەبوو بوونەتە دەسەڵات لەم وڵاتەدا، سروشتییە ڕێژیمی ئێران دەستئاوەڵایی زیاتری لە عێراقی ئێستادا بۆ ڕەخسابێ. هەرکاتێکیش لە بۆشایی دەسەڵاتدا یان لە هیندێک هەلومەرجی تایبەتدا بە هەلی زانیبێ، لەم وڵاتەدا زەبری لە نەیارەکانی خۆی وەشاندووە. بۆ نموونە هەموو بە چارەنووسی موجاهیدینی خەڵقی ئێران دەزانین کە ناچار بە چۆلکردنی عێراق کران. بۆیە ڕێژیم ئەگەر بۆی بکرێ، سروشتییە کە بیەوێ لە هەرێمی کوردستانیش ئەو چارەنووسە بەسەر حیزبە کوردییەکانی کوردستانی ئێرانیشدا بسەپێنێ.

ئەوە هەڕەشە و هەروەها ئەو داوایەش کە شەمخانی لە وەزیری دەرەوەی عێراقی کردووە تازە نییە و زۆر جاری دیکەش ئەو بابەتە هەم لەگەڵ کاربەدەستانی پلەبەرزی عێراق و تەنانەت لە هەرێمی کوردستانیش هاتۆتە بەرباس و ئەو داوایە لەوانیش کراوە. بەڵام ئەوجارە بەڕەسمی و بەئاشکرا هێناویانەتە بەرباس و پێویستە خوێندنەوەی تازەی بۆ بکرێ و ئێمەش لە بیری ڕێکاری گونجاو دابین بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو پیلانە. ئێمە لە حیزبی دێموکرات بە لەبەرچاوگرتنی پێوەندی مەعنەوی نێوان نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان، هەست بە بەرپرسایەتیی نەتەوەیی هێزە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان و ڕەچاوکردنی هەلومەرجی سیاسیی هەرێمیش لەلایەن هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ئەگەری حاڵەتی لەو چەشنە بە دوور دەزانم. بەڵام بەو حاڵەش حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە هەرێمی کوردستان پێویستە بە هەماهەنگی و هەڵوێستی شیاو لە بیری پووچەڵکردنەوەی پیلانی لەو چەشنە بن. ئەوەش کە شەمخانی دەڵێ ئەگەر عێراق کەمتەرخەمی بکا ئەوان خۆیان دەستپێشخەری دەکەن، ئەوان تا ئێستا ئەوەی لە دەستیان هاتووە کردوویانە و لە هیچ دەستیان نەپاراستووە. بۆیە ئەو جۆرە هەڕەشانەی کۆماری ئیسلامی هێزەکانی ڕۆژهەڵات

چاوترسێن ناکەن و خەباتی سیاسی و تێکۆشانی مەیدانی بزووتنەوەی کورد لە ئێران هەروا درێژەی دەبێ.

**عەلی بداغی:** خەڵکانێکیش هەن کە بێگومان دڵسۆزی پرسی کوردن و لایان وایە کە ڕەوشی ئەمنییەتی لە هەرێمی کوردستان بۆ تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵات لەبار نییە؟ ئێوەش ئاوا بیر دەکەنەوە؟

**مستەفا مەولوودی:** دەبێ بڵێم کە کۆماری ئیسلامی قەت هیچ ڕێزێکی بۆ پرەنسیپ و سنووره نێودەوڵەتییەکان نەبووە و بەئاسانی ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی بەزاندووە، هەربۆیە قەت ڕەوشی ئەمنییەتی لە هەرێمی کوردستان بۆ تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵات بەتەواوی ئەمن نەبووە و ئێستاش نییە و پێموانیە لەو بارودۆخەدا و بەمزووانە لەوە باشتر بێ و ئەوەش هۆکاری جۆراوجۆری هەن. لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی ئێمە هیچکات بەتەواوی لەلایەن هێزەکانی ئاسایش و ئەمنییەتی هەرێمەوە پارێزگارییان لێ نەکراوە و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆخۆیان بەرپرسایەتیی پاراستنی خۆیان لەئەستۆ بووە کە ئەوە کەم و زۆر کەلێنی ئەمنییەتیی دروست کردووە. زۆر جاریش لەو حاڵەتەدا زیان و خەساری گیانی و ماڵی بەر حیزبەکان کەوتووە.

سیاسەتی دەستێوەردانی ڕێژیمی ئێران لە عێراق ڕوون و ئاشکرایە و حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسییەکانیش کە بەرپرسایەتییان لەسەر شانە بەو حەقیقەتە دەزانن و بە شێوەیەک لە شێوەکان بەهۆی هەلومەرجی تایبەتیی خۆیان مدارا لەگەڵ بارودۆخەکە دەکەن، یان باشتر وایە بڵێم لە بەرامبەر دەستوەردانە هەمە جۆرەکانی ڕێژیمی ئێران دستەوەستانن و چاوەڕوانی داهاتووی ناڕوونن و لەگەڵ وەزعەکە خۆیان ڕاهێناوە کە ئەو سیاسەتە زۆرترین دەرفەتی بۆ خراپکاری و پیلانگێڕیی ڕێژیمی ئێران لە عێراقدا پێکهێناوە.

ئێمە بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو ڕاستییانە دەبێ لە ڕێگەی مومکینەوە خۆمان زیاتر لە خەمی ئەمنییەت و پاراستنی خۆماندا بین کە ئەوەش کار و هاوکاریی پتری هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پێویستە. هەڵبەت لە هەموو حاڵەتێکیشدا بەرپرسایەتیی قانوونی و ئەخلاقیی پاراستنی هێزە سیاسییە تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.

**عەلی بداغی:** ئەو پرسیارەش هەیە کە ئایا حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەو پێوەندییەدا گوشارێکی خستووەتە سەر حیزبی دێموکرات؟

**مستەفا مەولوودی:** حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە حاڵەتێکی زۆر تایبەتدایە. لەگەڵ حکوومەتی عێراق لە هەموو ئاست و بوارەکاندا ڕێک نییە تا بە ڕێکاری یاسایی بەرپرسایەتیی پاراستنی کەسانی سیاسی بەتەواوی لەگەڵ حکوومەتی عێراق

ڕەچاو بکەن. لە هەرێمی کوردستانیش نالێکی نێو هێزە سیاسییەکان بواری زیاتری بۆ دەستوەردان و بردنە پێشی پیلان و سیاسەتە نایاساییەکانی ڕێژیمی ئێران خۆش کردووە. هەلومەرجی ژئۆپۆلتیکیی هەرێم لە ناوچە و پێوستیی پێوەندیی سیاسی و ئابووری و بازرگانی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت مێژوویی ڕێژیمی ئێران لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی باشوور، هەلومەرجێکی زۆر تایبەتیی پێکهێناوە. بۆیە لەگەڵ ئەوەشدا کە هێزە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان بەرپرسانە هەڵسوکەوتیان کردووە و هەلومەرجی هەرێمی کوردستانیان لە زۆر بارەوە ڕەچاو کردووە؛ تەنانەت زۆربەیان یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان وا جووڵاونەتەوە کە پێویست بەوە نەکا هەرێمی کوردستان تووشی چاڵنج و کێشە بێ؛ بەڵام بەو حاڵەش بەڵێ زۆر جاران بەرپرسانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ئەو بابەتانەیان، بە تایبەت چاوەڕوانیی ڕێژیمی ئێرانیان لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان باس کردووە. ئێمە بە دەرکی تەواوی هەلومەرجەکە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ ئەو دۆخە کردووە و لەگەڵ ئەوەشدا لە خەبات و تێکۆشانی هەمەچەشنی خۆمان چاوپۆشیمان نەکردووە و مەیدانمان بۆ کۆماری ئیسلامی چۆڵ نەکردووە. هاوکات دەشزانین کە ڕێژیمی ئێران بەردەوام لە بیانوو دەگەڕێ و بیانووشی لێ نابڕێ، بۆیە چاوەڕوانی جیددیمان لە حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە کە بە پاراستنی سەروەریی یاسایی وڵاتەکەیان، ئەمنیەتی گیانیی تێکۆشەرە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکەن و ئیزنی دەستوەردانی دەرەکی بە ڕێژیمی دژێگەلیی ئێران نەدەن. پاراستنی گیان و ئەمنیەتی تێکۆشەرانی سیاسیی کورد بۆ ئەوان هەم مەسئوولییەتی قانوونی هەیە، هەمیش بەرپرسایەتی ئەخلاقییە و نابێ ڕێگە بدەن کە مێژوو بە خراپ لەسەریان بنووسێ.

**عەلی بداغی**: کۆماری ئیسلامیی ئێران چۆن دەتوانێ لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەندە دەستئاوەڵا بێ بۆ کردەوەی تێرۆریستی لە دژی ئۆپۆزیسیۆن و دژبەرانی خۆی؟

**مستەفا مەولوودی**: کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە نەیشاردۆتەوە کە سیاسەتی بنگەیی ڕێژیم ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامییە بەتایبەت بۆ وڵاتانی دەوروبەر کە ئیسلامین و کەم و زۆر شیعەشیان هەیە. ئەمە لە ڕوانگەی خۆیانەوە ڕەواییەتی بۆ دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئەم وڵاتانەدا بۆ دروست کردوون. وەک لە وەڵامی پرسیارێکی پێشووتریشدا باسم کرد، شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران و داڵدەدانی ئۆپۆزیسیۆنی شیعەی عێراق و هەروەها کۆمەڵێک هاوپەیمانیی سیاسی و نیزامی لەگەڵ هێزە دژبەرەکانی ڕێژیمی پێشووی عێراق وای کرد کە کۆماری ئیسلامی لە وڵاتی عێراقدا پێگەیەکی تا ڕادەیەک قایم بۆخۆی دروست بکا. بە تایبەت گوتمان کە بەشی زۆری دانیشتووانی وڵاتی عێراق موسڵمانی شیعە مەزهەب و کورد بوون کە کاتی خۆی ڕێبەرانی حیزبەکانیان لە وڵاتی ئێران حاوابوونەوە. ئەوەش بە جۆریک لە جۆرەکان پێوەندیی نێوان حکوومەتی ئێران و ئەو هێز و لایەنانەی لەگەڵ یەکتر بەهێز کرد و دوای دوو دەیە دەبینین کە دەسەڵاتداری سەرەکیی عێراقی نوێش هەر هەمان ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەن کە باسمان کردن.



سەرچاوە
Serchawe

سنووری دوورودرێژی جوغرافیی ئێران لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و هەروەها پێویستی زۆری دوو لایەنە بە پێوەندیی ئابووری و بازرگانیی نێوانیان بوونی کۆماری ئیسلامیی لە هەموو گۆڕەپانەکانی عێراق و هەرێمی کوردستانیش پڕڕەنگ کردووە. تەنانەت باڵادەستیی کۆماری ئیسلامی بەشێک لەو هێزانەی بێئیرادە و تووشی دەستەوەستانییش کردووە و سەربەخۆیی سیاسیی لێ زەوت کردوون. بۆیەشە کۆماری ئیسلامی بە کەیفی خۆی لەو وڵاتەدا و بە هەرێمی کوردستانیشەوە تەراتێن دەکا و بە دانانی ڕایەڵەی سیخوڕی، کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دژبەرانی، مۆرە دروستکردن و دواجار دەستوەشاندن لە نەیارانی بەرنامەکانی دەباتە پێش.

**عەلی بداغی:** هاتنەسەرکاری کەسێکی وەک ڕەئیسی بە پێی پێشینەی کارەکانی لە کۆماری ئیسلامیدا، ئایا دەکرێ بە نیشانەی بەربڵاوتربوونی کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیم لێک بدرێتەوە؟ یان پێچەوانە پێتانوایە ئێران جێگەوپێگەی لە هاوکێشە ناوچەییەکاندا لە جاران لاوازترە؟

**مستەفا مەولوودی:** وەک خۆم لە نیزامی کۆماری ئیسلامیدا لە نەخش و دەوری هێزە ئەمنییەتییەکان و سوپای پاسداران و پیلانی تێرۆریستی ڕێژیم جیاوازییەک لە نێوان دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی و دەوڵەتی برایم ڕەئیسیدا نابینم. هەموو یەک ئامانج و مەبەستیان هەیە، بۆیە لام وایە لەو بارەوە مۆرەکانی ڕێژیم لە سوپای پاسداران و هێزە ئەمنییەتییەکان هەروەک چۆن لە زەمانی سەرکۆماریی حەسەن ڕووحانیدا دەستکراوە بوون و بە ئیمکاناتی ڕێژیم درێژەیان بە سەرکوتی بزووتنەوە نارەزایەتییەکانیان داوە، لەو ناوچەدا دەستوەردانیان کردووە، پیلان و بەرنامەی تێرۆریان لە ئورووپا و وڵاتانی ناوچە بەڕێوە بردووە، بە هاتنە سەر کاری ڕەئیسیش ئەو سیاسەتە درێژەی دەبێ و ڕەنگە لە جاران زیاتر هێز و ئیمکانات و کاتی بۆ تەرخان بکرێ؛ هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ڕەئیسی تا ڕادەیەک لە ڕووحانی گوێلەمستترە بۆ ڕێبەری کۆماری ئیسلامی. لە تەواوەتیی خۆیدا پێمڕوایە کۆی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە تەواوی قۆناغەکانی تەمەنی ژیانی ڕێژیمدا، ماهییەتی ئەو ڕێژیمەی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئاشکرا کردووە و درێژەی ئەو سیاسەتە لە بەردەوامیی خۆیدا بە قازانجی ڕێژیم ناشکێتەوە؛ بەڵکوو هەم لە ئاستی نێوخۆیی و هەم لە ئاستی دەرەوەدا تووشی قەیران و کێشەی زیاتری دەکا.

**عەلی بداغی:** ڕێگاکانی بەرپەرچدانەوەی مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامی لەسەر حیزبی دێموکرات لە چیدا دەبینن؟

**مستەفا مەولوودی:** پێشتریش ئاماژەیەکم پێدا کە مادام تێکۆشەرانی سیاسیی حیزبی دێموکرات و هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات لە وڵاتی عێراق و هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، مەسئوولییەتی پاراستنی گیانیان و سەر و ماڵیان لە ئەستۆی حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەوە ئەسڵە و نابێ لەبیری بکەین. بەتایبەت کە هەموو لایەک بەڕوونی ئەوە دەزانن کە ڕێژیمی ئێران لە بۆشایی ئەمنییەتی و خەمساردیی ئەوان کەڵک وەردەگرێ. ئەوان دەبێ هەوڵ بدەن لە ڕێگەی دیپلۆماسی و یاسایی و پاراستنی ڕێوشوێنی تۆکمەی ئەمنییەتی ئەو کەلێن و بۆشاییانە پڕ بکەنەوە. بەڵام

بە ئەزموونێک کە ئێمە هەمانە و ئەو دەورانە سەختەی کە تێپەڕمان کردووە ناکرێ جارێ هومێد بەو ڕێکارە ببەستین. کەوایە دەبێ بۆخۆمان پتر لەبیری پاراستنی خۆماندا بین و بەوردی پلانی ئەمنییەتی و خۆپاراستن بۆخۆمان دابنێین و لەسەر خەت بین. بۆ دەستخستنی زانیاریی ورد و شیکارییان و، چاوەدێریی وردمان هەبێ. دەبێ بەباشی کۆنترۆڵی دەوروبەر و ڕێگاکانی هاتوچۆی خۆمان بکەین و حەول بدەین لە هەموو بارێکەوە چاوکراوە بین. پیلانەکانی دژمن لەقاو بدەین و لایەنە پێوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان بە وردی لە پیلانەکانیان ئاگادار بکەینەوە. مەسئوولییەت و بەرپرسایەتییەکان بیهاوێینە سەرشانیان و وەبیریان بخەینەوە کە چ ئەرکێکیان لەسەر شانە و خۆشمان ئامادەتر بکەین. بەگشتی پاراستنی باشتر و پەرچەکرداری پێویست لە کات و شوێنی خۆیدا بەکار بێنین.

**عەلی بداغی**: یەکەم ڕەوتی ڕووداوەکان بەرە ئەوەن گۆڕانکاریی قووڵ لە ناوچەکەدا ڕوو بدا، دووهەم لەگەڵ هەموو ئەو مەترسییانەی کە لەسەر حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران هەیە، بەڵام دیسانەکەش حیزبەکان لە ئاستی چاوەڕوانیی گشتیدا لەگەڵ یەکدی تەبا نین و بارتەقای هەڕەشەکان نەیانتوانیوە یەکڕیز و یەکگرتوو بن. ئەم بارودۆخە تا کەی ئاوا دەبێ؟

**مستەفا مەولوودی**: وایە. ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست ئاڵۆز و ناجێگیرە و هەردەم چاوەڕوانی ڕووداوی گەورە و گۆڕانکاریی جۆربەجۆری لێ دەکرێ، کە دەتوانێ بۆ بزووتنەوەی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرفەتی گونجاو و باش بێنێتە ئاراوە و هاوکاتیش دەبێ چاوەڕوان بین بەرەورووی سیناریۆی سەخت و ناخۆشتریش ببینەوە کە بەداخەوە بەشێکی زۆریان لە ئێستادا لە ئیرادەی ئێمە بەدەرن. لە ناوچەدا کەلێن و ئاستەنگی زۆر هەیە، گەلانی نیشتەجێ لەو ناوچەیە هەموویان وەک پێویستە بە مافی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و دێموکراسیی خۆیان نەگەیشتوون. حکوومەتە نادێموکراتیک و دیکتاتۆرەکان لە چاخی بیست و یەکیش لە ناوچەکەدا هەر دەسەڵاتدارن. زۆر بەرژەوەندیی جۆراجۆری میللی، خەڵکی و دەوڵەتی و نێودەوڵەتیی هەن کە لە ناوچەکەدا یەکانگیر یان دژی یەکن. زلهێزەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان و هاوبەرژەوەندییەکانیان بە چڕی لە ناوچەکەدا بوونیان هەیە. هەمووی ئەوانە بە ئێمە دەڵێن کە بەڵێ گۆڕانکاریی قووڵ لە ارا دایە. بەڵام چەندەیان لە دژ یان لە بەرژەوەندی ئێمەدا دەبێ بەتەواوی ڕوون نییە و پێشبینی کردنیشی ئەستەمە. لە پێوەندی لەگەڵ هێزەکان و ئەوەی کە نالێکن و لە ئاستی چاوەڕوانیی خەڵک و هەلومەرجەکەدا نین تا ڕادەیەک ڕەخنەکە لەجێی خۆیدایە. بەڵام ئەوەی جێگای ئومێدە ئەوەیە کە هێزەکان بەگشتی هەستیان بە گرینگیی دۆخەکە و مەترسی و پێشهاتەکان کردووە. دەشزانن بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو و بۆ ئەوەی لە کاتی ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکاندا سەریان بێ کڵاو نەمێنێتەوە و بە ئەرک و بەرپرسایەتیی سیاسیی خۆیان هەستن، دەبێ بەیەکەوە لەسەر خەت بن، بەتایبەت ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەو پێوەندییەدا لە کۆبوونەوەی بەردەوام دایە.



سەرچاوە Serchawe

ئەزموونی بزووتنەوەی کورستان بە ئێمە دەڵێ لەگەڵ ئەوەی شتی نارێک و نەگونجاو لە مێژووماندا هەبووە، بەڵام ئەو ئامادەییەش هەیە کە ئەگەر دەرفەتی لەبار هاتە پێش بە دروستی کەڵکی لێ وەربگرین و بتوانین مەترسییەکانیش لە خۆمان دوور خەینەوە. هیوادارین ئەوجارەیان بە بەرپرسایەتیی زۆرترەوە و بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو ئەزموونەکان ئەو نارێکییەی کە هەیە و زۆر و کەم لێی نیگەرانین بە ئاستێکی زۆر کەم بگەیەنین و لە هەموو زەرفییەتەکان بەباشی کەڵک وەربگرین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠٢١

## مستەفا مەولوودی: حیزبی دێموکرات سیاسەت و بڕیارەکانی لەسەر ئەسڵی واقعبینی دادەڕێژێ



**دیمانە: جەمیل سەرمەستی**

**ئاماژە:**

**دوای ئەوەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا باسی لە ڕادەستکردنی دوو سیخوڕ و تاوانباری سەر بە کۆماری ئیسلامی بە دەزگای دادی هەرێمی کوردستان کرد، ئەم باسە کۆمەڵێک پرس و پرسیاری لە بیروڕای گشتی و سۆسیال میدیادا ورووژاند.**

**"کوردستان" بەباشی زانی ئەم بابەتە و پرسیارە جۆراوجۆرەکانی پێوەندیدار بەو بابەتە لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب بێنێتە بەرباس.**

**جەمیل سەرمەستی**: کاک مستەفا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە ڕاگەیەندراوێکدا ڕایگەیاند کە دوو تاوانبارتان کە سیخوڕییان بۆ کۆماری ئیسلامی کردووە و لە هێرشە مووشەکییەکەی خەرمانانی ١٣٩٧دا چاوساغییان بۆ ڕێژیم کردووە، ڕادەستی دەزگای دادی هەرێمی کوردستان کردووە. بۆ ئەو کارەتان کرد؟ حیزب بۆچی بۆ خۆی ئەو تاوانبارانەی سزا نەدا؟

**مستەفا مەولوودی**: هەموو ئەو کەسانەی لە سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان شارەزان، دەزانن کە حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزبێکی قانوونمەدارە و باوەڕی بە یاسا و پرەنسیپە ئینسانی، ئەخلاقی و حقووقییەکان هەیە. کە وایە هەر باسێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و حقووقی بێ، پێی باش و دروستە بە ڕێڕەوی خۆیدا یەکلا بێتەوە. زۆرجار لە ڕاگەیاندنەکانی حیزبی دێموکراتەوە دەبیستین کە ئەم حیزبە پابەندە بە مەنشوورە ئینسانییەکانی مافی مرۆڤ، مافی نێودەوڵەتی و سەروەریی یاسا. کە وابوو ئەوە ئەسڵێکی نەگۆڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. حیزبی دێموکراتی کوردستان تەنانەت ئەوکاتی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە شێوەی عورفی و مەیدانی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداریی ناوچەکەی هەبوو، هەر ئەوکات زۆر بەپەلە بە بەشداری و هاوبەشیی ئەو مافناس و یاساناسانەی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون، یاسایەکی بۆ کۆنترۆڵی ڕەوشی کۆمەڵایەتیی کوردستان دانا بە ناوی "یاسای سزادانی گشتی". ئەوکاتیش ئەگەر کەسێک خەتایەک یان تاوان و جینایەتێکی کردبێ، حیزبی دێموکرات لە ڕێڕەوی حقووقییەوە لێی پرسیوەتەوە و بەدواداچوونی بۆ کردوە. دادگاکانی حیزبی دێموکرات، دادگاکانی شۆڕش یان دادگاکانی خەڵکی کوردستان بوون و لە مەحکەمەیەکی زۆر شەفاف و دادپەروەرانەدا، حوکمی شیاو و سزای گونجاو لەگەڵ تاوانی بۆ تاوانبار دەرکردوە.

زۆر بەڕوونی لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەدا کە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو دوو سیخوڕەی ڕادەستەی دەزگای دادی هەرێمی کوردستان کرد، وەڵامەکە ڕوونە. لەبەر ئەوەی ئەم جینایەتە لە وڵاتی عێراق و لە هەرێمی کوردستان کراوە و دەزگای دادی هەرێم سەڵاحییەتی ڕاگەیشتن بەو تاوان و جینایەتەی هەیە.

دوویەم، هەر ئەوکات کە جینایەتەکە ڕووی دا، حیزبی دێموکرات کوردستان لە دادگاکانی هەرێمی کوردستاندا، سکاڵای لەسەر کۆماری ئیسلامی تۆمار کرد، چونکی دەمودەست سوپای پاسداران دانی بەوەدا نا کە ئەم جینایەتەی لە مەرکەزی قەراری حیزبی دێموکراتی کوردستان کە مەرکەزێکی سیاسی، تەشکیلاتییە و ژن و منداڵیشی تێدا بوون کراوە، ئەوان کردوویانە. هەر ئەوکات حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێگای بنەماڵەی شەهیدان و بریندارانی ئەم ڕووداوەوە سکاڵای تۆمار کردوە. جا بەم پێیە ئێمە دەبێ بەڵگەکانی پێویست و پێوەندیدار بەو پەروەندەیە بدەین بەو دادگایە بۆوەی ئەدیللە و بەڵگەی تەواوی بۆ بەتاوانبارناسینی کۆماری ئیسلامی هەبێ. ئەم دوو تاوانبارەش وەک بکەر و عامیلی تاوان و جینایەتەکە بەشێک لە بەڵگەکانن. جا کاتێک ئەوان لە ڕەوتی لێپرسینەوە و بەدواداچووندا بە زمانی خۆیان دان بەوەدا دەنێن کە دەستیان لە تاوانەکەدا هەبووە، سیخوڕییان کردوە، زانیارییان بۆ ناوەندە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامی بەڕێ کردوە، سروشتییە کە حیزب دەبێ ئەو ئەدیللە و بەڵگەیە بدا بە دەزگای دادی هەرێمی کوردستان بۆوەی ئەوان لە مەحکەمەیەکی قانوونیدا بڕیار لەسەر ئەو پەروەندەیە بدەن.

لەدوای ئەوەش، حیزبی دێموکراتی کوردستان مادام سەردەمانێک لە شوێنێک دادگایەکی هەبووە و هەوڵی ئەوەی داوە خەڵک

لە ڕێگای قانوون و دادگاوە بەدواداچوون بۆ مافەکانی خۆیان بکەن، ئێستا کە بۆخۆی لە وڵاتێکی دیکەیە دەکرێ پابەندی قانوونی ئەو وڵاتە نەبێ؟ بۆیە ئەم بڕیارەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بۆ ئێستا و لەو بارودۆخەدا بڕیارێکی دروست بوو.

**جەمیل سەرمەستی**: ئەدی نیگەرانی ئەوە نین کە کۆماری ئیسلامی دەستتێوەردان لە کاروباری ئەو دادگایەدا بکا و پەروەندەکە بە ئاقارێکی دیکەدا بخا؟

**مستەفا مەولوودی**: حیزبی دێموکراتی کوردستان وەزعییەتی سیاسیی ناوچە دەرک دەکا. بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان ئەم هەلومەرجەیان لەبەرچاوە. وەزعی هەرێمی کوردستان بە هەموو پێوانەکان چ ئەو پێوانە ئەرێنی و باشانە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەیەکی حقووقی بۆ ئەم دادگایە، چ بەپێچەوانە ئەو سەرنج و تێبینییانە وەکوو گریمانە کە جەنابت تیشکت خستە سەری، هەموو ئەوانەمان لەبەر چاوە و ناکرێ بەهێند وەریان نەگرین. بەڵام بەخۆشییەوە دەبینین کە هەرێمی کوردستان سەربەخۆییەکی سیاسی و ئیداریی شیاوی هەیە. دەزگای دادی هەرێمی کوردستان دامەزراوەی قانوونیی دانپێدانراوی هەیە، هەر لە دادگای یەکەمەوە و تا دادگای پێداچوونەوە و ئیستیناف و هتد. کەوایە ئێمە پەروەندەیەکی حقووقی بە زانیاری و بەڵگەی تەواوەوە بە شتی ڕوون و دیارەوە ڕادەستی دادگایەک لە هەرێم بکەین، چاوەڕوانییشمان هەیە کە بەبێ ئەوەی ئیزن بدا دەستی دەرەکیی ئەملاوئەولا بێتە نێو دادگاوە، پەروەندەکە بە ئاکام بگەیەنێت. وەک پێشتریش گوتوومانە ئەوە بەرپرسایەتییەکی ئەخلاقی، مێژوویی و نەتەوەیی دەخاتە ئەستۆی دەزگای دادی هەرێم.

لەلایەکی دی، خۆ ئێمە لە هەرێمی کوردستان هەر ئەو کەیسەمان نیە، کەیسی دیکەشمان هەبووە، وەکوو دادگای شەهید قادر قادری کە بینیمان سێ کەس لەو تاوانبارانەی دەستیان لە تێرۆری شەهید قادر قادریدا هەبوو، گیران و دادگاییش کران و حوکمی قورسی قەزاییان بۆ دەرکرا. شەهید قادر قادرییش تێکۆشەری دێموکرات و فەرماندەری دێموکرات بووە و بە ئەمر و دەستووری ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لێرە تێرۆر کرا. بەڵام ناوەندە ئەمنیەتییەکان و دەزگای دادی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەم دەسەڵاتەی پێیان دراوە، بەدوویدا چوون، لەوانەیە ئێمە تێبینییەکمان لەسەر ئەم حوکمە هەبێ کە بۆچی بەپێی ماددەیەکی قانوونیی دیکە حوکم نەدراون، بەڵام لێپرسینەوە و بەدواداچوون کرا و پەروەندەکەش وەگەڕ خرا و بڕیاریشی لەسەر درا. بۆیە بە سەرنجدان بە زۆر هۆ و هۆکاری دیکەش حیزبی دێموکراتی کوردستان پێی وایە دادگاکانی هەرێمی کوردستان ئەو توانا و زەرفییەتە حقووقییەیان هەیە کە ئەو پەروەندەیەی تێدا وەگەڕ بخرێ و ئاکامی دروستی خۆیشی لێ وەربگیرێ. هەڵبەت ڕوونە کە ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات و هەموو لایەنەکانی دیکەی ئەو پەروەندەیە پارێزەر دەگرین و لە ڕووی سیاسی، حقووقی و مێدیاییەوە لەگەڵی دەڕۆینە پێشێ و چاوەڕوانیی ئەوەشمان هەیە کە

دادگاکانی هەرێمی کوردستان پەروەندەکە بە ئاقارێکدا بەرن کە حەق بە حەقدار بگا و شانازییەک بۆ سەربەخۆیی دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمار بکرێت.

**جەمیل سەرمەستی**: کاک مستەفا پرسیاری زۆر کەس ئەوەیە کە ئایا هیچ هەڕەشەیەک لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان نەبوو، یان هیچ گوشارێک لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە لەسەرتان نەبوو کە ئەو تاوانبارانە ڕادەستی حکوومەتی هەرێم بکرێن؟

**مستەفا مەولوودی**: بە مەسئوولییەتەوە دەڵێم ئەوەی لە کۆبوونەوەیەک بە بەشداریی بنەماڵەی ئازیزی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان لەگەڵ ئەواندا باسم کردوە، نە ڕاستەوخۆ و نە ناڕاستەوخۆ و بەکینایە و هیچ ئەگەر و ئەممایەک، هیچ فشارێک لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان نەبووە. تەنانەت دەتوانم بڵێم کەم شوێن و لایەن هەر بەوەشیان زانیوە کە ئەو کەسانە لە لای حیزبی دێموکرات ڕاگیراون و حیزبی دێموکرات بۆخۆی لێپرسینەوە و بەدواداچوون بۆ ئەو پەروەندەیە دەکا. بەڵام کە کەیسەکە لە ناوەندی لێکۆڵینەوە و دەزگای ئەمنییەتی ئێمەوە کاری تەواوی لەسەر کرا و بۆ بڕیارلەسەردان هاتە دەفتەری سیاسی، ئێمە بە لەبەرچاوگرتنی هەموو تێبینییە سیاسی و حقووقییەکانی قانوونی دەوڵەتان و قانوونی نێودەوڵەتی و، هەروەها بۆ ئەوەی ئەو پەروەندەیە ئاکامێکی حقووقیی لێ بکەوێتەوە، بۆ ئەوەی حەق بە حەقدار بدرێ و، بۆ ئەوەی مەسئوولییەتی حقووقی و قانوونیی کارەکە بکەوێتە سەر هەرێمی کوردستان کە جینایەتەکە لێرە کراوە، حیزبی دێموکرات بڕیاری دا ئەو کەسانە ڕادەستی دادگای هەرێمی کوردستان بکرێن.

**جەمیل سەرمەستی**: ئێوە چاوەڕوانی بڕیاری دەزگای دادی هەرێم دەبن یان پلانی دیکەشتان هەیە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئێمە بەڕوونی بەرنامەمان ئەوەیە کە ئەم پەروەندەیە بەنێودەوڵەتی بکەین و بۆ ئەوەش ماتریالی پێویستیمان هەیە. چونکی دەبینین کە وڵاتێکی وەک کۆماری ئیسلامی هاتوە بە سەختترین کەرەسەی ناباوی نیزامی، لە وڵاتێکی دیکەدا جینایەتی وەکوو ١٧ی خەرمانانی خوڵقاندوە. کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا، کەیس و خەتای کەم نییە، بۆیەشە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەیەوێ لە شوێنی دیکەش بەدوویدا بڕوا. ئەو پەروەندەیە ئەگەر لە دادگایەکی حقووقی و ڕەسمیی هەرێمی کوردستاندا حوکمی شیاو و بارتەقای قورسیی جینایەتەکەی لەسەر بدرێ، بەو مانایە کە کۆماری ئیسلامی مەحکووم بە ئەنجامدانی تاوانەکە بکرێ و کەسانی بڕیاردەر بە ئێمە و بیروڕای گشتی بناسێندرێن و جیا لەوەش تاوانبارەکان بە سزای خۆیان بگەیەنن. بۆیە وەگەڕخستنی ئەو پەروەندەیە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستاندا یارمەتی بە زیندووبوونی قەزیەکە دەکا. سروشتییە کە ئەو ڕەوتە لە هەرێمی کوردستان لەوانەیە ماوەیەک بخایەنێت، بەڵام لە نیهایەتدا، ئەم کەیسە کە لە دادگایەکدا حوکمی قانوونیی خۆی وەرگرت، ئەوکات دەستی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەی ئەو پەروەندەیە لە دادگای تاوانی وڵاتانی دیکەشدا وەگەڕ بخا ئاوەڵاتر دەبێ. هەر ئێستا دەبینین لە

دادگـایی‌کردنی حەمیـد نـووری لە سـوێد و ئەوەش کە لە بریتانیـا لەژێـر نـاوی دادگـای گەلیـی ئابـان بەڕێـوە چـوو؛ لە تـاوانەکـانی کۆمـاری ئیسلامی دەکۆڵـدرێتەوە. ئەم ڕێـژیمە لە کوردسـتان تـاوانی زۆری خوڵقانـدوە کە هەر کـام لەوان و لەم دواییانەشدا مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات هەموویان بۆ ئەوە دەبن لە دادگایەکی نێودەوڵەتیدا بخرێنە گەڕ.

کۆماری ئیسلامی لەو ٤٣ ساڵەدا لە ئاستی ئێراندا جینایەتی زۆری کردوون، بەڵام لە کوردستان، بەنیسبەت هەمووی ئێران زۆر زیـاتر. چون هەر لە ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕش و لە شەڕی سێ مـانگەوە، کوردسـتان بە فتـوای جیهـادی خومەینی هێرشی کرایە سەر و شەڕێکی بەسەردا سەپا کە تـا ئێستاش لە شکڵی جۆراوجۆردا درێژەی هەیە. لەو ماوەیەدا ڕێـژیم زۆر جینـایەتی لە کوردستان خوڵقاندوون کە بێگومان نایەوێ لە هیچ کوێ شتی لەسەر بگوترێ و بەڵگەی لەسەر پێشان بدرێ.

**جەمیل سەرمەستی**: یانی لەبەر ئەوە بۆخۆتان تـاوانبارەکانتان سزا نەدا؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەمە زۆر گرینگە کە کەسێک دان بە تـاوانەکەیدا دەنـێ کە من مەئمـوور و ڕاسپێردراوی کۆمـاری ئیسلامی بۆ تێرۆر و تەقینەوە و کاری تێکدەری و سیخوڕی بووم، یان ئەمن دەستم لە جینایەتێکدا هەبـووە کە دەرحەق بە کۆمەڵێک تێکۆشەری سیاسی و بنەماڵەکانیـان کراوە، بـێ و لە دادگایەکدا بیڵـێ و قەزیە و پرسێک لە دژی کۆمـاری ئیسلامی دروست بکا. ئێمە ڕێـز بـۆ هەسـت و ئیحساسی خەڵکی کوردستان دادەنێین کە بەشێکی زۆریـان -وەک لە تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکـانیش دەردەکەوێ- پێیان خۆش بوو سزای شۆڕشگێڕانەیان لەسەر جێبەجێ بکەیـن. بەڵام دەفتەری سیاسیی حیـزب لەگەڵ ڕێـزی بـۆ ئەو هەست و ئیحساسە، خوێندنەوەی ئەوە بوو کە وەگەڕکەوتنی لە دادگایەکی هەرێمی کوردستان و دادگـای وڵاتـانی دیکەدا زۆر زیـاتر قـازانجی بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات دەبێ.

**جەمیل سەرمەستی**: کاک مستەفا بۆ خەڵک ئەوەش پرسیارە کە چۆن دەبـێ پێشمەرگەیەک کە دوایە دەردەکەوێ سیخوڕ و نێردراوی ڕێژیمە، بە کات و شوێنی کۆبوونەوەی کۆمیتەی نـاوەندی بزانێ!

**مستەفا مەولوودی**: من ئەوەی دەیڵێم بـۆ بەرگـری نیە، بەڵام ڕووداوی لەم بـابەتە نە یەکەمجـارە لە حیزبـدا ڕوو دەدا، نە لام وایە دواجاریش دەبێ، چونکی حیزبی دێموکراتی کوردستان هێزێکی سەرەکی لە خەبـاتی مـافخوازیی کورد لەدژی کۆمـاری ئیسلامییە و کۆماری ئیسلامییش بەو زەرفییەتە زۆر و ئیمکاناتەی بۆ هەڕەشە و تەماحوەبەرنان لەبەردەستیدا هەن، بێگومان دەست لە دژایەتی و زەبروەشاندن لە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد هەڵنـاگرێ. کاری لە چەشنی سیخوڕی و تێکـدەری تەنانەت لەنێو وڵاتـانیشدا دەکرێ و ڕۆژ نیە شتێکی لەو بـابەتە لە پێوەندیی نێوان دەوڵەتـاندا نەبیستین. هەموو ئەوانە پێمـان دەڵـێ کە ئێمە دەبـێ لەسەرهەسـتتر و دەقیقتـر بین لە وەرگرتنـی کەسەکان و کـار پێئەسپاردنیان ئاگـاداری وردی پیلانەکانی ڕێژیم بین.

**جەمیل سەرمەستی**: کاک مستەفا شتێک کە حیزبی دێموکرات لە هەموو قۆناخەکاندا بەردەوام شانازیی پێوە کردوە، سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردان بوو. لەو ماوەیەدا و لە سۆنگەی ڕادەستکردنی ئەو دوو تاوانبارە، ئەو پرەنسیپە هەندێ پرسیاری لەسەر دروست کرا. لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟

**مستەفا مەولوودی**: بەڕای من ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان، دێ بەنیسبەت کەیسێکی حقووقی، باسە حقووقییەکە دەدا بە دەزگایەکی حقووقی و یاسایی ئەوە ڕاست وەزیفەیەکی حقووقی و قانوونییە کە حیزبێکی سیاسی بەپرەنسیپ، حیزبێکی سیاسیی بەئەزموون و لێزان دەبێ بیکا و حیزبی دێموکرات ئەوەی کردوە. پاشان حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەکوو ٣٠-٤٠ ساڵ لەوەپێش نییە بۆخۆی لە ناوچەیەکدا دەسەڵاتی جێبەجێکردنی یاسای سزادانی گشتیی خۆی هەبێ. وەک عەرزم کردی بۆ ئەوە کاتی خۆی ڕێکارێکی خۆی هەبووە و گرتوویەتە بەر. بەڵام ئێستا لە وڵاتێکی دیکەیە و دەبێ پابەندی قانوونی ئەو وڵاتە بێ. بە ڕەچاوکردنی یاسای ئەو وڵاتەش ئەو حیزبە سەربەخۆیی بڕیاردان و سەربەخۆیی سیاسیی خۆی لە دەست نادا. ئەو باسانەی لەو چەند ڕۆژەدا لە سۆسیال مێدیا سەبارەت بە ڕادەستکردنی ئەو دوو تاوانبارە کران لە خۆشەویستیی خەڵک بۆ حیزبەوە سەرچاوە دەگرێ و ئێمە ڕێز لەو هەست و ئیحساسە دەگرین کە پێیان وایە دەبوو ئەو دوو خائینە لەلایەن خۆمانەوە سزا درابان؛ بەڵام ئەو بڕیارەی ئێمە سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردانی حیزبی پێ خەوشدار نەبووە. بە درێژایی دەیان ساڵ تێکۆشانی حیزبی دێموکرات فەرهەنگێکی سیاسی لەم حیزبەدا دروست بووە کە کەس ناتوانێ ئەو سەربەخۆییە سیاسییەی لێ وەرگرێ.

جا ئەمجار با وردتر بێینە سەر باسی سەربەخۆیی سیاسی. سەربەخۆیی سیاسی یانی چی؟ یانی ئەوەی حیزبێکی سیاسی بۆخۆی دروشمی ستراتیژیکی خۆی بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی، بە لێکدانەوەی خۆی دیاری دەکا. هەروەها حیزبێکی سیاسی بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسیی دۆخێک کە تێیدایە، جۆری خەباتی خۆی دەستنیشان دەکا و نیزامی ڕێکخراوەیی خۆی سازمان دەدا، پێوەندیی سیاسی، یاسایی و دەوڵەتی و نێودەوڵەتی خۆی بەو قاعیدە و قانوون و ڕێوشوێنانە کە هەیە دادەڕێژێ. ئەمە سروشتی حیزبی دێموکراتە. بەڵام ئەوەی کە دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکرات بڕیارێکی دیاریکراوی لەپێوەندی لەگەڵ ئەو دوو تاوانبارەدا داوە، بە هیچ وەسیلەیەک نە پێوەندیی بە سەربەخۆیی سیاسیی حیزبی دێموکراتەوە هەیە، نە بەوە سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردانی حیزبی دێموکرات خەوشدار بووە. لەو پێوەندییەدا ئێمە فەرموودەیەکی دوکتور قاسملوومان هەیە. دوکتور قاسملوو دەڵێ: "ئێمە پێمان خۆشە لەگەڵ هەموو کەس دۆستایەتی بکەین، بەڵام ئەگەر لەنێوان دۆستایەتی و لەدەستدانی سەربەخۆیی سیاسی یەکیان هەڵبژێرین، ئەوە بێ سێودوو سەربەخۆیی سیاسی هەڵدەبژێرین." ئەوە لەجێی خۆی، بەڵام ئەمە چ پێوەندی بەوە داوە کە لە وڵاتێکی قانوونی تۆ بێی و باسێکی حقووقی بەریە بەردەم دەزگایەکی شەرعی و یاسایی ئەو وڵاتە؟ بۆیە ئەمن لاموایە لە ئەگەری پێچەوانەی ئەوەدا لەوانە بوو حیزبی دێموکرات زەرەری کردبا و هەندێ لێکەوتەی بە زیانی حیزب لێ شکابایەوە.

**جەمیل سەرمەستی**: کاک مستەفا پێداگریی ئێوە لەسەر یاسا و سەروەریی هەرێمی کوردستان لەجێی خۆیدایە. بەڵام لەکاتی مووشەکبارانی حیزبدا ڕێژیم ڕێزی لەو سەروەرییە گرت؟ حکوومەتی هەرێم بۆخۆیان چەندە بە خەم ئەو سەروەرییە و پشتیوانی لە حیزبی دێموکراتەوە بوون؟

**مستەفا مەولوودی**: ڕوون و ئاشکرایە کە ئێمەش مولاحەزەمان لەسەر سیاسەتی هەرێمی کوردستان و مەوقعییەتی هەرێم هەیە، هەر کاتی مووشەکبارانەکەش لە لێدوانی مەسئوولینی حیزبی دێموکرات بەنیسبەت ئەو سیاسەتە مولاحەزە و تێبینیمان هەبووە. بەڵام هەلومەرجێ ئەمنییەتی و سیاسی لە عیراق بەمجۆرەیە کە هەرێمی کوردستان بە پێی دەستووری عێراق بەشێکە لەو وڵاتە و واقعییەت ئەوەیە دەستوەردانی وڵاتان و دەوڵەتان بە شکڵ و شێوازی جۆراوجۆر لە عێراق زۆرە. یانی لە ناوەندی بەغداڕا تا دەگاتە سنوورەکانی، لە هەموو سنوورەکانی ئێران و تورکیە وەزعێکی تایبەت هەیە و ئەمەش کۆمەڵە مولاحەزە و تێبینییەکی هەم بۆ هەرێمی کوردستان و، هەم بۆ هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دروست کردوە. بۆیە مومکینە وەک ئێمە چاوەڕوانی دەکەین، نە وەختی مووشەکبارانەکە و نە لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی دیکەشدا، بەرپرسانی هەرێم بەو جۆرە نەهاتبنە سەر خەت یا بەو جۆرە کردەوەی کۆماری ئیسلامییان مەحکووم نەکردبێ کە واجبە مەحکوومی کەن. ئەوە حەقیقەتێکە و ئێمە خۆی لێ نادزینەوە و دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەش سیاسەت و هەڵسوکەوتمان تەنزیم بکەین.

ئەگەر بە ئێمە بووایە دەکرا ئەوان لەو بارەیەوە ڕاستەوخۆ هاتبانە سەر خەت و تەوزیحیان وەرگرتبا، بەدواداچوونیان کردبا، تەنانەت سکاڵایان تۆمار کردبا، ئەوانە هەموو حەق و ڕەوان. بەڵام نەیانکردوە و خودی عێراقیش وەکوو دەوڵەتی مەرکەزی، ئەو مەوقعییەتەی بەوجۆرە نیە و هەرێمی کوردستانیش، بەتەبیعەتی حال لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدایە کە سەرەڕای کۆمەڵە شتێک ڕەنگبێ نەتوانێ بە دڵی خۆی یان بەپێی حوکمی خۆی بڕیار بدا. ئەوە مولاحەزەیەکە کە هەیە و بە ڕای من هەرێمی کوردستان لەبەرچاوی نەگرتوە. خۆ لە جەریانی زۆر کەیسی تێرۆری دەوڵەتی و نێودەوڵەتی کە کۆماری ئیسلامی لێرە کردوویەتی، لە دەرەوەی وڵات کردوونی، کۆماری ئیسلامی تێچوویەکی کەمی داوە. ئەوەی لە ئۆتریش بە نیسبەت تێرۆری دوکتور قاسملوو کرا، ئەوەی لە ژێنێف بەنیسبەت تێرۆری دوکتور کازم ڕەجەوی کرا، لە زۆر وڵاتی دیکە جیا لە پەروەندەی میکۆنووس و تێرۆری دوکتور سەعید، ئەوانی دیکە هەموویان زۆر و کەم مولاحەزاتی سیاسی، حقووقی و بازرگانی و پێوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ ئێران ڕەچاو کردوە. لەم بارەیەوە سەرنج و تێبینی زۆرن و ئێمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو مولاحەزاتە دێین و حوکمی کۆتایی لەسەر کۆمەڵە کەیسێک دەدەین کە ئالۆزیی خۆی هەیە.

**جەمیل سەرمەستی**: وەک دواپرسیار، ئەمن وا تێگەیشتم کە کەیسێکی ئێحساسیمان کردووەتە کەیسێکی یاسایی و بەربڵاو، بۆ ئەوەی دەسکەوتی سیاسیی پتری بۆ بزووتنەوەی کورد هەبێ.



سەرچاوە
Serchawe

**مستەفا مەولوودی**: ئەمن لە هەستی خەڵک، لەهەستی پیرۆزی کوڕی شەهیدێک، کچی شەهیدێک، برای شەهیدێک یان دۆستێک تێدەگەم و بە پیرۆزیشی دەزانم. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی ڕێزی بۆ ئەو هەستە هەیە، بەڵام لە عەرزی واقع و، لەگەڵ واقعییات هەڵسوکەوت دەکا. حیزبی دێموکرات سیاسەتەکانی، قەرار و بڕیارەکانی دەبێ لەسەر ئەسڵی واقعبینی بێت. هەست و سۆز پیرۆزە، بەڵام مەرج نیە هەموو ئارزووەکانت بۆ بێنێتە دی.

**جەمیل سەرمەستی**: سپاس کە کاتت بۆ ئەو دیمانەیە دانا.

**مستەفا مەولوودی**: ئێوەش ماندوو نەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد – ڕێکەوتی: ٢١ی دێسەمبەری ٢٠٢١

## مستەفا مەولوودی: نەخشەڕێی خەباتی حیزبی دێموکرات قەت ناتەبایی لەگەڵ ویستی خەڵکی کوردستان نەبووە



**وتووێژ: کاروان مێراوی**

**بەرایی:**

**کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٧٦ ساڵ پێش، سەربەخۆیی خۆی و کۆماری کوردستانی ڕاگەیاندووە و دوای نسکۆی ڕووخانی کۆمار دەستی لە خەبات هەڵنەگرتووە. حیزبە سیاسییەکانی کوردستان پاش کۆماری سەربەخۆی کوردستان، بۆ دەستەبەرکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد لە چوارچێوەی ئێرانی هەنووکەیی، دروشمی خودموختاری و دواتریش فیدراڵیزمیان دەستنیشان کردووە، ئەوە لە کاتێکدایە کە دەنگی سەربەخۆییخوازی لە کۆمەڵگەی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر و بەرزتر دەبێت. حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەم پرسە چۆن لێک دەداتەوە و چۆن لە داهاتووی سیاسیی ئێران دەڕوانێت؟ خوێندنەوەی بۆ ستراتیژیی هەنووکە و پرسی سەربەخۆیی چییە؟ "کوردستان" لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو بابەتەی تاوتوێ کردووە و سەرەنجتان بۆ خوێندنەوە ڕادەکێشین.**

**کاروان مێراوی: کاک مستەفا با باسەکەمان بەو پرسیارە دەست پێ بکەین؛ پاش ٧٦ ساڵ لە دامەزرانی حیزب، پێتان وایە کە دروشمی ستراتیژیی ئێستەی حیزب لەگەڵ ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگونجێت؟**



سەرچاوە Serchawe

**مستەفا مەولوودی**: حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەناوی کۆمەڵگەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دامەزراوە و هەمیشە ویست و داخوازەکانی کۆمەڵگەی کوردیی پێش هەموو شتێک داناوە و مێژووش ئەوە شاهیدییەمان بۆ دەدات. ئەوەی کە بۆ حیزبی دێموکرات گرینگ و ئامانج بووە، بەدەستەوەگرتنی جڵەوی چارەنووسی کورد بە دەستی خۆی بووە. هەر لە سەرەتاشەوە کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد و ڕێبەریی دوای قازی محەممەد لە حیزبی دێموکراتدا ئاگاداری ویست و داخوازییەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و بۆ دەستەبەری ئامانجەکانی ئەم گەلە خەباتیان کردووە. بەو پێشەکییەوە دێمە سەر ئەو باسەی کە دروشمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمی ئێستەدا بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی و ژێئۆپۆلێتیکی ناوچە و هەڵکەوتەی ڕۆژهەلاتی کوردستان؛ ژیرانە، واقعبینانە و بەرپرسانەیە. ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ستراتیژیی خۆی لەسەر ئەوە دادەنێت کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا خاوەنی دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان بێت و خەڵکی کوردستان لە دەوڵەتی ناوەندییشدا بە ڕێژەی خۆی بەشداریی کارای لە بەڕێوەبردنی وڵاتی ئێراندا هەبێت، لە هەموو ئاستەکاندا ژیرانەیە.

من پێم وایە ئەو دروشمە ژیرانەیە جێگای پەسند و پشتگیریی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشە، لەبەر ئەوەی کە هەلومەرجی ناوچە و ئێران لەچاو ٧٦ ساڵ لەوەپێش گۆڕانێکی ئەوتۆ و تایبەتی بەسەردا نەهاتووە. خەڵکی ئێران و کوردستانیش ئێستە زیاتر دەرک بە پێکەوەژیانی دێموکراسییانە دەکەن، هەر بۆیە لەگەڵ ئەوەی کە ئەو دەنگە بەهێزە و کورد مافی خۆیەتی خاوەنی کیانی تایبەت بە خۆی بێت، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرکیان بەوە کردووە کە دروشمی حیزبی دێموکرات بۆ دابینکردنی دەسەڵاتی سیاسیی کۆمەڵگەی کوردستانە و هەر بۆیە لەو بارەوە نەک ڕوویان لە حیزب وەرنەگێڕاوە، بەڵکوو بۆ هێنانەدیی ئەو دروشمە گونجاوەی ئێستەی حیزب پشتگیریشی دەکەن.

**کاروان مێراوی**: باشە، دروشمی ستراتیژیی حیزب چەندە لەگەڵ بارودۆخ و ڕەوشی نێوخۆی ئێران گونجاوە، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی فاکتەرە ناوچەیی و جیهانییەکان؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەو چەمکانە ڕێژەیین و دوگم نین، بەڵام ئەگەر وڵاتی ئێران وەکوو تابلۆیەک بێنینە بەرچاومان، دەبینین کە دروشمی ستراتیژی حیزبی دێموکرات زۆر بەرپرسانە و لەگەڵ ڕەوشی نێوخۆیی وڵات و ناوچەکە گونجاوە. ئێران وڵاتێکی پان و بەرینە، پێکهاتەی دانیشتووانی فرەچەشنە و پێکهاتەیەلی فرە نەتەوەیی، فرە ئایینی و تەنانەت فرە فەرهەنگیی هەیە؛ جیا لەوەش لە باری ژێئۆپۆلێتیکەوە ئێران لە ناوچەیەکی زۆر ستراتیژیی جیهان هەڵکەوتووە، دەوری وڵاتانی زلهێز ئێستەشی لەگەڵ بێت لەو وڵاتەدا حاشاهەڵنەگرە. هێزێکی سیاسیی کارای وەکوو حیزبی دێموکرات بە ئەزموونی ٧٦ ساڵ خەبات و تێکۆشان، ناکرێت ئەو فاکتەرانە و زۆر فاکتەری دیار و نادیاری دیکە بۆ پێکەوەژیانی خەڵکی ئێران لەبەرچاو نەگرێت و ستراتیژیی خۆی لەسەر دانەڕێژێت.



سەرچاوە Serchawe

من پێم وایە ئەگەر بەبێ دەمارگرژیی دەسەڵاتی ناوەندی لە تاران لەو ستراتیژییەی حیزبی دێموکرات بڕوانین و بە پێی ویستی گەلانی دیکە لە پێناو دەستەبەرکردی مافی بەرانبەر و وەک یەک بۆ هەمووان لە ئێراندا کاری بۆ بکرێت، وڵاتی ئێران لە زۆر قەیرانی گەورە ڕزگاری دەبێت؛

**یەکەم**: دێموکراسی لەو وڵاتە چێ دەبێت و خەڵک مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیان وەدی دێن.

**دووهەم**: ئەمنییەتی سیاسی و ئابووریی ئەو وڵاتە دەپارێزرێت و وڵاتی ئێران لە هەڕەشە و چاوی تەماحی نەیارانی پارێزراو دەبێت.

**سێهەم**: جێگرتوویی و سەقامگیریی سیاسی، ئەمنییەتی و ئابووری بۆ خەڵکی ئێران دروست دەبێت.

**چوارەم**: خەڵکی ئێران بەگشتی وەکوو هاووڵاتیی دڵسۆز و بەرپرس خۆیان لەو وڵاتەدا دەبینەوە و بۆ گەشەی وڵات زیاتر تێ دەکۆشن و وڵاتەکە بە هی خۆیان دەزانن و دواجار حکوومەتی دێموکراتیکی ئێران دەبێتە حکوومەتی خاوەن کاریگەر لە ناوچەکەشدا. بۆیە دروشمی ستراتیژیی حیزب کە باس لە وەدیهاتنی مافی هەموو پێکهاتەکانی ئێران بۆ مانەوەی ئەو ئێرانە دەکات، زۆر واقعبینانە و کلیلی چارەسەری کێشەکانی هەنووکەی ئێرانیشە.

**کاروان مێراوی**: تاکوو ئێستا چ هەنگاوێک بۆ تیۆریزەکردنی دروشمی ستراتیژیی حیزب هەڵگیراوە و ئەو فیدراڵیزمە کە حیزب کردوویەتی بە بنەمای ستراتیژیی خەباتەکەی، چییە و چۆنتان پێناسە کردوە؟

**مستەفا مەولوودی**: سروشتییە هەر حیزبێکی سیاسی کە دروشمێک هەڵدەگرێت بۆ دەستەبەرکردنیشی تێ دەکۆشێت، حیزبی دێموکراتی کوردستانیش لە کارکردن بۆ ئەو دروشمە کەمتەرخەم نەبووە. ئەگەر سەیری ڕاگەیاندنەکانی حیزبی دێموکرات بکەین باشترمان بۆ دەردەکەوێت کە حیزب بۆ ئەو مەبەستە چەندە تێکۆشاوە و زۆر و کەم شوێندانەریشی هەبووە، ئەوەش هەست پێ دەکرێت. بەڵام دەزانین لە وڵاتێکی وەک ئێراندا کارکردن بۆ دروشمی لەو چەشنە چەندە دژوارە.

ئێران لە مێژووی خۆیدا حکوومەتی دێموکراتیکی بەخۆیەوە نەدیوە، بەڵکوو ئەو وڵاتە هەمیشە بە دیکتاتۆری و سەرکوتکردنی نەتەوە و گەلانی ئێران بەڕێوە چووە، بۆیە کار بۆ کولتووری پێکەوەژیانی ئاشتییانە و بە بەشداریی هەموو پێکهاتەکان نەکراوە. لە نیزامی پەهلەوی و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هیچ بەستێنێکی پێکەوەژیانی ئاشتییانە و بە دێموکراسی دروست نەکراوە، بەڵکوو پڕۆپاگەندەی ئەوان بە جۆرێک بووە کە ئەگەر دەرفەت بە پێکهاتەکان بدرێت ئێران

دەبێتە ئێرانستان. ئەوە لەنێو خەڵکی ئاسایی و تەنانەت لەنێو بژاردەی کۆمەڵگەی ئێرانیدا بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت، بۆیە ئەو ڕوانگەیە لەنێو خەڵکی جیا لە پێکهاتەکاندا لە ئێران دروست بووە کە دەوڵەتی بەهێز و ناوەندگەرا دەتوانێت ئەو وڵاتە بە یەکپارچەیی بپارێزێت. بەڵام کار و تێکۆشانی هێزە سیاسییە دێموکراتیکەکان کە یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانە، گۆڕانی بەرچاوی لە خوێندنەوەی خەڵکدا دروست کردووە کە باوەڕیان بە نیزامی دێموکراتیک هەبێت و ئەوەش وای کردووە کە لە ئێستەدا کەم نەبن ئەو هێزە سیاسییانەی کە سەقامگیریی وڵاتی ئێران لە نیزامی فیدراڵیدا دەبینن. ئەگەر ڕوونتر بڵێم؛ فیدراڵیزمێک کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئێران خوازیارییەتی، زۆر ڕوونە. پێکهاتەکان لە هەرێمی خۆیان خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی و بەڕیوەبەریی بن و لە دەسەڵاتی سیاسیی ناوەندیدا لە هەموو جومگەکان و وەکوو یاسای کارگێڕی، دادوەری، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا بەشداریی کارایان هەبێت کە ئەوە دەبێت لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا بە ڕوونی دیاریکراو بێت.

خۆتان دەزانن دوو حەوتوو لەوەپێش ناوەندی ڕاپرسیی "گمان" ئەنجامی ڕاپرسییەکی بڵاو کردەوە کە لەودا لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا ٢٠ هەزار ئێرانی (کە نیزیک بە ١٧ هەزار کەسیان لە نێوخۆی وڵات بوون) بەشدار بوون و لەو ڕاپرسییەدا ١٢ لەسەد لە خەڵکی ئێران خوازیاری سیستەمی فیدراڵی بوون بۆ وڵاتەکەیان. ئەمە ئەگەر بەگشتی وەڵامی تەواو و بارتەقای خەبات بۆ دێموکراسی لەو وڵاتە دیکتاتۆرییەدا نییە، بەڵام ئەو پەیامە ڕوونەشی تێدایە کە ئەگەر هەلومەرج گونجاو بێت، ئەو ئامادەییە لەنێو خەڵکی ئێران بۆ جێگیرکردنی نیزامی فیدراڵی لەو وڵاتەدا هەیە.

**کاروان مێراوی**: **هێزە کوردییەکان و یەک لەوان حیزبی دێموکرات لە چەند هاوپەیمانی و بەرەدا بەشدارن کە ئامانجەکەی ئێرانی فیدراڵە، تاکوو چەند لایەنە سیاسییە فارسەکان بۆ ئەو ئامانجە هاتوونەتە پێش؟**

**مستەفا مەولوودی**: من پێم وایە ئەگەر دەرفەت هەبێت و حکوومەتێکی دێموکراتیک لە ئێراندا بێتە ئاراوە، زۆربەی دانیشتووانی ئێران خوازیاری ئەوەن کە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکدا بەیەکەوە وڵاتی ئێران بەڕێوە بەرن، بەڵام ئەگەر بە ڕوونی وەڵامی پرسیاری ئێوە بدەمەوە، حیزبی دێموکرات لە هاوپەیمانیی "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ" و "شۆرای دێموکراسیخوازان" و "همبستگی برای آزادی و برابری در ایران" ئەندامە و لەو هاوپەیمانییانەدا بەشدارە. لەنێو ئەو هاوپەیمانییانەدا ڕێکخراو و کەسایەتیی جۆراوجۆری تێدایە بە فارسەکانیشەوە، جیا لەوانە زۆر کەسایەتی و ڕێکخراوی سەرانسەریی ئێرانی هەیە، وەکوو هاوپەیمانی حیزب لەگەڵیان لە هاوپەیمانییەکی دیاردا نییە، بەڵام کە تەرجەمەی سیاسەت و تێڕوانینیان دەکەی بۆ داهاتووی ئێران، ئەوانیش تێ دەکۆشن لە ئێرانی داهاتوودا سیستەمی بەڕێوەبەریی دێموکراتیک و لامەرکەزیی هەبێت و پێکهاتەکانی ئێران لە بەڕێوەبردنی وڵات و ناوچەی خۆیاندا بەشداریی کارایان هەبێت، ئەوەش هەرچەندە خواستی هەموو پێکهاتەکانی وڵات دابین ناکات، بەڵام خۆی هەنگاوێکی ئەرێنییە بۆ



سەرچاوە
Serchawe

ئێرانی داهاتوو. هەروەها لەگەڵ ئەوەدا کە سیستەمی فیدراڵی خۆی پێناسەی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام مەرج نییە دەقاودەق فیدراڵیزم لە هەموو وڵاتان وەکوو یەک جێبەجێ بکرێت. هەلومەرجی ناوچەکە و وڵات، کولتووری جیاوازی پێکهاتەکان و لامەرکەزیی هەموویان دەور دەبینن، بەتایبەت لە وڵاتێکی وەک ئێراندا کە ئەو جۆرە لە سیستەمی حکوومەتێکی ئەزموون نەکراوە و خەڵکی ئەو وڵاتە پێی ڕانەهاتوون. بۆیە نابێت یەک ڕۆژە چاوەڕوان بین باشترین نیزامی فیدراڵی لەو وڵاتە جێگیر بکرێت، بەڵکوو پێویستە کاری بۆ بکرێت، کاتی بدرێتێ و فەرهەنگسازیی بۆ بکرێت.

**کاروان مێراوی**: ئەو یەکیەتییەی لەو ڕێککەوتن و هاوپەیمانییانەدا باسی لێ کراوە و بناغەی ئێرانی فیدراڵی داهاتووی لەسەر دارێژراوە، ئایا یەکیەتییەکی ئارەزوومەندانەیە؟ چ گەرەنتییەک هەیە کە ئەگەر هەر کام لە نەتەوەکان بیهەوێ داوای سەربەخۆیی بکات، هێرش نەکرێتە سەری؟

**مستەفا مەولوودی**: دروستکردنی نیزامی فیدراڵی لەنێو گەلان و پێکهاتەکاندا حەتمەن دەبێت ئارەزوومەندانە بێت. نیزامی فیدراڵی ئەگەر ئارەزوومەندانە نەبێت، هەر نایەتە ئاراوە و دروست نابێت. هەر سیستەمێکی فیدراڵی بەپێی یاسای بنەڕەتی کە دەنووسرێتەوە، چوارچێوەی نیزامی فیدراڵ و مافی پێکهاتەکانی لە دەوڵەتی فیدراڵیدا دیاری دەکات، هەروەها نەخش و دەور و کاریگەریی پێکهاتەکان لە ئیدارە و بەڕێوەبەریی هەرێمی خۆیان لە دەوڵەتی فیدراڵی یان بەشدارییان لە دەوڵەتی ناوەندیدا بەتەواوی ڕوون دەکاتەوە و وەک گرێبەستێکی کۆمەڵایەتیی نێوان خەڵک، پێکهاتەکان و دەوڵەت لە چوارچێوەی نیزامی فیدراڵیدا دەنووسرێتەوە. ئەگەر هەموو پێکهاتەکان پابەندی ماددە و بەندەکانی یاسای بنەڕەتی بن، یاسا وەک ئەوەی کە هەیە و لە سەری ڕێک کەوتوون جێبەجێ بکرێت، ئەمن پێم وایە ئەو گریمانانە دەڕەونەوە، چونکە لەڕاستیدا نیزامی فیدراڵی بۆ بەیەکەوەژیانی ئارەزوومەندانەی پێکهاتەکانە؛ نەک بۆ دابڕان و لێک جیابوونەوە.

بەڵام بۆ ئەوە کە چ گەرەنتییەک هەیە، لە ڕوانگەی منەوە تەنیا گەرەنتی پێبەندبوون بە یاسای بنەڕەتیی وڵات، بە ڕەچاوکردنی مافی هەموو پێکهاتەکانە، ئەگەر ئەوە ڕەچاو بکرێت، ڕەنگە شتی وا ڕوو نەدات. بەڵام بۆ حاڵەتی وا دروستە لە یاسای بنەڕەتیدا ئەوە ڕەچاو بکرێت، ئەگەر بە هەر هۆیەک پێکهاتەیەک یان چەند پێکهاتە ئارەزوویان کرد کیانی سیاسیی سەربەخۆیان هەبێت بە یاسای بنەڕەتی و بەپێی مێکانیزمی دێموکراتیک دەبێت ڕێگەپێدراو بن. بەڵام لەڕاستدا من ئەو ئامادەییە لە حاڵەتی ئێستەدا بۆ پێکهاتەکانی ئێران زۆر بە زەحمەت دەبینم، بەڵام سروشتییە نەتەوەیەک ئەگەر لە نیزامێکی سیاسیدا وستەکانی نەیەتە دی، خەباتی بۆ دەکات.

**کاروان مێراوی**: هتا دێ پرسی سەربەخۆییخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆخ و تۆختر دەبێتەوە و نەک هەر لەنێو توێژی ڕووناکبیر، بەڵکوو لەنێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا پەرەی سەندووە؛ ئەگەر ویستی سەرەکیی خەڵک لە ئەگەری هەر گۆڕانکارییەکدا سەربەخۆیی بێت، حیزبی دێموکرات چ پلانێکی بۆ ئەو ویستە دەبێ و ئەو هەلە چۆن دەقۆزێتەوە؟



سەرچاوە
Serchawe

**مستەفا مەولوودی**: ئەوەی کە لەنێو خەڵکی کوردستان و بەتایبەت خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسی سەربەخۆییخوازی تۆخ و تۆختر دەبێت ئەوە شتێکی زۆر سروشتییە و لە مێژووشدا خەڵکی کوردستان بۆ سەربەستی خەباتی کردووە. من لام وایە هێزە سیاسییەکانی کوردستان و بەتایبەت هێزێکی شوێندانەری وەک حیزبی دێموکرات بەتەواوی دەرکی بەوە کردووە. ئەگەر سەرنج بدەینە ئامانجی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەڵێت ئامانجی ئەو حیزبە بەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەی کوردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ ئەگەر وایە ئەوە بە هیچ جۆرێک لە خوێندنەوە و ڕوانگەی حیزبدا ون و شاراوە نەبووە و نییە.

سروشتییە هەر حیزبێکی سیاسی لە گۆڕەپانی خەبات و سیاسەتکردندا یەکێک لە گرینگترین فاکتۆرەکانی بایەخدان بە ڕوانگە و ویستی خەڵکە. ئەگەر وا نەبێت ناتوانێت گەشە بکات و ببێتە حیزبی خەڵکی و جەماوەری، بەڵام خۆ حیزبی سیاسی هەر ئەرکی ئەوە نییە تەنیا گرینگی بە ویست و ئارەزووکانی خەڵک بدات؛ بەڵکوو پێویستە لە هەموو ڕەهەندەکانەوە بڕوانێتە بابەتەکان و حیساب بۆ ژئۆپۆلێتیک و هەلومەرجی سیاسیی ناوچە و هەرێم و ئەو وڵاتەش بکات کە چالاکی تێدا ئەنجام دەدا، خوێندنەوەی واقعبینانەی بۆ زەرفییەتەکان و دەرفەتەکان و تواناکان هەبێت، ئەوەش بە وردی بۆ خەڵکی ڕوون بکاتەوە.

**کاروان مێراوی**: بە ڕوونی حیزبی دێموکرات چۆن لە بابەتە دەڕوانێت؟

**مستەفا مەولوودی**: من پێم وایە حیزبی دێموکرات لەو بارەوە کەمیی نەهێناوە، لەگەڵ ئەوەی دانی بە مافی ڕەوای خەڵکی کوردستاندا هێناوە، بە پیرۆزیشی دەزانێت. ئەوە لە سیاسەتی فەرمیی حیزبدا بە ڕوونی دیار و حاشا هەڵنەگرە، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ناوچە، زەرفییەت و دەرفەت و تواناکانی ئەو حیزبە هاتووە بۆ بەدەستهێنانی مافی خەڵکی کوردستان دروشمێکی واقعبینانەی هەڵگرتووە و ستراتیژیی دروستی داڕشتوە. هەر بۆیە خەڵکی کوردستان لە هەموو چین و توێژەکان لە دەوری حیزبی دێموکرات کۆ بوونەوە و تێچووی ئەو خەبات و تێکۆشانەشیان گرتووەتە ئەستۆی خۆیان. ئەمن لام وایە هیچ کات جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان ویستی سەرەکیی خەڵکی کوردستان و ستراتیژی و دروشمی حیزبی دێموکرات نایەتە ئاراوە؛ حیزبی دێموکرات ئەو باگگراوند و زەرفیەتەی هەیە و ئەگەر هەلومەرجی وا بێتە ئاراوە بە جۆرێک ستراتیژیی خۆی دادەڕێژێت کە جێگەی پەسن و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان بێت و لەوە سڵ ناکاتەوە. بە واتایەکی دی نەخشەڕێی خەباتی حیزبی دێموکرات قەت ناتەبایی لەگەڵ ویستی خەڵکی کوردستان نەبووە، بۆ نموونە هەموومان دەزانین کە هەتاساڵی ۱۳۸۳ی هەتاوی، دروشمی حیزبی دێموکرات، دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بوو و لە کۆنگرەی ۱۳ی حیزب ئەو دروشمە گۆڕاوە بە دامەزرانی سیستەمێکی فیدراڵی لە چوارچێوەی ئێراندا.

**کاروان مێراوی**: د. قاسملوو نزیک بە سێ دەیە پێش لە وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی ڕێژیم و لە زۆر وتووێژی دیکەشدا دوتوویەتی؛ "گەرەنتیی ئەوە ناکرێ کە نەوەکانی داهاتوو خۆدموختارییان بوێت و داوای سەربەخۆیی نەکەن". پێتان وا

نییە ئێستە کاتی ئەوە هاتووە کە ئالوگۆڕ بەسەر دروشمی ستراتیژی حیزبدا بێنن؟

**مستەفا مەولوودی**: دوکتور قاسملوو کەسایەتییەکی سیاسیی شارەزا و کۆمەڵناسێکی وردبین بوو و لەسەر ئەرزی واقع سیاسەتی کردووە. ئەو کات کە ستراتیژی سیاسیی حیزبی داڕشتووە و ئەوە دروشمەی بۆ حیزبی دێموکرات دەستنیشان کردووە، زۆر بە جوانی دەرکی بە ڕاستییەکان کردووە. بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێران و کوردستان، سیاسەتی بۆ ئەوەی ئەو سەردەمە کردووە و لەگەڵ ئەوەی کە باوەڕی بە مافی چارەنووسی خەڵکی کوردستان بە شێوەی کیانێکی سەربەخۆ و تەواو هەبووە. ئەوەش کە وتوویەتی گەرەنتیی ئەوە ناکرێت کە نەوەکانی داهاتوو خودموختارییان بوێت و داوای سەربەخۆیی نەکەن هەر لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێت. دوکتور قاسملوو کەسایەتیی سیاسیی سەردەمێک بووە و وای لێک داوەتەوە کە دروشمی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بۆ ئەو کات گونجاو بووە، بەڵام مەرج نییە بۆ نەوەکانی داهاتووش گونجاو بێت، بەتایبەت بەڕێزیان زۆر باش دەرکی بەوە دەکرد کە دنیا لە گۆڕانکاریدایە و ئەو ئیمکانە بەهێزە لە داهاتوودا زەرفییەتەکان و دەرفەتەکان و تواناکان بگۆڕدرێن و هەلومەرج بە جۆرێک بێت کە کورد بتوانێت یان بیهەوێ بە شێوەیەکی دیکە چارەنووسی سیاسیی خۆی دیاری بکات. ئەوە هەر لە حیزبەکەی دوکتور قاسملوودا ڕووی داوە و ئەگەر بۆ ماوەی نیزیک بە سی ساڵ دروشمی حیزبی دێموکرات "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" بوو، بەڵام لە ساڵی ١٣٨٣ی هەتاویدا حیزبی دێموکرات ئەو دروشمەی گۆڕی. جیا لە حیزبی دێموکرات، چەند حیزبی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تەنانەت پێکهاتەکانی دیکەی ئێران ئێستە ئەو دروشمەیان بەرز کردووەتەوە و هیچ دوور نییە لە داهاتوودا گۆڕان لەو دروشمەشدا بێتە ئاراوە.

**کاروان مێراوی**: هەر وەک دەزانن لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا فیدراڵیزم بە پرسی نێوخۆیی وڵاتان دادەنرێت و پرسی کوردیش بەپێی پێوەرە نەتەوەییەکان، پرسێکی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییە. بە بۆچوونی بەڕێزتان بە مەبەستی ڕاکێشانی پاڵپشتیی بەرفراوانی نێودەوڵەتی بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات، باشتر نییە لەباتی فیدراڵیزم مافی دیاریکردنی چارەنووس بکرێت بە بنەمای ستراتیژی خەباتی حیزب و بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات بەگشتی؟

**مستەفا مەولوودی**: پرسی کورد بە دوو خوێندنەوە دەتوانێت پرسێکی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی بێت، هەروەها دەتوانێت پرسی نێوخۆی وڵاتێک دیاریکراویش بێت. بۆ؟ یەکەم؛ کوردستان و خەڵکی کوردستان بەداخەوە بەبێ ئیرادەی خۆی بە سەر چوار وڵات و زیاتریشدا دابەش کراوە، نەتەوەیەکی خاوەن نیشتمان و بە ڕادەیەکی زۆر دابەش دابەش کراوە، بەو خوێندنەوەیە کە نەتەوەیەک لەنێو چوار وڵاتدا بەش کراوە پرسێکی نێونەتەوەییە و مادام لەنێو چوار دەوڵەتی قانوونیدایە پرسێکی نێو دەوڵەتانیشە. بۆیەشە هەر بزووتنەوە و چالاکی لەنێو ئەو نەتەوەیەدا لەنێو ئەو دەوڵەتانە بێتە ئاراوە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەریی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتی و بەتایبەت لە باری سیاسی و ئەمنییەتی و

کۆمەڵایەتی و کولتووریشی لە ناوچەکەدا لێ دەکەوێتەوە، هەر ئەوەش بەداخەوە پرسی کورد زۆر پێچەڵاوپێچ و ئاڵۆز کردووە. بەڵام بە خوێندنەوەی قانوونی دەبێت پرسی کورد لە هەر کام لە وڵاتەکان بە جیا و وەکوو پرسی سەربەخۆی کورد لەو وڵاتە ئەژمار بکرێت و خوێندنەوە بۆ بکرێت و پرسی گەلی جۆراوجۆری خەڵکی ئەو وڵاتەش لەسەر پرسی کورد کاریگەریی هەیە. لەبەر ئەوەی پرسە جۆراوجۆرەکانی سیستەمی حکوومەتی لەو وڵاتانە و پێوەندیی کۆمەڵایەتی لەنێو پێکهاتەکان لەنێو ئەو وڵاتانە و بەیەکەوەیە. بۆیە لێرەدا واقعبینانە دەبێت پرسەکەدا ببینین و سەیری بکەین. خوێندنەوە لە سیاسەتی حیزبەکانی شوێندانەر کە پرسی کوردیش لە هەموو بەشەکان هەر بەو جۆرەیە و کەوتوونە نێو گەمە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەوە، حیزبی دێموکراتیش بە دروشمەکەیەوە دیارە هەر وای سیاسەت کردووە و دەیهەوێت لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا چارەسەری پرسی کورد بکرێت.

ئەمن لام وایە لە هەلومەرجی ئێستەدا ئەو ڕێگایەی گیراوەتە بەر دروستە کە کورد لە هەر کام لە بەشەکان کار و تێکۆشانی سیاسی دەکات بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەنووسی خەڵکی کوردستان لەو بەشەدا، جا بە هەر جۆرێک هەلومەرج دەرفەتی پێ بدات، بەو شێوەیە ویستەکانی داوا دەکات لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا کە ئێستە تێیدا دەژی، جا بە شێوەی لامەرکەزی بێت، خودموختاری و ئۆتۆنۆمی بێت یان فیدراڵی و کۆنفیدراڵی. بۆ ئەوەش دەکرێت هەرێمی کوردستان لە باشوور وەکوو نموونە بهێنینەوە کە تەنانەت بیر لەوە کراوەتەوە لە ڕێگەی ڕاپرسی و ڕیفراندۆمیشەوە بە ئاشتییانە بە سەربەخۆیی سیاسیی تەواوی خۆیان بگەن، بەڵام ئەگەر لە ئێستەدا کورد لە هەموو بەشەکان بۆ ئەو ویستە خەبات بکات ڕەوایە، حەقە، بەڵام لام وایە چالنج و کۆسپی زۆر دێتە سەر ڕێگە و ڕەنگە لەبەری دەرنەچێت، جیا لەوەش هەلومەرجی نێودەوڵەتی و هەرێمیش بۆ ئەوە وەکوو پێویست گونجاو و ئامادە نییە.

**کاروان مێراوی**: لە فەسڵی یەکەمی بەرنامە و پێڕەوی ناوخۆی حیزبدا ئاماژە بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیک - فیدراڵدا کراوە، چۆن دەکرێت حکوومەتێکی کۆماری لە چوارچێوەی وڵاتێکی فیدراڵدا پێک بهێندرێت؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەو دروشمە لە کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتدا پەسند کراوە. لە ڕوانگەی منەوە مادام لە چوارچێوەی سیستمی فیدراڵیدا شکڵ و شێوەی حکوومەتی هەرێم لە کوردستان پێناسە دەکات کێشەیەکی یاسایی و حقووقی دروست ناکات، لەبەر ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوەی پەسندی کردووە لە چوارچێوەی نیزامێکی فیدراڵیدا دەستنیشانی شکڵی حکوومەتی کوردستان دەکات لە شێوەی کۆماریدا، ئەوەش لە دەورانێک لە مێژوودا لە کاتی یەکیەتیی سۆڤییەتدا نموونەی هەبوو و لە چوارچێوەی فیدراسیۆنی یەکیەتیی سۆڤییەتدا ١٥ کۆماری خودموختار هەبوون و کێشەیەکی سیاسی و حقوقیشی بۆ ئەو وڵاتە دروست نەکردبوو. یانێ یەکیەتیی سۆڤییەت بەپێی یاسای نێودەوڵەتی دەوڵەتێکی



سەرچاوە
Serchawe

سەربەخۆ بوو و لە نەتەوە یەکگرتوویەکاندا یەک نوێنەری فەرمیی هەبوو، بەڵام لە نێوخۆیدا ١٥ کۆماری هەبووە و لەنێو ئەو کۆمارانەدا ناوچە و هەرێمی خودموختار و خۆبەڕێوەبەری دیکەش هەبوون. کەوایە ئەوە شتێکی ئەزموونکراوە و هیچ کێشەیەکی حقوقی دروست ناکات.

**کاروان مێراوی**: کاک مستەفا وەک پرسار کۆتایی؛ بەپێی ڕەوتی ڕووداوەکان و گۆڕانکارییەکانی بەردەم، ئاسۆی پرسی کورد لە ئێرانی داهاتوو چۆن دەبینن؟

**مستەفا مەولوودی**: مێژووی کورد پێمان دەڵێ کە بە درێژایی مێژوو کورد بۆ مافەکانی خۆی خەباتی کردووە و ئەو نەتەوەیە سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپێک لە تێکۆشان نەوەستاوە، ئاکامی ئەو خەبات و تێکۆشانە سەرەڕای هەموو دژوارییەکان سەلماندنی کورد و خەبات و ویستە ڕەواکەی بووە. پرسی کورد لە ئێستەدا لە هەموو کات زیاتر وەکوو بابەتێکی هەستیار لە ناوچەکەدا وەک فاکتەرێکی بەرچاو خۆی دەرخستووە و لە هەموو بەشەکاندا بزووتنەوەی ڕەسەن و هەمەچەشنی کورد لە ئارادایە. لە بەشێکی کوردستان واتە لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستان بابەتە زۆر دیار و هەستیارە، بە جۆرێک پێوەندی پەیدا کردووە بە بابەتە گرینگ و هەستیارەکانی وڵاتی عیراق و سووریە و لەنێو دەوڵەتەکان و تەنانەت هاوپەیمانان کاری لەسەر دەکەن. لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئاستی دیار و بەرچاو لە ئارادایە.

خۆ ئەگەر بە ڕوونییش بێینە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چەند هۆکار پرسەکە هەستیارتر و دیارترە. خەڵکی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر لە خەباتدان و ئەو خەباتەش هەمەچەشنە، بەتایبەت خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات پڕ دیارە. کورد ئێستە خاوەنی هێزی سیاسیی بەئەزموون و بەتوانا و بە بەرنامەیە کە یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانە، هەر ئەوە وای کردووە و ئەو ڕاستیە بۆ زۆر لایەن دەرکەوتووە کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سیاسیتر و بەرچاوڕوونتر بۆ داهاتوو دەڕوانن. بێجگە لەوەش هەلومەرجی ئێران زۆر هەستیار و قابیلی گۆڕانە، بۆیە ئومید زیاترە لە جاران بە ئەوەی کورد لە ئەنجامی تێکۆشانی بەردەوامی خۆی بە ئامانجەکانی بگات کە هیوادارم هەرچی زووتر خەباتی پڕتێچووی کوردستان بە ئامانجەکانی خۆی بگات.

**کاروان مێراوی**: کاک مستەفا زۆر سپاس کە سەرەڕای پڕکارییەکانی ڕۆژانەتان کاتتان بۆ ئەو وتووێژە تەرخان کرد.

**مستەفا مەولوودی**: دەستی ئێوەش خۆش بێت و ماندوو نەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا مەولوودی: کۆماری ئیسلامی حیزبی دێموکرات بە سەری مارەکە دەزانێت



**هەڤپەیڤین: عەلی بداغی**

**ئاماژە:**

**دوای دەسپێکی ڕاپەڕینی ژینا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دووجار مووشەکباران کرا و هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئەم حیزبە هەروا درێژەی هەیە. ڕۆڵی حیزبی دێموکرات و سەنگ و قورسایی حیزب لەو ڕاپەڕینە، کارکردی هێز و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن، هۆکاری سەرەکیی سەرکوتی خوێناویی خەڵکی کوردستان و پلان و بەرنامەی حیزبی دێموکرات و ناوەندی هاوکاری بۆ داهاتووی ڕاپەڕینەکە چەند تەوەری سەرەکیی وتووێژێکە کە "کوردستان" لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، بەرپرسی ناوەندی ئیداریی حیزبی دێموکرات پێکی هێناوە.**

**عەلی بداغی: کاک مستەفا لە ماوەی دوو مانگدا حیزبی دێموکرات دوو جار مووشەکباران کرا؟ بۆ؟**

**مستەفا مەولوودی**: ڕوونە، کۆماری ئیسلامی دوژمنایەتیی لە ئاشتینەهاتووی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەیە. تەنانەت ئەو کاتانەش بە ڕواڵەت باسی لە چارەسەری پرسی کورد کردووە، ئەویش هەر پیلان بووە بۆ زەربەلێدان لە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران، نموونەکەشی تیرۆری دوکتور قاسملوو کە لەسەر مێزی

بەڕواڵەت وتووێژدا لە بزووتنەوەی کوردیان ستاند. هۆکارەکەشی ڕوونە. ڕوانگەی کۆماری ئیسلامی بە نیسبەت مافی مرۆڤ و مافی پێکهاتە و نەتەوە جۆراوجۆرەکان و جۆری حکومەتداری لە وڵات لەگەڵ بیرکردنەوەی حیزبی دێموکرات بۆ بابەتەکان زۆر جیاوازە و لە بنەڕەتڕا لێک دوورن.

لە ماوەی ئەو ٤٣ ساڵەشدا حیزبی دێموکرات بە گرتنەبەری هەموو شێوازێکی خەبات بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تێکۆشاوە و خەڵکی کوردستانیش پشتگیری سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتیان کردووە. سیاسەتی حیزبی دێموکراتیش لەبەر ئەوەی لەسەر ئەساسی واقعبینی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دامەزراوە، لە ئێستادا سنووری کوردستانی تێپەڕاندووە و، بەردەنگی باشی لە ئێرانیشدا هەیە؛ بۆیە کۆماری ئیسلامی لەو ٤٣ ساڵەدا قەت لە زەربەلێدان لە حیزب خافڵ نەبووە. ئەوەش کە بە ماوەی کەمتر لە دوو مانگ دوو جار بە هاژەک و درۆن هێرشی کردووەتە سەر حیزب و لە هەڕەشەکانیشی بەردەوامە، لەو چوارچێوەیەدا جێ دەگرێت

**عەلی بداغی:** مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزب چ پێوەندی و گرێدراوییەکی بە ڕاپەڕینەکەی نێوخۆی وڵاتەوە هەیە؟

**مستەفا مەولوودی:** سیاسەت و دروشمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی لەسەر عەرزی واقیعە و خەیاڵ نییە. خەباتی حیزبی دێموکرات بۆ ئەوەیە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بڕووخێ و لەجێگای ئەو حکوومەتی دێموکراتیک و وەڵامدەر لە ئێران بێتە سەرکار و خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو حکوومەتە دێموکراتیکەدا مافی سیاسی و نەتەوایەتییەکانیان دەستەبەر بن. دروشمەکانی ئێستا لە خرۆشانی خەڵکی کوردستان ڕێک تەعبیر لەو سیاسەتە دەکەن و ڕوونە کە حیزبی دێموکراتیش لە وەڕێکەوتنی ئەو خرۆشانەدا کە بە کوژرانی ژینا ئەمینی دەستی پێ کردووە، ڕۆڵی دیار و بەرچاوی هەبووە. ویستی خەڵکی کوردستان و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتیش شتێک نین کە بتوانین لێکیان جیا بکەینەوە. کۆماری ئیسلامییش ئەوە باش دەزانێ و کورد گوتەنی ئەم حیزبە بە سەری مارەکە و بە هۆکاری خرۆشانی شەقام دەزانێ، بۆیە پەیتا پەیتا هێرش دەکاتە سەر حیزبی دێموکرات.

**عەلی بداغی:** کارکردی هێز و لایەنە سیاسییەکان لەم ڕاپەڕینەدا لە ئاستی کوردستان و لە سەر ئاستی سەرانسەریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**مستەفا مەولوودی:** لایەن و هێزە سیاسییەکان لە کوردستان مێژوو و ئەزموونی خەباتیان زۆرە. هەروەک باسمان کرد لە ماوەی ٤٣ ساڵ خەبات لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بەداییم پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ خەڵکی وڵات هەبووە و بە هیچ



سەرچاوە Serchawe

جۆرێک نامۆ و نائاشنا بە ویستی خەڵکی کوردستان نین، هەربۆیە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان هەیە و دروشمەکانیان ئێستا لەسەر شەقامەکان لەسەر زار و زمانی خەڵک ڕێک ئەو بابەتە دەسەلمێنن. بە ڕوونی لە وەڵامی پرسیارەکەتدا حیزبەکان بە تایبەت ناوەندی هاوکاری لە سیاسەت، هەڵوێستگرتن، ئاراستەکردن و پشتگیریکردنی بەربەرینی خەڵکی ئێران و کوردستان باشی کار کردووە. هەڵوێست و سیاسەتەکەی جێگای پەسەند بووە کە خۆی لە پەیامی یەکیەتی و خەباتی جەماوەری و ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دۆزیوەتەوە. ئەوە تا ئێرە موسبەت و باش بووە، بەڵام ئەگەر بە ستراتیژی نەک بە تاکتیکی سەیری کار و تێکۆشان و سیاسەتی حیزبەکان بکەین بە ئەندازەی ئەرکی سەر شانیان و چاوەڕوانی خەڵک وەڵامدەر نەبوون، هۆکارەکەشی ئەمانەن: یەکەم، بە شێوەی پێویست لە ئاستی سەرێدا یەک گوتار نەبوون. دووهەم، ئەو کۆدەنگییە کە پێویستە زۆربەی حیزبەکان لە دەوری یەک ئامانجی سیاسی و نەتەوەیی لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە پێی نەگەیشتوون کە پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیکی فرەچەشن یەکەم ئامانجە. سێهەم، لەسەر بەرنامەیەکی ڕوون بۆ تێپەڕبوون لە کۆماری ئیسلامی و دەورانی تێپەڕ ساغ نەبوونەتەوە. چوارەم، هەرچەندە هەموو حیزبەکان درووشم و ئامانجی تایبەت بە خۆیانیان هەیە، بەڵام ئەوە کە چۆن لەگەڵ سیستەمی داهاتووی ئێران کار دەکەن و چییان بۆ داهاتووی کوردستان دەوێ، بەرچاوڕوونیمان نییە. ئەمانەش کەمایەسین و پێویستە بەزوویی چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە.

**عەلی بداغی**: پێتان وایە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی توانیویەتی لەسەر قەرار و بڕیاری وڵاتانی شوێندانەر لەسەر ئێستا و داهاتووی ئێران کارتێکەریی هەبێت؟

**مستەفا مەولوودی**: ڕێژم بۆ تاک تاکی کەسایەتییە سیاسی و حیزب و ڕێکخراوەکانی سەرانسەری ئێران هەیە و هەرکام بە پێی سەنگ و قورسایی خۆیان حاشا لە خەبات و تێکۆشان و کاریگەری و شوێندانەرییان ناکرێ. بەڵام ئەوەی لە ئێستادا لە هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ناوەندەکانی بڕیار لە وڵاتاندا دەبینین، پتر پێوەندیی بەو دۆخەی ئێستای وڵات، خەباتی شێلگیرانە و مافخوازنەی خەڵک بە هەموو چین و توێژەکان ئازایەتی و لەمەیداندابوونی خەڵک و سیاسەتی ڕێژیم ڕەفتار و کاردانەوەیان لەهەمبەر نارەزایەتییەکانی خەڵکە. ئەگەر ئەوە نەبا دەوڵەتان بەم جۆرە نەدەهاتنە سەر خەت و ئاوا بیریان لە هەڵسەکەوتی جیاوازتر لە جاران لەگەڵ ڕێژیمی ئێران نەدەکردەوە.

کەمایەسییەکی دیکە لەو ڕاپەڕینەدا نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنی یەکگرتوو دژی کۆماری ئیسلامییە. ئەمن پێموایە ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری - جیا لە لایەنی کوردی - ئێستا لەو ئاستەدا نییە بتوانێ هەڵگری پەیامەکان شەقام و ڕاپەڕینەکە بێت. ئەمن ناڵێم هیوام بە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە نییە، بەڵام بڕوام وایە ڕێبەرانی سیاسی چ لە ئێستای ڕاپەڕین و دواتریش لە هەناوی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە و لەنێو کچان و کوڕانی ئازای شەقام و زانکۆکاندا دروست دەبێت.

**عەلی بداغی:** بەو پێیە ئەو ئەرک و بەرپرسایەتییانەی لە ئێستادا دەکەوێتە سەرشای ئۆپۆزیسیۆن چین؟

**مستەفا مەولوودی:** ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێویست بوو زۆر پێشتر بیری لە پەرشوبڵاویی خۆی کردباوە و بەو ئەنجامە گەیشتبێت کە ڕێبەریی کۆمەڵگەی ئێران و بزووتنەوەی گەورەی سەرانسەری بەدژی کۆماری ئیسلامی بەو پەرتەوازەیی و خۆبەتەوەرزانینی تاک، حیزب و لایەنەکان ناکرێ و ئەوە ئێستا بەتەواوی دەرکەوتووە. بۆیە لە ئێستای بزووتنەوەدا ڕاستی چاوەکان زۆرتر لەسەر شەقامی ئێران و ئەو کچ و کوڕانەیە کە ڕاپەڕینەکە بەرێوە دەبەن. ئەگەر ئۆپۆزیسیۆن بیهەوێ نەخشی کاریگەر و شوێندانەریشی هەبێ، پێویستە ڕاستیەکانی کۆمەڵگەی ئێران چۆنە ئاوای ببینێ و خوێندنەوەی واقعبینانەی لە پرس و کێشەکانی ئێران هەبێت. نیزامی داهاتووی ئێران ناکرێ و ناشتوانێ ناوەندگەرا بێت و ئاواش نییە بچێتە ژێر ڕکێفی بڕیاری ئۆپۆزیسیۆنی تاراوگەنشین. خۆ بێتوو گۆڕانکارییش لە بۆچوونەکانیاندا پێک نەهێنن، ناتوانن ڕۆڵ و نەخشێکی ئەوتۆیان لە داهاتووی ئەو وڵاتەدا هەبێت.

**عەلی بداغی:** ئەدی سەنگی کورد لەو ڕاپەڕینەدا چەند بووە و کورد چۆن دەتوانێ قورسایی خۆی لە هاوکێشەکانی داهاتووی ئێراندا بپارێزێت؟

**مستەفا مەولوودی:** سەنگی کورد لەو ڕاپەڕینەدا دیار و بەرچاو بووە و ئەوە لەکەس شاراوە نییە و دروشمەکانی وەک "کوردستان چشم و چراغ ایران" ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن. ئەوەش سروشتییە، لەبەر ئەوەی خەڵکی کوردستان ٤٣ ساڵە بێ پسانەوە، بە هەموو شێوەکان و لە هەموو ڕەهەندەکاندا دژی کۆماری ئیسلامی لە سەنگەری خەباتدایە. خەباتی سیاسی، پێشمەرگانە، جەماوەری، مەدەنی، ڕێکخراوەیی و کولتووری ئەویش بە بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری و لەو ڕێگەیەشدا قوربانی زۆر و بەنرخیشی داوە. کوردستان هێزی سیاسیی بەئەزموون و خاوەنفکر و پێشەنگی تێدا هەڵکەوتووە. بۆیە بزووتنەوەی سیاسیی کورد دەتوانێ بۆ داهاتووی ئێران و لە پێناو بنیاتنانەوەی دێموکراتیکی ئەو وڵاتەدا سەرمایە و دەرفەتێکی بەنرخ بێت. بۆیە ئەو سەنگ و قورساییەی کوردستان ئێستا بەتەواوی هەستی پێ دەکرێ و وای دەبینم خەڵکی ئێرانیش هەستیان بەو نەخش و دەور و کاریگەرییە کردووە و بەوەیان زانیوە کە ئێرانی داهاتوو بێ لەبەرچاوگرتنی خەباتی خەڵکی کوردستان و دابینبوونی مافە سیاسی، نەتەوەیی و مەدەنییەکانی کورد، ئێرانێکی دێموکراتیک چێ نابێت.

**عەلی بداغی:** کاک مستەفا سەرکوت و کوشتوبڕەکان لە کوردستان لەچاو ناوچەکانی دیکە زیاتر بوون، بۆ؟

**مستەفا مەولوودی:** ئاشکرایە کە دوژمن بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکی کوردستان ئاوا بێباکانە خوێنی لاوانی کورد دەڕێژێ

هەتا بەشکم لەو ڕێگایەوە کورد لە خواستەکانی خۆیان پەژیوان بکەنەوە. ئەوە بە درێژایی مێژوو و لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتییش لە ئارادا بووە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە ئەوە کار و کردەوە و سیاسەتی بووە و چاوترسێنکردن و پاشگەزکردنەوەی خەڵکی کورد لە خەبات و خواستە ڕەواکانی هەمیشە ئامانجی سەرەکیی ڕێژیم بووە. بەڵام وەک دەبینین ئەو خەڵکە هەر لە مەیداندایە و لەسەر ویست و داخوازیی ڕەوای خۆی هەر سوورە. ئەمە لە یەک شوێن و هەر لەنێو حیزبەکاندا نییە، بەڵکوو لە نێو هەموو چین و توێژەکان و شار و گوندەکان دەبینی. بۆیە لە ڕاپەڕینی ئەمجارەشدا کورد لە سەرکوتی خوێناوی و زەبروزەنگی سیستماتیک بەشی شێری بەرکەوتووە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بەڵام خەڵک بە ئازایەتیی خۆیان لە مەیداندا ماوەتەوە و دڵنیام کۆڵیش نادەن.

**عەلی بداغی:** پلان و بەرنامەکانی ناوەندی هاوکاری و حیزبەکانی دیکە بۆ ئێستا و داهاتووی ئەو ڕاپەڕینە چین؟

**مستەفا مەولوودی:** پلان و سیاسەتی ناوەندی هاوکاری و بە ڕوونیش حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کارکردنە بۆ تۆکمەترکردنی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە. بۆ ئەوەش پێویستە نەخش و دەوری کچان و کوڕانی کوردستان، خەڵکی ڕاپەڕیو بەتەواوەتی لەبەرچاو بگرین. بەرنامەی ناوەند ئەوەیە بەوەخت و بە بەرنامەتر لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکان بچێتە پێشێ و بیر لە بەربەرینترکردنەوەی خۆی دەکاتەوە و لەگەڵ خەڵکی ڕاپەڕیوی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی زیندوو و بەردەوام لە پەیوەندیدایە. چونکی دەبێ بەرنامە و پرۆژەی ڕوونی بۆ شوێندانەریی زیاتر لە ڕاپەڕینەکەی ئێستا و بۆ دوارۆژیش هەبێت. بۆ ئەوەش دەبێ پەیوەندی دیپلۆماسیی خۆی بەهێزتر بکا و لەگەڵ کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیی و دەوڵەتان لە پەیوەندیدا بێت. لە داهاتووی ئێران و لە چوارچێوەی نیزامی سیاسیی داهاتوودا پێوشوێنی خواستەکانی خەڵکی کورد بگرێ و بارتەقای بەشداری خەڵکی کوردستان لە خەبات بۆ ڕووخانی ڕێژیمی ئێران و هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکراتیک، هەوڵ بۆ دابینبوونی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان بدات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ١ی سەرماوەزی ٢٧٢٢

## مستەفا مەولوودی: ڕاپەڕین و شۆڕش دژی کۆماری ئیسلامی کۆتایی نایەت هەتا ئەو ڕێژیمە دەڕوات و ئەو ڕۆژەش زۆر دوور نییە



**دیمانە: شەماڵ تەرغیبی**

**دوای چوار مانگ لە شۆڕشی ژینا، دۆخی شۆڕش و ستاتوی کۆماری ئیسلامی چ گۆڕانێکیان بەخۆیانەوە بینیوە؟ ئێرانی فرەنەتەوەی دوای کۆماری ئیسلامی چۆن دەبێ و نەتەوەکانی پێکهێنەری ئەو وڵاتە چ دەور و نەخشێکیان لە شۆڕشی ئێستا بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم هەیە؟ دەسکەوتەکانی تا ئێستای شۆڕشی ژینا چین و چۆن دەتوانن ببنە هەوێن و دەسمایە بۆ دەسکەوتی زیاتر؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە و کۆمەڵە پرسیارێکی دیکەی پێوەندیدار بە ڕەوشی ئێستای ئێران و کوردستان لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کاک مستەفا مەولوودی، بەرپرسی ناوەندی ئیداریی حیزبی دێموکرات لە بەڕێزیان وەردەگرین.**

**شەماڵ تەرغیبی**: وەک یەکەم پرسیار و کردنەوەی دەرگایەک بەڕووی وتووێژەکەمان با لە زمانی جەنابتەوە دید و بۆچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بزانین لە پێوەندی لەگەڵ کۆی شۆڕشی ژینا کە پاش شەهیدبوونی ژینا ئەمینی دەستی پێکرد و لە ئێستا کە چوار مانگی خۆی تێپەڕاندووە.

هەڵسەنگاندنی حیزبی دێموکرات بۆ شۆڕشی ژینا ئەرێنییە. ئەگەر سەیری مێژووی هەڵوێستەکانی حیزب و ڕەوتی ڕووداوەکان بکەین، ڕوانگەی حیزب زۆر بەڕوونی دیارە؛ بە تایبەت لەو چوار مانگەدا کە شۆڕشی ژینا لە ئارادایە،

هەڵوێستی حیزبی دێموکرات دیارە: پشتیوانی لە خەبات و بەشداری لە تێکۆشان و مەحکوومکردنی کردەوەی نابەرپرسانە و جینایەتکارانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەموو ئاستەکاندا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پشتیوانی خەباتی خەڵکی ئێران بە گشتی و خەباتی خەڵکی کوردستان بووە بە تایبەتی، ئەو خەبات و تێکۆشانە بە ڕەوا دەزانێ و خۆیشی بە بەشێکی سەرەکی لە ڕەوتی جووڵانەوەکە دەزانێت. حیزبی دێموکرات لای وایە ئەو ئیرادەیەی لە خەڵکدا دروست بووە، ئەو ئازایەتییە بێوێنەیەی خەڵک لە خۆی نیشان داوە بەتایبەت ژنان و لاوان لەو چوار مانگەدا و بەردەوامیی تێکۆشان بە شێوەی جۆراوجۆر، ئەنجامەکەی دەبێتە تێکەوەپێچانی تەواویەتیی کۆماری ئیسلامی و سەرکەوتنی ویست و ئیرادەی خەڵکی ئێران بە گشتی.

**شەماڵ تەرغیبی**: ئەگەر بمانەوێ دەستکەوتەکان و دەرفەتەکانی شۆڕشی ژینا تاکوو ئێستا پۆلێنبەندی بکەین، بە ڕای ئێوە دەستکەوتەکانمان چی بووە و ئەو دەرفەتانەی بە تایبەتی بۆ کورد خوڵقاون چین و کامانەن؟

لە چوار مانگی خەبات و تێکۆشانی شۆڕشی ژینا، خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستان و بەلووچستان بەتایبەتی تێچوویەکی زۆریان داوە؛ خەڵک شەهید و بریندار بوون و زیاتر لە بیست هەزار کەس ڕاپێچی بەندیخانەکانی ڕێژیم کراون و بەشێکیان چارەنووسیان دیار نییە.

**یەکەم**: ئەوە کە خەڵک ترسیان لە ڕێژیم و دەزگا سەرکووتکەرەکانی شکاوە، خۆی دەسکەوتێکی گرینگە.

**دووهەم**: پێوەندییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی زۆرباش لەنێو خەڵکی وڵات بە گشتی دروست بووە، ئەوەش دەسکەوتێکی باشە.

**سێهەم**: دەزانین لە کاتی هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە خەڵک ئەگەر ویست و داخوازییشیان هەبووبێ یەکدەنگ و یەک دروشم نەبوون. بەڵام لەم چوار مانگەدا خەڵک یەکدەنگ هاوار دەکەن کۆماری ئیسلامی دەبێ بڕوات، ئەوەش دەسکەوتێکی زۆر گەورەیە بۆ خەباتی خەڵکی ئێران.

**چوارەم**: ئەوە کە خەڵکی وڵات بە گشتی بەشداریی شۆڕشی ژینایان نەکرد، دەکرێ وەک کەمایەسی سەیر بکرێ؛ بەڵام خەڵک لەدژی ئەو ڕاپەڕینە نەوەستانەوە و پشتی ڕێژیمیان نەگرت. تەنانەت بە شێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ خەڵک بوون و پشتیان لە ڕێژیم کرد؛ مۆرەکانی ڕێژیم بە شێوەی جۆراوجۆر هانی خەڵکیان دەدا بۆ پشتگیری ڕێژیم، بەڵام خەڵک بایەخیان بە چاوەڕوانییەکانی ڕێژیم نەدا و ئەوەش دەتوانین بە زەخیرە و پشتگیریی ڕاپەڕینی خەڵکی دابنێین لە

داهاتووی ئێراندا.

**پێنجەم**: هاتنە مەیدانی ئێرانییەکان لە تاراوگە بە هەموو جیاوازییە فکری و سیاسییەکانیان کە پێوەندییەکی قووڵی خەباتکارانەی لەگەڵ خەڵکی وڵاتدا دروست کردووە؛ ئەوەش دەسکەوتێکی گەورە و زۆر شوێندانەریش بوو لەسەر ناساندنی ماهییەتی دژی گەلیی ڕێژیم بە خەڵکی دەرەوە و ڕاکێشانی سەرنجی دنیای دەرەوە و کۆڕوکۆمەڵە سیاسییە جیهانییەکان بۆ شۆڕشی ژینا.

**شەشەم**: زۆر و کەم دەوڵەتانیش لەبەرانبەر سیاسەت و جینایەتەکانی ڕێژیمی ئێران وەدەنگ هاتوون و کردەوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیان مەحکووم کردووە و پشتگیریی تێکۆشانی خەڵکیان کردووە کە ئەوەش دەبێ بە دەسکەوت دابندرێ و لە داهاتوودا کاریگەریی زیاتریشی دەبێت.

**حەوتەم**: هەرچەند دروشمی سەرەکیی خەڵکی کوردستان و حیزبەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت حیزبی دێموکرات، دابینکردنی دێموکراسی بۆ ئێران و مافە سیاسییەکانە بۆ خەڵکی کوردستانە، بەڵام هێندێک کەس و لایەن کە زانیاریی دروستیان لەسەر خەڵکی کوردستان و حیزبەکانی نەبووە، بە گومانەوە ڕوانیویانەتە بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و سیاسەتی حیزبەکان. ئەوجارە کە شۆڕشی ژینا لە کوردستانەوە دەستی پێ کرد و لەو چوار مانگەدا هەموو وڵاتی گرتەوە، خوێندنەوەی نوێ و تەواو جیاوازی بۆ ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانی لێ کەوتۆتەوە کە ئەمەش وەک دەسکەوت دەتوانێ لاپەڕەیەکی نوێ بێت لە خەباتی گشتیی خەڵکی ئێران و کوردستاندا. دەرفەتێکی زۆر باشی بۆ خەڵکی کوردستان پێکهێناوە لە پێوەندیی لەگەڵ پشتگیریی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کوردستان. ئەوانە هەموویان دەسکەوتی گەورەن و دەسمایەی پتر بۆ بەردەوامیی شۆڕشی گەلی کورد لە ئێرانن.

**شەماڵ تەرغیبی**: **بەپێی ئەو دەستکەوتانەی ئێوە باستان کرد تەبیعەتەن کۆمەڵێک دەرفەتیش بۆ کورد دروست بووە. حیزبی دێموکرات بە پلەی یەکەم و دواتر ناوەندی هاوکاری تا ئێستا چی کردوە بۆ قۆستنەوەی ئەم هەل و دەرفەتانە؟ لە داهاتوودا ئەم دەرفەتانەی کە شۆڕشی ژینا وەدیی هێناوە بۆ کورد، حیزبی دێموکرات و ناوەندی هاوکاری چۆنی کەڵک لێ وەردەگرن؟**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە تایبەتی لە ٤٣ ساڵی رابردوودا لەسەرهەستترین حیزب بووە لە بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەباشی لە دەرفەتەکان کەڵکی وەرگرتووە. کاتێک ڕێژیم ڕێگای دیالۆگی بەستووە و هێزەکانی ڕێژیم هێرشیان کردۆتە سەر خەڵکی کوردستان، خەڵک و تێکۆشەرانی دێموکرات ئازایانە لە بەرانبەر

هێرشی ڕێـژیم بـۆ سـەر کوردسـتان ڕاوەسـتاون و بەرگرییـان کـردووە. لە هەر قۆنـاغ و بارودۆخێکدا کە لە نێوخـۆی وڵاتـدا دەرفەتێک دروست بووبێ و هەرچەنـدە دەرفەتەکەش سنووردار بـووبێ، حیزبـی دێموکرات کەڵکی لـێ وەرگرتـووە. پشتگیریی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستانی کردووە و لە مەیدانی دیپلۆماسیدا حیزب پەیـامبەر و دەنگی مـافخوازی خەڵـک بـووە ڕوو بە دنیـای دەرەوەدا. هەر دەنگ و هاوارێک کە باسی بەهێزکردن و یەکگرتنـی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کردبێ، حیـزب لەسـەر خەت بووە و کاری بۆ کردووە و لەکوردستانیش بەردەوام لەسەر خەت بووە بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ هاوکاری و هاوخەباتی و پێکهێنانی یەکیەتی لەنێو هێزەکان و تەنـانەت کەسایەتییەکانیشدا. هەر لەسـەر ئەو سیاسـەتە حیـزب یـارمەتیی کـردووە بـۆ پێکهـاتنی "ناوەنـدی هاوکـاریی حیزبەکـانی کوردسـتانی ئێـران"، "کـۆنگرەی نەتەوەکـانی ئێرانـی فێـدراڵ"، "شـوڕای دێموکراسیخوازان" و تەنـانەت لەو پێوەنـدییەدا لەگەڵ کەسـایەتییەکانیش لە هەوڵـی بەردەوامدایە بـۆ ئەوەی بـزووتنەوەی سیاسیی کوردسـتان قـووەتێکی بەهێزتـری هەبـێ و لەگەڵ ئێرانییەکـان بەهێـز دەربـکەوێ و لە ئێرانـی داهـاتوودا کـورد بە ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی بگات.

**شەماڵ تەرغیبی**: **بە سەرنجدان بە دۆخی پڕ کەندولەندی ڕەوتی دێموکراسی لە ئێران، تەواوەتیخوازیی ڕێژیم و تەنانەت بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ڕێژیمە، کورد لە کوێی هاوکێشەکانی ئێستای ئێراندایە و کوردستان لە ئێرانی داهاتووی پاش کۆماری ئیسلامیدا ستاتوی چۆن دەبێت؟**

ئێران وڵاتێکی پـان و بەریـنە و حەشیمەتێکی زۆری تێدا نیشتەجێیە، پێکهـاتەی جیـاوازی تێدایە وەک (فـارس، تـورک، کـورد، عەرەب، بەلـووچ و تـورکەمەن و...)، جیـاوازیی ئـایینی و مەزهەبیـیش هەیە؛ یـانی وڵاتێکـی پـڕ لە شـەبەنگ و جۆراوجۆرییەکانە. بۆیە ئەوانەی کار دەکەن بۆ دروستکردنەوەی ئێرانی داهاتوو، دەبێ ڕاستییەکانی مێژوو و ئێران بناسن و بیـر لە دروسـتکردنی سیسـتەم و نیزامێکـی دێمـوکراتیکی ناناوەنـدی (لامەرکەزی) بـکەنەوە؛ نەک نیزامێکـی ناوەنـدگەرا کە ئەزموونەکانی ڕابردوو نیشانی داوە نەیتوانیوە دێموکراسی تێدا جێگیر بکرێ و مافی پێکهاتەکان مسۆگەر بکات.

ئەگەر لە شۆڕشی مەشرووتەوە سەیری مێژووی ئێران بکەین، خەڵکی ئەو وڵاتە بەشداری خەبات و تێکۆشانی سیاسی بوون بەڵام بەداخەوە تاقم یان گرووپێک دەستی بەسەر دەسکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی ئێراندا گرتـووە. ئەمجارە خەڵـک بە ئەزموونوەرگرتن لە ڕابردوو دەبێ هەر تەنیا بیر لە ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نەکەنەوە، بەڵکوو دەبـێ بیـر لە دروست کردنەوەی ئێرانێکی نـوێ بکەنەوە و حکومەتێکی دێموکراتیکی تێدا دابمەزرێنـدرێ. ئەوەش نـایەتە دی ئەگەر هەر وەک باس کرا ڕاستییەکانی مێژوویی و پێکهاتەی ئێران لەبەرچاو نەگیرێن. بەڵام بەنیسبەت پرسی کوردەوە.

هەمووان دەزانن خەڵکی کوردستان، گەلێکی خاوەن مافە لە ئێراندا، پانتاییەکی زۆر و گەورەی جوغرافیای ئێران پێوەندیی بەو گەلەوە هەیە؛ میللەتێکی ڕووناکبیر و نەتەوەیەکی تێکۆشەرە. لە تەواوی مێژووی ئێراندا گەلی کورد بۆ وەدەستخستنی مافەکانی لە تێکۆشاندا بووە و نەوەستاوە. بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئێران واقیعبینانە سیاسەتی کردووە. گوێ لە

قسەکانی شەهید دوکتور قاسملوو بگرە و چاو لە سیاسەتی نووسراوی حیزبی دێموکرات بکە. گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان و زۆربەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەڕوونی ئەوەیە کە خەبات دەکەن لە چوارچێوەی جوغرافیای ئێراندا بۆ ئەوەی نیزامێکی دێموکراتیک بێتە ئاراوە و دێموکراسی تێیدا دەستەبەر بێ و کورد مافی نەتەوەیی و سیاسی خۆی تێدا وەدەستبێنێ و مسۆگەری بکا. کە وایە بۆ ئەوەی خەڵکی ئێران بە یەکەوە ئاسوودە و بەختەوەر بن، دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییانە ئێرانی داهاتوو وا دروست بکەنەوە، حکوومەتی ئێران حکوومەتی هەموو پێکهاتەکانی وڵات بێت. سروشتییە لە حاڵەتێکی وادا کورد بەشداری چالاکانە دەکا بۆ بنیاتنانی ئێرانی دێموکراتیک و خەڵکی خۆشبژیو؛ بەڵام ئەگەر بە هەر هۆیەک ئەوە نەیەتە دی، ، سروشتییە کورد کە بەدرێژایی مێژووی بۆ مافەکانی خۆی تێکۆشاوە و ڕووبارێک خوێنی داوە و ئەزموونی بەربەرەکانی لەگەڵ دوو ڕێژیمی ناوەندگەرای پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیی هەیە، خەباتی خۆی درێژە پێ دەدا هەتا مافەکانی دەستەبەر دەبن.

**شەماڵ تەرغیبی:** پێوەندیی نێوان نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێستای ئێران چەند بەهێز و توکمە و شوێندانەرە لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ئێران، لەسەر بەهێزیی ئۆپۆزیسیۆن بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی؟

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ بەشێکی زۆری نەتەوە یان پێکهاتەکانی ئێران "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ"ی پێک هێناوە، لەبەر ئەوەی دەزانین خەڵکی ئێران یەک نەتەوە یان یەک میللەت نییە، بەڵکوو پێکهاتەی جیاوازن. ئەو وڵاتەش دەبێ وا پێناسە بکرێ کە وڵاتێکی فرە نەتەوەیە. نەتەوەکانیش مافی جیاوازیان هەیە، ویستی جیاوازیان هەیە، فەرهەنگ و کولتووری جیاوازیشیان هەیە؛ سروشتییە ئەرک و بەرپرسایەتی بۆ دروستکردن و پێڕاگەیشتن بەو وڵاتەش لە سەرشانی هەموویانە. ئەوەش تەنیا لە چوارچێوەی وڵاتێکی دێموکراتیکدا دەکرێ کە لە یاسای بنەڕەتیی وڵاتدا ئەو جۆراوجۆرییانە هەموویان جێگیر بکرێن. سروشتییە ئەرک و فەرمانیش بۆ هەموو پێکهاتەکان دەبێ دیاری بکرێت. چەند جارێک کە لە وڵاتی ئێران یاسای بنەڕەتی نووسراوە، چ لە زەمانی پەهلەویدا و چ لە کۆماری ئیسلامیدا، یاساکە نیزامی حاکم لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتی زاڵ دایڕشتووە. ئەگەر تا ڕادەیەک هێندێک خاڵی ئەرێنی تێدا هاتبێت، بەڵام بە کردەوە نیزامی حاکم پێی پابەند نەبووە. هەر بۆیە وەک بەڕێزت ئاماژەت پێدا هەموو پێکهاتەکان و نەتەوەکانی ئێران دەبێ بە یەکەوە هاوکار و هاوخەبات بن. مافی یەکتر بە فەرمی بناسن کە ئەوە دەتوانێ ئومێدمان پێ بدات بۆ نیزامێکی دێموکراتیک و سەقامگیر.

هەر ئێستاش دەرک بەوە دەکەین کە لەو چوار مانگەدا گۆڕانێکی باش دروست بووە، بۆ نموونە ئەگەر سەیری خۆپێشاندانی ئێرانییەکان لە ستراسبۆرگی فەڕانسە بکەین، دەبیندرێ کە ئێرانییەکان بە ئاڵا و لۆگۆی جیاواز بەشداری خۆپێشاندانیان کردووە بۆ یەک مەبەست واتە ناساندنی سپای پاسداران وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی و ئەوە پەیامێکی باشە کە دەسکەوتی شۆڕشی ژینا بووە.

**شەماڵ تەرغیبی**: لە ڕۆژانی ڕابردوودا ئێمە یادی دووی ڕێبەندان وساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانمان بەرز ڕاگرت، یەکێک لەو نموودە بەرچاوانەی کە لە مێژوودا دەیخوێنینەوە و لە کۆماری کوردستانە بەرجەستە بووە تۆخکردنی پرسی ژنان و مەیداندان بەوان بووە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا. پێتان وایە شۆڕشی ژینا بە جۆرێک لە جۆرەکان ئیلهامی لە کۆماری کوردستان و بنەما فکری و کردەییەکانی شەخسی پێشەوا قازی وەرگرتووە؟

ئەگەر سەیری مێژوو و کولتووری کورد بکەین، دەبینین ژن لە کۆنەوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا و لە ژیانی کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسیشدا نەخشی هەبووە. لە دەورانی کۆماری کوردستاندا پێشەوا قازی محەممەد بە دامەزراندنی ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنان بە فەرمی ژنانی هێنایە نێو گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. لەو کاتەوە بەشداری ژن لە نێو ڕێکخراو و حیزب و تەنانەت هێزی نیزامی پێشمەرگەشدا نەخشی دیار و پڕ ڕەنگی هەبووە. لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بەڕوونی هاتووە کە ژن لە کۆمەڵگەدا یەکسانە لەگەڵ پیاو و هیچ جیاوازییەک لەنێوان ژن و پیاودا دانەندراوە. لە پێڕەوی نێوخۆی حیزبیشدا کە ماف و ئەرک بۆ ئەندام دیاری کراوە، جیاوازی دانەندراوە بەڵکوو بۆ ئەوەی بەشداری ژنان کاریگەرتر بێ، هێندێک ڕێکاری باش دیاری کراوە هەتا ژن ئاسانتر بتوانێ لە ئۆرگانەکانی ڕێبەریی حیزبیدا جێگە بگرێ. شۆڕشی ژیناش گۆڕانێکی نەوعی لە نەخش و دەوری ژن لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و خەبات و تێکۆشانی بە ئێمە نیشان دا، بە ئازایەتی و لەمەیدانابوونی خۆیان و نرخدان و تێچووی قورس شوێندانەرتر بوون. هەر ئەوەش وای کرد کە کۆمەڵگەی ئێران زیاتر بجووڵێ و دنیای دەرەوەش بە ئاگاداربوون لە خەبات و دەوری ژنان زۆرتر بایەخ و گرینگییان بە شۆڕشی ژینا دا و پشتگیریان کرد و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان ئیدانە کرد. بۆیە ئەو گۆڕانە نەوعییە پێویستە لە هەموو بەشەکانی ژیاندا لە بنەماڵە، لەکۆمەڵگە و بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی بە خوێندنەوەی نوێ لە نەخش و دەوری ژن بڕوانێ بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و پێکهێنانی نیزامی دێموکراتیک لە داهاتووی ئێراندا نەخشی ژن پڕ ڕەنگتر بکا. دڵنیام ئەگەر کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی لە هەموو بوارەکان لەو پۆتانسیێلە بەهێزەی ژن یارمەتی وەربگرێ، داهاتووی ڕوونتر لە پێش کۆمەڵگەی ئێران دایە. ئەگەریش ئەوە نەکرێ، سروشتییە ژنان لە خەبات بەردەوام دەبن تا جێگە و کاریگەری خۆیان لە بنەماڵە، کۆمەڵگە و بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا مسۆگەر دەکەن.

**شەماڵ تەرغیبی**: ئێوە وەک خۆتان چۆن دەڕواننە داهاتووی ئەم شۆڕشە؟

ئەوە سێهەم جارە لە دەورانی شۆڕشی ژینادا ئەو پرسیارە لەمن دەکرێ. ئەوەی ڕاست بێت ئەمن زۆری پێ دڵخۆش و ئومێدەوارم. ئەوەش لەخۆڕا نییە. یەکەم: ڕێژیمی ئێران وەک ڕێژیمێکی نابەرپرس بە گشتی بۆ خەڵکی ئێران ناسراوە، تەنانەت لە نێو دامودەزگاکانی ڕێژیمیشدا ئەوە هەستی پێ دەکرێ. دووهەم: دەستوەردانی ڕێژیمی ئێران لە کاروباری

حکومەتـان و گەلانـی دیکە زۆر ئاشکرایە، ئەوەش نـاوچەکەی تەواو نـائەمن کـردووە. تەنـانەت لەئێسـتادا ڕێژیمـی ئێـران بەرژەوەندی و ئاسایشی جیهانیشی بە شێوەیەک لە شێوەکان خستۆتە مەترسییەوە. سێهەم: خەڵکی ئێران کە بە دژی ڕێژیمی ئێران ڕاپەڕیوە، دونیـای دەرەوە بە گشتی پشتگیری خواستی خەڵـک دەکـات و جینایەتەکـانی ڕێـژیم مەحکووم دەکەن و بە شێوەی جۆراوجۆر پشتگیری خەڵکی وەزاڵەهـاتووی ئێران دەکەن و ئەوە لە نێو دەوڵەتـانیش هەستی پێ دەکرێ و ئەوەش چالێنجی گەورەی بۆ ڕێژیم دروست کردوە. چوارەم: کێشە و قەیـران لە وڵاتـی ئێران ئەوەنـدە زۆر و گشـتگیرە، حکـومەت لە توانایدا نییە چارەسەریان بکات؛ لەکۆتـاییدا خەڵکی وڵاتی ئێـران لێبـڕاون تـا ڕووخـانی ئەو ڕێـژیمە خەبـات درێـژە دەدەن. پێنجەم: ئەوەی ڕۆژێک بە جۆرێک لە جۆرەکان بێدەنگی باڵ بەسەر خەباتی دیاری خەڵک دادەکێشێ بە هیچ شێوەیەک وەک مۆرەکـانی ڕێـژیم دەڵـێن بە مانـای تەواو بـوونی شۆڕشـەکە نییە. من پێم‌وایە شۆڕشی خەڵکی ئێـران بەرانـبەر بە ڕێژیمـی کۆماری ئیسلامی کاتێک کۆتایی دێت کە ئەو ڕێژیمە کۆتایی پێ هاتبێ و لە ڕوانگەی خۆمەوە ئەو ڕۆژەش زۆر دوور نییە.

**کەواتە پێتان وایە ئیحتماڵی لە نەزەر دەگرن کە سیناریۆیەک هاوشێوەی شۆڕشێ ٥٧ جارێکی دیکە ڕوو بداتەوە؟**

خەڵکی وڵاتی ئێران بە گشتی لە خەبات و تێکۆشانی نێوخۆیدا ئەزموونیـان زۆرە؛ ئەگەر شۆڕشی سـاڵی ١٣٥٧ی هەتـاوی بە نموونە بێنینەوە، بە یەک ڕۆژ خەڵک نەهاتە سەرشەقام وهەتـا کـارەکە تەواو بکـات؛ بەڵکوو سـاڵی ١٣٥٦ لە قـوم خەڵـک هاتە سەرشەقام و ناڕەزایەتی دروست بـوو و وابزانم سێ کەس کوژران و لە چلەی ئەوان لە تەورێـز دیسـان خەڵـک هـاتە سەر شەقام و ئەوە درێژەی هەبوو زیاتر لە نۆ هەتا دە مانگی کێشا تا شۆڕش سەرکەوت.

من پێموایە ئەو سێناریۆیە دەکرێ بۆ درێژەی خەباتی خەڵک ئەو جارەش دووپات بێتەوە و بە بەردەوامی خەڵک لە خەبـات و تێکۆشاندا لە کۆتاییدا ئەو ڕێژیمە وەلا دەنێین بەڵام هیـوادارم سێناریۆی دووهەمیـان ئەنجـامی ئەو شۆڕشە وەک شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتـاوی بەسەر نەیەت و بە هاتنە سەر دەسەڵاتی حکومەتێکی دێموکراتیکی خەڵکی کۆتـایی بێت کە خەڵـک تێیـدا بە مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان بگەن.

**شەماڵ تەرغیبی**: **کاک مستەفا لە کۆتاییدا ئەگەر سەرنج یان قسەیەکی نەگوتراوتان مابێت.**

هیوادارم شۆڕشی ژینـا هەرچی زووتـر بە تێچووی کەمتر سەرکەوێ و گەلانی ئێران لە چوارچێوەی نیزامێکی دێموکراتیکی فێدراڵـدا بە یەکەوە بحەسێنەوە. مـن ئەو توانـا و پوتانسـێلە لە ئێرانیانـدا دەبیـنم کە بتـوانن بە یەکەوە نیزامێکـی دێموکراتیک بهێننە ئاراوە و پێوەندییەکی باش لەنێو خۆیاندا دروست بکەن و ئێرانی داهاتوو بۆ هەموو ئێرانییەک بکەن بە وڵاتێکی ئەمن و ئاسوودە و بە بەختەوەری تێیدا بژین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ١٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٢

## مستەفا مەولوودی: ئێران دەیەوێ ئەمریکا وەک چۆن ئەفغانستانی بەجێ هێشت هەرێم و عێراقیش بەجێ بێڵێ



**مەبەستە سیاسییەکانی پشتی پەردەی هێرشی مووشەکیی ئێران بۆ سەر هەولێر**

**ئاماژە:**

**کاک مستەفا مەولوودی، ئەندامی بەڕێوەبەری و بەرپرسی ناوەندی ئیداریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وتووێژێکدا لەگەڵ کوردکاناڵ تیشکی خستە سەر لێکەوتەکانی هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر هەولێر. بەڕێزیان پێی‌وایە ئەم دەستدرێژی و کردەوە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی گوشارخستنە سەر هەولێر بۆ گۆڕینی هەڵوێستی سیاسی حکوومەتی هەرێم بووە کە سەرکەوتوو نابێت. هەروەها لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا توانیویانە ململانێ و کێشەکانی خۆیان بۆ خۆبواردن لە بەرەوڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ مودیرییەت بکەن، بەڵام لە نیهایەتدا ئەم دوو وڵاتە لە جێیەک لەگەڵ یەکتری یەکلا دەکەنەوە.**

**"کوردستان" پوختەی چەند تەوەرێکی ئەو وتوێژەی بۆ خوێنەرانی دابەزاندوە:**



سەرچاوە Serchawe

## ئامانجی ڕێژیم لەو کردەوە تیرۆریستی و دەستدرێژییە

کۆماری ئیسلامی ئیدیعا دەکا لە هەرێمی کوردستان ناوەندی جاسووسی لەدژی ئەوان هەن و ئەوانیش بۆ بەرنگاربوونەوە لەگەڵ ئەوە هێرشەکەیان کردوە. بەڵام، لەڕاستیدا ئەوە سوورەتی مەسەلەکەیە و پاساوێکە کۆماری ئیسلامی دەیهێنێتەوە بۆ بردنەپێشی ئامانجە سیاسی و ئەمنییەتییەکانی. لەڕاستیدا کۆماری ئیسلامی ماکەی سەرەکی دروستکردنی قەیران و کێشەیە و ئەو قەیرانەشی بۆ شاردنەوەی قەیرانە نێوخۆیی و شکستەکانی لە سیاسەتی دەرەوەیدا خوڵقاندوە. ڕێژیمی ئێران بۆ دەربازبوونی خۆی دەیەوێ دەوڵەتان و ڕەوتە سیاسییەکانی ناوچە، بە جۆرێک لە جۆرەکان بێنێتە نێو کێشەکانەوە و دەبینێ کە هەولێر وەکوو پێتەختی هەرێمی کوردستان، ئەمنیەتێکی ڕێژەیی لەچاو جێگاکانی دیکە هەیە و ناچێتە نێو ئەو بازنە و هاوکێشەیەی کە ئێران مەبەستیەتی، بۆیە دەیهەوێ قەیران و بشێویی تێدا دروست بکات. ئەگینا لە کاتێکدا دەڵێ مووشەکانی خاڵکوتن، ئەدی بۆ ماڵێکی ئاسایی و ژن و منداڵی کردووەتە ئامانج؟ کەواتە ئێران دەیەوێ بەجۆرێک لە جۆرەکان هەولێریش لەگەڵ ئاراستەی سیاسیی خۆی بخا، بەڵام هەولێر بەخۆشیەوە هەتا ئێستا بەدەم ئەو سیاسەتەوە نەچووە. ئەوە کە ئێستا کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستانی هەڵپێچاوە بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێچەوانەی بەشێک لە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی نیزیک لە ئێران کە هەڵمەتی دەرکردنی ئەمریکا لە عێراقیان دەست پێ کردوە، لای وایە کە بوون و مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمان بە قازانجی عێراق و هەرێمی کوردستان و سەقامگیری لەو وڵاتەیە.

## هەڵوێستی ئەمریکا و ئەو پرسیارانەی لەسەری دروست بوون

ئەو ئاڵۆزییانەی کۆماری ئیسلامی دروستیان دەکا و تەنانەت ئەو کێشانەی لە نێوخۆی وڵاتیشدا بۆ خەڵک و کۆمەڵگەی دەنێتەوە، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی سازانی ئەمریکا لەگەڵ ئێران. ڕوونە کە ئەمریکا دەیەوێ شەڕەکە لە خۆی دوور بخاتەوە، شەڕێک کە ئەگەری هەڵگیرسانی هەیە بەبێ ئەوەی داهاتوویەکی ڕوونی هەبێت. هەروەها دەشزانین کە ئەمساڵ زایینی یان ساڵی هەڵبژاردنە و پرسی هەڵبژاردن لەنێوان دوو حیزبی دیاری ئەمریکا پرسێکی جیددییە. هاتنی ئەمریکا بۆ ناوچە و ئەوەی لە ئەفغانستان بینیمان و ئەوەی کە لە ٢٠٠٣ بەولاوە لە عێراق ڕوو دەدا پێمان دەڵێ ئەمریکا نایەوێ لە ناوچەدا تووشی کێشەیەکی دیکە بێت، بۆیە لە ڕاستیدا نەوی دەکێشێ و خۆ لە بەرەوڕووبوونەوە دەبوێرێ و ئێرانیش زۆر باش کەلک لەو دۆخە وەردەگرێ. ئەگینا ئەوەی ئێران دەیکا بە جۆرێک ڕاگەیاندنی شەڕە لەدژی ئەمریکا لە عێراق کە هەر بوونەکەی لەو وڵاتە بە هێزی سەربازییەوە بەرپرسایەتیی پاراستنی ئەمنیەتی وڵاتەکەش دەخاتە ئەستۆی. کەواتە لە دۆخێکدا کەهیچ هێزێک بە ئەندازەی ئێران بیر لە نائەمنکردنی ئەو ناوچەتە ناکاتەوە، ئەمریکا بەرپرسە کەچی خۆ لە بەرپرسایەتییەکەی دەدزێتەوە و بەمجۆرە دووکەڵەکەی دەچێتە چاوی خەڵکی عێراق و هەرێمی کوردستان.



سەرچاوە
Serchawe

### تەعامولی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوای هێرشە مووشەکییەکەی سەر هەولێر

یەکەم ئەوە یەکەم جار نییە کۆماری ئیسلامی هێرشی تێرۆریستی دەکاتە سەر هەرێمی کوردستان. ڕاست بەو مەبەستە و، بەو ناوە و بەو هۆکارە و هەر لەو ناوچەیە، نیزیک بە دوو ساڵێک لەوە پێش، لە ماڵی "شێخ بازێیان دا کە دوایە دەرکەوت بنکەی و دامودەزگای هیچ دەوڵەتێک نەبووە. بۆیە پاساوەکانی کۆماری ئیسلامی هەمووی بێ‌جێن و نە خەڵکی ئێران، عێراق، هەرێم و ناوچە باوەڕ بەو ئیدیعاکانی کۆماری ئیسلامی ناکەن. پاشان ئەگەر کۆماری ئیسلامی پێوەندی یاسایی و مەیدانیی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە و باڵوێزخانە وکۆنسوولخانەشی لە بەغدا و هەولێر هەن. باشە ئەگەر دەزانێ لە عێراق یان هەرێمی کوردستان شوێنێک هەیە خۆی گوتەنی کاری هەواڵگری و دوژمنکارانەی لەدژی دەکا، باشە بۆچی وەکوو دەوڵەتێکی قانوونی نایە ڕەفتار بکا و دوای لێدان و ئەنگاوتنەکە دێ ئیدیعایەکی ئاوا دەکا. بۆیە ئەوە جیا لە ئاژاوەگێڕی و قەیرانخوڵقێنی لە ناوچە و بەزاندنی سەروەریی سیاسیی وڵاتێکی دراوسێ بەولاوەتر نییە.

### کێ براوەیە؟ ئایا ئەم سیاسەتە بۆ کۆماری ئیسلامی دەسکەوتە؟

مەرج نییە ئەو هاوکێشەیە دواجار بە قازانجی کۆماری ئیسلامی بشکێتەوە. ئەمن پێم‌وایە بە پێی لێدوانەکانی بەرپرسانی هەرێم، هەرێمی کوردستان دەیەوێ ئەو سیاسەتە دروستەی خۆی کە هەتا ئێستا پاراستنی شوناسی سیاسی، نەتەوەیی و ئیداریی خۆیانە بیپارێزن. ڕەفتاری کۆماری ئیسلامی کاریگەریی نەرێنیشی لەسەر ڕوانگەی خەڵکی عێراق و هەرێم دەبێ، چونکی دەپرسن ئەمە چ حکوومەتێک و دەراوسێیەکی باشە کە ئەو کردەوەیە. ڕوون و ئاشکرایە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ هەرێمی کوردستان تووشی کێشەیەکی سیاسیی قورستر بکات کە من لام وایە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان، لەوە بە ئەزموونتر و وشیارترن بکەونە داوی هاوکێشەیەکی وا کە کۆماری ئیسلامی بۆیانی ناوەتەوە.

### کاریگەریی ملبەملەی ئێران و ئەمریکا لەسەر خەباتی خەڵکی ئێران بەدژی ڕێژیم

پێش هەموو شتێک دیارە کە دەوڵەتان لە ناوچەدا بەرژەوەندییەکانی خۆیانیان دەوێت دیارە کە ئەمریکاش هەر لە بەرژەوەندییەکانی خۆی دەگەڕێ وئێرانیش زۆر سروشتییە بەرژەوەندیی خۆی مەبەست بێت. لە ٤٥ ساڵی ڕابردووشدا ئەم دوو حکوومەتە ئەگەرچی لەگەڵ یەکتر کێشەیان هەبووە و پێوەندی ڕاستەخۆی سیاسییان لەگەڵ یەکتری نەبووە، بەڵام ناڕاستەخۆ لە بابەت پرسەکانی ناوچەدا، زۆرجار لەگەڵ یەکتر ڕا و ڕاوێژیان بە یەکتر هەبوو و لەسەر زۆر شت لەگەڵ یەکتری سازاون. لە کێشەکانی ئەفغانستان، عێراق، هێندێک بابەتی پێوەندیدار لە کەنداو و تەنانەت ئەو دۆخەی ئێستا

لە غەززە دروست بووە، ئێمە ئاستێک لەو هاوئاهەنگی و تەعامەلە لەگەڵ یەکترییە دەبینین. مەسەلەن ئەوەی کە حەماس لە ئیسرائیل کردی و ئەو وێرانییەی بۆ خەڵکی غەززە دروستی کرد، هەمووان دەزانن کە کۆماری ئیسلامیی لە پشتە. کەچی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دێتە عێراق و دوایە سەرۆکوەزیری عێراق دەچێتە تاران تا پەیامەکەی ئەمریکا بگەیەنێت کە ئەم شەڕە با لەوە زیاتر تەشەنە نەکات. کەواتە ئەو دوو وڵاتە هەتا ئێستا ناکۆکییەکانی خۆیانیان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان مودیرییەت کردوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەمریکا و دەوڵەتانی ناوچە، ئەگەر بیانەوێ ئەو ناوچە ئاڵۆزە ئەمنیەت و سەقامگیرییەک بەخۆیەوە ببینێ و لەکۆڵ ئەم شەڕ و دوژمنایەتییە بێتەوە، دەبێ بیر لە ویشکردنی ماکەی قەیران و ناسەقامگیرییەکان بکەنەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و پێویستە چارەنووسی خۆیان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران یەکلا کەنەوە. ئەمن پێموایە ئەو حاڵەتە هەتا سەر ناتوانێ هەر ئاوا دەرێژەی هەبێ و لە کۆتاییدا ئێران و ئەمریکا لە جێگایەک لەگەڵ یەکتری یەکلای دەکەنەوە. ئێران دەیەوێ ئەمریکا وەک چۆن ئەفغانستانی بەجێ هێشت ئێرەی بۆ بەجێ بێڵێ، کە من پێموانییە ئەمریکا ئەوە بکات و ڕەنگبێ بۆ بەرژەوەندی خۆی و خەڵکی ناوچەکە، جۆرێکی دیکە لەگەڵ ئێران هەڵسوکەوت بکات کە ئەوەش یەکێک لە ئەگەرەکانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان مێدیا – ڕێکەوتی: ٤ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣

# مستەفا مەولوودی: خەڵکی کوردستان سیاسیتر و مافویستتر لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانن



**دیمانە: زانیار حوسێنی**

**ئاماژە:**

**دوو حەوتوو دوای ڕاگەیاندنی ئاکامی بەناو هەڵبژاردنەکان پرس و پرسیارەکان لەسەر پێگەی سەرکۆماری لە نیزامی کۆماری ئیسلامی، دۆخی خەڵک و بەڵێنەکانی پزشکیان، هێناوەی ڕیفۆڕمخوازەکان بۆ نیشاندنی وێنایەکی دی لە ڕێژیم بۆ تێپەڕین لە قەیرانەکان و هەروەها ئاسۆ و دوورەدیمەنی خەبات و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئێران بەتایبەت کوردستان، ڕۆژەڤی سیاسیی کۆڕوکۆمەڵە سیاسییەکانن. "کوردستان" بۆ دەرخستنی سیاسەت و خوێندنەوەکانی حیزبی دێموکرات دیمانەیەکی لەگەڵ مستەفا مەولوودی، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردوە.**

**زانیار حوسێنی:** لەگەڵ ئەوەدا پزشکیان بە کەمترین دەنگ لە مێژووی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە مێژووی ئێراندا ناوی لە سندووەکانی دەنگدان هاتە دەرێ، بەڵام هەر ئەو کەمایەتییە بەشدارەش بەهیوای ئاڵوگۆڕ لە دۆخی وڵاتدا بەشدارییان کردوە. پرسیار ئەوەیە پێگەی سەرکۆمار لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی و ڕادەی دەسەڵاتی بۆ ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتەکانی نیزام و بەڕێوەبەریی وڵات چەندە؟

**مستەفا مەولوودی**: ٦ میلیۆن کەس لە ئێران مافی بەشداری و دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانی هەبوو، بەڵام بەپێی ئامارەکانی ڕژیم کە جێگای باوەڕ نین و پێوەی دەنرێن، لە دەورەی یەکەمدا بەشداریی خەڵکد کەمتر لە سەدا چل و لە دەوری دووهەمدا کەمتر لە سەدا پەنجا بووە. خۆ ئەگەر ئەم داتایە ڕاستیش بێ، نیزیکەی ١٦ میلیۆن کەس دەنگی داوە بە مەسعود پزیشکیان، یانی نیزیک یەک لە چواری ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو. بەو جۆرە پێگە و پشتیوانی خەڵکی وڵات بۆ پزیشکیان زۆر لاوازە و ناوبراو ناتوانێ زۆر پشتگەرم دەبێ بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە و بەرنامەکانی، جا ئەگەر پرۆژە و بەرنامەیەکیشی هەبێ. چونکی ناوبراو هاوکات لە دەرکەوتنی ئاسایی و هەندێ ڕەخنەی گشتی لە دۆخی وڵات کە لە کێبرکێیەکانی هەڵبژاردندا زۆر ئاساییە، زۆر بەڕاشکاوی ڕایگەیاندوە کە پرۆژەم نییە و پرۆژەی من ئەو ڕێکارانەن ڕێبەر! دیاریی کردون یان دیارییان دەکات!

خۆ ئەگەر چاوێک بە یاسای بنەڕەتی ئێراندا بگێڕین، دەبینین دەسەڵاتی تەواو بۆ ڕێبەرە و سەرکۆمار لە ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا نەفەری دووهەمە. بۆیە ئەگەر بیشیهەوێ گۆڕانێکی جیددی لە سیاسەتی گشتیی نیزامدا دروست بکات، لە ڕاستیدا بۆی ناکرێت. دیاریکردنی هێڵی سیاسەتە گشتییەکانی ڕژیم لە دەسەڵاتی ڕێبەردایە و چاوەدێری ئەم هێڵە سیاسییانەش هەر بە ڕێبەرە؛ ڕێبەری کۆماری ئیسلامی فەرماندەری گشتیی هێزە چەکدارەکانە، سیاسەتی ستراتیژیکی دەرەوەی وڵاتیش هەر لە پاوانی ڕێبەردایە، کاربەدەستە پلەبەرزەکان و سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری ڕێبەر دیارییان دەکات و زۆر ئەرک و سەلاحییەتی دیکە لە دەست ئەودایە و ئێستا باسی ئێمە نییە. سەرکۆمار بەپێی یاسای بنەڕەتی زۆرتر ئەرکی بۆ دیاری کراوە تا سەڵاحییەت و دەستکراوەیی لە کارەکاندا، هەر بۆیە ئەگەر سەرکۆمار بیهەوێ گۆڕانێکی بنەڕەتی دروست بکات، ئەوە لە توانایی و دەستئاوەڵایی سەرکۆماردا نییە؛ ئەزموونی هەشت ساڵ سەرکۆماریی خاتەمی و لەدوای ئەویش ڕۆحانی کە زۆر لە پزیشکیان بەهێزتر بوون، دەرخەری ئەو ڕاستییەن سەرکۆمار لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ناتوانێ گۆڕانێک دروست بکا.

**زانیار حوسێنی**: باسی سەرەکی هەرە ئەوەیە ئاماژەتان پێ دا. ئیسلاحتەڵەبەکان ئەوکات و لەوپەڕی بەهێزیی خۆیاندا چییان لە بەرژەوەندیی خەڵک لە ساختاری کۆماری ئیسلامیدا گۆڕی کە لە دۆخی ئێستادا لە دەستیان دێت؟

**مستەفا مەولوودی**: سێناریۆ جۆراوجۆرەکانی ڕێژیمی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتداریدا زۆر کەسی تووشی گومان و سەرسووڕمان کردوە؛ ئەو شێوەیە لە پەسندکردنی شیاوی بۆ کاندیدابوون لەلایەن شۆڕای نیگابان یەک لەو سێناریۆیانەیە کە یاری بە شعووری خەڵک دەکات، دەنا بەپێی دەستوری بنەڕەتی دەسەڵاتی تەواو لەدەست ڕێبەری کۆماری ئیسلامیدایە و وەک لە ماددەی ١١٣ی یاسای بنەڕەتیدا هاتوە "سەرکۆمار دوای ڕێبەر، بەرپرسی فەرمیی وڵاتە جیا لەو ئەرک و سەلاحییەتانەی بۆ ڕێبەر داندراوە". دەی ئەگەر سەیری ئەرک و دەسەڵاتی ڕێبەریش دەکەی، ڕاستی هەموو دەسەڵاتە کاریگەر و شوێندارەکان لە

پاوانی ئەودان. کاتی خۆی خاتەمی دانی بەوە دانا سەرکۆمار تەداروکچییە، یان بە جۆرێکی دیکە بڵێین جێگرە بۆ ڕاپەراندنی کۆمەڵێک کاری سنووودار کە ڕێگای چارە و یەکلاکردنەوەیان هەر لەلای ڕێبەرە و سەرکۆمار بە یاسا دەست و باڵی بەستراوە. لەو چەند ڕۆژەشدا کە باس لە ڕۆڵی سەرکۆمار لە ئێران دەکرا، کۆی جومگەکانی دەسەڵاتیان بە ٢٩ جومگە دانا کە ٢١ جومگە بۆ ڕێبەر و ٧ جومگەیان بۆ ناوەندەکانی ئایینی داناوە و تەنیا یەک جومگەیان بۆ سەرکۆمار هێشتۆتەوە. جیا لەوەش دەڵێن لە ١٨ وەزیر لانیکەم ٩ کەسیان بە ڕەزامەندی خامنەیی دەبێ دیاری بکرێن؛ لام وایە بۆ وەزیرەکانی دیکەش ڕاوێژی لەگەڵ دەکەن. هەر بۆیە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران لە هەموو ئەو ١٤ خولەی پێشوودا گۆڕانکاریی لە بەرژەوەندیی خەڵکدا لێ نەکەوتۆتەوە، خۆ هەر ئەوکات کە چارەنووسی برایم ڕەئیسی نادیار بوو، و خامنەیی دۆعای خێری بۆ کردن، گوتیشی کە جێی هیچ نیگەرانییەک بۆ ڕاپەراندنی کاروباری وڵات نییە، چونکی هەمووی لە بن دەستی خۆیدایە. لەوەش بترازێ هەموو ئەو کەسانەی بۆ گەمەی هەڵبژاردن تەئیید دەکرێ، پێشتر بەتەواوی پێبەندیان بە ڕێژیم، یاسای بنەڕەتی و ڕێبەر سەلماوە و هەموو ئەو نەهامەتییانەش بەسەر خەڵکی ئێران هاتوون، هەموو لە دەورانی سەرکۆماریی سەرکۆمارەکاندا بووە؛ ئەدی بۆ نەیانتوانیوە لە بەرژەوەندیی خەڵکدا کارێک بکەن. خۆ زۆرترین تیرۆرەکان، سەرکوتی نارەزایەتی و خۆپێشاندانەکانیش هەر لە سەردەمی بەناو دەوڵەتی "سازندگی" و ڕێفۆڕمخواز و ئێعتدالگەراکاندا کران. بۆیە دۆخ و چارەنووسی دەوڵەتی پزشکیانیش لەوە بەدەر نابێت.

**زانیار حوسێنی**: لەگەڵ ئەوەشدا پێتان وانییە هاتنی ڕێفۆڕمخوازەکان لە قۆناغە هەستیارەکانی مێژووی کۆماری ئیسلامیدا ڕێژیمی لە زۆر قەیران ڕزگار کردوە؟ بۆ نموونە ساڵی ١٣٧٦ و دوای بڕیاری دادگای مێکونووس کە خاتەمییان هێنایە پێشێ. یان قۆناغی دوای سەرکۆماری ئەحمەدینژاد بە قوتکردنەوەی حەسەن ڕوحانی و هەروەها لە قۆناغی ئێستای دوای بزووتنەوەی ژینادا؟

**مستەفا مەولوودی**: لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا دەبینین هەرکات حکوومەت خراپ سیاسەتی کردوە و لەو سۆنگەیەوە بێزاری زۆری لەنێو وڵات و خەڵکدا لێ کەوتۆتەوە، یان دەستێوەردانی ڕێژیم لە ناوچەکەدا سنووورە دیاریکراوەکانی بەزاندوە و بەرژەوەندیی وڵاتانی ناوچە و هێزە خاوەن بەرژەوەندییەکان لە ناوچەی زیاد لە پێویست وە مەترسی خستوە و ئەگەری کاردانەوە و گۆڕینی دۆخ لەدژی ڕێژیم هەست پێکراوە، یان ڕێژیم خۆی بۆ هەندێ گۆڕانکاری پێویستیی بە گۆڕینی ستراتیژی و ئەجێندای سیاسی بووە، زیرەکانە هاتوە و کەسانێکی وەپێش داوە بۆ ئەوەی لە نێوخۆ خەڵک و لە دەرەوەش وڵاتان و بیروڕای گشتی هەڵخڕێنن. ئەوەی بە پۆلیسی باش و خراپ، یان هەڵبژاردنی خراپ لەهەمبەر خراپتریش ناوی دێت. بەڵام لەگەڵ ئەو گەمە و سیناریۆسازییانە، ئەو نیزامە لەڕووی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و پێوەندیی نێودەوڵەتی ڕۆژ بە ڕۆژ تووشی قەیرانی جۆراوجۆری زیاتر بووە. ئەوە ڕوونە دەسەڵات لە ئێراندا بە ڕێبەرە نەک سەرکۆمار کە ٤ ساڵ جارێک دەگۆڕدرێ. هەروەها لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا زۆر دەسەڵاتی فەرمی و نافەرمی و ئایینی و ئایینزایی

سەیر و سەمەرە و هاوتەریب یان بڵێین لەسێبەردا دروست کراون. بۆ نموونە هەر ئێستا کە پزیشکیان بۆتە سەرکۆمار دەیان سایت و نیهاد و ناوەندی جۆراوجۆر و ڕووحانی و مۆرەی نیزامی و ئەمنییەتی خەت و نیشانی قوت بوونەتەوە بۆوەی پشکیان لە کابینەکەیدا هەبێت. کاتێکیش چاو لە سەرکۆمارە هەرە بەهێزەکانی ڕیفۆرمخوازەکان یانی خاتەمی و ڕووحانی دەکەین، دەبینین ئەوانیش هیچیان پێ نەکراوە و تەنانەت هاواریان لێ بڵیند بووە کە ئەو بازنە بچووکە سەڵاحییەتەکەی بە هۆی کۆسپ خستنە سەرڕێی ئەوانی تر کەوتۆتە مەترسی و هیچیان لە دەست نەهاتوە بیکەن. جا کەسێکی وەک پزیشکیان کە بەهەموو حسابێک لە هەردووکیان لاوازترە، سروشتییە چاوەڕوانی زیاتری لێ ناکرێ و دەرگا لەسەر ئەو پاژنەیە دەگەڕێ ٤٥ ساڵە دیاری کراوە.

**زانیار حوسێنی**: پێتان وانییە دەمامکەکانی پزشکیان هەر لە چەند ڕۆژی یەکەم و زۆر زوو لادران؟ بە سەرنجدان با ڕابردووی سەرکۆمارەکانی پێشوو لە چوارچێوەی ڕێژیمدا چ داهاتوویەک بۆ ئەو وێنا دەکەن؟

**مستەفا مەولوودی**: مەسعود پزیشکیان لە دەورانی کێبەرکێ بەناو هەڵبژاردندا بەنیسبەت لەوانی دیکە قسەی باشتری دەکرد و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی چاوی زیاتری لەسەر کۆ بێتەوە و کۆمەڵێک ئومید و چاوەڕوانی لەسەر دروست بکرێت. دیارە وەک دەزانین لانیکەم سەتا ٦٠ی خەڵک بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیان کرد و ئەوەش ئەو خوێندنەوەیەی بۆ دەکرێ کە ئەو زۆرینەیە خوازیاری تێپەڕبوون لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین و هیچ هیوایەکیان بەو ڕێژیمە نییە و بیریان لای ڕووخانی ڕێژیم و گۆڕینی نیزامە. پزشکیان مۆرەی موخلیسی ئەو ڕێژیمە بووە و کارنامەی سیاسیی ئەو لە بەشداریی لە شۆڕشی بەناو فەرهەنگی لە زانکۆکان، لە سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ، یان لە پەردەپۆشکردنی کوشتنی بەئانقەستی زارا کازمی، پەیامنێری ئێرانی-کانادایی لە زیندانی ئێڤینی تاران هەمووان دەیزانین. هەر خۆی لە دەورانی کێبەرکێی هەڵبژاردندا لە زانکۆی تاران بەڕاشکاوی ڕایگەیاند شوێنکەوتووی ڕێبەرە و کەس لەو ئاستەدا نییە ڕەخنە لە خامنەیی بگرێت. تەنانەت هەرچەند بەشێک لە ڕیفۆرمخوازەکان لە دەوری هاڵاوان، بەڵام ئەو زۆر ڕاشکاوانە ڕایگەیاندوە ئوسوولگەرایە. هەروەها نەیشاردۆتەوە کە بۆ کاروباری وڵاتیش بەرنایەکەی ئەوتۆی نییە و چاوی لە زاری ڕێبەری کۆماری ئیسلامییە و پلان و بەرنامەکانی ئەو جێبەجێ دەکات. لە کاتی سەرکەوتنیشدا بەر لەوەی دەستخۆشی و سوپاس لە خەڵک بکات، سوپاسی ویلایەتی فەقیهی کرد و گوتی ئەگەر ڕێبەری کۆماری ئیسلامی چاکەی لەگەڵ نەکردبا، ناوی ئەو لە سەندوق دەرنەدەهات. جا کەسێک ئەو بەو پێشینەیە چاوەڕوانی گۆران و بابەتی جیددی لێ ناکرێ جا با قسەی باشیشی کردبێ. مێژووی ڕژیمە دیکتاتۆڕەکان لێوانلێو لە قسەی جوان و وێناکردنی داهاتوویەکی باشە بەڵام هەمیشە بەپێچەوانەی قسەکانیان تەنیا لە هەوڵی پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان دابوون و خەڵکیان پشتگوێ خستوە.

**زانیار حوسێنی**: حیزبی دێموکرات چەندین هەڵبژاردنی ئەمدواییانەی سەرکۆماری و مەجلیسی لانیکەم لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا

**بایکۆت کردوە. دەسکەوتەکانی ئەو سیاسەت و هەڵوێستە بۆ حیزبی دیموکرات، بزووتنەوەی سیاسیی کورد و خەڵکی کوردستان چی بووە؟**

**مستەفا مەولوودی**: دەسکەوتی سیاسی یەک ڕۆژە و کتوپڕ نایەتە دی، بەڵام هەر لە سەرەتاوە کە حیزبی دێموکرات ماهییەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەتەواوی بۆ روون بۆتەوە بەنیسبەت زۆربەی هەڵبژاردنەکانی سیاسەتی بایکۆتی گرتووەتە بەر. ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی خەڵک لە هەڵوێست و سیاسەتی حیزب ورد ببنەوە و زۆرتر تێ بفکرن و ئەم ڕێژیمە لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان، تەنانەت لە نێو خەڵکی دیکەشدا بکەوێتە بەر هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی هەموو ئەو کەسانەی کە بە هەستیارییەکی زۆرترەوە لە هەڵبژاردن و بەشداری لە هەڵبژاردن و شوێندانەری و کاریگەرییەکانی ورد دەبنەوە.

**ئەزموونی هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا نیشانی داوە هەڵبژاردن لانیکەم بە سێ هۆکار لە وڵاتی ئێران ناتوانێ ئەو شوێندانەرییەی هەبێ کە چاوەڕوان دەکرێ؛**

**یەکەم**: لە نیزامی سیاسیی دیکتاتۆریدا وا نییە هەڵبژاردن کاریگەریی جیددی هەبێ.

**دووهەم**: نیزامی سیاسی دێموکراتیک نییە هەتا کەسەکان بتوانن خۆ بپاڵێون و خەڵک بە هەڵبژاردنی باشترین بتوانن گۆڕان لە سیاسەتی دەوڵەتدا دروست بکەن.

**سێهەم**: هەڵبژاردن لە ئێراندا بۆ ئەوەیە بەشی ئیداریی دەسەڵات بەڕێوە بەچێ و مودیرییەت بکرێ و چ ئەنجامێک بخوازن هەر ئەو دەبێ؛ بۆیە بەشداری لە هەڵبژاردندا نەیتوانیوە و ناتوانێ کاریگەر بێ و شوێندانەری هەبێ.

**بایکۆت لە کوردستان لەلایەن حیزبەکان و خەڵکدا بەتایبەت لەلایەن حیزبی دێموکرات کە خەڵک پشگیری سیاسەتەکانی دەکەن، توانیویەتی نێوەرۆک و تەواوەتیی ڕێژیم باشتر بە خەڵک بناسێنێ و سەرنجی خەڵکی کوردستان و ئێرانی زۆرتر بۆ لای بابەتە سیاسییەکان ڕاکێشاوە و خەڵک بە چاوێکی زۆر وردبینانە سەیری ڕژیم و کار و کردەوەکانی ڕژیمیان بەتایبەت لە کوردستان کردوە؛ ئەوە کۆمەڵگەی کوردستانی سیاسیتر و مافویستتر کردوە.**

**کاتێک دەڵێین لە هەموو ئەو ساڵانەدا خەباتی کوردستان دژی ڕژیم بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەی هەبووە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ هەرکات حیزبەکان تێکۆشانی بەرچاوی مەیدانییان هەبووە خەڵک بە هەراوی پشتیوانیان لە حیزبەکان کردوە،**

یارمەتییان داون و هاوکارییان کردون. کاتێکیش بە هۆکاری سیاسی حیزبەکان نەکراوە تێکۆشانی مەیدانیی بەرچاویان لە ڕۆژهەڵات هەبێت، خەڵک بە خەباتی مەدەنی، کولتووری و کۆمەڵایەتی و نافەرمانییەکانی چەشنی بایکۆتی هەڵبژاردنەکان خەبات و خۆڕاگریی کورد لە ئێرانیان بە زیندوویی هێشتۆتەوە. ئەو دەسکەوتانەش ئەگەر بەشێکی لە وشیاری سیاسیی خەڵکی کوردستان سەرچاوە دەگرێ. بەڵام بەشی زۆری بۆ حزوور و سیاسەت و بوونی حیزبەکان بەتایبەت حیزبی دێموکرات دەگەڕێتەوە.

**زانیار حوسێنی**: بۆچی سیاسەتی بایکۆت، یان بڵێین بەرهەم و دەسکەوتی بایکۆت نەیتوانیوە ببێتە دەسمایە بۆ دیپلۆماسیی ئۆپۆزیسیۆن و بەهێزکردنی پێگەیان لە هاوکێشەکانی پێوەندیدار بە ئێراندا؟

**مستەفا مەولوودی**: ئێران وڵاتێکی گرینگە، هەڵکەوتەی ژێئۆپۆلیتیکی، مێژوویی، دەوڵەمەندی و توانای خەڵکی تەنانەت هاوسەنگیی سیاسی لە ناوچەدا بۆ کاریگەری و پاراستنی بەرژەوەندی وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندی لەو ناوچەدا بەتایبەت بوونی وڵاتانی گرینگ وەک تورکیە و عەرەبستانی سعوودی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بەو هەموو جۆراوجۆرییە سیاسی و تێکەڵاوە و پێکهاتەی زۆر، هەموویان دەستیان داوەتە یەک و تایبەتمەندی تایبەتییان داوە بە ئێران. سروشتییە ڕێبەرانی سیاسیی ئێرانیش ئەو تایبەتمەندییە بەهێزە بۆ بەرژەوەندی و پاراستنی ڕژیم لە ئێران بەکار دێنن؛ بۆیە ئەو هۆیانە دەبنە هۆی بەهێز بۆ ئەوەی زۆربەی وڵاتان بەتایبەت وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندی لە دەرەوە و وڵاتانی ناوچەش زۆرتر لە بەرژەوەندی خۆیانی دەڕوانن تا ئەوە بیرێک لە قازانج و بەرژەوەندیی خەڵکی ئێران بکەنەوە. جیا لەوەش لاوازی ئۆپۆزیسیۆن یارمەتی بەو جۆرە سیاسەتەکردنە؛ مادام وڵاتان ئۆپۆزیسیۆنی بەهێزی ڕژیمی ئێران نابینن، ئەولەوییەتی یەکەمیان قازانج و بەرژەوەندی خۆیانە و دەتوانێ بیانوو بێ بۆ سات و سەوداکردنیان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران و گوێی خۆیان خەواندوە لە ویست و داخوازی ڕەوای خەڵکی ئێران.

**زانیار حوسێنی**: کاک مستەفا لە ئێرانی نوقمی قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، کلیلی دەربازبوون لەو دۆخە و ڕێگای سەرکەوتنی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و ئێران لە چیدایە؟

**مستەفا مەولوودی**: زۆر ڕوونە کلیلی دەربازبوون لەو دۆخە، تێپەڕین لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و هێنانەسەکاری حکوومەتی دێموکراتیکی وەڵامدەرە، ئەویش ئێستا بووە بە کەڵکەڵەی فیکری زۆربەی گەلانی ئێران؛ ئەوەی زۆربەی گەلانی ئێران لەئێستا بەشداریی سێناریۆکانی هەڵبژاردنی ڕژیم ناکەن و لە شەقامدا دروشمی مردن بۆ خامنەیی دەڵێنەوە کە بۆتە دروشمی تێپەڕبوون لە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی. ساڵانە خەڵک ماوە بە ماوە بە بیانووی جۆراوجۆر دەڕژێنە سەرشەقام و نارەزایەتی لە جۆری سیاسەتکردن و مودیرییەت و هەڵس و کەوتی کاربەدەستانی ڕژیم دەردەبڕن، خۆپێشاندان دەکەن و

دروشم دەڵێنەوە و ئازایانە نواندن دەکەن؛ ئەوە نیشاندەری بوونی بۆشاییەکی گەورە و زۆرە لە نێوان خەڵک و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا. بە بڕوای من جیا لە تێپەڕبوون لە نیزام هیچ ڕێگای دیکە نییە بۆ ئەوەی بیری لێ بکرێتەوە.

سروشتییە چارەنووسی سیاسیی خەڵکی کوردستان لە ڕۆژهەڵات جیا لە هێندێک تایبەتمەندیی کوردانەی نەبێ، پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە چارەنووسی گشتیی گەلانی ئێران کە خەڵکی کوردستان بەتەواوی هەستیان بەو ڕاستییە کردوە؛ ئەوە بەتەواوی بە دروشمی سیاسی حیزبەکان و چۆنیەتیی تێکۆشانیان و چالاکی مەدەنی خەڵکی کوردستانەوە دیارە. ئەگەر گەلانی ئێران بە گشتی قۆڵی هیممەت هەڵماڵن، دڵنیام گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێشەوەن و پێشەنگی خەبات دەبن بۆ لادانی ئەو ڕژیمە کە خەباتێکی ڕەوا، بەرپرسانە و پڕ تێچووی شۆڕشگێڕانە دەکەن هەتا نەمانی ڕژیم و سەرکەوتنی گەلانی ئێران بە دژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا مەولوودی: زۆر پرس لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەن کە دەبێ چارەسەر بکرێن، یەک لەوان مافی نەتەوایەتیی گەلە بندەستەکانە




**دیمانە: سابیر فەتاحی**

**ئاماژە:**

ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی دووشەممە، ١٦ی ڕەزبەر بە مەبەستی تاوتوێ و هەڵسەنگاندنی ڕەوشی سیاسیی ئێران و ناوچە و، هەروەها کاریگەریی ئەم دۆخە لەسەر خەبات و تێکۆشانی گەلانی ئێران و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان کۆبوونەوەیەکی پێکهێنا.

"کورد کاناڵ" لە دیمانەیەکی تایبەتدا بە بەشداریی کاک مستەفا مەولوودی، بەرپرسی ناوەندی ئیداریی حیزب تیشکی خستبووە سەر باس و لێکدانەوەکانی ئەم کۆبوونەوەیە و ئاکام و دەرەنجامەکانی. "کوردستان" ئەم دیمانەیەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە.

**سابیر فەتاحی:** کاک مستەفا تکایە لە سەرەتای باسەکەماندا ئەگەر دەکرێ تیشک بخەنە سەر خاڵە گرینگەکانی تازەترین کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات کە لەو ماوەیەدا گیرا.

**مستەفا مەولوودی**: بەپێی ڕێوشوێنی تایبەت ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ماوە بە ماوە کۆبوونەوەی خۆی دەگرێ و لەو کۆبوونەوانەدا پرسە سیاسییە ڕۆژەڤ و بابەتە تەشکیلاتییەکان تاوتوێ دەکات. باسی سەرەکیی تازەترین کۆبوونەوەی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات تاوتوێی شەڕی حەماس و حیزبوڵڵا لەگەڵ ئیسرائیل و ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی حکوومەتی ئێران لەو شەڕەدا بوو. کۆبوونەوەکەش بە هەڵکەوت هاوکات بوو لەگەڵ ساڵرۆژی هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبری ساڵی ڕابردوودا.

**سابیر فەتاحی**: خوێندنەوەی ڕێبەریی حیزب لەو دۆخە چ بوو؟

**مستەفا مەولوودی**: ڕێبەریی حیزب لەسەر ئەو باوەڕەیە ئەم شەڕە کە ئێران لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا هەڵیگیرساند و چاوەڕوانیی ئەو بەرینبوونەوەیەی نەدەکرد، بە زیانی خەڵکی فەلەستین، بە زیانی خەڵکی لوبنانە و هێزە سیاسییەکانی ئەو وڵاتانە نەک قازانجیان تێدا نەکردوە بەڵکوو زۆر زەرەرمەند بوون. هەروەها لەوانەیە دەوڵەتی ئیسرائیلیش نەتوانێ بەو ئامانجانە بگات کە لەو شەڕەدا بۆخۆی دیاریی کردوە کە دیارە ئەوە پێوەندیی بە خۆیانەوە هەیە. ئێمە پێمان وایە ئەم شەڕە لە ڕاستیدا ئەگەر لەسەر پاشخانی کێشەی ڕابردووی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان یا عەرەب و ئیسرائیلیش بووبێت، بێ لەو لایەنانە وەکوو حەماس لە غەززە و حیزبوڵڵا لە لوبنان لە ڕاستیدا دنەدان و دەستێوەردانەکانی ئێران ئەم شەڕەی چەندقات مەترسیدارتر کردوە. ڕێبەریی حیزبی دێموکرات پێیوایە ئەو دەستێوەردانە ئەمنییەتی گیانیی خەڵکی ناوچەکەی زۆرتر خستووەتە مەترسییەوە کە ئاسەوارەکەی لەو یەک ساڵەدا دەبینین و لە ڕاستیدا دووره دیمەنی سۆڵح و ئاشتیشی زۆر دوورەدەست کردوە. هەر لەو پێوەندییەدا پێویستە تیشک بخەینە سەر ئەوەی خەڵکی ئێرانیش بەبێ ئەوەی ئیرادەی ئەوانی تێدا بێت، تێچووی یەکی زۆر بۆ ئەو شەڕە دەدەن لە حاڵێکدا ئەوە شەڕی خەڵکی ئێران و لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەوان نییە.

**سابیر فەتاحی**: چۆن باس لە تێچووکانی ئەو شەڕە بۆ خەڵک و وڵاتی ئێران دەکەن؟

**مستەفا مەولوودی**: جارێ لە پێشدا تێچووی ماددیی شەڕەکە زۆرە و ئێعتباری سیاسیی خەڵکی ئێران و وڵاتی ئێرانیش لەو شەڕەدا زۆر زەرەرمەند بووە. ئێستا ئەگەر دابنێین وڵاتی ئێران بەپێی ئەو هەڵکەوتە ژئۆپۆلیتیکەی هەیەتی دەبێ لە ناوچەکەدا ڕۆڵی مۆسبەتی هەبێ بۆ باسە ئەمنییەتی، ئابووری و پێوەندیی دەوڵەتی و نێودەوڵەتی. بەڵام پێچەوانە کۆماری ئیسلامی خۆی هۆکاری سەرەکیی شەڕ و ناسەقامگیرییەکان لە ناوچەکەدا بووە کە ئەمە زەرەر و زیانەکەی بۆ ئێران زۆر قوورس دەبێت. واتە سیاسەتی شەڕئەنگێزی و قەیرانخوڵقێنیی کۆماری ئیسلامی هەم ناوچەکەی تووشی شەڕێکی قوورس و درێژخایەن کردوە، هەم لەو سۆنگەیەوە پەرەی بە قەیرانە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە نێوخۆی وڵات داوە و

ئەمەش تێچووەکەی خەڵکی ئێران دەیدەن.

**سابیر فەتاحی**: دوای ساڵێک لەو شەڕە ئێستا ئیدی باس لە شەڕی ڕاستەوخۆی نێوان ئیسرائیل و ئێران دەکرێ. لە ئەگەری ئەم شەڕە ڕاستەوخۆیەدا ناوچە بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات؟ ئایا هەر لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا قەتیس دەمێنێتەوە یان ئەگەری پەلهاویشتنی دیکەش هەیە؟

**مستەفا مەولوودی**: جارێ پێش هەموو شتێک و بەرلە دروستبوونی ئەم شەڕەش، شەڕەکە زەمینەی پێشتری هەبوو. یانی بڵێی یەک ڕۆژە حەماس لە غەزە و یەکجێ بڕیاری دا بێت هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل و کارەساتی ٧ی ئۆکتۆبر بخوڵقێنێت کە ئەوکات لەڕاستیدا دنیای هەژاند و ئێستاش ئاسەوارەکەی دیارە. سروشتییە کە ڕەوتی مێژووی ناکۆکییەکان پێشتر زەمینەی بۆ ڕەخساندبوو، دەرەتان و ئیمکاناتی بۆ دەستەبەر کرابوو، پلان و بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو و گرینگتر لە هەموو ئەوانەش کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو ئەم پلان و پێشهاتەدا دەور و نەخشی سەرەکیی بووە. کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی دەسەڵات و هەژمۆنیی خۆی زیاتر پەرە پێبدات و بۆ ئەوەی کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان زۆرتر کاتەوە، هاتووە میلیشیا و هێزە نیابەتییەکانی کە بۆ ئەو ڕۆژە پڕچەک و ئامادەی کردوون، لە غەززە، لوبنان، یەمەن، سووریە و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە لە شەڕەکە دەگلێنێ. کەواتە بوار و بەستێنی دروستبونی ئەم شەڕە و تێوەردانی لایەنێکی زۆرتر لەلایەن ئێرانەوە پێش ئەو یەکساڵەش دروست بووە، بەڵام ئەم یەکساڵە ئاسەوار و دەرکەوتنەکەی پتر بەرچاو دەکەوێ. ئێستا دەبینین فەلەستینییەکان یا خەڵکی باشووری لوبنان کە زیاتر لەژێر دەسەڵاتی حیزبوڵڵادا بوو، ڕاستەخۆ بوونەتە ئامانجی ئەو شەڕە و لەو پێوەندییەشدا زۆر زەررمەند بوون. وڵاتیان وێران بووە و خەڵکێکی زۆریان لێ کوژراوە و تەنانەت هێزەکانیان هەڵتەکاون و زەبری قوورس و گورچوبڕیان لێ کەوتوە.

**سابیر فەتاحی**: چ دوورەدیمەنێک بۆ ئەم شەڕە وێنا دەکەن؟

**مستەفا مەولوودی**: دوورەدیمەنی ئەوەیکە ئەم شەڕە بەرەو کوێ دەچێت و بە قازانجی کێ دەشکێتەوە بڕێک بەزەحمەتە. شەڕەکە هەڵگیرساوە و پێی وڵاتانی دیکەشی گرتۆتەوە، وەک حوسییەکان لە یەمەن و بە جۆرێک خەڵکی سووریە و هێندێک لایەنی دیکە لە وڵاتانی دراوسێی ئێران کە کاریگەریی کۆماری ئیسلامییان بەسەرەوەیە. ئەمە یانی ئەوەی شەڕەکە لەو کاتەوە و لەو شوێنەوە کە هەڵگیرسا زۆر بەولاوەتر چووە و ئەم ئەگەرەش هەیە کە لەوانەیە پتر لەوەندەش پەرە بستێنێت. کاتێک کۆماری ئیسلامی بەبێ ئیزنی ئەو وڵاتانە ئاسمان و زەوی و ڕێگا ئاوییەکانیان بۆ پڕچەککردنی نەیارەکانی ئیسرائیل و هێرشی مووشەکی بۆ سەر ئەم وڵاتە بەکار دێنێت، ئەویش نەک جارێک و دوو جار، ئەمە بەستێن بۆ تێوەگلاندنی پتری ئەو لایەن و وڵاتانە لەو شەڕەدا خۆش دەکات کە بێگومان بۆ سەقامگیریی ناوچەکە و ئاشتی و ئارامیی

جیهان مەترسیدارە؛ بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەو بەرپرسایەتییە لە خۆیدا شک نابات بەشێک لە هۆکاری ئارامی و تەبایی بێت، پێچەوانە هۆکاری تێکدان و شەڕ و نائارامییەکانە.

**سابیر فەتاحی**: خوێندەوەی ڕێبەریی حیزب بۆ دەور و کاریگەریی وڵاتانی ناوچە لەسەر ئەم شەڕە چییە؟

**مستەفا مەولوودی**: حیزبی دێموکرات پێیوایە زۆر کێشە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەیە کە دەبێ چارەسەر بکرێن، پێش هەموو شتێک کێشەی دێموکراسی، کێشەی پابەندبوون بە هێندێک بنەما و پرەنسیپی نێودەوڵەتی و بەڕەسمیناسینی مافی میللەتان؛ جا ئەو مافە مافی نەتەوەیی و سیاسی بێت یان مافە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و، هەموو ئەو مافانەی مرۆڤ پێویستە بۆی دابین و دەستەبەر بێت. ئەم ناوچەیە پڕە لەو کێشانە و چارەسەریش نەبوون کە بێگومان دەبێ چارەسەر بن. بەڵام لەو نێوەدا حکوومەتێک کە بەتەواوی هاتۆتە نێو قەزییەکە و لەباتی ئەوەیکە کۆمەک بە چارەسەری پرسەکان بکات، کەچی بووەتە سەبەبی شەڕ و ئاژاوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. ڕێبەریی حیزبی دێموکرات لەو کۆبوونەوەیەشدا پێی لەسەر ئەوە داگرتەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران حکوومەتێکی قەیرانخوڵقێن و بەڵایە لە ناوچەکەدا و ئەگەر خەڵکی ئێران دەیهەوێ ئاسوودە بێ و دەسەڵاتێکی وڵامدەری هەبێت، دەبێ چارەنووسی خۆی دەگەڵ نیزامی سیاسیی وڵاتەکەیان، واتە کۆماری ئیسلامی ڕوون بکاتەوە. ئەوە وەکوو خەڵکی ئێران و خەڵکی کوردستانیش وەکوو بەشێک لە پێکهاتەی جوغرافیای ئێران ئەو ئەرکەی لەسەر شانە و لەو پێوەندییەشدا لە ڕوانگەی ڕێبەریی حیزبەوە خەڵکی کوردستان بەگشتی و هێزە سیاسییەکانی کوردستان باش و بەجێ جووڵاونەتەوە. یانێ دەگەڵ ڕەوتە سیاسییەکەی بۆ ناساندنی ماهییەتی حکوومەتەکە و بۆ دەستنیشانکردنی ئەرک و دەسەڵاتی هێزە سیاسییەکان و خەڵک تێکۆشاون و ئەرکی خۆیان بەجێ دێنن.

بەشی دووهەم وڵاتانی ناوچەکەن. وڵاتانی ناوچەکە یا هێزە سیاسییەکانی بەرپرسیاری ناوچەکە لەبری ئەوەی بە دوای سیاسەتی ئێراندا بڕۆن و لە ڕێگای سیاسەتی ئێرانەوە ئەو ئاڵۆزی و شەڕ و گرژییانە دروست بکەن، حەقە پێش بە دەستێوەردانەکانی ئێران بگرن. لەوەش گرینگتر لەوانەیە ئەو ئاڵۆزییانە لە جۆری خۆیدا بە جۆرێک لە بەرژەوەندیی هێندێک وڵاتی زلهێزی بەرژەوەندیخواز بێت و بڵێ مادام کێشەیەک هەیە منیش لەو کێشەیەدا بەدوای قازانجی ئابووری و سیاسی و بەهێزکردنی جێپەنجەی خۆم دەکەمەوە. بەڵام ئەوان دەبێ بەوە گەیشتبن کە بێتوو بیر لە کۆنترۆڵکردنی حکوومەتی ئێران نەکەنەوە لەوانەیە وڵاتەکەیان تووشی ئاڵۆزیی زیاتر ببێت. بۆیە ئەوە هەم ئەرکی خەڵکی ئێران و هەم خەڵکی وڵاتانی ناوچەکە و هەم وڵاتانی خاوەن بەرژەوەندیی زلهێزە کە بە هەموویان دەست بدەنە دەست یەکتری و بەرەنگاری هەڕەشە و مەترسییەکانی کۆماری ئیسلامی ببنەوە. ئەمەش تەنیا بە گۆڕینی ئەم نیزامە و دامەزرامدنی نیزامێکی سیاسیی وڵامدەر لە ئێراندا دەتوانێ ئاکامی باش و شوێندانەری هەبێت.



سەرچاوە
Serchawe

**سابیر فەتاحی**: لە شۆڕشی ژینادا خەڵکی ئێران خۆیان تاقی کردەوە و کۆماری ئیسلامییان هەتا لێواری هەڵدێریش برد، بەڵام کۆمەڵگەی جیهانی بەو شێوەیەی کە دەبوا و چاوەڕوان دەکرا پشتیوانی لەم ڕاپەڕینە نەکرد. پێتان وایە لەم قۆناغەدا خەڵکی ئێران جارێکی دیکە بۆ گۆڕینی ئەو دەسەڵاتە بێتەوە سەر شەقامەکان؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەگەر بێین پێناسەیەک لە نیزامی کۆمەڵایەتیی دونیا بکەین، دەبینین میللەتان و ئینسانەکان لە دونیای ئێستادا زۆر بە یەکەوە مەربووتن. یانی هەر بزووتنەوە و حەرەکەتێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، تەنانەت سروشتی لە شوێنێک دەتوانی کاریگەریی لەسەر مرۆڤایەتی لە شوێنەکانی دیکە هەبێت. بۆیە بەشەرییەت ناتوانێ بە نیسبەت پێویستی و نیازی ئینسانەکان لە هیچ قۆڕنەیەکی گۆی زەوی بێتەفاوت بێت، ئەو بەو مانایە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی ئێران پێویستیی بە هاوکاری و پشتیوانی خەڵکی دیکەش هەیە. پێوەندیدار بە دۆخی ئێستاش ئەم شەڕە لە غەزە هەڵایسا، بەڵام ئێستا خەریکە بەشێکی زۆر و داوێنی خەڵکێکی زۆر و دونیایەکی پتر بگرێتەوە. لە هەموو شتێک گرینگتر ئەگەر پرسیار بکەین کە چۆن چارەسەری ئەو قەیرانە دەکرێ، مەعلوومە ئێستا بە پێناسەی سنووربەندیی دەوڵەتان کێشە و پرسی ئێرانییەکان لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا و بە خۆیان چارەسەر دەبێت. بۆیە خەڵکی ئێران دەبێ بۆ خۆیان لە فکری لابردنی کۆماری ئیسلامی و دروستکردنی نیزامێکی دێموکراتیک و وڵامدەردا بن. لەو پێوەندییەشدا زۆر سروشتییە چاوەڕوانییان لە خەڵکی دنیا هەبێت بۆوەی هاوکارییان بکەن، بەرهەڵستی سیاسەتی غەڵەتی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ببنەوە و پشتی جووڵانەوەی خەڵک بگرن. بەڵام لە هەمووی گرینگتر ئەوەیکە تا ئێستاش دەوڵەتان کە نوێنەرایەتیی میللەتان دەکەن، پتر حیساب بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەکەن. ئەوەش شتێکی لە هاوکێشە جیهانییەکاندا سروشتییە و لەوانەیە بە مەیلی خەڵکی ئێران یان مەیلی فڵان لایەن و نەتەوە نەبێت. دەوڵەتان لە بەرژەوەندیی خۆیان دەگەڕێن و مادام لە بەرژەوەندیی خۆیان دەگەڕێن حیسابی قازانج و زەرەریان دەکەن.

شک و گومان لەوەدا نییە کە دونیا دەزانێ حکوومەتی ئێران لە ناوچەکەدا حکوومەتێکی نامەتلووبە، بەڵام ئەگەر ئیرادەیەک بۆ لابردنی ئەم حکوومەتە لە دەسەڵات هەبێت، خۆ دەبێ لەوە دڵنیا بن کە لەبری کۆماری ئیسلامی چ نیزامێکی سیاسیی لەجێی دێتە دی هەتا ئیدارەی بکات و جێگرەوەکەی کێیە؟ ئەمن پێموایە ئەگەر ئێرانییەکان بەگشتی بۆ خۆیان لەسەر ئاڵتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی ڕێک بکەون و ئەو ئاڵتێرناتیڤە لە ڕاستیدا ئاڵتێرناتیڤی کۆمەڵگەی ئێران و هەڵگری خواستەکانی هەموو پێکهاتەکانی ئێران بێت و بیر لە دروستکردنی نیزامێکی دێموکراتیک و وڵامدەر لە ئێرانی داهاتوودا بکەنەوە، دونیای دەرەوەش پشتیان دەگرێت و هاوکارییشیان دەکات. بەڵام ئەگەر ئەوە نەبێت ئەو نایا کۆمەک بکات بۆ ڕووخاندنی نیزامێک کە جێگرەوەکەی دیار نەبێت و لەوانەیە لەوسۆنگەیەوە بشێوییەکیش دروست بێت، ئەویش لە وڵاتێکی گرینگ و پڕحەشیمەت بە هەڵکەوتەی ژێئۆپۆلۆتیکی وەکوو ئێراندا. دەمەوێ بڵێم دنیای دەرەوە لە خەبات و مافخوازی خەڵکی ئێران تێدەگا و دەنگی ئەو خەڵکەشی بیستوە، دەشزانێ کۆماری ئیسلامی حکوومەتێکی نابەرپرسیار و

ئاژاوەخوڵقێنە. بەڵام وەختێک جێگرەوەیەکی دیاری نییە، ئیدی نایە خۆی تووشی کێشەیەک بکات کە ئاکامەکەی دیار نەبێت. لە کۆبوونەوەکەی ڕێبەریی حیزبیشدا باس لەوە کراوە خەڵکی ئێران بەگشتی دەبێ لە فکری ئاڵتێرناتیڤێکی دێموکراتیکی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا بن و بۆ ئەوەش زۆر سروشتییە خوێندەوەی جیاواز هەیە، بەڵام لانیکەمەکەی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لەو پێوەندییەدا بەرچاوی ڕوونە کە ئاڵتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی دەبێ چ جۆرە نیزامێک بێت.

**سابیر فەتاحی**: پێوەندیدار بە بزووتنەوەی ژینا و خەباتی مافخوازیی کورد باستان لەوە کرد کە هێزە کوردستانییەکان ئەرکی خۆیان بەباشی بردۆتە پێشێ. دەکرێ ئەم باسە تۆزێک زیاترە بکەنەوە؟

**مستەفا مەولوودی**: **یەکەم**، هەر کە کۆماری ئیسلامی هاتە سەر کار و دەسەڵاتی خۆی سەپاند و دەستی بە جێخستنی نیزامی سیاسیی خۆی کرد، خەڵکی کورد و هێزە سیاسییەکان بەو قەناعەتە گەیشتن ئەو نیزامە نیزامی سیاسیی دڵخوازی کورد و ئێرانییەکان نییە. بۆیە لە بەرانبەر ئەو نیزامەدا وەستایەوە و بە خەباتی سیاسی و دیپلۆماسی نێوەرۆکی ڕاستەقینەی ئەم ڕێژیمەی بە دونیا ناساند.

**دووهەم**؛ لەگەڵ هەموو ئەمانە و لە هەمووی ئەم ماوەیەدا، یانی لەو زیاتر لە ٤٥ ساڵەدا خەڵکی کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر و کردەنی خەبات و بەربەرەکانیی خۆی بردووەتە پێشێ و لە ڕەوتی خەباتی مافخوازانەیدا تێچوویەکی زۆریشی داوە. هەر ئەوەی ئێستاش شەقامی کوردی لەسەرپێ تر و لەسەر هەستترە لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران، ئەمە لە نەخش و دەوری حیزبەکانەوە سەرچاوەی گرتوە، هەڵبەت نابێ ئازایەتی و ئەرکوەخۆگریی خەڵکیش نادیدە بگرێن.

**سابیر فەتاحی**: لە دوای ئەو یەک ساڵەی ئەم شەڕ لە ناوچەکەدا هەڵگیرساوە، ئایا ئەرکەکان بەباشی لەلایەن هێزە سیاسییەکانەوە ڕاپەڕیون، پێوەندیدار بە دۆخ و ئەگەرەکانی داهاتوو؟

**مستەفا مەولوودی**: لە ڕوانگەی منەوە هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەو ماوەیەشدا باش و دروستیان عەمەل کردوە. یەکەم پێوەندیی زیندووی خۆیان لەگەڵ خەڵکی وڵاتی خۆیان ڕاگرتوە و هاوکاری و هاوپێوەندییە ئۆرگانیکییەکەیان بردووەتە پێشێ. دووهەم لە ئامانجە سیاسییەکەی خۆیان پاشەکشەیان نەکردوە کە دەبێ ئەو نیزامە بڕوات و لە جێگای وی نیزامێکی دێموکراتیک فرەخواز و فیدراڵی دێموکراتیک دابمەزرێت. بەڵام زۆر سروشتییە لەوانەیە لە هێندێک زەرفییەت ئیستفادە نەکرابێت کە لە ڕوانگەی حیزبێکی مەسەلەن وەکوو حیزبی دێموکراتەوە ئێستاکانێ دەکرێ، یان نەخێر لەوانەیە لە ئێستادا کردەنی نەبێت. بەڵام لانیکەمەکەی دەتوانین بڵێین ئەگەر هەر هەلومەرج و بارودۆخێک بۆ ئێران بێتە پێشێ، کوردستان

لەو ناوچانەیە کە زۆر ئاسان سازماندەیی و مۆدیرییەت دەکرێ و ئیستعدادی هەیە بۆ هەر پرۆژەیەکی سیاسی کە لە ئێراندا دێتە پێشێ. کوردستان حیزبی سیاسیی بەهێز و بەئەزموونی هەیە و ئەگەر ئەو نیزامە بڕوات و نیزامی دیکە جێی بگرێتەوە و مەجلسی مۆئەسسان دروست ببێت و هاوکێشەی نوێ بێتە ئاراوە، ئەم حیزبانە دەتوانن زۆر بەباشی لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا نوێنەرایەتیی کورد بکەن.

**سابیر فەتاحی**: کاک مستەفا لە لێکدانەوە بۆ شەڕی ئیسرائیل و غەزە و بۆ شەڕی ئۆکراین و ڕووسەکانیش ئەم شەڕانە بە شەڕی جەمسەربەندییەکان ناو دەبەن. بەڵام دەبینین هەتا ئێستا ڕووسیە خۆی مات کردوە. ڕووسیە لە کوێی ئەم شەڕەدا جێی گرتووە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئێمە ئەگەر هەر سوورەتی مەسەلەکە ببینین ڕووسیە خۆی تووشی شەڕێک کردوە بۆخۆی ئەوە زیاتر لە دوو ساڵە تێیدا چەقیوە و لێی دەرباز نابێت. پێشی وا نەبوو ئەو شەڕە ئاوا قورس دەبێ بۆی و پێی وابوو خولاسە بە ماوەیەکەی کەم بەو ئامانجانەی بۆ خۆیی دانابوو پێی دەگات. بەڵام دەرکەوت کە ئەمە وا نەبوو. ئێستا ڕووسیە بۆ خۆی کێشەی زۆر گەورەی لەو شەڕە ڕاستەوخۆیەدا هەیە. ڕاستە ئەو شەڕەکەی لەگەڵ ئۆکراینە، بەڵام پشتیوانی و ئیمکاناتی ئەمریکا و ئورووپا بۆ ئەو شەڕە ڕووسییەی لەو وڵاتەدا وەستاندوە و شانسی سەرکەوتنیشی زۆر زۆر کەمە. ئەمە سەبارەت بە ڕووسیە. دووهەم هەر ئێستا نەک لە بارەی ئەو شەڕەدا، ئەسڵەن لە بارەی سیاسەت و ئێستراتێژی ڕووسیە لە سەر ئێرانیش چاودێرانی سیاسیی ئێرانییش وەدەنگ هاتوون و پێیان وایە ڕووسیە ئێران تەنیا وەک کارت و ئامرازێک بەکار دێنێت و ئەوەی دۆڕاوە و دەیدۆڕێنێ هەر ئێرانە. بۆیە ئەمن پێموایە ڕووسیە بۆ خۆی لەوە زۆرتر کێشەی هەیە تا وەکوو بێت مەسەلەن یارمەتیی ئێران و ئەو هێزانە بدات کە قسە لە ئێران وەردەگرن.

**سابیر فەتاحی**: ئەدی ئەمریکا؟ ئەمریکا پتر لایەنێکی شەڕەکەیە یان نێوبژیوان؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەمریکا نەیشاردۆتەوە کە بە هەموو تواناوە پشتگیریی ئیسرائیل دەکات. بەڵام ئەمریکا لەوە نیگەرانە گەورەبوون و بەرینبوونەوەی ئەو شەڕە یا تەنانەت درێژبوونەوەی ئەو شەڕە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەویش ڕاکێشێتە نێو شەڕەکە و ئەمریکا لە ئێستادا ئەوە بە قازانجی خۆی نازانێ. وەک بۆخۆشیان دەڵێن ئەوان ئەزموونی زۆر دەستێوەردانی دەرەکی و، ئەزموونی شەڕەکانی ئەفغانستان و عێراقیان لە دوای ٢٠٠٠ەوە هەیە و پێیان باش نییە لە ئێستادا تووشی شەڕێکی دیکە لە ناوچەکە ببن کە ئیدی ئاسان نەتوانن لێی دەرباز ببن. شەرت نییە پێچەوانەی خۆشبینیی هەندێک لایەن دەستوەردانی ئەمریکا ئاکامی دڵخوازی لێ بکەوێتەوە، بۆیە ڕێبەرانی سیاسیی ئەمریکا بە هەستیارییەوە لەمبارەیەوە دەجووڵێنەوە.

**سابیر فەتاحی**: کاک مستەفا وەک دوا پرسیار. قازانج و زیانەکانی ئەو شەڕە دوای یەک ساڵ بۆ گەلی کورد چی بووە؟

**مستەفا مەولوودی**: ئەم شەڕە تا ئێستا بە مەلمووسی قازانجێکی بۆ خەڵکی کورد نەبووە، زیانیش ئەگەر بڵێی ڕاستەوخۆ کوردی تووشی ئەو شەڕە کردوە ئەم زیانەشی نەبووە. بەڵام زۆر تەبیعییە لە ناوچەیەکەدا کە تۆ تێیدای و وڵاتی تۆ و خاکی تۆیە، دروستبوونی شەڕ کاریگەری لەسەر پرسی تۆ دابنێت. پەندێکی پێشینیان هەیە دەڵێ ئینسان ئەگەر شەڕی لە دەورووبەر بوو حەتمەن پریشکێشی بەر دەکەوێت. درێژەکێشانی ئەم شەڕە هیچ سەیر نییە بە زیانی کورد بشکێتەوە و لەوانەشە دەرفەتیش بۆ کورد بڕەخسێنێ. وەک چۆن بینیمان لە شەڕی جیهانیی دووهەمدا دوای ئەوەی وڵات تووشی شەڕ بوو، و دوای ئەوەی حکوومەتەکان گۆڕان بەڵام دەرفەت بۆ کورد ڕەخسا و توانی کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ. یا مەسەلەن لە شەڕی ئەمریکا و عێراقدا بینیمان هەرێمی کوردستان جێگەوپێگەیەکی سیاسی و دامەزراوەیی یاسایی دیکەی پێدرا. یان ئەوەی ئێستا لە سووریە دەیبینین و هەموو ئەو دۆخە نوێیانە لەو شەڕانەدا دروست بوون. بەڵام لە نەهایەتدا شەرت نییە شەڕ ئاکامەکەی بۆ خەباتی نەتەوەکان ئەرێنی و دڵخواز بێت، گرینگ ئەوەیە کورد ئامادەیی شوێندانانی لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان هەبێت و لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا هەل دروست بکا و بەستێن و زەرفییەتەکان بە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٣٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

## چەند کورتە دیمانە:

---

**مستەفا مەولوودی: ح.د.ک: جموجۆڵی ئێمە لەناوچە سنوورییەکان لەچواچێوەی چالاکییە تەشکیلاتییەکان دایە**

**لەوتووێژێکدا لەگەڵ ئاژانسی کوردپا**

بە پێی هەواڵی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، پاش بڵاو بوونەوەی هێندێ هەواڵی نافەرمی سەبارەت بە ناردنی هێز لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بۆ پشتیوانی لەهێزەکانی حدکا، بەرپرسی کۆمیسیۆنی سیاسی ـ نیزامی ح.د.ک ناردنی هێزەکانیانی بۆ سەر سنوور لەچوارچێوەی کاروباری تەشکیلاتیدا لەقەڵەم دا.

مستەفا مەولوودی لەوتووێژێکدا لەگەڵ ئاژانسی کوردپا رایگەیاند، لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا، هێزەکانمان بە مەبەستی ئەنجامدانی کاری تەشکیلاتی لە سنوورەکانی هاوبەشی هەرێمی کوردستان و کوردستانی ئێران جموجۆڵیان هەبووە.

ئەو ئەندامەی دەفتەری سیاسی ح.د.ک ناردنی هێزی لەچەند رۆژی رابردوودا بۆ سەر سنوور پشتڕاست کردووەتەوە، بەڵام ئاماژەی بە وردەکارییەکانی ئەو هێزە نەکردووە.

**مستەفا مەولوودی:** لە حاڵی حازردا هێزەکانمان لە ناوچەی سنووری شنۆ ئامادەییان هەیە

ناوبراو ئەو هەواڵانەی بە دوور لەراستی زانی کە هێزەکانی ح.د.ک بە مەبەستی پستیوانی لە حدکا چووبێتنە ناوچە سنوورییەکان.

**مەولوودی دەڵێ:** هەتا ئێستا لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە داواکارییەک لەپێوەندی پشتیتوانی کردن نەهاتووەتە بەرباس و ئێمەش هیچ هێزێکمان بۆ پشتیوانی لە ئەوان ڕەوانە نەکردووە، بەڵام هاوکاری کردن لەگەڵ حدکا



سەرچاوە
Serchawe

بە دوور لەچاوەڕوانی نازانم.

مستەفا مەولوودی ناردنی هێزی بۆ قەندیل ڕەت کردووەتەوە و باسی لەوە کردووە کە هێزەکانیان بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی سیاسی و ئەمنیەتی ناوچەکە، تەنیا بەشێوەی کاتی لەناوچە سنوورییەکانن.

ڕێکەوتی ١٥ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٨٥ کۆمەڵێک کەس لە پێکهاتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جیا بوونەوە و لە ژێر ناوی " حیزبی دێموکراتی کوردستان" چالاکی سیاسی . تەشکیلاتی خۆیان لەناوچە کوردنشینەکان دەست پێکرد.

هەتا ئێستا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە فەرمی دانی پێدا نەنراوە، بەڵام دانیشتن و کۆبوونەوەکانیان بە مەبەستی یەکگرتنەوە بەردەوامە.

ڕێبەرایەتی هەر دوو لا پێداگرن لەسەر ئەوەی کە پێویستە ئەو یەکگرتنە روو بدات بەڵام هەتا ئێستا و پاش ٨ ساڵ ئەو دوو لایەنە سیاسییە بەشێوەی جیا چالاکی دەکەن.

ح.د.ک پاش شەڕی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران(شەڕی کێلەشین)، هەوڵەکانی پەکەکەی مەحکووم کرد و بە کارێکی خۆسەرانە لەقەڵەمی دا.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٣ی جۆزەردان تێکهەڵچوونێک لەنیوان پەکەکە و حدکا لەناوچەی سنووری شنۆ رووی دا و تێیدا گیان لەدەست دان و بریندار بوونی ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی هەر دوولای لێکەوتەوە.

دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا پارتی کرێکارانی کوردستانی بە هێرشی یەکلایەنە مەحکووم کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ٢٦ی مای ٢٠١٥

---



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا مەولوودی: نامانەوێ لەنێوان ئێمەو پەکەکەدا کێشە دروست ببێ




**جێگربوونی هێزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سەر سنوور بۆتە باسێکی میدیایی.**

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی تەقە لە پۆلێک پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کورستانو رووماڵی ئەو هەواڵە لەلایەن تۆڕی میدیایی ڕووداو، مستەفا مەولوودی، جێگیر سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بەرزاییەکانی هەڵگوردەوە بە پەیامنێری رووداوی راگەیاند کە ئێمە دەمانەوێ لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان پەکەکە وتووێژمان هەبێ.

**مستەفا مەولوودی دەڵێ:** نامانەوێ لەنێوان ئێمەو پەکەکەدا کێشە دروست ببێ، هەر بۆیە هەوڵ دەدەین بابەتەکە بە وتوێژ و دیالۆگ چارەسەر بکەین.

جێگیری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکرات لە بارەی ئەو هەواڵەی لەسەر پەلاماری چەند چەکداری نەناسراو بۆ سەر پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حیزب لە هەڵگورد کرابوو، دەڵێ ئەوە رووداوێک بووە کە لە چەند خولەکێک تێنەپەڕیوە و تێیدا پێشمەرگەیەکمان بە سووکی بریندار بووە.

**مستەفا مەلوودی دەڵێ:** جموجۆڵی هێزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێوەندییان بە کاروبار و تێکۆشانی ئەو حیزبەوە هەیە، بەڵام ئەوان نایانەوێ لەگەڵ هیچ لایەنێکی کوردی شەڕ و کێشەیان هەبێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - ڕێکەوتی: ٣٠ی مای ٢٠١٥

## مستەفا مەولوودی: ناکرێت دەستەوەستان بووەستین




لە دیمانەیەکی تەلەڤیزیۆنیی تەلەڤزیۆنی رووداودا کە رۆژی پێنجشەممە ٤ی پووشپەڕ لەگەڵ سێ بەرپرس لە سێ حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتبوو، تیشک خرایە سەر مەسەلەی جێگیرکردنی هێزەکانی حیزبی دێموکرات لەسەر سنووری رۆژهەڵات و ئەگەری چالاککردنەوەی خەباتی چەکداری و باسە پێوەندیدارەکان بەو مەسەلەیەوە.

لەبارەی ئەگەری دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری لەلایەن حیزبی دیموکرات و جێگیرکردنی هێزەکانیان لەسەر سنوور چ گەرەنتییەک هەیە، کە حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران تۆپبارانی سنووری هەرێمی کوردستان نەکات،
مستەفا مەولوودی جێگری سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان گوتی" لە کاتی هەبوونی پێشمەرگەکانمان هیچ گەرەنتییەک نییە کە حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران تۆپبارانی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و سنووری هەرێمی کوردستان پێشێل نەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت، دەستەوەستان بووەستین لەترسی روودانی ئەو ئەگەرانە".

دەربارەی پشتگیریکردنی کاندیدانی کوردی نێو پەرلەمانی ئێران، بۆ ئەوەی بەهەمان شێوەی هەدەپە هەوڵبدەن لەو رێگایەوە کاریگەری بخەنە سەر ئێران، مەولوودی ئاماژەی بەوەدا، یاساکانی ئێران و یاساکانی تورکیا زۆر جیاوازیان هەیە، ئەو کاندیدانەی لە ئێران بۆ پەرلەمان دەستنیشاندەکرێن، دەبێت حکومەتی ئێران و دەزگاکانی ئێران رەزامەندییان لەسەر بدەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - رێکەوتی: ٢٦ی جوونی ٢٠١٥



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا مەلوودی: هەر دوولای حیزبی دێموکرات مەحکوم بە یەکگرتنەوەیە




**جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەڵێ: هەر دوو لای دێموکڕات مەحکوومین بە یەکگرتنەوەو یەکخستنەوەی یەکجارەکیی ماڵی دیموکرات.**

**مستەفا مەلوودی:** وێڕای پێداگری لەسەر ئەو بابەتە دەڵێ هەردوولا بە جیددی کار بۆ یەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕات دەکەین.

مستەفا مەولوودی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و جێگری سکرتێری حیزی دیموکراتی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ "باس نیوز گوتی: لە نوێترین کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسیی دوولایەندا لایەنی حدکا پێشنیارێکی نوێیان بووەو نێوەرۆکی پێشنیارەکەی ئەوان ئەمەیە کە ئەوان وایا پێ باشە کۆنگرەی ١٦ی حیزب بە ڕێککەوتن ببەسترێ، بەڵام پێشتر هەموو کارەکانی کۆنگرە کرابن.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئاخۆ پێشنیاری حدکا لەلایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە چۆن پێشوازیی لێکراوە، گوتی: ئێمە لەو کۆبوونەوەیەدا دوای ئەوەی تێبینیو ڕای خۆمان لە سەر دەربڕی، ئاگادارمان کردوونەتەوە مان لە کە لەسەر لایەنی تەکنیکیو شێوازو میکانیزیمی یەکگرتنەوەو ڕێکارەکانی لە دانیشتنێکی خۆماندا تاوتوێی پێشنیارەکانی ئەوان دەکەینو وەڵامیان دەدەینەوە.

مستەفا مەولوودی لەبارەی جیاوازی دانیشتنی ئەمجارە لەگەڵ دانیشتنەکانی پێشوو ڕایگەیاندوە لامان وایە گرفتەکان

چارەسەر نەبوون، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ جاران گۆڕانکارییەکە باشترە، بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی مێژووی لێکدابڕانەکانی پێشووی ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕات پرۆسەی یەکگرتنەوە قۆناغ بە قۆناغ دەکرێ کە سەرەتا ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانە، دواتر حستنەڕووی پێشنیارەکانەو قسەکردنە لەسەریانو؛ پاشان کردنی ئەو پێشینارانەیە بە قانوونو ڕێککەوتن لەسەریانو لە کۆتاییشدا جێبەجێکردنە کە پێم وایە ئەستەمترین قۆناغە.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێداگری لەسەر ئەوە کرد کە ئەم یەکگرتنەوە بەسەر یەکخستنەوەیە زەروورەتەو پێویستە هەردوولا کاری جیددیی بۆ بکەین، پێشمان وایە تاقە ڕێگەمان ئەوەیە؛ چونکی ئەوە پەیامو ویستی خەڵکی کوردستانە کە دەبێ یەک بگرنەوەو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیموکراتێکی یەکگرتوویان دەوێ، جیا لەوەی کە هەردوولا خاوەن یەک مێژوو، یەک ئامانجو یەک خەباتینو هەڵقوڵاوی بنەچەی بنەماڵەی گەورەی دیموکراتین.

سەرچاوە: باسنیوز - ڕێکەوتی: ۱ی ئۆکتۆبەری ۲۰۱۵

## مستەفا مەولوودی: پێم وایە حزبی دیموکرات نەخشەیەکی گەورەی لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا هەیە،



**دیمانەی تایبەت بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو**

**جێگری سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان مستەفا مەولوودی لە دیمانەیەکی تایبەت بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو لەبارەی هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجوومەنی شارەزایانی ئێران، ئاڵای کوردستان و یەکگرتنەوەیان لەگەڵ حدکا و چارەسەریی ئاشتیانەی پرسی کورد لە ئێران دوا.**

**جێگری سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان مستەفا مەولوودی لە چاوپێکەوتنێکیدا بۆ ئاژانسی ئانادۆڵو لەبارەی هەڵبژاردنی ١٠مین خولی پەرلەمانی ئێران و هەروەها هەڵبژاردنی پێنجەمین خولی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەزایان گوتی:** "ئێمە هەتا ئێستا لەسەر هەڵبژاردن لە ئێران کە بڕیارە ٧ی شوبات ئەنجام بدرێت، پێمان وایە یاسا و سیستمی چاودێری هەڵبژاردن لە ئێران و ڕۆڵی بەرپرسانی ئەو وڵاتە بوارێک بۆ هەڵبژاردنی ئازاد لە ئێران ناخوڵقێنێت هەتا وەکو ئێمە بڵێین کە ئەم هەڵبژاردنە گۆڕانێکی جەوهەری دروست دەکات بەڵام وەکو حزبی دیموکراتی کوردستان، خەباتی ئێمە یەک ڕەهەندی نییە بەڵکو خەباتی ئێمە چەند ڕەهەندییە و خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵ خەبات و تێکۆشان تێکەڵ بوون بەڵام جۆرەکانی جیاوازن. بۆ نموونە لە ئێران بواری یاسایی هەیە دەتوانن لەو بوارەدا باسی فەرهەنگی خۆیان بکەن، باسی بەندەکانی یاسایی بکەن یان لە بواری کارگێڕی و بەڕێوەبردن باسی ئەوە بکەن لە جیاتی ئەوەی کەسێک لە تارانەوە بێت و ببێتە نوێنەری شاری مهاباد یان سنە، ئەوە با کوردێک ئەو



سەرچاوە
Serchawe

ڕۆڵە ببینێت چونکە نەچوونی کورد بۆ پەرلەمانی ئێران، هیچ سوود بە کورد ناگەیەنێت و باشترە کورد بچێتە پەرلەمان. هەر هیچ نەبێ هەبوونی کورد لەوێ بۆ خۆی تێکۆشانێکە".

لە هەڵبژاردنەکانی پێشووتردا، حزبی دیموکراتی کوردستان بەگشتیی بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی نەکردووە، سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەمجارەش مستەفا مەولوودی گوتی: "ئێمە وەکو حزبی دیموکراتی کوردستان هەتا ئێستا یەکلایی نەبووینەتەوە کە ئایا بایکۆتی ئەم هەڵبژاردنە دەکەین یان بوار بە خەڵک دەدەین کە بەشداری بکات. ئێمە دەستەیەکمان هەیە کە خوێندنەوە بۆ دۆخەکە دەکات بەڵام ئێستا بەشێوەیەکی ڕەها هیچ بڕیارێکمان نەداوە و لە کۆتاییدا هەر شتێک لە بەرژەوەندی کورد بێت، بە باشی دەزانین".

سەبارەت بە پرسی یەکگرتنەوەی حزبی دیموکراتی کوردستان و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە ماوەی نزیکەی نۆ ساڵ دەبێت، بوون بە دوو بەشەوە و لە ماوەی ڕابردووشدا دەنگۆی یەکگرتنەوەی ئەم دوو باڵە لەئارادا بوو، مەولوودی گوتی: "پێم وایە حزبی دیموکرات نەخشەیەکی گەورەی لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا هەیە، ئێستا لە حەفتا ساڵەی تەمەنیەتی و کۆمەڵێک شەهید و قوربانیمان داوە لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بۆیە لەم پەیوەندییەدا ئێمە دانیشتنمان هەبووە و هەنگاوی بەرەوپێشچوونمان هەبووە، لەسەر هەندێک لە داخوازییەکانی ئەوان کێشەمان نییە و خەڵکیش لە ڕۆژهەڵات چاوەڕێی ئەوە دەکەن کە یەک حزبی دیموکرات بوونی هەبێت و ئێمەش بەداخەوە لەم نزیکانە دانیشتنمان نابێت بەڵام لە کۆتاییدا هەر دەبێ یەکبگرینەوە".

سەبارەت بە لێدوانی هاوسەرۆکی پژاک عەبدولڕەحمان حاجی ئەحمەدی کە لەمیانەی چاوپێکەوتنێکیدا گوتبووی ئاڵای کوردستان ئاڵای بنەماڵەی بارزانییە و ئاڵای نەتەوەی کورد نییە، سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان، زیاتر لەم بارەیەوە دوا و گوتی: "ئەو بەڕێزە لە هەندێک شتدا قسە دەکات کە ڕەنگە بۆ کەسێکی سیاسیی شیاو نەبێت، بۆ مەسەلەی ئاڵای کوردستانیش، بەڕاستی ئەمە زوڵمێکی گەورەیە لە مێژووی میللەتێک دەکرێت. ئەم ئاڵایەی ئێستا هەیە و لەسەر بینای پەرلەمانی هەرێمی کوردستان هەڵکراوە کە دەزگایەکی یاسایی و شەرعییە و بڕیاری و پەسندی پەرلەمانی لەسەرە. ئینجا حزبێک لە بەشێکی دیکەی کوردستان قبووڵی نیە، ئەوە کەیفی خۆیەتی، لە دیدی ئێمەوە بەشێکی زۆری حزب و لایەنی سیاسیی ئەم ئاڵایە وەکو ئاڵای نەتەوەیەک دەبینن و قبووڵی دەکەن و لە هەموو بارەگەکانی حزبمان ئەم ئاڵایە هەڵکراوە. هەروەها لە ڕۆژی ئاڵای کوردستان، ئاڵایەکی دووسەد مەتری لە ڕۆژئاوای کوردستان لەسەر دەستی خەڵک هەڵکرا و ئەگەرچی هەندێک خەڵکیش ئازاردران بەڵام ئامادە نەبوون ئاڵاکەی کوردستان داگرنە خوارەوە. بۆیە پێم وایە ئەم قسانەی حاجی ئەحمەدی هیچ بنەمایەکی یاسایی و لۆژیکی تێدا نییە".

سەبارەت بە هەوڵدانی دۆزینەوەی ڕێگەی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەکان و بەتایبەت دانیشتن و گفتگۆکردن لەگەڵ

کۆماری ئیسلامی ئێران، جێگری سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان ئاماژە بە دانیشتنێکی دوو ساڵ لەمەوبەری خۆیان لەگەڵ ئەنجوومەنی بەرزی تەناهی نەتەوەیی دەکات و لەمبارەیەوە گوتی: "ئێمە دەمێکە گوتوومانە مەسەلەی کورد لە رۆژهەڵات مەسەلەیەکی سیاسییە و ئەمەش پێویستی بە چارەسەرێکی سیاسیی هەیە. چارەسەری سیاسیش گفتوگۆ و دیالۆگە. ئەگەر سەیری مێژوو بکەین باشترین چارەسەر ئەوە بووە کە هێزەکان لەسەر مێزی گفتوگۆ دابنیشن. بۆیە هەرگیز ئەم چارەسەرە لە دەرەوەی بیرکردنەوەی ئێمە نەبووە و هەر لەم پەیوەندییەشدا دکتۆر قاسملوو لەسەر مێزی دانوستان لەگەڵ ئێران، گیانی خۆی بەخت کرد و شەهیدبوو. بۆیە ئێمە هەمیشە باوەڕمان بە دیالۆگ و گفتوگۆیە بەڵام کاربەدەستانی ئێران ئەم پەیامە وەرناگرن، ئێمە پێش دوو ساڵ لەگەڵ نوێنەرانی ئەنجوومەنی بەرزی تەناهی نەتەوەیی دانیشتنمان هەبووە و ئەوان هاتوون و ئێمەش قسەی خۆمان کردووە و چاوەڕێی ئەوان بووین و لەدوای ئەوەش ماوەی دوو ساڵە هیچ دیدار و کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ لایەنی ئێرانی نەبووە".

ماڵپەری ئاژانسی ئانادۆڵۆ، بەشێک لەم هەواڵە ئابۆنانەی کە بڵاوکراوەتەوە لە لیستی هەواڵەکانی ئاژانسی ئانادۆڵۆ، کورت و پوخت دەکرێت ئینجا بڵاودەکرێتەوە، بۆ ئابۆنەوە کردن تکایە پەیوەندی بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی ئانادۆڵو - ڕێکەوتی: ٥ی جانێوێری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## حدک بەتەنها بایکۆتی هەڵبژاردنەکەی ئێرانی نەکرد

**خەڵک - سەردارقادر**

**ئەمڕۆ خولی دەهەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەستی پێکرد، لایەنە کوردیەکانیش کە بە ئۆپۆزسیۆنی ئێران دادەندرێن، بایکۆتی هەڵبژاردنیان کرد، تەنها (حدک) حزبی دیموکراتی کوردستان کە لەلایەن خالدی عەزیزی سەرکردایەتی دەکرێت، بۆچوونی جیاوازی لە سەر هەڵبژاردنەکە هەبوو.**

**مستەفا مەولودی ئەندامی سەرکردایەتی حزبی دیموکراتی کوردستان، بە(خەڵک)ی ڕاگەیاند:** "لەبەر ئەوەی هێزو لایەنەکانی کورد مۆڵەتی بەشداریان نییەو پرۆسەی هەڵبژاردنەکەش بەئازاد نازانن ، بۆیە زۆربەی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کورد کە کاریگەریان لەسەر خەڵک هەیە، بانگەوازی بایکۆت کردنی هەڵبژاردن دەکەن".

**مەولودی ئاماژە بەوە دەکات کە:** "لە هەڵبژاردنی ئەمڕۆدا ٢٥٠ هەزار کەسی ئەمنی کۆماری ئیسلامی بەسەر وێستگەکانی دەنگدان دابەش کراون، ئەوانە تا ڕادەیەکی زۆر ترسیان لەسەر دەنگدەران دروست کردووە و خەڵک ناتوانێت بە ئازادی دەنگ بدات".

**مەولودی وتیشی:** "حزبی دیموکراتی کوردستان تاکە حزبە، کە بایکۆتی هەڵبژاردنی نەکردووە ، بەڵکو بانگەوازی ئەوەمان کردووە، کە خەڵک ئازادە، بەڵام پێویستە بە ووشیاریەوە دەنگ بدەن، بە جۆرێک لە هەرناوچەیەک ئەگەر کاندیدی باش هەبوو گونجاوە دەنگ بدەن، بەمەرجێک لە داهاتوودا لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەن تا چەند توانیویەتی کارەکەی خۆی ڕاپەڕێنێت و ببێتە داکۆکیکاری مافەکانتان، بە پێچەوانەوە ئەگەر لە ناوچەیەک کاندیدەکان کەسی شیاو نەبوون و باوەڕیان پێی نەبوو، واباشە بایکۆتی بکەن."

**ئەو ئەندامەی سەرکرایەتی حزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆتایدا وتی:** "بەداخەوە هەڵبژاردنەکان هیچ کاریگەری باشی لەسەر کورد نابێت، چونکە کاری پەرلەمان و پەرلەمانتاران لە ئێران بەراورد بە باشوری کوردستان زیاتر سنوردار کراوە". لەخولی دەهەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێران ٥٥ ملیۆن کەس مافی دەنگدانی هەیە ٦٣٠٠ کەس ڕکابەری بۆ ٢٩٠ کورسی پەرلەمان دەکەن بۆ هەرکورسیەکیش پیویست بە ١٠٠ هەزار دەنگ هەیە.

لە هەڵبژاردنەکە هەریەک لە ئیسلاح خوازان کە ڕەوتی (حەسەن روحانی) و(محەممەد خاتەمی)ن، لەبەرامبەر پارێزگاران کە بە (توندرەو) ناسراون و لەلایەن علی خامەنەئی رابەرایەتی دەکرێت، رکابەری کورسییەکانی پەرلەمان دەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەڵک - ڕێکەوتی: ٢٦ی فێبریوێری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

## مستەفا مەولوودی: هەتا پرسی نەتەوەیی لە ئێران چارەسەر نەبێ، وڵاتێکی سەقامگیر نابێ




A-

سکرتێری نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژێکدا لە گەڵ تەلەویزیونی "ڕووداو" وێڕای ئاماژەدان بە ستراتێژی حدک سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی و ڕێکارەکانی چارەسەری ئەو گرفتە مێژووییە رایگەیاند کە هەروەک لە ساڵانی پێشوو، وتووێژ و دانوستان کردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە یەکێک لە مکانیزمەکانی خەباتی فرە ڕەهەندی خۆمانی دەزانین و پێشوازی لێدەکەین.

مستەفا مەولوودی لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا وتی: حیزبی دێموکراتی کوردستان هیچ کات وتووێژ کردنی بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران ڕەت نەکردۆتەوەو، ئەگەریش بەربەستێک هاتۆتە پێش، ئەوە لە لایەن کۆماری ئیسلامی و نەیارانی کوردەوە بووە. ئەگەرچی لە ئیستادا بەستینی دانوستان ئامادە نیە و بەڵام ئەگەر ڕۆژێک کۆماری ئیسلامی ویستی بە وتووێژ پرسی نەتەوەیی چارەسەر بکا حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک ڕێگایەکی باش قبووڵی دەکا.

بەڕێز مەستەفا مەولوودی بە هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ئیستاکەی ئێران لە درێژەی وتەکانیدا ڕاگەیاند، کۆماری ئیسلامیی ئیران دەرفەتی چارەسەری سیاسی نەهیشتۆتەوە و هەر بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە لە بەرچاو گرتنی خەباتی فرە چەشن و کەڵک وەرگرتن لە هەموو تواناکانی خۆی، درێژە بە خەباتی خۆی دەدا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشیکی دیکە لە تووێژەکەیدا لەگەڵ تەلەویزیونی "ڕووداو" سەبارەت بە لایەنی دیکەی دێموکرات و پرسی گرینگی یەکگرتنەوەی هەر دوو دێموکرات کۆمەڵێک باس و بابەتی لەو بارەوە خستەڕوو.

**بەڕێز مەستەفا مەولوودی لەو پێوەندییەدا گوتی:** "مادام خەڵکی نێوخۆی وڵات چاوەڕوانی و پەیامی ئەوەیان هەیە کە هەر دوو دێموکرات بە یەکەوە کاری سیاسی و رێکخراوەیی بکەن، با وڵامی پەیامی دڵسۆزان و خەمخۆرانی خەڵکی خۆمان بدەینەوە و حیزبی دێموکراتی کوردستان زەرفیەتی لەیەک نزیکبوونەوەو یەکگرتنەوەی هەر دوو باڵی دێموکراتی تێیدا هەیە".

**سکرتێری گشتیی حدک لە وڵامی پرسیارێک سەبارەت بە حیزبەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی کوردستان بە تەلەویزیونی رووداوی گوت:** "بێ گومان هەموو حیزبە رۆژهەڵاتییەکان کاریگەییان بەسەر بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات و دۆخی سیاسیی ئێران هەیە و بۆ ئەوەی ئەو کاریگەرییە بەهێزتر بێ، پێویستە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە پلاتفۆرمێکی هاوبەشدا خەبات و چالاکییان هەبێ".

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو - رێکەوتی: ١٧ی جانێوێری ٢٠١٧

## مستەفا مەلوودی: حیزبی دێموکراتی کوردستان سیاسەتەکانی خۆی وەکوو پێشوو درێژە دەدا.




**مستەفا مەلوودی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرنامەیەکی تایبەت لە گەڵ کوردکاناڵ کۆمەڵێک باس و بابەتی لەسەر روانگە و سیاسەتی داهاتووی حدک و، هەوڵ و بەرنامەکەی خۆی وەکوو سکرتێری نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە چەند خاڵی گرینگ خستە بەرباس و شرۆڤەی لەسەر کرد.**

**بەرێز مەولوودی سەرەتا بە بەرزنرخاندنی تێکۆشانی خالید عەزیزی سکرتێری پێشووی حدک، پرسی سکرتێری و دەست لەکار کشانەوەی بەرێز عەزیزی و هەڵبژاردنی سکرتێری نوێ، بە ڕەوتێکی دێموکراتیک ناساند و ڕاشیگەیاند" دوایین گۆڕانکاریی لە ئاستی پلەی تەشکیلاتی لە نێو ریزەکانی حدک و، شێوەی سیاسەت کردنی ئەو حیزبە دەتوانێ وەکوو تەجروبەیەک بێ بۆ داهاتووی وڵات و نموونەیەکی باش بێ بۆ حیزبەکانی دیکەی رۆژهەڵات.**

**مستەفا مەولوودی لە بەشێکی دیکە لە وتووێژەکەی لە گەڵ کورد کاناڵ دا سەبارەت بە گووتاری سیاسیی حدک بە تایبەتی لە دوای بەسەر کار هاتنی بەرێزیان گوتی؛ سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوەندی بڕیاراتی ئەو حیزبە دەردەکرێ و ، بە کۆی دەنگی کۆمیتەی ناوەندی پەسەند دەکرێ و ئینجا کەسی یەکەمی حیزب واتە سکرتێر بە شێوازی خۆی هەوڵ دەدا بوو باس کردن و جێخستنی سیاسەتە پەسەند کراوەکان و، بێ گومان هەر سکرتێرێک لەوبارەوە دەور و رۆڵی خۆی هەیە. روانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ پرسە سیاسییەکان روانگەیەکی دۆگم و یەک ڕەهەندی نیە و خەباتەکەشی خەباتێکی فرە چەشن و واقع بینانەیە ،کە بە پێی هەلومەرج گۆڕانی بەسەر دێ".**

**سکرتێری گشتیی حدک لە بەشێکی دیکە لە وتەکانیدا لە سەر خوێندەوە و روانگەی خەباتی سیاسی حیزب و شێوەی تەعامول کردنی ئەو حیزبە ، لە گەڵ چالاکانی مەدەنی و فەرهەنگی و سیاسی نێوخۆی وڵات رایگەیاند؛ هەر بە پێی**



سەرچاوە
Serchawe

قسەکانم لە وتووێژێکی دیکە، دیسانەکە دووپاتی دەکەمەوە کە بە ڕای من ئەم دوو چالاکییە واتە چالاکیی سیاسیی حیزبی دێموکرات و چالاکییەکانی نێو خۆی وڵات تەواوکەری یەکترن و، ئازایەتی و بوێری چالاکانی مەدەنی و سیاسی و فەرهەنگی لە نێوخۆی وڵات بە چاوی ڕێزەوە سەیر دەکەم و، هەوڵ دەدەم توانایەکانی حیزب لە داهاتووش وەگەڕ بخرێ بۆ گرینگی پێدانی زیاتر بە چالاکانی نێوخۆی وڵات و، هەموو کات خۆمان بە پاڵپشت و پاڵنەریان دەزانین.

**بەڕێز مستەفا مەولوودی لە درێژەی تووێژەکەی خۆی لە گەڵ کوردکاناڵدا گوتی:** پۆستی سکرتێری حدک لەوەها هەلومەرجێکدا پۆستێکی هەستیارو قورسە، بەڵام بۆ بەرەوپێشبردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێویست بە هاوکاری و هاوشانی کردنی هەموو ئەندامانی حیزب هەیە و، وەکوو سکرتێری نوێی حدک، هەوڵ دەدەم ئەو حیزبەی کە لەماوەی دەساڵی ڕابردوودا بە ماندووبوونی ڕێبەری حیزب و هەوڵەکانی کاک خالید عەزیز بووتە حیزبێکی خۆشەویست وناسراو و جێمتمانەی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر بەوچەشنە بیپارێزین و بە دڵنیاییەوە داهاتوویەکی باشترمان دەبێ.

**ناوبراو لە کۆتایی قسەکانی دا سەبارەت بە دەسپێکردنی سەردان و دیدار کردن لە لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەماوەی یەک مانگی ڕابردوودا باسی لە هەوڵ و هەبوونی پلانێکی نوێ کرد، بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی و کاری هاوبەش کردن لە گەڵ حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان و لەو بارەوە گوتی:** بە هەموو توانای خۆم و حیزبەوە هەوڵدەدەین بۆ ڕێکخستنی ئەو زەروورەتە سیاسییە.واتا کاری هاوبەش کردن لە گەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکە و هەوڵدان بوو سازکردنی بەرەیەکی هاوبەش و بەهێز لەوبارەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کورد کاناڵ - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٧

## پرۆفایل:

**مستەفا مەولوودی کێیە؟**

**- لە دایکبووی گوندی ماسوێ لەنێوان مەهاباد و نەغدەیە.**

**- ساڵی ١٩٧٩ بووەتە پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات.**

**- بڕوانامەی یاسای لە زانکۆی کۆیە وەرگرتووە.**

**- لە کۆنگرەی حەوت بووەتە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات.**

**- لە کۆنگرەی ١٢ بووەتە ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات.**

**- لە کۆنگرەی ١٤ بووەتە جێگری سکرتێری گشتی حدک.**

**- لە ١٥ی جانێویری ٢٠١٧ بە سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا.**

**- مستەفا مەولوودی بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی، بە سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) هەڵبژێردرا.**

**- هەڵبژاردنی مستەفا مەولوودی دوای دەستلەکارکێشانەوەی خالید عەزیزی دێت لە پۆستی سکرتێری گشتیی حدک. مستەفا مەولوودی پێشتر جێگری سکرتێری گشتیی حدک بوو.**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**ڕێبەندانی ٢٧٢٤ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢٥ی زایینی**

---



# سپاس و پێزانین

**بۆ هاوڕێ مستەفا مەولوودی بۆ وەڵامدانەوەی و ئامادەکردنی هەموو دیمانەو چاوپێکەوتنی**

**ئامادەکارانی بەرێز،**

**دەستانخۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



سەرچاوە
Serchawe